# ڕێنوێنی باوان

## بۆ پەروەردەی جنسی ڕۆڵەکانیان


وەرگێڕانی:

نەوزاد رضا روستم

محمد محی الدین محمد

نوسینی: د. مأمون مبیض




ڕێنوێنی ب

# ڕێنوێنی باوان

## بۆ پەروەردەی جنسی ڕۆڵەکانیان

# ڕێنوێنی باوان
# بۆ پەروەردەی جنسی ڕۆڵەکانیان

بابەت: پەروەردەی جنسی

نووسینی: د. مأمون مبيض

٢٠١٩

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕان | ٩ |
| پێشەکی | ١٠ |
| بەشی یەکەم<br>گەشەی جنسی و پەروەردەی جنسی | ١٥-٣٠ |
| پەروەردەی جنسی وەکو بەشێك لە پەروەردەی منداڵ: | ١٦ |
| پەروەردەی جنسی | ١٩ |
| سەبارەت بە جنس چی بەمنداڵەکەت دەڵێی؟ | ٢٢ |
| گەمەی جنسی لەنێو منداڵاندا | ٢٧ |
| شەرم و ئەندامەکانی شەرم (عەورەت) | ٢٩ |
| بـــەشی دووەم<br>هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە جنس | ٣١-٥٢ |
| قورئان و پەروەردەی جنسی | ٣٦ |
| نەریتی مۆڵەت خواستن | ٤٤ |
| بایەخی هاوسەرگیری لەئیسلامدا | ٤٥ |
| هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر هێنانەوەی مەنی بەدەست | ٤٩ |
| فەتوای لیژنەی ئەوروپی بۆ فەتوادان و توێژینەوە | ٥١ |
| بەشی ســـێ یەم<br>هەڵوێستی باوکان و منداڵانی موسڵمان لەئاقار پەروەردەی (جنسی) | ٥٣-٥٦ |
| بەشی چوارەم<br>پەروەردەی جنسی چی بۆ هەیە؟ چی لەسەرە؟ | ٥٧-٧٢ |

| | |
|---|---|
| منداڵەکان لە کوێوە زانیاری لە سەر جنس بەدەست دێنن؟ | ٥٨ |
| بۆچی هەندێك لەباوکان لەبارەی بابەتی جنسییەوە نادوێن؟ | ٥٩ |
| مەترسیەکانی نەبوونی هۆشیاری جنسی | ٦١ |
| بۆچی منداڵ پێویستی بە پەروەردەی جنسی هەیە؟ | ٦٢ |
| ئامانجەکانی پەروەردەی جنسی | ٦٣ |
| چی لەئامانجی پەروەردەی جنسیدا نییە؟ | ٦٣ |
| گرفتەکانی پەروەردەی جنسی | ٦٤ |
| چی گەنج بەرەو جنس دەبات پێش هاوسەرگیری؟ | ٦٥ |
| کەی و چۆن باس و خواسی جنس لەگەڵ منداڵدا دەکرێت؟ | ٦٦ |
| کێ باشترینە بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵدا؟ | ٦٨ |
| دەستە واژە بەسوودەکان لەدەستپێکەوە | ٦٨ |
| منداڵەکان فێری چی بکەین؟ | ٦٩ |
| گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵدا | ٧٠ |
| بەشــی پێـنجەم<br>قۆناغەکانی تەمەن و پەروەردەی جنسی | ٨٦-٧٣ |
| لەدایکبوونەوە بۆ تەمەنی (٢) ساڵی | ٧٤ |
| لەتەمەنی (٢) ساڵییەوە بۆ تەمەنی (٥) ساڵی | ٧٦ |
| لە تەمەنی (٥) ساڵی یەوە تا(٧) ساڵی: | ٧٨ |
| لە تەمەنی (٧) بۆ تەمەنی (٩) ساڵی: | ٧٩ |
| سەرەتای هەرزەکاری (٩- ١٣) ساڵی: | ٨٠ |
| قۆناغی هەرزەکاری پێشکەوتوو (١٣- ١٨) ساڵی | ٨٢ |

| | |
|---|---|
| بنەما پێشنیارکراوەکان بۆ پەروەردەی جنسی ئیسلامی | ٨٤ |
| بەشی شەشەم<br>گەشەی جنسی کوڕان و کچان<br>گۆڕانە خێراکان لەجەستەی کوڕدا | ٨٧-٩٦ |
| پێکهاتەو فرمانی ئەندامەکانی نێرینە | ٨٩ |
| ئەو گۆڕانانەی بەسەر جەستەی مێینەدا دێت | ٩١ |
| پێکهاتەو فرمانەکانی کۆئەندامی زاوزێی مێینە | ٩٣ |
| بەشی حەوتەم<br>پرسیارو وەڵام لەسەر گەشەو رەفتاری جنسی | ٩٧-١٨٨ |
| پرسیاری یەکەم تا پرسیاری پەنچاوسێ | ٩٨-١٨٨ |
| بەشی هەشتەم<br>پرسیارو وەڵام دەربارەی هەرزەکاران | ١٨٩-٢٧٩ |
| پرسیاری پەنجاو چوار تا پرسیاری سەد | ١٩٠-٢٧٩ |

## پێشەکی وەرگێڕان

خوێنەری ئازیزو لەدڵەشیرین....

مەسەلەی پەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیاندنی و مامەڵەکردنی لە تەك ئەم بابەتە کارێکی ئاسان نیە، پێویستە ئێمە بایەخی زیاتر و زۆرتری پێ بدەین و ئاوڕی جدی لێ بدەینەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەندروست پەروەردە بکەین، کۆمەڵگەکەمان تاکێك بەرهەم بهێنێت سودی بۆ خۆی و دەورووبەرەکەی هەبێت.

لەم سۆنگەیەوە بەپێویستمان زانی ئەم پەرتووکەی بەردەستان وەربگێڕینە سەر زمانی شیرینی کوردی، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەك بێت بۆ دایکان و باوکان، ئەوانەی لە بواری پەروەردەدا کاردەکەن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە پەرتووکەکە باسی پەروەردەکردنی منداڵ دەکات لە ڕووی (جنسییەوە)، بێگومان ئەمە بابەتێکی هەستیارەو قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام لایەنێکە پێویستە فەرامۆش نەکرێت، منداڵەکانمان نەدەینە دەست ڕۆژگار چۆن پەروەردە دەبن بین، بۆ ئەوەی دواجار نەبنە نێچیر بۆ ڕاوچیانی خراپ و بەدخوو، سەرەنجامیش بەرپرسیارێتی دونیاو دوارۆژیش دەکەوێتە سەرشانمان، هەروەها دەمەوێت لەم پێشەکیەدا ئاماژە بە ژیان و کەسایەتی نوسەری کتێبەکە بکەم.

– د. **مأمون مبیض**، لە دیمەشق لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە لە زانکۆی دیمەشق، پسپۆری وەرگرتووە لە پزیشکی دەروونیدا لە شاری (دبلن) پایتەختی ئێرلەندەی باشور، چەند ساڵێکە لە خەستەخانەی دەروونی کاردەکات لە شاری (بلفاست) پێتەختی

ئێرلەندەی باکور، وانەبێژە لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی (الملکە) لە بەلفاست.

– د. مأمون مبیض، دەیان بابەتی دەروونی لە چەند گۆڤارێکی جیهانی بڵاوکردۆتەوە بە تایبەتی لە بەریتانیا، هەروەها بەشداری دەکات لە هەندێك گۆڤاری عەرەبی پزیشکی و پەروەردەیی، لە هەمانکاتدا بەشداری کاراو بەردەوامی هەیە لە هەندێك پێگەی ئینتەرنێتی جیهانی.

– وێڕای چەندین کۆڕو سیمینارو وەرشەی ڕاهێنان، لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبیەکان و ئەوروپیەکاندا، هەموو ئەوانە پەیوەستن بەژیانی خێزانی و پەروەردەکردنی منداڵان و هەرزەکاران.

– ئەو سەرۆکی دامەزراوەی خێزانی موسڵمانە لە ئێرلەندەی باکور لە دەمی دامەزراندنییەوە لەساڵی ۲۰۰۲.

ئەم کتێبانەی خوارەوەش دانراوی بەڕێزیانن:

- المرشد في الأمراض النفسية واضطرابات السلوك، ١٩٩٤.
- أولادنا من الطفولة الى الشباب، ١٩٩٧، الطبعة الثالثة ٢٠٠٥.
- التفاهم في الحياة الزوجية، ٢٠٠٠، الطبعة الثانية ٢٠٠٣.
- العقل فوق العاطفة، ترجمة ٢٠٠١.
- الذكاء العاطفي والصحة العاطفية ٢٠٠٤.

وەرگێڕ: نەوزاد رضا روستم

٢٠١٣/٦/١٦

چەمچەماڵ – ڕزگاری

# پێشەکی

ئایا ئێمەی موسڵمان پێویستمان بە پەروەردەی جنسی هەیە؟ جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانینەکان بۆ ئەم بابەتە شتێکی ئاساییە، بەڵام تێڕوانینێکی خێرا بەسە بۆ ئەو پرسیارە زۆرانەی کە لە دایبابەکانەوە دەکرێن، بۆ هەستکردن بە پێویستیمان بەم جۆرە لە پەروەردەی جنسی، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا ئێمە پێویستیمان بە پەروەردەی جنسی هەیە یان نا؟ بۆ خوێنەریش هێندە بەسە کە لەو سێ پرسیارە شارەزابێت تا لە سەرەتاوە بزانێت چەندە پێویستیمان بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری باوان هەیە، پاشان منداڵەکان لە بابەت پەروەردەی جنسییەوە.

**یەکەم:** شیرەخۆرە:

کچەکەم تەمەنی ساڵێك و سێ مانگە، بەڵام هەر منداڵێك یاری لەگەل بکات حەز بە بینینی (عەورەت)ی دەکات، کاتێك خۆم دەگۆڕم حەز دەکات تەماشام بکات، ئەمە وایلێکردوم کە لەو کاتانەدا خۆمی لێ بشارمەوە، زۆر جار لێی توڕەبووم بەڵام بێ سوودبووە.

**دووەم :** خوشك و برایەکی هەرزەکار لە یەکتر جیا نابنەوە:

من دایکی کوڕێکی (١٥)ساڵ و کچێکی (١٠)ساڵانم، زۆر وابەستەی یەکترن و یەکیان خۆشدەوێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە زۆر ماچی

یەکتر دەکەن، یەکتر لە باوەش دەگرن، نایانەوێت ئەمە لە لای من بدرکێنن، بەڵام من بە نهێنی چاودێریان دەکەم، کاتێک بە هێمنی و لەسەرخۆی لەگەڵیان دوام کورەکە وا گومانی برد من خۆشم ناوێت، حەز ناکەم خوشکەکەی بەو شێوەیە خۆش بوێت، ئەمەش وایکرد بە پێچەوانەوە زیاتر لە یەکتر نزیک ببنەوە، تاوای لێهات بەیەکەوە لەسەر جێگایەك بە فرمانی کوڕەکە دەخەوتن، بەیەکەوە دەنوسان و ئەوجا دەخەوتن، بەردەوامیش بە جلی ژێرەوە لە بەردەمی دادەنیشت، ئەو فەرمانانەی بەجێدەهێنا کە کوڕەکە فەرمانی پێدەکرد، ئایا من ئێستا توندوتیژبم لەگەڵیان یان بەو شێوەیە وازیان لێ بهێنم؟

سێیەم : کچێك و وروژاندنی (جنسی) خێزانی:

کچەکەم زیاتر لەجارێك سکاڵای ئەوەی دەکرد کە خاڵۆی زۆر ماچی دەکات، کاتێك بەتەنها دەبن دەیگوشێتە خۆی بە شێوەیەکی ناشایستەو نەشیاو، لەسەرەتا من باوەڕم پێی نەکرد بە درۆکردن تۆمەتبارم کرد، بەڵام بۆ دڵنیابوون ویستم بەتەنها بەجێیان بهێڵم، لە دوورەوە چاودێریان بکەم، پاشان بۆم دەرکەوت کە کچەکەم ڕاست دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی هەردووکیانم مەبەستە هیچم لەڕویان نەدا، من سەرم سوڕماوە ڕێنمایم بکەن سەبارەت بەم گرفتە؟

## قەبارەی کێشەکە:

کۆمەڵێك پرسیاری هاوشێوەی ئەم پرسیارانەم لە دایك و باوکانەوە پێگەیشتووە، زۆرێکیان لە دەوری لایەنەکانی ڕەفتاری جنسی لەلای منداڵان و هەرزەکاران دەخولێنەوە، هێندێك لە پرسیارەکان بە نوسراو، هەندێکی تریان پاش وانەبێژی لە زمانی خۆیانەوە، لەسەر پەروەردەی منداڵ و هەرزەکاران پێم دەگەیشت. ئەو گرفتانەی لەم پرسیارانەوە دەخرانەڕوو هەروەها هەندێك گرفتی دیکەش پاڵنەربوون بۆ دانانی ئەم پەرتووکە سەبارەت بە پەروەردەی جنسی، بۆ قسەکردن لەسەر پێویستی بایەخدان بەم لایەنە لە ژیانی کوڕو کچەکانمان، ئەگەر دایك بین یان باوك، سەرپەرشتیار یان ئاڕاستەکار(ڕێنماکار) بین، بە بۆچوونی من کاتێك باس لە جنس دەکەین مەبەستمان لە چەند ئاستێکە، لێرەدا باسی هەندێك لە ئاستە جیاوازەکانی پەروەردەی جنسی دەکەم:

١- ناساندنی ڕێگاکانی چاودێریکردن، پەروەردەکردنی منداڵ بە دایك و باوکان، دورکەوتنەوە لەو هەڵانەی کە لە کاتی مامەڵەو پێکەوە ژیانیان دەبێتە هۆی ئەو گرفتانەی کە لەم پرسیارانەی باسکراون، لەم کتێبەدا ئاماژەی پێکراوە.

٢- دایك و باوك پەروەردەی جنسییان بۆ منداڵەکانیان لە ڕێگای بەرچاو ڕۆشنیان بێت لە بارەی بنەماکانی گەشەی جنسی سروشتی، ئەو گەشەکردنە لە ڕێگای چاندنی خورەوشتە پەسەندەکانەوە دەبێت.

٣- منداڵەکان بابەتی پەروەردەی جنسی لە وانەکانی قوتابخانەدا بخوێنن لە ڕێگای هەندێك بابەتی زانستی و سروشتی.

٤- پەرتوکی تایبەت لەسەر پەروەردەی جنسی بەشێوازێکی گونجاو بۆ تەمەنە جیاوازەکان، بە پێی قۆناغی گەورەبوون و گەشەکردنیان.

٥- خولیان بۆ بکرێتەوە پێش چوونە ناو کەژاوەی هاوسەرگیرییەوە، یاخود ئەگەر ماوەیەکی کەمە چونەتە ناو ئەو پرۆسەیەوە، ئاساییە باوکان هەندێك وێنە لە سەرچاوە پزیشکییەکانەوە پیشانی منداڵەکانیان بدەن، لەسەر لاشەی مرۆڤ کە گونجاوبێت بۆ قۆناغی گەورەبوون و گەشەی منداڵەکانیان، هەروەها باش وایە لە ڕێگای نەخشەیەکی پەروەردەییەوە بڕوانینە لایەنەکانی پەروەردەی جنسی، بەجۆرێك لایەنی جنسی پایەی سروشتی خۆی وەربگرێت، لە سەرجەم پرۆسەی پەروەردەیدا، هەموو تواناکانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە یەك بخات، بە تایبەت ماڵ و قوتابخانەو مزگەوت و ڕاگەیاندنەکان.

ئەوەی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەیبینم، پێویستە توانای پسپۆڕان یەك بخرێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، وەکو باوکان و بەرپرسان، سەرپەرشتیاران و مامۆستایان، ڕێنماکارانی کۆمەڵایەتی و پسپۆڕانی دەروونی، زانایانی شەریعەو یاساناسان، ڕۆژنامەنوسان و ڕاگەیاندنکاران، هەر یەکە بە پێی تایبەتمەندی و تێڕوانینی بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بۆ دانانی نەخشەیەکی گشتگیر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی منداڵان و گەنجان، بۆ خۆپاراستن لەو هەڵە زۆرانەی کە دەبنە هۆی قوربانی، جا ئەگەر لە ماڵ بێت یان قوتابخانە یان زانکۆ یان کۆمەڵگا بەگشتی.

ئومێدمان پەیوەستە بە نەوەی نوێی هۆشیارو بانگخوازی تایبەتکار، تا

بەم ئەرکە هەڵبسێت لە ڕۆژگاری داهاتووماندا، بەم جۆرە لەبەرنامە ڕێژی دەچینە ناو بابەتی گۆڕانکاری لە خۆماندا تاوەکو خوای گەورەش بەردەوام بمان گۆڕێت بۆ باشتر خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾الرعد(١١)، واتە: (بێگومان خوا بارودۆخی هیچ قەوم و گەلێك ناگۆڕێت، هەتا ئەوان ئەوەی بەخۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن) هەروەها دەمەوێت زۆر سوپاسی براو هاوڕێم مامۆستا ((بلال الشاويس)) بەرپرسی نوسینگەی ئیسلامی لە بەیروت بکەم، کە بەردەوام هانم دەدا بۆ بلاوکردنەوەی پەرتوکەکانم بە تایبەتی ئەم پەرتوکە.

مأمُون مُبيّض

بلفاست المملكة المتحدة

١٤٢٦ هـ – ٢٠٠٥م

# بەشی یەکەم

# گەشەی جنسی و پەروەردەی جنسی

## پەروەردەی جنسی بەشێکە لە پەروەردەی منداڵ

باسکردنی بابەتە جنسییەکان کارێکی ئاسان نیە، چونکە زۆربەی خەڵکی هەست بە شەرم و خەجاڵەتی دەکەن، خانەوادەکان دەتوانن هەموو بابەتەکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا باس بکەن، تەنها بابەتی جنسی و ئەندامی زاوزێ نەبێت.

گەشەی جنسی، ناسینی ئەندامەکانی لەش و هەستەکان بە بەشێك لە خۆناسینی منداڵ دادەنرێت، جا کوڕبێت یان کچ، ئەم فێربوونە لە کارە گرنگەکانە، چونکە هەندێك هەڵەی منداڵ لەم قۆناغە سەرەتایەی ژیانیدا، لەوانەیە کاریگەری گەورەوخراپ بە جێ بهێڵێت لەسەر کەسایەتی و پاشەڕۆژی.

ڕێنماییەکانی ئاینەکەمان و ڕۆشنبیری ئیسلامیمان ڕەچاوی سروشتی مرۆڤایەتی کردووە، نە ئەوەیە بە تەواوەتی سەرکۆنەی بکا نە ڕێگەپێدانێکی بێ مەرجە، چونکە بۆ هەریەکە لەم دوو هەڵوێستە زیان و خراپەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی کە ناوببرێت بە جنس نەخوازراو خراپ نیە، جنس لە بەرنامەی ئیسلامدا پاڵنەرو خواستێکی مرۆڤیە،

خواستێکە ڕەوشت بەڕێوەی دەبات و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕووی گەشەو خۆگونجاندنەوە ڕێکی دەخات.

ناهۆشیاری منداڵ سەبارەت بە گەشەی جەستەیی، پێشڤەچوونی بە تایبەتی لە قۆناغی بالغ بوون، دەیکا بەنێچیرێك بۆئەو زانیارییە هەڵەو ناڕوونانەی کە لە کەسانی دیکەوە دەیبیستێت، یا خەیاڵ پووچەکان و خراپەکارەکان ببنە هۆی ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەرو ئازاری بدەن، بۆخواستەکانی خۆیان بەکاری بهێنن، پێویستە وەکو مرۆڤێك هاوکاری منداڵ بکرێت، بۆ پێشوازیکردن لە گەورەبوونی جەستەیی و گەشەی جنسی، وەکو بەشێکی سروشتی وئاسایی لەژیانی، بەشێکی سروشتی و ڕێکخراو لەڕێگەی ڕەفتارو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ئاینی خوازراو، بەشێکی بایەخ پێدراوە، سەرچاوەیەکە بۆ چێژوخۆشی کە خوای گەورە لە مرۆڤدا ئافراندوییەتی، هەروەك لەفەرموودەی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) هاتووە (وفی بضع أحدکم صدقة) واتە: کاتێك لەگەڵ خێزانەکانتان سەر جێگەیی(جووت دەبن) دەکەن، خێروپاداشتان بۆ دەنوسرێت.

هەڵەیە منداڵ بەجۆرێك پەروەردە بکرێت کە پارچەیەك لە لاشەی شتێکی ناپەسەندو نەخوازراوە، پێویستە فێربکرێت کە چۆن خۆی و لاشەکەی قبوڵ بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا، وابەستەبێ بەخۆڕاگری و ڕەوشتبەرزی و داوێن پاکی، بەوجۆرەی کە ئاین و کۆمەڵگا ڕێنمایی دەکات.

گەر ئێمە وا منداڵمان فێرکرد کە پاڵنەری جنسی، هەست و دیاردەکانی گەشەی جنسی، بریتین لە شتگەلێکی نەخوازراو ناپەسەند،

ئەمە واتای ئەوەنیە کە جەستەی لە گەشەو پێشڤەچوون دەوەستێت، بەڵکو هەست و زانینی پەنهان دەکاو فێری ئەوەدەبێ کە نەیدرکێنێت.

خۆی بەجۆرێك دەرخات کە هیچ شتێکی لەو شێوەیە بوونی نیە، گەرچی لە لایەکی دیکەشەوە بەشێکی زۆر لە بیرکردنەوەو هەست و هۆشی داگیردەکات، دەیخاتە ململانێیەکەوە لە ناخیدا لە نێوان پاڵنەرەکان و خواستەکانی لەگەڵ ئەوەی کە داوای لێدەکرێ، لەرێنکاری کردن لەرگەشەی جنسی و هەست و هۆشی، پاڵنەرە (جنسییەکان) زۆر بەهێزن لە ژیانی مرۆڤدا، گەر رێنمایی تەندروست نەبێت، ڕووبەڕووی ئازارو نائارامی و پەشێوی دەکاتەوە، باش وایە باوان هەڵوێستیان لە مەڕ بابەتی جنس ڕوونبکەنەوە، جا ئەگەر ڕوانینیان بۆی وەکو شتێکی ناپەسەندو شەرمەزاریە، ئەم ڕوانینەشیان بگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان بێ ئەوەی پێی بزانن، دیارە ئەم ڕوانینەی باوان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە منداڵیدا فێری بوون، لەو ئەزموونانەی کە لە ژیانیاندا پێیدا تێپەریون، ئەوەی کە لە کەسانی دیکەوە لە کۆمەڵگەکەیاندا وەریان گرتووە.

کومەڵگەی هاوچەرخ منداڵەکان فێری بنەماو رێسا ڕەوشتیەکان دەکا، بۆ ئەوەی پاڵنەرە جنسییەکان و شێوازی دەربڕینی ڕێکبخات، ئەمەش بەها کۆمەلایەتی و ئاینی و رۆشنبیرییەکان دەگرێتەوە.

بەلام جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو منداڵەی کە فێری ڕێساو ڕەوشتە ئاینیەکان دەکرێ، هەروەها زانیاری دروستی پێدەدرێت لەسەر جەستەو هەست و ژیانی منداڵ، دەرفەتی بۆ دەرەخسێنرێت، لە کەشێکی ئارامدا

لەگەڵ باوك و دایكیدا باسی بكات، لەگەل ئەو منداڵەی هزری پڕییەتی لە شتی پڕوپوچ و بێ هودە، لە دەرەنجامی ڕێگە پێ نەدانی بە بیركردنەوە یاخود باسكردنی ئەم باس و خواسانە.

هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو منداڵەی هاندەدرێت بۆ پەیوەست بوون بە بنەما ئەخلاقیەكان بەڵام بە تێگەیشتن و ئاگاییەوە، لەگەڵ ئەو منداڵەی كە ڕێساكان بەبێ بیركردنەوە و تێگەیشتن جێبەجێ دەكات.

## پەروەردەی (جنسی) :

بەڕاستی ئەو هەستە جنسییانەی لای مرۆڤ دروست دەبێت، خۆی لە خۆیدا بابەتێكی نەخوازراو و مایەی شەرمەزاری نییە، بەڵكو بە پێچەوانەوە بەخششێكەو خوای گەورە مرۆڤی بەوجۆرە بەدیهێناوە، تا وەچەكان لەو ڕێیەوە بپارێزێت لە لەناچوون ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾ البقرة (٣٠) واتە:﴿(ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) باسی ئەوە بكە لە دێرین زەماندا) پەوەردگارت بەفریشتەكانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم (بۆئاوەدانی و دینداری)﴾. بەڵام پرسیاری پێشنیاركراو ئەوەیە: چی لەم پاڵنەرە جنسییانە بكەین؟

ئێمە لە كۆمەڵگایەكی داخراو و ئاڵۆزدا دەژین، كە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم بابەتە جنسییانەدا بە كارێكی دژوارو شەرمەزاری دادەنرێت، بەڵام لەكۆمەڵگا بەربادەكان(الاباحیە) كە جنسیان تێكەڵ بە هەموو شتێك كردوە، تەنانەت لە ڕاگەیاندو پروپاگەندەكانیاندا كە شۆڕشێكی جنسی

لە نێو خەڵکی بەرپا دەکات، لە هەمان کاتدا ئەوەش کێشەیە لەو کۆمەڵگایانەی هەوڵی سەرکۆنەکردنی مامەڵەیەکی ڕوون و ئاشکرادەکات لەگەڵ ئەم بابەتەدا، تا ئەوەی ڕێگری لە مشتومڕی گرفتە کۆمەڵایەتی ودەروونی و جنسیەکان دەکرێت، چونکە وادەبینرێت پێویستە ئەم بابەتە تەنها لە بازنەی تاریکایی و قسە لەسەر نەکراوەبێت، لەهەردوو بارەکەدا ڕێگە نادرێ بە کۆمەڵگە تێڕوانینێکی سادەشی بۆ ئەم بابەتە هەبێت، لەڕاستیدا جنس بریتیە لە تەنها لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، کە ڕۆڵ و یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، وەکو (کارەبا) وایە گەر ڕێك نەخرێت دەبێتە هۆی ئازارو تیاچوون ﴿وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ﴾ (الأنعام/٣٨) واتە: (هیچ زیندەوەرو گیانلەبەرێك نیە بەسەر زەویدا بڕوات، هیچ باڵندەیەك بە باڵەکانی بفڕێت، ئەوانیش ئوممەت و گەلێك نەبن وەکو ئێوە)، هەروەها جنس یەکێکە لەو پاڵنەرانەی پیاو و ئافرەت وەکو ژن و مێرد بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە پەیوەندیەکی خۆشەویستی و سۆزداریدا، کە ئەم پەیوەندیە لە بەڵگەو نیشانەکانی خوای باڵادەستە﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾الروم (٢١)، واتە(یەکێك لە بەڵگەو نیشانەکانی پەروەردگار ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆدروست کردوون بۆئەوەی ئارام بگرن لەلایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوەو تێدەفکرن).

کەسانێکیش هەن بە چەشنێك بۆ جنس و ڕابواردنی جنسی دەڕوانن، کە مەبەستی بوون و ژیان تەنها جنس و ڕابواردنە، لە بەرامبەریشدا کەسانێك بۆچوونیان ئەمەیە: کە جنس هۆکاری تووشبوونی مرۆڤە بە کێشە و گرفتەکان، هەربۆیە نابێت بەلامانەوە مایەی سەرسوڕمان بێت، کە دەبینین کۆمەڵگە لە ململانێدایە، لەنێوان ئەوەی جنس هۆکارێکە بۆ بەکارهێنان و خۆپەرستی و دژایەتی کردن، لەگەڵ ئەوەی کە جنس شتێکی نەخوازراو مایەی شەرمەزاریە.

هەروەها شتێکی ئاساییە منداڵ بەشێوەیەکی سادە مامەڵە لەگەڵ جنسدا بکا، دوور لەو ئاڵۆزکردنەی گەورەکان بۆی دەڕوانن، لە ڕێگەی حەزکردن بەزانین و پەی بردن بەشتەکان، گرنگیدان بەجەستەیی و بەهەستەکانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بایەخدان بەجنس بەشێوەیەکی کتوپڕ دەست پێ ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی لەسەرخۆو پلە بەپلە دێتە ئاراوە، لە سەرەتا چاکەکانی ئەم دەستپێکردنە ئەوەیە: کەسوکار وەڵامی ئەو پرسیارانەبدەنەوە کە دەکرێت سەبارەت بە جنس، ئەندامەکانی زاوزێ، لەو قۆناغەی کە لە سەرەتاوە پرسیاردەکات، ئەم سەرەتایە هاوکارییەکی باشە بۆ منداڵ، هەروەك هاوکارییەکی باشە بۆ کەسوکار، کاتێك تووشی شەرمەزاری دەبن لە دواخستنی وەڵامی پرسیارەکانیان، تاوەکو کوڕەکە گەورە دەبێ، وەڵامدانەوەی منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵیدا بەشێوازێکی سادە، کە تێبگات ئاسانترە لە وتوێژ لەگەڵ کردنیدا کاتێك لە تەمەنی سیازدە ساڵیدایە، هەوڵبدە یارمەتی منداڵەکەت بدەیت لە وەرگرتنی زانیاریە ڕاست و دروستەکان، بەپێی سروشتی تەمەنی و

قۆناغی گەشەکردنی، هەروەها یارمەتی بدە لە وەرگرتنی زانیاریەکان، هەروەك چۆن زانیاریت لەسەر بابەتەکانی تری ژیانی ڕۆژانە لێ وەردەگرێت، بەم شێوەیە مندالّ فێری لە ڕوو وتن و کرانەوە دەبێ لەگەڵ دایك و باوکیدا.

## سەبارەت بە(جنس) چی بە منداڵەکەت دەڵێی؟

وەلامەکەی ئاسانە لە ڕێگەی ئەو وەلامە ڕوون و سادانەی کە دەدرێتەوە کاتێك پرسیاردەکات، دەگونجێ بپرسێت چۆن منداڵ دێتە دونیاوە؟ تۆش دەڵێی: (لە جێگەیەکی تایبەت لە سکی دایکەوە) یان دەپرسێت: ئەی منداڵ چۆن دەچێتە سکی دایکەوە؟ بێگومان شتێکی سروشتی و مافی خۆیەتی ئەم جۆرە پرسیارانە بکات.

خوای گەورە لەسکی دایکدا(منداڵدان) منداڵ دروست دەکا، چونکە باوك تۆوی خۆی لەوێدا دادەنێت، لەگەڵ هێلکەی دایکدا یەك دەگرن و گەشە دەکەن، تۆوێك لە باوکەوە تەنها دانەیەك، لە هی دایك لەو شوێنە ئارام و هێمنەدا یەك دەگرن، دەبن بە یەك تۆو تاوەکو گەشەبکەن، پاشان وردە وردە گەورە دەبێ، ئەوجا دەبێت بە منداڵێکی بچوك.

بێگومان منداڵ ئەم ڕوونکردنەوەیە وەردەگرێت، هەروەك چۆن لەسەر بابەتەکانی تری ژیانی ڕۆژانە گوێ بیستی ڕوون کردنەوەکانی تربووە لە دایك و باوکییەوە، پاش ئەمە دێتە قەناعەت و لەم سنورەدا دەوەستێ، تۆش دەتوانی بەو ڕوونکردنەوەیە کۆتایی پێبهێنی، بەلام ئەگەر دووبارە هاتەوە بۆ زیاتر حەزکردن، پەی بردن بە شتی زیاتر لەو بابەتە، تۆش

دەتوانیت بەپێی ئەو کاتە وەڵامی بدەیتەوە، بەردەوام هەوڵبدە وەڵامەکانت ڕاستەوخۆو سادەو دروستبن، دوور لە ئاڵۆزکردن و ئەو بابەتەزانستیانەی لەسەروی تێگەشتن و توانای ئەوەوەیە، هەروەها هەوڵبدە ئەو ئەگەرەی لەلا دروست نەبێت کە بابەتە(جنسی) یەکان بابەتێکی پێویست نین، عەیب و نەشیاو و خراپن، یاخود ئەوەی لەلا گەلاڵە بێت تۆ ڕێگەی پێ نادەیت لەو جۆرە بابەتانە بدوێت، هەروەها هەوڵبدە چۆن لە بابەتەکانی تر بەئاسانی دەدوێن، هەر بەو جۆرەش لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵی بدوێیت، وەکو چۆن بۆ نموونە باسی ئەوەی بۆ دەکەیت کە خواردن چی بەسەردێت کاتێك قوتی دەدەین، پرۆسەی هەرسکردنی بەسەردا دێت.

یاخود پرسیاری ئەوە دەکات ئایا کاتێك باوك ئەم تۆوە دەکاتە سکی دایکەوە ئازاریان پێناگات؟ لەوەڵامدا دەڵێیت: نەخێر ئەمە کارێکی ئازار بەخش نییە، بەڵکو خۆشی و لەزەتێك بەهەردووکیان دەبەخشێت، هەروەها ئەگەر پرسی چۆن منداڵ لە سکی دایکی دێتە دەرەوە؟ دەتوانیت بەئاسانی بۆی ڕوون بکەیتەوە، دایك وەکو هەموو ئافرەتانی دی، دەرچەیەکی سروشتی لەنزیك دەرەچەی میزکردنەوە هەیە، هەروەك باوکیش دەرچەیەکی بچوکی هەیە، کە ئەو تۆوەی لێدێتە دەرەوە، بەم شێوەیە منداڵ لەو دەرچەیەی کە دەکەوێتە خوار سکی دایکەوە دێتە دەرێ، دوای ئەوەی کۆرپەلە گەورە دەبێت، دەبێت بەمنداڵێکی تەواو.

شایانی باسە دەبێت ئەوە بە بیر بێنینەوە، پێویستە هەڵوێستمان باش بێت سەبارەت بە کاری پیسایی کردن و میزکردنیش، بەبێ ئەوەی منداڵ

ئەم بابەتانە بەخراپ و نەنگی بزانێت، بەڵکو فێربکرێت کە ئەو شوێنانە پێویستیان بەپاك و خاوێنی، چاودێری کردن و ئاگا لێبوون هەیە، نەك لەبەر ئەوەی میزکردن و پیسایی کردن کارێکی خراپە، بەڵکو بەهۆی ئەگەری بوونی میکرۆب لەگەڵ پاشەڕۆکاندا، بەم جۆرە منداڵ ئەوە فێردەبێت کە میزکردن و پیسایی کردن شەرمی ناوێت، ئەم شەرم نەکردنەش دەگوازرێتەوە بۆ لای بابەتە جنسییەکان.

شتێکی سروشتی و ئاساییە منداڵ لە تەمەنی سێ بۆ شەش ساڵیدا دەست لە ئەندامی زاوزێی دەدات، چونکە قۆناغی ئاشکرابوونی ئەو ئەندامانەیە لە لاشەیدا، هەروەها شتێکی سروشتییە کە هەست بەخۆشی دەکات لەکاتی دەست لێدانیدا، دەبینین لە ژێر جلەکانیەوە بە دەستی یاری پێ دەکات، هەندێ جار ئەم کارە دەکات بێ ئەوەی ئاگاو هۆشی لەلای بێت، بەڵکو سەرقاڵە بەکاری تریشەوە، زۆر جار هەست بە خراپی ئەنجام دانی ئەوکارە ناکات لەڕووی ئەخلاقیەوە، ئەمە لە لای کوڕان وکچان هەستی پێدەکرێت، دووبارە دەبێتەوە.

زۆرێك لە باوکان کاتێك ئەم کردارە دەبینن لە منداڵەکانیان توڕەدەبن، هاوار دەکەن بە سەریاندا تا واز لەم کردارە بهێنن، زۆرجار بە دەستیدا دەکێشن یان دەستیان لە ژێر جلەکانیان دەردەهێنن، هەندێك باوك منداڵکانیان بەوە دەترسێنن ئەگەر واز لەو ڕەفتارە نەهێنێت سزای دەدات، یاخود ئەندامی زاوزێی دەسوتێنێت.

بێگومان زارۆك ئەوەی لە لا دروست دەبێت کە ئەمە کارێکی خراپ و ترسناك و مایەی نەنگیە، کاتێك کاردانەوەی باوانی بەم چەشنە دەبینێت،

زۆر جاریش دووبارەی دەکاتەوە، چونکە بەم کارەی هەست بە جۆرێك لە چێژوخۆشی دەکات، ئەو لەوە تێناگات بۆچی کەسوکاری سوورن لەسەرنەکردنی ئەم کردارەی، ئەو وابیردەکاتەوە بۆچی دەتوانێت لە هەر کاتێکی بیەوێت دەست بۆ لوت و گوێچکەی بەرێت، بەڵام بۆ نابێت دەست بۆ ئەوەی ژێر بیجامەکەی بەرێت؟ یاخود ئەوەی لە لا دروست دەبێت خاوێن نییە، بۆیە دەبێ دەستی لێ نەدات.

جا ئەگەر داوای ڕونکردنەوە بکات، ئەوە جگە لە تورەبوون و سەرزەنشت کردن، یان (ئەمە کارێکی پیسەو باش نیە)، شتێکی دیکەی دەست ناکەوێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە منداڵ ئەوە بە کارێکی باش و خۆش دەزانێت.

باش وایە هەندێك جار کەسوکاری ئەو کردارەی پشت گوێ بخەن، چونکە ئەمە تەنها ئاماژەیە بۆئەوەی منداڵ لەم قۆناغەدا بەسروشتی لەشی خۆی ئاشنادەبێت، لە ماوەیەکی کەمدا گەشە دەکات ئەو قۆناغەش تێدەپەڕێنێت.

ئەم دەست لێدانەشی ئەوە ناگەیەنێت ئەم منداڵە ڕۆچووە لە جنسدا، یاخود لە سەرەتای لادانی ڕەفتاری و ئەخلاقیدایە، بەڵکو ئەوەی پێویستە لەسەر کەسوکار ئەوەیە کە بەئاگا بن لە منداڵەکەیان، بزانن کە دووبارەکردنەوەی ئەم دەست لێدانە لای منداڵەکەیان، هۆکارێکە بۆ ئارامکردنەوەی دەروونی کاتێك توشی ناخۆشیەکانی ژیان دەبێت، یان کاتێك کەسوکاری لێی تورەدەبن جا بەهەر هۆکارێك بێت، لەوانەیە ئەمە ئاماژەبێت بەوەی زارۆك(منداڵ)، پەنا دەباتە بەر ئەم کردارە، تاوەکو

ناخۆشیەکانی چارەسەربکات لەڕێی ئەم دەست لێدانەوە، لەبری ئەوەی دایك وباوکی دەرفەتی باشی بۆ برەخسێنن بۆ گفتوگۆکردن، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەری دژوارییەکان بە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ، لەوانەیە ئەمە ئاماژەبێت بۆ ئەوەی ئەم منداڵە پێویستی زیاتری بە سۆزو چاودێری دەروونی وسۆزداری و جەستەیی هەیە.

پێویستە دایبابەکان بە ئاگابن لەوەی کە دەبێ کوڕ و کچ ئاشنا بکرێت بەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر جەستەیاندا دێت، کاتێك دەگاتە قۆناغی باڵغ بوون، جا ئەگەر گۆڕانکاریەکە دەروونی بێت، یا جەستەیی وەك بەرزبوونەوەی مەمکەکانی، گۆڕانکاریەکانی چینەکانی دەنگی، هەروەها گۆڕانکاریە جنسییەکان، وەکو هاتنی توکی بەرو کەوتنە (عادە)ی مانگانەوە لەلای کچان، ئاو هاتنەوەی شەوان لە لای کوڕان، هەندێك وای بەباش دەزانن لەمەڕ ئەم بابەتانە دایکەکان لەگەڵ کچەکانیاندا بدوێن، باوکانیش لەگەل کوڕەکاندا، ئەوەی سودی زیاتری دەبێت لەم بابەتانەدا ئەوەیە ئەم گفتوگۆیانە بەباشی و هێمنی بەڕێوە بچێت، دوور لە بە توندگرتن و زیادەڕەوی ترسێنەر.

# گەمەی جنسی لەنێوان منداڵاندا

زارۆك (منداڵ) بەو چەشنەی حەز بەئاشنابوونی جەستەی خۆی دەكات، بەهەمان شێوە ئارەزووی ناسینی لاشەی منالآنی تریش دەكات، ئەو كاتێك لاشەی منداڵێكی دیكە دەبینێت، ئارەزوی ئەوە دەكات دەستی بۆ بەرێت و بیگرێت، لەبەرئەوە دەبینین منال زۆر یاری لە نێو خۆیاندا ئەنجام دەدەن، وەكو یاری پزیشك و نەخۆش، چونكە ئەوان لە ڕێگەی ئەزموونكردنی ئەو بابەتەوە دەزانن كارێكی ئاساییە بۆ پزیشك لاشەی كەسانی دیكە بپشكنێت، زۆر بەدەگمەن لەم جۆرە یاریانەدا سەرەڕۆی دەكەن، هیچ ئاماژەیەكیش نیە كە لە ڕووی جنسییەوە كاریگەری ئەم جۆرە یاریەیان لەسەر بێت، بەڵكو زۆر بەخێرایی ئارەزوویان لەم جۆرە یاریانە نامێنێت و لێی بێ تاقەت دەبن.

ئەنجامدانی ئەم جۆرە یارییانە بەكەمی دەبینرێت لەو خێزانانەی ڕێنمایی جنسییان بۆ منداڵەكانیان هەیە، هەروەها لەو خێزانانەی ڕوانینیان بۆ لاشەی مرۆڤ تەندروستە، بە شەرمەزاری و نەنگی نازانن، لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەستن بە خۆداپۆشین و ڕەوشتی بەرزەوە.

## باوكان چی بكەن كاتێك دەبینن منداڵ ئەو جۆرە یاریانە دەكەن؟ یاخود سەیری جەستەی یەكتری دەكەن؟

لە سەرەتادا پێویستە ئاشنا بوونی باوكان بە قۆناغەكانی پەرەسەندن، گەشەكردن منداڵەكانیان تووشی شۆكیان نەكات، هەندێك پێیان وایەو ئامۆژگاریان ئەمەیە: كە نابێ منداڵ سەرزەنشت بكرێت، تاوەكو وا هەست نەكات حەزی شارەزابوون كارێكی نا پەسەندە، بەڵكو بە هێمنی پێیان

بووترێت: (پاش ئەوەی تەماشای یەکتریتان کرد با ئێستا کۆتایی بەمە بهێنین، با بچین بە لای کارێکی دیکەوە(دەبێت کارەکە دیاری بکرێت).

بەم شێوەیە ئەو کارەت وەستاند، بێ ئەوەی گرفتێکی گەورە بسازێنیت، یاخود وایان لێبکەیت بیر لەوە بکەنەوە یاریکردنەکە لە تۆ بشارنەوە، لە هەمان کاتیشدا دەرفەتێکیان پێدەبەخشیت، بۆبیرکردنەوە لەو کارانەی ڕێگە پێ نەدراوەو قەدەغەکراوە.

ئاساییە حەزی مانەوە بە تەنهایی لە لای منداڵ گەشەبکا، یاخود شەرم بکات عەورەتی بۆکەسانی دی(خوشك و براکانی) بخاتەڕوو، زۆر جار ئەمە لە تەمەنی پێنج بۆ حەوتساڵیدا دەبێ، پێویستە ئەم ئارەزووەی لە لایەن کەسانی دیکەوە ڕیزی لێبگیرێت، دەست خۆشی لێبکرێت، هەستکردن بەم شەرم وشکۆیە لەگەڵ گەورەبوونیدا گەشە دەکات، تا لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا دەگاتە چڵەپۆپە، زۆرێك لەمندالآن شاردنەوەی عەورەتیان لەپێش چاوی کەسانی دی بە باشتر دەزانن.

ئاشکراو ڕوونە کەسوکار تووشی دڵەڕاوکێ دەبن، گەر ئەم جۆرە یاریکردنە جنسییانە لە نێوان منداڵەکانیان و منداڵی گەورەتردا ببینن، بەڵام باشترین چارەسەرێك بریتیە لە فێرکردنی منداڵەکە لەسەرەتای تەمەنیدا، کە ئەم ئەندامانەی لەشی موڵکی تەنها خۆیەتی، نابێ بێجگە لە خۆی کەسی دیکە دەستی لێبدات، تەنها دایك و باوکی نەبێت لە کاتی شۆردن وخاوێن کردنەوە، یان کەلوپەل لەبەرکردنیاندا، هەروەها لەسەر دایك و باوك پێویستە بە وریاییەوە ئاگاداری یاریکردنی منداڵکانیان بن لەگەڵ یەکتریدا، بە تایبەتی کاتێك لە خۆیان گەورەتر لەگەڵیاندا بێت،

بەڵام بە بێ گومانکردن لە خەڵکی، یاخود دروستکردنی دوو دڵی بۆ منداڵەکان، هەروەها ئەگەر لە جێگەیەکی چۆڵ و دوور لەچاودێری وەکو ژوورێکی دوور یاریان کرد، باشتر وایە بانگ بکرێن بۆ شوێنێکی نزیك و تیایدا یاری بکەن، تاوەکو چاودێریکردنیان ئاسان بێت، هیچ گومانێکیش دروست نەبێت.

## شەرم و ئەندامەکانی شەرم (عەورەت)

ئەوەی پەیوەندی هەیە بەڕێزی مرۆڤ، قبولکردنی کەسایەتییەوە، هەستکردنییەتی بە جەستەی، هەڵوێستی لە مەڕ جەستە و ئەندامەکانی لەشی، لەگەڵ فێربوونی شکۆو تێگەیشتن لە چەمکی عەورەت، فێردەبێ هەندێك لە ئەندامەکانی لەشی نابێت خەڵکی سەیریان بکات، تەنها لە هەندێك باری تایبەتدا نەبێت، ئەوەش کەسانی وەکو دایك و باوکی یان پزیشك، لە هەمان کاتدا ئەوەش بزانێت کە لاشەی، ئەندامەکانی نیعمەتێکە لە لایەن خوای گەورەوە پێی بەخشرا وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ (٧) ﴾الانفطار، واتە(ئەو پەروەردگارە تۆی دروستکردووە بەڕێك و پێکترین شێوە، بەجوانترین شێوان)، هەروەها لە لەشیدا بەشێك نییە مایەی نەنگی و نیگەرانی و شەرمەزاری بێت، یاخود خراپ و نا دروست بێت، ئەگەر منداڵ زیاد لە پێویست لە هەوڵی داپۆشینی لەشیدا بوو، لە کاتێکدا لەماڵەوەش بوو، لەم کاتەدا پێی بوترێت پێویست ناکات بە درێژایی کات بەو شێوەیەبێت. یاخود لە پێش چاوی خەڵکی یا میوان پۆشاکەکانی دادەکەندو لایدەبرد،

پێی بوترێت نابێت بە ڕوتی کەسانی تر ببیـنن ئـەوە شتێکی بـاش نییـە بەلای خەڵکیەوە، هەندێك ئەندامی لاشـەی مـرۆڤ هەیـە، وەکـو ڕێزێك بـۆ بەرامبـەرو پاراستنی ڕێـزی خـۆی دەبێـت داپۆشـرێت، هـەروەها ئەگـەر منداڵەکـە سـوربوو لەسـەر کارێـك لەوانـە، ئـەوە نابێـت کێشـەی گـەورەی لەسـەری دروسـت بکرێـت، ئەمـەش قۆناغێکـەو دوای ماوەیـەك تێـی دەپـەڕێنیت، ئەگـەر بـەردەوام ڕێنمـایی تەندروسـت و لەسـەرخۆ بکرێـت، فێری ڕێسا ئەخلاقیەکان و چۆنێتی مامەڵەکردن بکرێـت لەگـەڵ لاشـەیدا، هەروەها تێکەلأوی خەڵکی بێت.

ئەگـەر هـاتوو جارێـك منـداڵ چـووە ژووری دایـك و بـاوکی، بـێ پۆشـاك بینینی، نابێت ئەمە توشی شۆکیان بکات، بۆ ئەوەی منداڵەکە لەو ڕێیەوە فێری ئەوە نەبێت ڕق و کینەی کەسانی دیکەی پێ هەسـتێنێ، هـەر بۆیـە ئەگـەر مامەڵەیـەکی بـێ هەڵچـوون و ئاسـایی لەگـەڵ بکرێـت، کارەکـە بەشێوەیەکی سادە بەسەردەچێت، منداڵەکەش لە داهاتوودا فێـری ئـەوە دەبێـت چ ڕەفتارێـك دروسـت و پەسـەندە، چ ڕەفتـارێکیش نەشـیاو و ناپەسەندە.

بێگومان لە ئاینی پـیرۆزی ئیسـلامدا، ڕێنمـایی گشـتی و بەسـود هەیـە سـەبارەت بـە بابـەتی پـەروەردەی جنسـی، بـۆ سـود وەرگرتنـی زیـاتر دەتـوانن هـەردوو پـەرتوکی (تربيـة الأولاد في الإسـلام) دانـراوی(د.عبدللـه ناصح علـوان)، هـەروەها پـەرتوکی (الحـلال والحـرام في الإسـلام) دانـراوی (د.يوسف القرضاوي) بخوێننەوە.

# بەشی دووەم

# هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە جنس

## هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە جنس

د.(عبدالله ناصح علوان) لە پەرتوکەکەیدا (تربية الاولاد فى الاسلام)دا دەڵێ: ((ڕوانینی ئیسلام بۆ جنس لەسەر هەستی خوارِسك (فطرة)ی مرۆڤ وەستاوە، بۆ دابین کردنی خواست و ئارەزووەکانی، تا هیچ تاکێك لە کۆمەڵگەدا سنوری خوارِسکی(فطرة)ی خۆی نەبەزێنی، هەروەها ڕێگەو ڕێچکەیەك نەگرێتەبەر تووشی لادان و پێکدادانی بکا لەگەڵ خواستەکانیدا، بەڵکو بەپێی ئەو پرۆگرامە ڕاست و دروستە بڕوات کە ئیسلام نەخشەی بۆکێشاوە، کە ئەویش: (شوکردن و ژن هێنانە)).

هەروەها دەڵێ:((مەبەست لە پەروەردەی جنسی، فێرکردنی منداڵ و هۆشیارکردنەوەو دواندنێیەتی لەو کاتەوەی عەقڵی دەکرێتەوە، لە ئاقار ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بەجنسەوە هەیە، پەیوەستن بە خواستی مرۆڤ و ژن هێنان و شوکردنەوە، تا کاتێك پێ دەنێتە قۆناغی گەنجێتیەوە، لە کاروبارەکانی ژیان تێگەیشتبێت، بزانێت کامە حەڵاڵەو کامە حەرامە، لە هەمان کاتدا داب و نەریتە ئیسلامیەکان ببێتە خووڕەوشتی، بە دوای هەواو ئارەزووی نەکەوێت، بەڕێگەی نەشیاو

ناپەسەندە نەڕوات..)).

ئیسلام بونیادنراوە لەسەر بنەمای گشتگیری، تەواوکاری ژیان لە هەموو لایەنەکانەوە هەروەك خوای گەورە لە سورەتی (الذريات) دا ئاماژەی پێکردووە، دەفەرموێت:﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (٥٦) واتە: ((بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستن و فەرمانبەردارم بن)) بەم واتایە گەشەی جنس لایەنێکە لەو لایەنانەی کە منداڵ لە گەشەکردندا پێیدا تێپەڕدەبێت، لەمنداڵیەوە تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتنی، هەروەها دادەنرێت بە بەشێك لە ناساندنی منداڵ بە خۆی و جەستەی، ئەوەی کاریگەری لەسەر کەسایەتی و دوارۆژی دروست دەکات، هەر لەبەر ئەم هۆیانە ئیسلام تێڕوانینێکی دڵکار (جدی) بۆ جنس هەیە، وەك ئەوەی بابەتێکە شایەنی دابەزینی ئایەت بێت لەسەری، پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەکانیدا ئاماژەی بەم بابەتە دابێت.

ئەوەی کە ناو دەبرێت بە جنس بابەتێکی نەخوازراو نییە، بەڵکو غەریزەیەو خواستێکی مرۆییە، خودا ڕسکاندویەتی لە ئادەمیدا تا پاراستنی وەچەکان لەو ڕێیەوە بەردەوام بێت، پاراستنی وەچە یەکێکە لە پێنج مەبەستەکەی شەریعەتی ئیسلام، ئەمە خواستێکە ڕەوشت بەڕێوەی دەبات، کۆمەڵگا ڕێکی دەخات، لە پۆلێنکردنیشدا ئیسلام لە بابەتەکانی هاوسەرگیری، خێزان و پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان لێی دەدوێت، بەڵام لە ئاینی ئیسلامدا کە باسی جنس دەکرێت وەکو ئەوە باسی دەکرێت کە ئەم بابەتە بایەخێکی تایبەتی هەیە لەژیانی مرۆڤدا، هەروەها تایبەت

دەیبەستێتەوە بە پەیوەندی هاوسەرگیریەوە.

لە هەمان کاتدا ئیسلام بەجۆرێك باسی جنس دەکات، کە بونیادنراوە لەسەر بەهاو بنەما جێگیرەکان لەژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا، بابەتێك نییە بە پێی هەواو ئارەزووی خەڵکی شایانی گۆڕان و گەشەکردن بێت، بەڵکو تێڕوانینی ئیسلام بۆ مرۆڤ ئەمەیە: کە دەبێت خودی مرۆڤ کۆنترۆڵی خواست و ئارەزوەکان بکات، نەك بە پێچەوانەوە کە هەندێك لە کۆمەڵگاکانی کۆن و نوێش ئەوەیان مەبەستە وا لە مرۆڤ بکەن.

ئیسلام بە نێوانگیری لە نێوان بەربادی (الاباحە)و چەپاندن (الکبت) دەوەستێت، ئیسلام پێویستی کردووە لەسەر دایك وباوك، گرنگی پێدان و پێگەیاندنی منداڵ لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە، لەوانەش ژیانی جنسییان، جا کچ بن یاخود کوڕ، لەبەرئەوە دەبینین زۆرێك لە زانایانی پایە بڵند ووتوویانە:((یەکێك لە بەرپرسیارێتیە گەورەکان کە ئیسلام پێویستی کردووە لەسەر پەروەرشیاران، دایکان وباوکان، مامۆستایان و ڕێنماکاران، فێرکردنی منداڵە لەو کاتەوەی ئەو یاسا شەرعیانە جیا دەکاتەوە کە دەیبەستێتەوە بە خواستە غەریزییەکانی و پێگەیشتنی جنسییەوە)).

لێرەدا نێرو مێ هەردووکیان چون یەکن، چونکە لەڕوی شەرعیەوە ڕاسپێردراون، بەرپرسیارن لەکارەکانیان لە لای خوای پەروەردگار، هەروەها لای سەرپەرشتیاران و کۆمەڵگا.

موسڵمانانی پێشین زۆریان لەسەر پەروەردەی جنسییان نوسیوە، بەڵام دەستەواژەی پەروەردەی جنسییان بەکار نەهێناوە، بەو پێیەی ئەم

دەستەواژەیە تارادەیەك نوێیەو لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیە هەندێك دەست نوسی کۆنم دییەوە، کە لەو بابەتە دەدوان لەوانە:

* ((نزهة الأرواح وبهجة الأشباح)) کەدانراوی (محمد بن محمد بن عبدالرحمن البهنسي) کە لە ساڵی(١٠٠١هـ =١٥٩٢م) کۆچی دوایی کردووە، ئەم دەست نوسە باس لە پەیوەندی هاوسەرێتی و پاکو خاوێنی جنسی دەکات، کە لە ساڵی (٩٨٢هـ= ١٥٧٥هـ) نوسراوە.

* ((رشد اللبیب الی معاشرة الحبیب)) کە دانراوی نوسەری یەمەنی ((ابي العباس احمد بن محمد بن علي بن فولیتە)) کە لە ساڵی ((١٣١هـ = ٨٤٥م)) کۆچی دوایی کردووە، ئەم دەست نوسە باسی خاوێنی جنسی دەکات دەستنوسی سەدەی (٩هـ = ١٥م)

## قــورئان و پەروەردەی جنسی

قورئان پەرتوکە نەمرەکەی ئیسلام، کتێب و کەتەلۆکی ژیانە، زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی باس کردووە، لەوانەش لایەنی جنسی، لێرەدا تــەنها لــە ســورەتێکدا هەنــدێك لــە ئایەتــەکانی قورئــان بــۆ نموونــە دەخەینەڕوو، ئەویش سورەتی ((النساء)) لە ئایەتەکانیدا ئەو ئاماژەیە دەبینین کە دوورونزیك پەیوەندیان بە ژیانی جنسییەوە هەیە، یاخود پەیوەندیان بە نێوانی پیاو و ئافرەت و هاسەرەکانەوە هەیە، لەوانەیە بوونی ئـەم هـەموو واتـە جیاوازانـە لـە تـەنها سورەتێکدا ڕەنگدانـەوەی سروشتی ژیانی مرۆڤایـەتی، تێك هەڵکێشی لایەنـە جۆر بـە جۆرەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی بێت.

بێگومان دەتوانین سود لەم هەموو واتایانەی لەو ئایەتانـەدا بەرجەستە دەبن وەربگرین، بۆ ڕێنمایی کردن و پەروەردەکردنی نـەوەکانمان لەسـەر خورەوشتی جوان و پەسەند.

بـەدەر لەسورەتی (النسـاء)، بـە گەڕانـەوەمان بـۆ سـورەتەکانی تـری قورئـانی پـیرۆز، کـە باسـی هەنـدێك لـە لایـەکانی ژیـانی جنسـی دەکـەن سودمەند دەبین، هەر بۆ نموونـە سـورەتەکانی (النـور، یوسـف، الفرقـان، مریم، القصـص، الطـلاق) سـورەتی دیش هـەن کـە موسـڵمانان دەتـوانن

سودی لێوەربگرن.

لێرادە ئاماژەم بەهەندێك لەو ئایەتانە کردووە کە لە سورەتی (النساء) دایە، ژمارەی ئایەتەکانیش دیاری کراوە، پاشان تەفسیرمان کردووە، شایانی باسە ئەم ئایەتانە دوورونزیك پەیوەندیان بە بابەتی پەروەردەی جنسی یاخود بە ژیانی کۆمەلایەتی و ژیانی مرۆڤەوە هەیە.

﴿خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ(١)﴾

واتە(ئێوەی لە تاکە نەفسێك دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدیهێناوە، لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوەو بلاّوکردۆتەوە، هەر لەو خوایە بترسن کە لە یەکتر داوا دەکەن بەناو هێنانی ئەوەوە، هەوڵ بدەن پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن و پتەوی بکەن)

﴿فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلَّا تَعُولُوا (٣)﴾ واتە: (لە ئافرەتانی تر کە حەلاڵن ژن مارەبکەن دوو دوو، یان سیان سیان، یان چوار چوار، خۆ ئەگەر ترسان لەوەی کە نەتوانن دادپەروەربن (لەنێوان هاوسەرەکانتاندا) ئەوە با یەك ژن مارە بکەن، یان ئەو کەنیزەکانەی کە هەتانن (کەدیاردەیەکی کاتی بوو، ئیسلام بنەبڕی کرد))

﴿وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً(٤)﴾واتە: (مارەیی ئافرەتان بدەن بەو پەڕی دڵ فراوانی و ئاسودەییەوە).

﴿حَتَّى إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُمْ مِنْهُمْ رُشْدًا(٦)﴾واتە: (هەتا ئەو

کاتەی کە وەختی ئەوەیان دێت هاوسەر بگرن، ئەوسا ئەگەر هەستتان کرد ژیرو سەلارن)

﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ(١١)﴾ واتە (خوا ڕێنموویتان دەکات، فەرمانتان پێ دەدا دەربارەی نەوەکانتان، لە بواری میراتی گرتندا (ئەویش ئەوەیە) کە بەشی نێرینەکان ئەندازەی بەشی دوو مێینەیانە)

﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُنَّ وَلَدٌ (١٢)﴾ واتە:(هەروەها نیوەی میراتی ژنەکانتان دەدرێت بە ئێوە ئەگەر منداڵیان نەبوو).

﴿وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ(١٥)﴾ واتە:(ئەو ئافرەتانەی کە زینا دەکەن لە ژنانتان)

﴿وَاللَّذَانِ يَأْتِيَانِهَا مِنْكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِنْ تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا عَنْهُمَا (١٦)﴾ واتە: (ئەو ژن و پیاوەتان، یان ئەو کوڕو کچەتان کە زینایان لە دەست دەقەومێت، ئەوە ئێوە لێیان بدەن و ئازاریان بدەن، خۆ ئەگەر تەوبەیان کرد، خۆیان پەروەردەو چاککرد، ئەوە ئێوە وازیان لێ بهێنن (تەعنەیان لێ مەدەن، بەچاوی سوک تەماشایان مەکەن))

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا (١٩)﴾ واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دروست نیە بۆتان ژنان بە زۆر بکەنە میراتی خۆتان، دەستیان بەسەردا بگرن،(وەکو کەل وپەلی تری ناوماڵ)،

ناچاریان مەکەن تا هەندێك مارەییتان بۆ بگەڕێننەوە، مەگەر ئەوان گوناهێکی ئاشکراو دیار ئەنجام بدەن، هاوژینییان بە جوانی لەگەڵدا بەرنەسەر، خۆئەگەر خۆشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نیەو دەشێت حەزتان لە شتێك نەبێت و خوابیکات بە مایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنوور).

﴿وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ (٢٠)﴾ واتە:(خۆ ئەگەر ویستتان هاوسەرێك بخەنە جێگەی هاوسەرێکی تر)

﴿ وَقَدْ أَفْضَى بَعْضُكُمْ إِلَى بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا (٢١)﴾ واتە: (لە کاتێکدا ئێوە چوونەتە لای یەکترو ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورەو گرنگیان لێ وەرگرتوون (لەکاتی مارەکردنیاندا)).

﴿وَلَا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً (٢٢)﴾ واتە: (نەکەن ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە پێشتر باوکتان مارەی کردبوو، مەگەر ئەوەی ڕابورد(لەسەردەمی نەفامیدا پێش حەرام کردنی) بەڕاستی ئەو کارە گوناهێکی گەورەیە).

﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ وَأَن تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا (٢٣)﴾ واتە: (ئیمانداران، ئەم ئافرەتانە) مارەکردنیان حەرامکراوە لەسەرتان: دایکتان، کچەکانتان، خوشکەکانتان، پورەکانتان(خوشکی

باوك)، پورەکانتان (خوشکی دایك) برازاتان، خوشکەزاتان، ئەو دایکانەی کەشیریان دوانەتێ، خوشکە شیریەکانتان، دایکی هاوسەرتان(خەسوو) ئەو کچانەی لەپیاوێکی ترن و لای ئێوە دەژین و پەروەردە دەبن و لەو ژنانەتانن کەچوونەتە لایان (واتە زڕکچەکانتان)، خۆ ئەگەر نەچووینە لای دایکی ئەو جۆرە کچانە ئەوە هیچ گوناهێکیان لەسەرنییە (مارەیان بکەن)، (هەروەها حەرامە) هاوسەری ئەو کوڕانەتان مارەبکەن کە لە پشتی خۆتانن (واتە بوکەکانتان)، (هەروەها حەرامە) دوو خوشکیش پێکەوە بکەنە هاوسەری خۆتان لەیەك کاتدا، جگە لەوانەی کەڕابورد، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە).

﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ كِتَابَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ فَمَا اسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُمْ بِهِ مِنْ بَعْدِ الْفَرِيضَةِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا (٢٤)﴾ واتە: ((هەروەها حەرامە) لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە جگە لە کەنیزەکتان (لەو زەمانەدا باوبووە، جائەم سنورانە) خوا بڕیاریداوە لەسەرتان، جگە لەوانەی کە باسکران، حەڵاڵە بۆتان بەهۆی ماڵ و دارایتانەوە هاوسەر بگرن(تاچوار ئافرەت) تاپاك داوێن بن و لەسنوری ڕەوشتی بەزر دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ، هیچ گوناهیش نیە لەسەرتان لە کەم کردنەوەی ئەو مارەییەی لەسەری ڕێککەوتبوون لەدوای دیاریکردنی، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو دانایە).

﴿وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ طَوْلًا أَنْ يَنْكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَانْكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ مُحْصَنَاتٍ غَيْرَ مُسَافِحَاتٍ وَلَا مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ فَإِذَا أُحْصِنَّ فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ(٢٥)﴾ واتە: (ئەوەش کە نەیتوانی لە ئێوە لەبەردەست کورتی، ئافرەتانی سەربەستی باوەڕدار مارەبکات، ئەوە با لە کچە کەنیزەکە ئیمانداری‌کانتان بخوازێ، خوایش زانایە کە ڕادەی ئیمانتان چەندەو چۆنە، ئێوە هەندێکتان لە هەندێکتانن (هەمووتان لەئادەم و حەوانو ئەم جیاوازییە چینایەتیە شتێکی کاتییە)، لەبەر ئەوە ئەو کەنیزەکانە مارەبکەن لەسەر ڕازەمەندی کەس وکارو خاوەنەکانیان و مارەییان بە چاکی پێبدەن، لە کاتێکدا ئەو کەنیزەکانەش پێویستە پاك داوێن بن و دووربن لە داوێن پیسی و دۆست گرتنەوە، خۆ ئەگەر شوویان کردو لەوەودوا داوێن پیسیەکیان ئەنجامدا ئەوە نیوەی سزای ئافرەتانی سەربەست دەدرێن (چونکە ئازادی تەواویان نەبووە لەو سەردەمەدا)،

﴿يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٢٦)﴾واتە: (بێگومان خوا دەیەوێت (بەم شێوەیە) هەموو شتێکتان بۆ ڕوون بکاتەوە، ڕینموویتان بکات بۆ ئەو یاساو بەرنامانەی پێش خۆتان (کەپێغەمبەران هێناویانە لە جیهانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکان و...هتد) و تەوبەو پەشیمانیتان لێ وەربگرێت، خوا زاناو دانایە).

﴿وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَنْ تَمِيلُوا مَيْلًا عَظِيمًا (٢٧)﴾ واتە:

(ئەوانەی شوێن ئارەزوو هەوەسبازی کەوتوون و دەیانەوێت ئێوە لابدەن به لادانێکی گەورە)

﴿إِنْ تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ (٣١)﴾ واتە: (ئەگەر خۆتان بپارێزن لەو تاوانە گەورانەی قەدەغەکراوە لێتان، ئەوە لە گوناهەکانی ترتان چاوپۆشی دەکەین)

﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ(٣٢)﴾ واتە: (پیاوان بەشێکیان هەیە لەوەی کە بەدەستیان هێناوە، هەروەها ئافرەتانیش بەشێکیان هەیە لەوەی کە بەدەستیان هێناوە).

﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا (٣٤)﴾ واتە: (پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە، ئەمەش بەهۆی رێزو زیادە ئەرکێکەوە کە خوا داویەتی بە هەندێك بەسەر هەندێکی تردا(سەرەڕای ئەوە کە) پیاوان لەماڵ و سامانیان خەرج دەکەن (لە پێناوی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا)، لەو لاشەوە ئافرەتانی ژیرو دیندارو گونجاو هەمیشە گوێڕایەڵی مێردەکانیانن، نهێنی نێوان خۆیان و مێردەکانیان دەپارێزن (بەتایبەت ئەو نهێنیانەی خوا دەیەوێت پارێزراوبن) بە هۆی ئەوەی کە خوا مافەکانی ئەوانی پاراستووە، ئەو ئافرەتانەی ئێوە کە دەترسن سەرکەشی و سەرپێچی بکەن، سەرەتا ئامۆژگاریان بکەن، (ئەگەر سوودی نەبوو) لەناوجێدا پشتیان تێبکەن، (ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو)

لێیان بدەن (بەمەرجێك لێدانەکە لەدەم و چاو نەبێت و ئاسەوار بەجێ نەهێڵێت)، ئەگەر بەم هۆیانە لە لادان یاخی بوون وازیان هێنا، ئەوە ئیتر ستەمیان لێمەکەن، ڕێگەی تر مەگرنەبەر(بۆئازاردانیان) بێگومان خوا بەرزو بڵندو گەورەیە، (ئەگەر ستەمیان لێبکەن تۆڵەتان لێدەستێنێت)).

﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا(٣٥)﴾ واتە: (خۆ ئەگەر ترسان لەوەی نێوان ژن ومێرد بشێوێت (کێشەیان چارەسەر نەکرێت)، دادوەرێك لە خزمی پیاوەکەو دادوەرێك لەخزمی ژنەکە بنێرن(بۆرێکخستنیان)).

﴿حَتَّى تَغْتَسِلُوا وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا(٤٣)﴾ واتە: (هەتا خۆتان دەشۆن، خۆ ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لەسەرئاو گەڕانەوە، یان لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم لەیەك کەوتن و ئاوتان دەست نەدەکەوت (بۆخۆشتن و بۆدەست نوێژگرتن) ئەوا تەیەموم بکەن).

## نەریتی ((مۆڵەت خواستن))

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٨) وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٩)﴾ النور واتە:(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە با بەندەو ئەو منداڵانەتان (کەهێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی هەرزەکاری) لەسێ کاتدا(فێری ئەوەبکرێن) مۆڵەت بخوازن(لەسەردانی ژووری نوستنی ژن و مێردا) پێش نوێژی بەیانی، کاتی نێوەڕۆ کە پۆشاکتان دادەنێن(بۆحەوانەوە)، لە دوای نوێژی خەوتنان، سێ کاتە کە لەوانەیە عەورەتی ئێوەی تێدا دەربکەوێت(با کەسی تر نەتانبینێت)، لە دوای ئەو سێ کاتە قەیناکات بۆ ئێوەش و ئەوانیش، کە بگەڕێن بەناویەکداو بچن بۆلای یەکتر، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، (تاتوشی کێشەی دەروونی نەبن) خواش هەمیشە زاناو دانایە، (بەوەی کە دەبێتە مایەی خێرو خۆشیتان (٥٨) هەرکاتێك منداڵەکانتان باڵغ بوون، با ئەوانیش مۆڵەت بخوازن، وەکو چۆن کەسانی پێش ئەوان مۆڵەتیان خواستوە (لە کاتی هاتووچۆکردنی ژووری دایك و باوکدا)، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوەو خوا زاناو دانایە (بە بەرژەوەندیەکانتان).

## بایەخی هاوسەرگیری لەئیسلامدا

هەموو ئاینەکان یەك دەنگن لەسەرئەوەی خێزان بەردی بناغەو خاڵی سەرەکی یەکخستنی کۆمەڵگایە، لەهەمان کاتدا هاوسەرگیری تاکە رێگەی بنیاتنانی خانەوادەکانە، هاوسەرگیری لە دونیابینی ئایینەوە بەختەوەری، ئاسودەگی بەژن و مێرد دەبەخشێت، لە رەفتاری جنسی لادەر دەیانپارێزێت، هەروەها تەنها هۆکارێکی شیاوە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان بۆ گەنج، خۆپاراستنە لە سکپڕی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری شەرعی، دەتپارێزێ لەو نەخۆشیانەی کە بە هۆی جنسەوە دەگوێزرێنەوە، لەوانە نەخۆشی ئایدز (گواستنەوەی ڤایرۆسەکەی).

هاوسەرگیری تاکە هۆکارە کە تەندروستیەکی تەواوی لاشەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بەدی دەهێنێت، ئەوەی پەیوەندی بە کۆئەندامی زاوزێ و کارو کردارەکانیەوە هەیە، بە پێی پێناسەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ تەندروستی پەسەند، کە دەردە کۆمەڵایەتیەکان لادەبات، بە پتەوکردن و بە جێهێنانی رێسای دروستکردنی خێزان بەوەی یەکەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەیە، لەبەر ئەمە ئیسلام خێزان بەیەکێك لە(پێنج) مەرجەکانی مەبەستی شەریعەت دادەنێت ئەویش پاراستنی

وەچەیە.

هاوسەرگیری بەدیهێنەری بەختەوەری دەروونییە، لەبەر ئەمەی لەگەڵ خۆیدا ئارامی و سۆز و بەزەیی دێنێت، وەکو پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)﴾ الروم، واتە: (یەکێك لەنیشانەو بەلگەکانی خوا ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروستکردوون، بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بە ڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەلگە هەیە بۆ کەسانێك کە بیردەکەنەوەو تێدەفکرن).

هەروەها هاوسەرگیری بەدیهێنەری چارەسەری جەستەییە، بە دابینکردنی خواستە جنسیەکان و فسیۆلۆجیەکان، کە خودای گەورە لە هەردوو رەگەزدا ڕسکاندوویەتی، بوونی پەیوەندی جنسی حەلاڵ کە خواستەکانی مرۆ دابین دەکات، لە ئیسلامدا بە کارێکی نەشیاو دانانرێت، بەلکو بە پێچەوانەوە بە بەندایەتی دادەنرێت، هەردوولا پاداشتیان هەیە هەروەك پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت:(وفي بضع أحدكم صدقكم) قالو:يارسول الله: أيأتى أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟ قال: أرأيتهم لو وضعها فى الحرام أكان عليه وزر؟ فكذلك اذا وضعها فى الحلال كان له أجر!) رواه مسلم عن ابى ذر.

واتە(لەسەرجێی کردنی (جووت بوون)ی هەریەکێکتاندا لەگەڵ خێزانەکەیدا پاداشت هەیە، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا: یەکێك لە ئێمە ئارەزووی خۆی تێربکات پاداشتی هەیە؟ پێغەمبەر فەرموی: ئەی ئەگەر

لە حەرامدا دایبنایە ئایا گوناهی لەسەرنەدەبوو؟ بەهەمان شێوە ئەگەر لەحەلاڵ دایبنێت پاداشتی بۆ هەیە).

هاوسەرگیری سوننەتێکە لە سوننەتەکانی پێغەمبەری خودا(صلی الله علیه وسلم). هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً(٣٨)﴾ الروم :واتە(سوێند بەخوا بێگومان پێش تۆ پێغەمبەرانی تر مان رەوانە کردووەو هاوسەرو نەوەشمان پێداون)، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمان دەکات بە هاوسەرگیری و دەفەرمووێت:(النكاح من سنتي فمن لم يعمل بسنتي فليس مني)،رواه ابن ماجة عن عائيشة،واتە: (مارەکردن لە سوننەتی منە، هەر کەسێك کار بە سوننەتی من نەکات لەمن نییە)، هەروەها بۆ گەنجەکانیش دەفەرمووێت ((يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغضّ للبصر، وأحصن للفرج، فمن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وِجاء)) متفق علیه، واتە:(ئەی گرۆهی گەنجان هەر کەسێك لە ئێوە توانای هەبوو لە رووی مادی و مەعنەوی و جەستەییەوە با هاوسەرگیری بکات، چونکە بەڕاستی هاوسەرگیری پارێزەری چاو و داوێنتانە، هەر کەسێکیش نەیتوانی با بەڕۆژووبێت، چونکە بەڕاستی ئەوەبۆی وەکو قەڵغانە) لێرەدا ووشەی (الباءة) لە تێڕوانینی ئیسلامدا توانای بایولۆجی و کۆمەڵایەتی و مادی و دەروونیە، ئاینی ئیسلام هاوسەرگیری تەنها بە ئەرکێکی تاکەکەسی دانانێت، بەڵکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، لە بەرپرسیارێتیەکانی کۆمەڵگەیە، خوای گەورە کۆمەڵگای مسوڵمان دەدوێنێت و دەفەرموێت: ﴿وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ(٣٢)﴾النور، واتە:(ژن

بدەن بە پیاوانی بێ ژن و ئافرەتانی بێوەژن بدەن بەشوو)، پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: (اذا جاءكم من ترضون دينه وأمانته فزوجوه ! إن لا تفعلوا تكن فتنة في الارض وفساد كبير)(رواه ابن ماجه عن أبي هريرة) واتە:(ئەگەر یەکێك هات بۆ داوای کچەکانتان بە مەبەستی هاوسەرگیری، لەدین و ئەمانەتی (سپاردە) ڕازی بوون، ئەوە کچەکانتانی پێبدەن، ئەگەر وانەکەن ئەوە دەبێتە ئاشووب (فیتنە) لەسەر زەویداو خراپەکاری زۆر بڵاودەبێتەوە) لە فەرمودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: (اذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه..)واتە: (ئەگەر یەکێك هات بۆ داواکاری کچەکەنتان و لە دین و ڕەوشتی ڕازی بوون).

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە توندی ڕێگری لە پەیوەندییە جنسیە ناشەرعیەکان دەکات وەك (زینا) هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا (٣٢)﴾ الإسراء واتە:(هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون، لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بە ڕاستی گوناهو تاوان و هەڵەو ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە).

## هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر هێنانەوەی مەنی بەدەست

د.یوسف قرضاوي لەپەرتوکی (الحلال والحرام فی الاسلام)دا لەژێر ناونیشانی (خووی هێنانەوەی مەنی بەدەست) باسی لەم بابەتە کردووەو دەڵێت: ((لەوانەیە لافاوی غەریزەی جنسی لە گەنجاندا وایان لێ بکات پەنەبەرنە بەر ئەوەی بەدەست مەنی خۆی بهێنێتەوە ئەوجا جەستەی ئارام دەبێتەوەو لافاوی غەریزەکە هێدی دەبێتەوە هەر ئەمەیە ئەمڕۆ بە خووی نهێنی (العادة السرية) ناسراوە زۆرێك لە زانایان ئەم کارەیان حەرام کردووە، ئیمام مالیك ئەم ئایەتە بەبەڵگە دەهێنێتەوە کەخوای گەورە دەفەرموێت﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (٥) إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (٦) فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ (٧)﴾ المؤمنون.. واتە: (ئەوانەی پارێزەری داوێنی خۆیانن، جگە لە هاوسەران و کەنیزەکانیان نەبێت، کە ئەوە جێگەی سەرزەنشت نیە، جا ئەوەی جگە لەو سنووره دیاری کراوە، ڕێگەو ڕێبازی تر بگرێتەبەر ئەو جۆرە کەسانە بە یاخی و لەسنور دەرچوو دەژمێردرێن)، جا ئەوەی بەدەستی مەنی دەهێنێتەوە ڕێگەو ڕێبازێکی تری بۆئارەزووی گرتۆتەبەر.

هەروەها لە ئیمام ئەحمەدەوە گێڕدراوەتەوە، کە بۆچوونی وایە مەنی پاشەڕۆیەکە لە پاشەڕۆکانی لاشە، دروستە دەرهێنانی هەروەك دەرهێنانی خوێن، ئەمە بۆچوونی ئەوە، ئیبن حەزمیش پشتگیری

لێدەکات، هەروەها فەقیهەکانی مەزهەبی حەنبەلی بە دوومەرج ڕێگەی پێدەدەن:

**یەکەم:** ترسی توشبوون بەزینا. **دووەم:** کەسێك توانای ژن هێنانی نەبێت.

دەتوانین ئەم تێڕوانینەی ئیمام ئەحمەد وەربگرین لە کاتی لافاوی غەریزەدا لە ترسی کەوتنە ناو کاری حەرامەوە، بە نموونە گەنجێك دەخوێنێت یاخود کار دەکات لە دەرەوەی وڵات و هۆکارەکانی لەڕێ لادان لەبەردەوامیدا زۆرن، دەترسێت تووشی تاوان بێت دروستە بۆی ئەو کارە بەکاربهێنێت، تا ئەو غەریزەیەی پێ دامرکێنێتەوە، بەمەرجێك زیادەڕۆی تێدا نەکات و نەیکات بەخوو.

باشترین کارێکیش لەم نێوەندەدا، ئەوەیە گوێ ڕایەڵی ڕێنمایی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەین، کە گەنجان ڕێنمایی دەکات ئەگەر توانای ژن هێنانیان نەبوو، دەتوانن پشت ببەستن بە ڕۆژوو، چونکە ئیرادەی بەهێزدەکات، فێری ئارامگری دەکات، تەقواو هەست بەچاودێری خودایی لەدەروونی موسڵماندا بە هێزدەکات، ئەوەتا دەفەرموێت (((یامعشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغضّ للبصر، وأحصن للفرج، فمن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وِجاء)) متفق عليه، واتە:(ئەی گرۆهی گەنجان هەرکەسێك لەئێوە توانای هەبوو لەڕووی مادی و مەعنەوی و جەستەییەوە با هاوسەرگیری بکات، چونکە بەڕاستی هاوسەرگیری پارێزەری چاو و داوێنتانە، هەر کەسێکیش نەیتوانی با بەڕۆژووبێت چونکە بەڕاستی ئەوەبۆی وەکو قەڵغانە)). لێرەدا وتەکەی دکتۆر یوسف القرضاوی کۆتایی هات.

## فەتوای لیژنەی ئەوروپی بۆ فەتوادان و توێژینەوە

لەفتوای ژمارە (٤١) ی خولی دووەمی لیژنـەی ئـەوروپی بۆ فـەتوادان و توێژینەوە لە وەڵامی پرسیارێکدا هاتووە:

حوکمی شـەرعی چییە لەبەرامبـەر هێنانـەوەی مـەنی بەدەست؟ بـەو مەرجەی دوورت بخاتەوە لەتوشبوون بەزینا؟ وەڵامەکە بەم جۆرە بووە:

«هێنانـەوەی مـەنی بەدەست خوویـەکی ناپەسـەندە، هـەروەها پێچەوانەیە لەگـەڵ حـەزی دروست و رەوشتی بـەرز، زانایـان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لـە بارەیـەوە، هەندێکیان بەتـەواوەتی دەڵێن (حەرامـە) هەیانـە دەڵێت بـەرەهایی نەشـیاوە بـەبێ بـوونی تـاوان لەسـەر ئەنجامدەرەکەی، هەیانە رێی پێدەدات لـە کاتی تـرس لـە کەوتنـە داوی زینـاوە، هەنـدێکیان دەڵـێن پێویستە، گـەر ببێت بـە یارمەتیـدەر بۆ خۆپاراستن لە زینا، ئەگەر هاتە پێش، ئەمەش لـەو بەشـەدایە کـەدەڵێت: خۆلادان لە تاوانێکی گەورە بە کردنی گوناهێکی بچوك.

ئەوەی دەمانەوێت دەربـارەی ئەوانـەی لـە وڵاتـانی دەرەوە دەژین کـە وڵاتی بەربادی و خراپەکاریە ئەوەیە ئەم کارە (مەکروهـە) و ئەنجامـدەری تاوانبار نابێت، بەو بەڵگەیە دەڵێن مەکروهـە چونکە شـەریعەت هۆکـاری پاراستنی دەروونـی لـە وروژێنـەرە جنسییەکان ئامـاژە پێکردووە، وەك هاوسەرگیری، رۆژوگرتنی بەردەوام، ئارامگرتن، خۆپارێزی، بەڵام ئاماژەی بـە هێنانـەوەی مـەنی نـەکردووە بەدەست وەکـو رێگەیـەکی شـیاو بـۆ ئەوکارە.

بەلاّم تاوانبار نەبوونی ئەو کەسەی ئەو کارە دەکا، بەهۆی نەبوونی بەلگەیەکی راستەوخۆ لەسەر حەرام بوونی، ئەو تێگەیشتنەش لەم ئایەتە﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ (٥) إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ (٦) فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ (٧)﴾ المؤمنون، واتە: (ئەوانەی پارێزەری داوێنی خۆیانن، جگە لەهاوسەران و کەنیزەکانیان نەبێت، کەئەوە جێگەی سەرزەنشت نیە، جا ئەوەی جگە لەو سنوورە دیاری کراوە، رێگەو رێبازی تر بگرێتەبەر ئەو جۆرە کەسانە بەیاخی و لەسنور دەرچوو دەژمێردرێن) زۆر بەتەواوەتی هێنانەوەی مەنی بەدەست حەرام ناکات هەروەها هەموو ئەو فەرموودانە کە لە بارەیەوە باسکراون بە(صحیح) دانانرێت، لەهەمان کاتدا هەندێك لە زانایان رێگەیان پێداوە وەکو(ابن عباس، حەسەنی بەسری، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئیبن حەزم، کەسانی دیکەش)، کاتێك ئارەزوی زۆری بۆ دێنێ، سەرقاڵی دەکات و خەیاڵی دەبات، دەترسێت لەوەی تووشی تاوان بێت، هێنانەوەی مەنی بەدەست دەبێتە هۆی دامرکاندنەوەی، لە کاتێکدا هاوسەری نیە یاخود هاوسەرەکەی دوورە لێوەی، دەتوانێت ئەو کارە بکات، ئەگەر کەسێك ئەو کارەی ئەنجامدا ئەوە نابێت بەردەوام بێت لەسەری، نەبێتە خوو، چونکە دەبێتە نەخۆشیەکی ترسناك، تاوای لێدەکات لەوانەیە هاوسەرەکەی پشتگوێ بخات، بۆیە دەبێ هەوڵبدا بۆ گرتنەبەری هۆکارە شەرعیەکان بۆ خۆپاراستن لەو خووە، وەکو هاوسەرگیری و ڕۆژووگرتن و ئارامگری و خۆپارێزی))، فەتوای لیژنەی ئەورووپی بۆ فەتواو لێکۆڵینەوە، کۆتایی پێهات.

# بەشی سـێیەم

# هەڵوێستی باوکان و منداڵانی موسڵمان

# لەئاقار پەروەردەی (جنسی)

## هەڵوێستی باوکان و منداڵانی موسڵمان لە ئاقار پەروەردەی (جنسی)

لەڕاپرسیەکدا کە دکتۆر (شاهد آثار) ئەنجامیداوە، بۆ زانینی بۆچوونی باوکان و منداڵانی موسڵمان، لەبارەی پەروەردەی جنسی، ڕاپرسیەکە بریتیە لە بۆچوونی ١٥٧ کەس، لەو باوك و منداڵانەی کە دەهاتنە یەکێك لەبنکە ئیسلامیەکان لەولایەتی (ئەهایوی ئەمەریکی)، زۆربەی ئەو باوکانە لە خوێنەوارو پیشەوەرانی موسڵمان بوون، نمونەی ڕاپرسیەکە پێك هاتبوو لە (٩٥) باوك (٦٢) منداڵی گەنج، لە ڕاپرسیەکەدا شەش پرسیار ئاراستەیان کرابوو، وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون:

١- ئایا پێت باشە ڕاو بۆچوونی ئیسلام سەبارەت بە بابەتە جنسیەکان لە خوێندنگای ئیسلامیدا لە پشووی کۆتایی هەفتەدا پێشکەش بکرێت؟

| | باوکان | منداڵان |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٪٩٢ | ٪٨٣ |
| نەخێر | ٪٨ | ٪١٧ |

٢- ئایا لەسەر باوکانە منداڵەکانیان لە ماڵەوە فێری پەروەردەی جنسی بکەن؟

| | باوکان | منداڵەکان |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٪٨٦ | ٪٧٥ |
| نەخێر | ٪١٤ | ٪٢٥ |

٣- ئایا دەزانیت پەروەردەی جنسی لە خوێندنگاکانی حکومەتدا لایەنە ڕەوشتیەکانی پەروەردەی جنسی فێر ناکەن؟

| | باوکان | منداڵەکان |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٪٧٥ | ٪٧٤ |
| نەخێر | ٪٢٥ | ٪٢٦ |

٤- ئایا ڕێگا بەتێکەڵاوی کۆمەڵایەتی کوڕان و کچانی سەروی ١٢ ساڵ دەدەن؟

| | باوکان | منداڵەکان |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٪ ٦٧ | ٪٥١ |
| نەخێر | ٪٣٣ | ٪٤٩ |

٥- ئایا پێویستە باوکەکان چاودێری ئەم جۆرە چالاکیانە بکەن کاتێک کە ڕێگەی پێ دەدەن؟

| | باوکان | منداڵەکان |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٪٩٩ | ٪٧٧ |
| نەخێر | ٪١ | ٪٢٣ |

٦-ئایا لەسەر باوکەکانە چاودێری پرۆگرامی تەلەفزیۆن و ئەو فلیم و گۆڤارانە بکەن کە منداڵەکانیان تەماشای بکەن؟

| | باوکان | منداڵەکان |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٪٩٨ | ٪٧٢ |
| نەخێر | ٪٢ | ٪٢٨ |

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

- زۆربەی باوکان و منداڵەکان هاودەنگن لەسەر پێویستی پەروەردەی جنسی.

- جا ئەم پەروەردەیە لە ماڵدا بێت یان لە خوێندنگای ئیسلامی.

- نزیکەی سێ یەکی بەشداربووان کۆکن لەسەر تێکەڵاوی دروست لە نێوان کوڕان و کچان.

- باوکان زۆرینەیان کۆکن لەسەر پێویستی هەڵبژاردنی پرۆگرامی تەلەفزێون و فلیم و گۆڤارەکان بۆ منداڵکانیان تا سەیری بکەن.

- منداڵەکان زۆرینەیان چاودێریکردنی باوکانیان پێ باش بوو.

لەوانەیە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەم راپرسیە، نزیکی تێڕوانینی منداڵەکان و باوکەکان بوو لەسەر زۆرێك لە لایەنە جنسییەکان.

# بەشی چوارەم

## پەروەردەی جنسی چی بۆ هەیە؟

## چی لەسەرە؟ :

## منداڵەکان لە کوێوە زانیاری لە سەر جنس بەدەست دێنن؟

وەکو زانراوە زۆرێک لە منداڵان لە تەمەنی (١٣ــ١٥)ساڵی، بۆ پرسیارەکانیان سەبارەت بە جنس و ماددەهۆشبەرەکان و توندوتیژی پەنادەبەنە بەر هاورێکانیان، یان تەلەفزیۆن و فلیمەسینەماییەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، گەر ئێمە وەڵام و زانیاریان بۆ نەدەین ئەوا لە غەیری ئێمەوە بە دەستی دەهێنن، لای هەموانیش ئاشکرایە چ مەترسیەک دێتەکایەوە، ئەگەر زانیاری دروست بەشێوازی شیاو نەدرێت بە منداڵەکان، هەروەها لەوانەیە رووبەرووی چەندەها مەترسی ببنەوە، کاتێک کەسێک هەوڵ بدا ئەم دەرفەتە قۆرخ بکات، بۆ زانینی خواستیان و ئاشکراکردنی ئەم لایەنە لە ژیانی تایبەتیان، هەروەکو باوکێک دەڵێت:

((ئەگەر منداڵەکان لە خۆمانەوە ئەو زانیاریانە لەسەر جنس وەرنەگرن، ئەوا لە زۆر سەرچاوەی ترەوە وەریدەگرن، کە لەوانەیە لادەرو ناتەندروست بن))، ئاماژە هەیە بەوەی منداڵ لە هەندێک لە کۆمەڵگەکاندا بۆ نموونە، وەك رۆژئاوایەکان ساڵانە رووبەرووی (٩٠٠٠) دیمەن دەبنەوە، کە پەیوەندی بە جنسەوە هەیە جا لە تەلەفزیۆن بێت یان گۆڤارەکان یان هەرشتێکی دی.

## بۆچی هەندێك لەباوكان لەبارەی بابەتی جنسییەوە نادوێن؟

زۆر ئاسان نیە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی جنس، چونکە زۆرێك لە خەلكی بە گوناهو شەرمەزاری دەزانێت، ئەمەش بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە لە گرنگی بابەتەکە کەم ناكاتەوە، چونکە ئەگەر پشتگوێ بخرێت ئەنجامی خراپی دەبێ، لەوانەیە جنس لە لای هەندێك لە باوان وشەیەکی پۆخڵ و بێزراوبێت.

هەروەها لەوانەیە زۆرێك لە باوانیش کەمتەرخەم بن، لە پێدانی ڕێنمایی پێویست سەبارەت بە گەشەی جنس، رۆشنبیری جنسی لەبەر چەندین هۆکار لەوانە:

١- دەگەڕێتەوە بۆ کەمی گفتوگۆی گشتی لەگەڵ مندالەکانیان.

٢- زیادەرۆی لە چاودێری و پارێزگاری کە ئەمانە سەرچاوەیان گرتوە لە تێگەشتنێکی هەڵە، کە ئەم جۆرە لە فێرکردن رووبەڕووی ئازاریان دەکاتەوە.

٣- بەکەم سەیرکردنی ئەم بابەتە، یاخود کەمی هۆشیاری لەبارەیەوە.

٤- کارێك ناکەن باوباپیرانیان پێشتر نەیان کردبێت.

٥- گرێدانی جنس لەلای ئەوان بەشەرمەزاری و نەنگییەوە.

٦- ترسان لەوەی وەڵامی هەموو پرسیارێکیان پێ نەبێت، ئەگەر مندالەکانیان پرسیاریانکرد.

٧- تێگەیشتنی هەڵە لە فەرمایشتەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بە گومانی ئەوەی دژە لەگەڵ پەروەردەی جنسی.

٨- هەستکردن بە دوودڵی و شەرمەزاری، لە کاتی قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، بە تایبەت لەبەرئەوەی لە پێشتردا کەس ئەم بابەتەی بۆ باسنەکردوون.

٩- شەرم کردن لە دان پێدانان بەوەی کە خۆیان رەفتاری جنسییان هەیە.

١٠- راکردن لە دان پێدانان بەوەی کە منداڵەکانیان خواست و رەفتاری جنسییان هەیە.

١١- ترسان لەوەی کە ئەم باس وخواسە هانیان دەدات بۆ کاری جنسی.

١٢- ترس لەوەی کە لە نێوان خۆیان و منداڵەکانیان هەستێکی جنسی دروست بێ.

١٣- بەهەڵە تێگەیشتنیان لەوەی زانست و زانیاری سەبارەت بەم بابەتە زیان بەخشە، بەلام لە راستیدا نەزانی زیان بەخشە.

## مەترسیەکانی نەبوونی هۆشیاری جنسی

لەوانەیە پێشکەش نەکردنی هۆشیاری جنسی شیاو بۆ نەوەکان دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە، لەو دەرئەنجامە خراپانەش:

● منداڵەکان دەبنە نێچیری زانیاری هەڵەو شێوێنراو کە لەخەڵکی ترەوە وەری دەگرن، یاخود زانیاریە ناراست و نادروستەکان.

● لەوانەیە ڕووبەڕووی قۆرخ کردن و دەست درێژیکردنە سەری ببێتەوە، لە ئەنجامی کەمی هۆشیاری لەسەر ئەم بابەتانە.

● بێ بەشکردنی لەو زانیاریە گرنگانەی کە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی پێویستی پێی هەیە.

● لەوانەیە ئەم بابەتە زۆر شتی لێ ببات، بەهۆی نەفامی زۆرو گرنگی پێدان سەرقاڵ کردنی، توش بوونی بە دڵەڕاکێ.

● زۆربێ دەنگ و پیش خواردووی دەکات، بە جۆرێک سەرقاڵی دەکات بە هەستەکانیەوە.

● تێڕوانینێکی خراپ لە لای گەلاڵە دەبێت لەمەڕ ئارەزووەجنسیەکانی، لەوانەیە لە پاشەڕۆژدا کاریگەری خراپی هەبێت بۆ ژیانی، وەکو ژن یاخود مێرد یان دایك یاخود باوك.

## بۆچی منداڵ پێویستی بە پەروەردەی جنسی هەیە؟

• تا بەرپرسیارێتی خودی خۆیان لە ژیاندا هەڵگرن.

• بۆ ناسینی لایەنێکی گرنگ لە لایەنە جیاوازەکانی گەشە.

• بۆ ئەوەی توانای بڕیاری دروستیان هەبێت لە ژیاندا.

• بۆ گەشەپێدانی تواناکانیان تا لەگەڵ هەست و سۆزیاندا خۆ بگونجێنن.

• تا توانای خۆسازاندنیان هەبێت لەگەڵ ئەو پەستانەی لەسەریانە لەلایەن هاوڕێکانیان و کەسانی تر.

• تاوەکو ڕێگری بکرێت لەوەی غەریزەی جنسی بگوردرێت بۆ کاری خراپ و ناپەسەند.

• بۆ ڕێگریکردن لەوەی غەریزەی جنسی ببێتە گرفتێکی دەروونی.

• بۆ پارێزگاریکردنیان لە سوکایەتی پێکردنی جنسی و شتی دیکە.

• ڕێگریان لێبکرێت لەوەی سوکایەتی بە کەسانی دیکە بکەن، دەست درێژی بکەنە سەریان.

• بۆباشترکردن و دامەزراندنی پەیوەندی خۆشەویستی دروست لەگەڵ خێزانیاندا لەداهاتوودا.

## ئامانجەکانی پەروەردەی جنسی

* رازی بوونی منداڵ بە لاشەو دەروونی، کەوا شتێکی ناپوختە و نەنگی تیادا نیە.

* تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە غەریزەی جنسی، کە بەرپرسیارێتی و بەخششێکی خواییە.

* جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی جنسی تاك (نێر_ مێ).

* ئەم غەریزەیە شیاوی رێکخستن و ئاڕاستەکردنی دینی و ڕەوشتییە.

* خۆ ڕازاندنەوە بە شەرم و حەیاو شکۆ و پاکیزەیی و ڕەفتاری جوان.

* ڕەخساندنی کەشێکی هێمن بۆ بە ڕاشکاوی گفتوگۆکردن لەگەڵ دایك و باوکدا.

* ڕێزگرتن لە هەست و بەهاڕەوشتیەکان و پایەی ژن و مێردایەتی.

* هاندانیان بۆ نە بەستنی پەیوەندی جنسی پێش هاوسەرگیری.

* پێشڤەچوونی سروشتی لە لایەنە جیاوازەکانی گەشەدا.

## چی لە ئامانجی پەروەردەی جنسیدا نییە؟

چەند تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە لە هەمبەر پەروەردەی جنسی، کە لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەی گرتووە، هەوڵ دەدەین لێرەدا بەرپەرچی بدەینەوە.

بێگومان کەسانێك هەن هەوڵدەدەن تێگەیشتنی پەروەردەی جنسی قۆرخ بکەن، تا زیان بە نەوەکانی داهاتوو بگەیەنن شایانی باسە ئەو

پەروەردە جنسییەی ئێمە باسی دەکەین بە شێوازێکی دروست ئەم خاڵانەی خوارەوە لە ئامانجیدا نییە:

- یارمەتی دانی منداڵان بۆ ئەزمونکردن یان ئەنجامدانی پەیوەندی جنسی.
- هاندانی زارۆك (منداڵ) بۆ نواندنی رەفتاری جنسی.
- گۆڕینی بەهاو نەریت و بنەما رەوشتییەکان.
- کەمکردنەوەی بایەخ و رۆڵی هاوسەرگیری لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا.
- رێگری نەکردن لە ئەنجامدانی کاری جنسی لادەر.
- بڵاوکردنەوەی بەربادی، هەندێك لایەنی رۆشنبیری رۆژئاوا.
- بڵاوکردنەوەی خراپە و کاری نابەجێ لە نێو چینی گەنجاندا.

## گرفتەکانی پەروەردەی جنسی

لەوانەیە هەڵە رووبدات لە کاتی ئەنجامدانی پەروەردەی جنسی، بەڵام ئەم هەڵانە بیرۆکەی سەرەکی رەت ناکەنەوە، بەهۆی سودەکانی پەروەردەی جنسییەوە لەو هەڵانەش:

* راچاونەکردنی تەمەنی منداڵ و تەمەنی گەنج.
* شێوەو بابەتی بەربادی لە وێنە و ڤیدیۆ و شتی تر.
* نەبەستنەوەی لایەنی زانستی بە لایەنی رەوشتییەوە.
* رەچاونەکردنی ئایین و بەهاو بنەمارەوشتییەکان.
* هاندان بۆ ئەزمونکردن و ئەنجامدانی کاری حەرام.
* بە ئاساییکردنی لادانی جنسی، وەك ئەوەی جنسی بوون یا

ئارەزووکردنی نێربازی و پنۆکێ(سحاق) کارێکی ئاسایی و شیاوە.

* کەسێك کاری فێرکردن و ڕێنمایی جنسی بکات کە خۆی بەدڕەوشت بێت.

* قۆرخ کردنی پەروەردەی جنسی بۆئەوەی کۆمەڵگە بەرەو بەربادی جنسی بەرێت.

## چی گەنج بەرەو جنس دەبات پێش هاوسەرگیری؟

* فشاری کۆمەڵگا، ڕۆشنبیری و دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

* فشاری دۆست و برادەر، لە ترسی لۆمەکردنی ئەگەر ئەو کارە نەکات.

* بڵاوبونەوەی چەمکی ((هەمووان ئەو کارە دەکەن)).

* خواستی هەڵخەڵەتێنەر، بەوەی گەورەبوون و پێگەیشتوون.

* لاوازی متمانەبەخۆبوون و لاوازی کەسایەتی.

* خراپی پەروەردەو ڕێنمایی ئەخلاقی.

* نەبوونی پێشەنگی چاکەکار لە ژیانی گەنجاندا.

* نەبوونی خۆشەویستی لەماڵدا، گەڕانێکی خۆهەڵخەڵەتێنەر بە دوایدا لە دەرەوەی ماڵدا.

* چەپاندنی توند.

* دایکی تاوانەکان: عەرەق و مادە هۆشبەرەکان.

* نەبوون یان لاوازی چاودێری و بەدواداچوون.

* تێکەڵاوی نێرو مێ، بە بێ ڕێکخستن و ڕێنمایی ئەخلاقی.

* ئاڵۆزکرنی بارودۆخی هاوسەرگیری و زیادکردنی ئاستەنگی زۆر بۆی.

## کەی و چۆن باس و خواسی جنس لەگەڵ منداڵدا دەکرێت؟

* زۆرجار کەسوکار گفتووگۆ لەسەر ئەم بابەتە دوادەخەن، تا منداڵەکان گەورە دەبن و ئیدی لەوانەیە پێویستیان پێی نەبێت.

* گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بەڵام بەشێوەیەکی ڕوکەش، دوور لە پێداویستی منداڵەکە.

* بەهۆی بوونی حەزی پەی بردن بە شتەکان، کاتێک منداڵەکە پرسیار دەکات بەپێی قۆناغی گەشەکردنی.

* بەهۆی بوونی هەندێك ڕووداوی سروشتی لەژیانی کۆمەڵایەتی، هەندێ هەواڵ وەکو منداڵ بوون و برێك بۆنەی دی.

* گفتو لەگەڵ منالی بچوك ئاسانترە، بۆئەوەی دایك و باوك لەسەرەتاوە باسی بۆ بکەن، تا هەست بە شەرمەزاری نەکەن کاتێك گەورەدەبن.

* باشترین قۆناغ بۆ فێرکردنی لەتەمەنی (١٠ بۆ ١٢) ساڵیدایە.

* پەیوەستکردنی راستیە زانستیەکان سەبارەت بەئەندامەکانی لەش، بەستنەوەیان بەداب و نەریتی ئەخلاقی و دینییەوە.

* هەندێك رووخۆشی و ڕێزو گاڵتە کردن هەبێت لەکارەکەدا، نەك رووگرژی و دڵکار (جدییەت)ی لە ڕادەبەدەر.

* دەتوانرێت سودی زۆر لە هەڵەکانی منداڵ وەربگیرێت، بۆئەوەی فێری بکەین و هەڵەکانی بۆڕاست بکەینەوە، نەك سەر زەنشتی بکەین، چونکە هەڵەکان دەرفەتێکی زێڕینن بۆ فێرکردن، روونکردنەوەی باش و خراپ.

* با جموجۆڵی لاشەو سروشتی دەنگت گونجاوبێت لەگەل ئەوەی

دەیڵێیت.

* دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ منداڵەکەتدا، بە جۆرێك بونیادنرابێت لەسەرمتمانە و ڕاشکاوی.

* ڕێز لە تایبەتمەندی مناڵەکانت بگرە، هەروەك پێت خۆشە ڕێز لە تایبەت مەندییەکانت بگیرێت.

*سیخوڕیان بەسەرەوە مەکە ﴿وَلَا تَجَسَّسُوا﴾ الحجرات (١٢) واتە: (سیخوڕی مەکەن).

* سود لە فێرکاریە سروشتییەکان وەربگرە، لەوانەش: کاتی سەردانی کردنی دەرمانخانەیەك، سەیرکردنی پرۆگرامە تەلەفزیونییەکان، منداڵ بوونی خزمێکتان.

* وەڵامی ڕاست و کورت و پوختی بدەرەوە بە بێ درێژەپێدان.

* کاتێك وەڵامێکت نەزانی بڵێ نازانم.

* گوێ بۆ پرسیاری منداڵەکانت بگرەو شتی لێ مەخوێنەرەوە، ڕاڤەی خراپی بۆ مەکە.

* بە پرسیارکردن لە منداڵەکەت دەتوانی ئەوە بخەیتەڕوو کە لەهزر (فکر)یدا هەیە.

* ڕوون بێژو ڕاشکاوبە، سەبارەت بە هەڵوێست و بەهاو بیروباوەڕەکانی خۆت.

* تێگەیشتن (فهم)ت هەبێت بۆ ئەو جیهانەی منداڵەکەت گوزەری تێدادەکات، هەروەها لەو فشارە جۆراوجۆرانەی دەکەوێتە سەری.

بیرت نەچێت هەر چەندە باسکردنەکە دوابکەوێت، ڕێگرێك نیە

لەبەردەم کردنەوەی دەروازەی گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیدا، منداڵەکان بەردەوام پێیان خۆشە باوك و دایك زانیاریان فێربکەن، هەست بەچاودێرییان بکەن، جەخت لەسەر پەیوەندی بەردەوامت بکەیتەوە لەگەڵیاندا.

## کێ باشترینە بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵدا؟

- بەشێوەیەکی گشتی باوك لەگەڵ کوڕدا، دایکیش لەگەڵ کچدا.
- برای گەورە لەگەڵ برای بچوکدا، خوشکی گەورە لەگەڵ خوشکی بچوکدا.
- هەندێك کەسی نزیك بە ئاگاداری دایك و باوکی منداڵ.
- هەندێك لەمامۆستایان,

## دەستە واژە بەسوودەکان لە دەستپێکەوە:

باسکردنی ئەم بابەتە خۆی لە خۆیدا شەرمن دێتە پێش چاو، بەلاَم بەکارهێنانی برێك دەستەواژە دەتوانن یارمەتی دەربن لەم بابەتەدا:

- هەست بەشەرم کردن دەکەم لەم باسەدا، بە تایبەتی کاتێك منداڵ بووم کەس لەگەڵ مندا ئەم باس وخواسەی نەکردووە.
- ڕۆڵەکەم دەزانم تۆش شەرم دەتگرێت بەلاَم ئاساییە.
- با هاوکاری یەکتری بکەین، بۆئەوەی گفتووگۆکەمان ڕاشکاوانەو بەسوودبێت.
- دەمەوێت پێت بڵێم دەتوانیت باسی هەرشتێك بکەیت کە سەرقاڵت دەکات.
- دەتوانیت هەندێك شت بزانیت، لە هەمان کاتدا لەسەر منیش

پێویستە هەندێك زانیاریت پێ ببەخشم، کە پەیوەندی بە ژیانتەوە هەیە.

– لە دیندا شەرم کردن نیە سەبارەت بە تەندروستی جنسی، ئەمەش بەدیدەکرێت کاتێك قورئان یان فەرموودەکانی پێغەمبەر(**صلى الله عليه وسلم**) دەخوێنیتەوە.

## منداڵەکان فێری چی بکەین؟

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتانەیان فێر دەکەین:

* گرنگی بەلاشەو پاکو خاوێنی جەستەی بدات، ((وإن لجسمك عليك حقا)) فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (**صلى الله عليه وسلم**) واتە (لاشەت مافی بەسەرتەوە هەیە).

* پرسیار بکات لە دایك و باوکی، یا کەسێك کە متمانەی پێی هەیە دەربارەی ئەو زانیاریانەی حەزدەکات بیزانێت.

* رێز لە خۆی و کەسان دیکە بگرێت.

* زانیارییەك وەربگرێت کە لەگەڵ تەمەن و تێگەیشتنیدا گونجاوە.

هەروەها (د.علوان) ئاماژە بە چەند لایەنێکی دیکە دەکات، کە پێویستە لە پەروەردەی جنسیدا لێی بەئاگابین:

* نەریتی مۆڵەت خواستن (آداب الاستئذان).

* ڕەوشتی تەماشامکردن، واتە تەماشای چی بکات و تەماشای چی نەکات.

* بەدوورگرتنی منداڵ لە ورووژێنەرە جنسییەکان.

* چاودێری کردنی لەماڵەوەو لەدەرەوە.

* منداڵ فێری ڕێساکانی هەرزەکاری و باڵغ بوون بکرێت: (لەشگرانی،

خۆشۆردن، خۆپاککردنەوە).

* هاوسەرگیری و پەیوەندی جنسی.

* ئەو نەخۆشیانەی کە بە هۆی پەیوەندییە جنسییەکانەوە دەگوێزرێتەوە.

**- دایکان و باوکان دێتەوە یادتان کاتێك خۆمان منداڵ بووین ئەم کارە هەروا ئاسان نیە؟**

- کاتێ پێدەگەیشتن بەئاڵۆگۆڕو گۆڕانکاری زۆردا تێدەپەڕێتن.

- لە دەساڵیەوە بۆ بیست ساڵی، لە کچ و کوڕەوە بوین بەژن و پیاو.

- بێ ئەوەی پێی بزانین یاخود ئارەزوومان لێ بێت گۆڕانکاریەکان ڕوویاندەدا.

- لاشەو سۆزو بیرکردنەوەمان سەبارەت بەدەروونمان، باوك ودایکمان و کەسانی دی دەگۆڕا.

- هەندێك جار بە خێرایی هەستمان بە گۆڕانکاریانەکان دەکرد، هەندێك جاریش لەسەرخۆ ڕوویان دەدا.

- لە ئێستاماندا زۆرێك لە باسی سەردەمی هەرزەکاری، بالغ بوون و پێگەیشتنمان لە یادچووە.

- گەر هەندێك لەوەی پیایدا تێپەربووین بێتەوە یادمان، گرنگە بۆ یارمەتیدانی کچ و کوڕەکانمان.

- گەر ئەو هەستەی ئەو کاتە هەمان بووە ئێستابێتەوە یادمان ڕێگەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

## گفتوگۆکردن لە گەڵ منداڵدا:

گوێ لە کوڕو کچەکەت بگرە:

١- ڕۆژانە دەرفەتی باش هەیە بۆ گوێگرتن لە منداڵەکان، لێ (بەڵام) دایك و باوك لە دەستی دەدەن.

٢- مرۆڤ بە گوێگری لە دایك نابێت، بەڵام دەتوانێت فێری ئەم کارە ببێت.

٣- وریابە ئەو کاتەی هەستدەکەیت منداڵەکەت حەزی بە ئاخافتنە.

٤- دەست لە کارەکانت هەڵبگرەو تەواوی ئاگایی خۆت بەو ببەخشە.

٥- ڕووبەڕوو لەبەرامبەری دابنیشە و هاوسۆزو هاوهەستی بۆ دەرببڕە.

٦- یارمەتی منداڵەکەت بدە، تابزانیت سۆزی بۆچی هەیە لەوانەیە نەزانیت سۆزدارە.

٧- پێیدەچێت مامەڵەت لەگەڵ ئەم هاوڕێیەتدا باش نەبێت.

٨- هاوسۆزیت لەگەڵ هەستەکانی وای لێدەکات هەست بەئارامی بکات، هەست بکات کە لێی تێگەیشتووی.

٩- بەم شێوەیە متمانە لە نێوانتاندا دروست دەبێت، هانی دەدات بۆ ئەوەی قسەت بۆ بکات کاتێك شتێك نیگەرانی دەکات.

١٠ - لەوانەیە لەگەڵ سروشتی هەستی منداڵەکەتدا نەبیت، بەڵام دەبێت هەست بە بوونی بکەیت.

١١- ئەوەی کە زۆر قورسەو پێویستە لەسەرت بەئەنجامی نەگەیەنیت ئەوەیە کاردانەوەی خراپت نەبێت.

١٢- هەستی ڕاستکەرەوە، هەستی خۆت مەشکێنە.

١٣- دەستەواژەکانی پێ دووبارە بکەرەوە، تا دڵنیابێت کە لێی تێ دەگەیت.

١٤- پرسیاری کراوەی ئاراستە بکا، بۆ نموونە ((لە بەرامبەر ئەم بابەتانە چی دەڵێی؟)) تا هانی بدەیت بۆ گفتوگۆکردن.

١٥- دەمت دابخە، بە تەواوی هەستەوە گوێی بۆبگرە، لەگەڵ جوڵاندنی سەر هەندێ کات.

١٦- چەند دەستەواژەیەك بەکاربێنە بۆ قسەکردنی زیاتر: دوای ئەمە چی ڕوویدا؟ ئایا هەواڵی زیاترم پێدەدەیت؟

١٧- لێی گەڕێ با بە دەستەواژەو وشەکانی خۆی کێشەکانی دەرببڕێت.

١٨- بابەتی قسەکردنەکەتان مەگۆڕە، تا ئەو کاتەی لەسەری ڕێکدەکەون.

١٩- پارێزگاری لە ئارامی خۆت بکە.

٢٠- پەلەمەکە لە دەرکردنی بڕیارو بڕیاردان لەسەر هەڵوێستەکان.

٢١- کۆمەلێك ئەگەر بخەرە بەردەستی، با خۆی هەڵی بژێرێت، نەك تەنها چارەسەرێك کە خۆت بە باشی دەزانیت.

٢٢- وای لێبکە با هەست بکات کە چارەسەری کۆتایی لەدەست ئەو دایە، ئامادەی بکە بۆ ژیانی دوارۆژی.

٢٣- وای لێبکە کە بەردەوام گەشبین بێت، ئومێدی هەبێت.

٢٤- تایبەتمەندیەکانی و نهێنیەکانی بپارێزە، مەگەر ئەوەی کە زیانی بۆ کەسانی دیکە هەبێت.

٢٥- دوای ناسینی بە باشی گوێی لێ بگرە.

# بەشـــــی پێـــنجەم

# قۆناغەکانی تەمەن و پەروەردەی جنسی

## قۆناغەکانی تەمەن و پەروەردەی جنسی

دەتوانرێت گەشەکردنی منداڵ و قۆناغەکانی تەمەنی دابەش بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە، بۆ هەر قۆناغێکیش داخوازی تایبەتی خۆی هەیە لە پەروەردەی جنسی.

* لەدایك بوونەوە ـ ٢ساڵ.
* ٢- ٥ ساڵ.
* ٥- ٧ ساڵ.
* ٧- ٩ ساڵ.
* ٩- ١٣ ساڵ.
* ١٣- ١٨ ساڵ.

### لە دایکبوونەوە بۆ تەمەنی (٢) ساڵی:

دەتونرێت منداڵ لەم سەرەتای تەمەنەیەوە زۆرشتی فێربکرێت، لەوەی پەیوەندی بە گەشەی جنسییانەوە هەیە لە قۆناغانەکانی داهاتوودا لەوانەش:

* رێگەی هەڵگرتنی منداڵ و یاریکردن لەگەڵیاندا.

* رێگەی خۆراك پێدان و پاككردنەوەو شۆردنیان.

* سروشتی دەنگمان ئارام بەخش بێت کاتێك ئێمە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، قسەیان لەگەڵ دەکەین.

* ئاساییە شیرەخۆرە هەست بە لاشەی خۆی بکات، هەندێك خۆشی لێوەربگرێت.

* نابێت هەڵ بچین و سەرزەنیشتی بکەین، هاواربکەین بەسەریداو بە دەستەکانیدا بکێشین.

* گەر وامان کرد بەردەوام دەبێت، بەڵام زۆر هەست بە تاوانیاری و بێ متمانەیی دەکات.

* خۆپیسکردن و میز بەخۆدا کردن شتێکی سروشتی و تەندروستە، لەگەڵ رەچاوکردنی پاك و خاوێنی، هیچ نەنگییەکی تێدانییە.

* هەرگا لاشەی خۆیان دەناسن هاوکاریان بکرێت، هەستێکی باشیان لە لا دروستبکرێت.

* لە مامەڵەیاندا لەگەڵ هەستیاندا هاوکاریان بکرێت هەستێکی باشیان لە لا دروستبکرێت.

* مامەڵەمان لەگەڵیاندا لە کەشێکی خۆشەویستی و زەردەخەنەی چاودێری و سۆزداریدابێت.

## لەتەمەنی (٢) سالییەوە بۆ تەمەنی (٥) سالی :

* ناوی ئەندامەکانی لەشی فێرببێت، لەوانەش ئەندامەکانی زاوزێ.

* بتوانێت باس لە لاشەی بکات، بێ ئەوەی بەبێ ئەدەب ناوببرێت.

* بزانێت نێرو مێ هەیەو جیاوازیان هەیە لە ئەندامەکانیانی لەشیاندا.

* فێربکرێت لەشی مولکی خۆیەتی، مافی خۆیەتی نەهێڵێت هیچ کەسێك بێزاری بکات دەستی لێبدات.

* ئافرەت منداڵی دەبێت کاتێك کە هاوسەرگیری دەکات، منداڵی چکۆلەش بەرهەمی هاوسەرگیریە.

* بتوانێت پرسیاربکات دەربارەی جنس لەو کەسانەی متمانەی پێیان هەیە.

* بزانێت چەمکەکانی ئەندامەکانی شەرم (عەورەت)، پاککردنەوە چییە؟

* گفتوگۆکردن دەربارەی جنس بۆ دۆخی تایبەتی دابنرێت لە ماڵدا.

* ئاساییە هەوڵی ناسین و سەیرکردنی ئەندامەکانی لەشی دایك و باوك و کەسانی دیکە بدات، هەروەها لەسەر خێزانە رێسا گەلێك بۆ ئەم مەبەست دابنێت و بە تەنها سزادانیش باش نیە.

* منداڵەکان هەندێ یاری بەیەکەوە دەکەن وەکو یاری (نەخۆش و پزیشك)

* دەتوانرێت رێگری لەو جۆرە یاریە بکرێت، بەڵام تەنها سزادان سودی نییە بۆ ئەم جۆرە رەفتارە کە ئاساییە منداڵ دەینوێنێت.

* لەم تەمەنەدا منداڵ حەز دەکات بزانێت ((لەکوێوەو چۆن منداڵ

لەدایك دەبێت)).

* پێویست بە ڕوونکردنەوەی کرداری سەرجێی کردنی ناکات، بەڵکو تەنها ئەوەندە بەسە بوترێت کە منداڵ لە شوێنێکی تایبەتدا لەسکی دایکیدا گەورە دەبێت.

*بە پێی کاتی گەورە بوون و گەشەکردنیان دەتوانیت زانیاری زیاتری پێبدەیت.

*ئاساییە منداڵ لەتەمەنی (٤)ساڵیدا پەیوەست بێت بە یەکێکیانەوە، (دایك و باوکی) بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزەکەی، ئەمەش ئاماژە نییە بۆ هیچ شتێکی جنسی.

* ئاساییە منداڵ حەز بەڕاکشان بکات لەسەر جێگای دایك و باوکی بۆ ماوەیەك بەڵام نابێ بهێڵین خوی پێوە بگرێت.

## منداڵ چۆن لە دایك دەبێت؟

ئەمە پرسیارێکە زۆرجار لای منداڵ دووبارە دەبێتەوە، دەتوانرێت بە چەند ئاستێکی گونجاو لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەدا وەڵام بدرێتەوە، هەروەها دەتوانرێت رونکردنەوەی زیاتری پێبدرێت لەگەڵ بەرەو پێش چوونی تەمەنی، ئەو وەڵامانەش کە بۆ ئەم تەمەنە(٢ تاوەکو ٥ ساڵ) باش وگونجاوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- خوای گەورە پێی بەخشیوین.
- لە ئەنجامی یەککگرتنی هێلکەی دایك و تۆوی باوك.
- لە ئاکامی ئەو یەککگرتنەدا کۆرپەلە دروست دەبێت لە منداڵدانی

دایکدا.

– لە دەرەجەی خواروی منداڵدانی دایکەوە دوای (٩) مانگ لە سکپڕی لە دایك دەبێت.

– کاتێك دایك و باوك پێکەوە دەخەون تۆوی باوك و هێلکەی دایك بەیەك دەگەن.

## لە تەمەنی (٥) ساڵی یەوە تا(٧) ساڵی:

– شتێکی ئاساییە لەم قۆناغەدا پەیوەستی بە دایك و باوکەوە کەمتر دەبێتەوە.

– جۆری ڕەگەزی دەناسێتەوە نێرە یان مێیە.

– ئاساییە بڵێت: منداڵانی لە جۆری ڕەگەزی بەرامبەری خۆش ناوێت.

– باش نیە گاڵتەپێکردن و ڕق لێبوونی منداڵ لەسەر ئەو هەستانە.

– لەوانەیە شەرمن بێت و پرسیارنەکات، بەڵام مانای ئەوەنییە پرسیاری نیە.

– لەوانەیە ئەم بابەتانەی بیستبێت: ئایدز، ئابڕوبردن، سوکایەتیکردنی جنسی بە منداڵ.

– بەردەوام بە لە قسەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، ئەگەرچی ڕاستەوخۆش ئەو پرسیار نەکات.

– لەلای منداڵ شرۆڤەکردن و خەیاڵاتی جنسی لەسەر ئەندامانی خێزان بەزۆری بوونی هەیە، بەڵام دڵنیابیکەرەوە کە ئەم خەوو خەیاڵانە لەسەر بابەتێك ئەگەری جێ بەجێکردنی لە واقیعەوە دوورە.

- کاتێك یاری بە ئەندامەکانی دەکات بە هێمنی پێی رابگەیەنە ئەم کارە نابێت لەبەرچاوی خەڵکیدابێت.

## لە تەمەنی (٧) بۆ تەمەنی (٩)ساڵی:

- دەست پێدەکات بەخوێندن و لێکۆڵینەوە لە منداڵبوون، زۆربوونی ئاژەڵان و ڕووەکان و بایەخدان پێیان.

- ناسینی ئەندامەکانی زاوزێ لەهەردوو ڕەگەزدا، چاودێریکردنیان و پاك و خاوێن ڕاگرتنیان.

- بۆی ڕوونبکرێتەوە کە هەموو دروستکراوەکان زیاد دەکەن.

- زانینی سوڕی ژیان هەر لە دایکبوونەوە تاوەکو وەچەخستنەوەو پیربوون (بوون بەباپیرە داپیرەو).

- فێربوونی وشەی پەسەندو گونجاو بۆ باسکردنی ئەندامەکانی لەش.

- تێگەیشتن لە هاوسەرگیری پەسەندوگونجاو و ڕێگەپێدراو لەنێوان پیاو و ئافرەتدا.

- تێگەیشتن لە ئەندامانی خێزان و نرخ و بەهایان لەژیاندا، هەروەها ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی هەر ئەندامێك.

- هەستکردن بەچەمکی تەندروستی و نەخۆشی، ڕۆڵی چاودێری پزیشکی و سودەکانی.

- زانیارییەکی کەم بزانێت لەسەر نەخۆشی ئەندامەکانی زاوێ و نەمانی بەرگری لەش (ئایدز).

## سەرەتای هەرزەکاری (٩- ١٢) ساڵی:

- بەجۆرێك لە پەیوەندییە جنسییەکان تێ بگات کەشتێکی ئاساییە، خوای گەورە لەژیاندا دروستی کردووە.

- هەستکردن بەوەی کە گەشەی جنسی شتێکی سروشتیە لە هەموو مرۆڤێکدا.

- وەچەخستنەوە لەڕێگەی پەیوەندیە جنسیەکانەوە دەبێت لەنێوان ژن و پیاودا، لە هەمان کاتدا چێژیشی تێدایە بۆهەردوولا.

- پەیوەندیە جنسیەکان نیعمەت و بەرپرسیارێتییە (وفی بضع أحدكم صدقة).

- لە ئەنجامە سروشتیەکانی پەیوەندی جنسی سکپڕی و نەوەخستنەوەیە.

- قۆناغەکانی سکپڕی - ژان گرتن- منداڵ بوون - لێ بوونەوە - لەبارچوون.

- هاوسەرگیری و وەچەخستنەوە پێویستی بە ئامادەسازی و پێگەیشتن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیە.

- چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ ڕێگرتن لە منداڵ بوون.

- سروشتی گەشەکردن و گۆڕانکاری هەریەکە لە لەشی ئافرەت و لەشی پیاو.

- سروشتی جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەز و جیاوازی گەشەکردنیان.

- نیشانەکانی باڵغ بوون لەلای هەردوو رەگەز.

- لەشگران بوون (هاتنەخوارەوەی مەنی) لەهەردوو رەگەزدا، سوڕی

مانگانەی ئافرەتان، پێویست بوونی خۆپاکردنەوەو خۆشۆردن.

- هێنانەوەی مەنی بەدەست یان (خووی نهێنی).

- لەم قۆناغەدا سروشتی ئاڵوگۆڕە سۆزداریەکان و ئارەزووەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە.

- پەیوەندییە جنسییە بەربادیەکان (خراپەکان)، پەیوەندییە قەدەغەکراوەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە.

- پەیوەندیەکانی نێوان گەشەی ئەندامانی جەستە، ڕەوشتە ئاینیەکان و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ڕوون بکرێتەوە.

- نەخۆشیەجنسییەکان : گواستنەوەیان، خۆپاراستن لێیان، چارەسەریان.

- نیگەرانی کچان و کوڕان لەسەر هەندێك دیمەنی ئەندامەکانیان و سیفاتەجنسییەکان، دڵنیاکردنەوەیان لەوەی کارێکی ئاساییە، خەڵکیش جیاوازن لەهەندێ سیفەتدا.

- هاندانی کچان و کوڕان لەسەربیرکردنەوەی خودی، نەکەوتنە دوای ئارەزووی کۆمەڵەو دەستە.

- جەخت کردنەوە لەسەر داپۆشینی عەورەت لە هەردوو ڕەگەزدا.

-خۆشەویستکردنی بالاپۆشی لای کچان و حیکمەت لێی وەکو بەشێك لە گەشەکردنی.

- گەنجان ڕێنمایی بکرێن بەبێ مۆڵەت خواستن نەچنە جێگای ئافرەتان.

- ڕونکردنەوەی سروشتی دەست درێژی جنسی و خۆپاراستن لێی.

## زانراوە منداڵ لەتەمەنی (١٠) ساڵیدا ئارەزووی زانینی ئەمانەی خوارەوە دەکا:

- سنوری ڕێگەپێدراوەکان و قەدەغەکراوەکان بزانێت.
- چۆن مامەڵە لەگەل فشاری هاوڕێیان و کەسانی دیکە بکات.
- هۆکارە سۆزدارییەکانی هاوتەریب لەگەڵ گەشەی جنسی.
- ئایا سروشتییە ئەو شتانەی هەستی پێدەکات و یاخود دەیبینێت لە لاشەیدا؟
- ئایا سروشتییە لە جیاوازیدا لەگەڵ کەسانی دیکەداو ئەوەی کە لێیانەوە دەیبیستێ؟

## قۆناغی هەرزەکاری پێشکەوتوو (١٣- ١٨) ساڵی

- کاریگەری ڕاگەیاندن کە زۆر جار پاڵیان پێوە دەنێت بۆ بەربادی جنسی و چۆنێتی خۆپاراستن لێی.
- زانینی جۆرەکانی تیاکار (ممارەسە)ی جنسی کامیان شیاوەو کامیان بێزراوە.
- تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندییە مرۆییەکان، هەروەها ئەوەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە.
- توانای گوزارشت کردن لەو بنەماو نەریتانەی زانیاری تێدا هەیە سەبارەت بە جنس.
- ڕۆڵی گونجاو شارستانیانە بۆ پەیوەندیەکی ڕێکخراو سەبارەت بەهاوسەرگیری.

- رۆڵی خۆگرتنەوە لە قەدەغەکراوەکان (حرام) و کاریگەریەکەی لەسەر رەوشتی تاك و کۆمەڵگە.

- بەرپرسیارێتی تاکەکەس لە رەفتاری خودی خۆی، شانازی کردن بە شوناسی خۆیەوە.

- ترسناکی و حەرامی پەیوەندیە جنسییەکان لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری.

- مافی گەنجان بۆ ووتنی (نەخێر) و نەچوونە نێو پەیوەندیەجنسییەکانەوە گەرچی فشاری کۆمەلایەتیش ناچاری بکات.

- بەهێزکردنی گەشەی کۆمەلایەتی، متمانەبەخۆبوون و پێکهێنانی هاورێیتی دروست.

- تێگەیشتن لە رۆڵی هاوسەرگیری، تەمەنی گونجاو و سروشتی پەیوەندیەکان و بەرپرسیارێتی.

- تێگەیشتن لە رۆڵی باوکایەتی، خستنەوەی نەوەو پەروەردەو چاودێری پێویست بۆ منداڵ.

- تێگەیشتن لە جیاوازی پەیوەندیە خێزانیەکان، گۆرانکاریەکانی لەگەڵ رویشتنی کاتدا، هەروەها تێگەیشتن لە گەشەی منداڵ.

- تەماشای گەشەی جنسی بکرێت وەکو لایەنێك لە گەشەسەندنی گشتی گەنجەکان ((کەسێتی...))

- رۆڵی باشی گەشەی جنسی لە پاراستنی ژیانی مرۆڤدا.

- تێگەیشتن لە گرفتەکانی هاوسەرگیری و وەچەخستنەوەی پێش وەخت و هەتەرەکانی.

- تێگەیشتن لە گرفتەکانی دواخستنی هاوسەرگیری، یان پشت هەڵکردن لەو پرۆسەیە.

- چۆنێتی پاراستنی دەروون و داوێن پاکی ﴿إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ (٢٨)﴾ المائدة. واتە(بەڕستی من لە سزاوتۆڵەی خوا، پەروەردگاری جیهانیان دەترسم).

- شێوەکانی قۆرخ کردنی جنسی، مامەڵەی خراپ و وێنەی قەدەغەکراو.

## بنەما پێشنیارکراوەکان بۆ پەروەردەی جنسی ئیسلامی

**یەکەم: سەرەتای تەمەن (بەپێی قۆناغەکانی تەمەن) باسکردنی ئەم شتانە لەخۆدەگرێت:**

١- گەشەو پەرەسەندنی جنسی.

٢- شیکارکردنی جەستەیی و فەرمانی ئەندامەکانی لەش.

٣- باڵغ بوونی کوڕ و باڵغ بوونی کچان.

٤- داوێن (عەورەت) و فیقهی ڕەوشتە ئیسلامیەکان.

٥- پەیوەندی نێوان زانیاریەکان و بیرۆکە و سۆز و هەڵوێست و ڕەفتارەکان.

٦- هێنانەوەی مەنی (ئاوی نێرینە) بەدەست (العادة السرية).

٧- سکپڕی و گەشەی کۆرپەلەو منداڵ بوون.

٨- پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز و ڕۆڵ و بایەخی هاوسەرگیری.

٩- داوێن پاکی و دوورکەوتنەوە لە پەیوەندی جنسی نەشیاو دوای

هاوسەرگیری.

١٠- ڕەوشتە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەست بە جنس.

١١- بیرۆکەیەکی کورت و پوخت لەسەر ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی جنسی ناتەندروستەوە دەگوێزرێتەوە.

١٢- چۆن خۆمان لە فشاری کەسانی دی بپارێزین (کۆمەلگە، ڕاگەیاندن، هاوڕێ....).

**دووەم: خولی پێش هاوسەرگیری:**

١٣- پلەوپایەی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا.

١٤- دەستگیرانداری و پاشان هاوسەرگیری.

١٥- پێگەیشتن و گەشەی جنسی.

١٦- شیکاری ئەندامەکانی جەستە، فەرمانەکانی ئەندامەکانی لەش ((ئەگەر پێویست بە باسکردن بکات)).

١٧- پەیوەندی نێوان لایەنە دەروونی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و جەستەییەکان لەگەڵ جنس.

١٨- سکپڕی و گەشەکردنی کۆرپەلەو وەچەخستنەوە.

١٩- ڕێگرتن لە منداڵبوون (منع الحمل).

٢٠- نەخۆشیە گوازراوەکان بە هۆی پەیوەندی جنسی ناتەندروست.

٢١- تێگەشتنی پیاو و ئافرەت لە خۆیان و بەرامبەرەکەیان.

٢٢- ڕۆڵی پەیوەندی هاوسەرگیری و ڕۆڵی پەیوەندیە خێزانیەکان.

٢٣- قۆناغەکانی هاوسەرگیری.

٢٤- ئەو قۆناغانەی خێزان پێیدا تێپەڕدەبێت.

# بەشی شەشەم

# گەشەی جنسی كوڕان و كچان

# گۆڕانە خێراكان لەجەستەی كوڕدا

## گۆڕانە خێراکان لەجەستەی کوڕدا

جەستەی کوڕ، لەنێوان تەمەنی (٩) بۆ (١٦)ساڵیدا گەشە دەکات بە چەشنێك نزیکدەبێتەوە لە لەشی پیاو بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

– باڵای بەرزدەبێت و کێشی زیاد دەکات.

– باسکی پتەوبێت و ناوشانی پان دەبێت.

– بەشێوەیەکی بەرچاو ماسولکەکانی گەشەدەکات.

– توانای جەستەیی و توانای هەلگرتنی شتومەکی زیاد دەکات.

– ریش و سمێڵ، تـوکی بنبـاڵ و دەسـت و قاچـەکانی، سنگ و بەری دەردەکەون.

– مەمکەکانی بە شێوەیەکی کاتی کەمێك گەشە دەکەن، لە کاتی فشاردا ئازاری دەدەن.

– دەنگی لە دەنگی پیاو نزیك دەبێتەوەو گڕو بەرزدەبێت.

– بۆنی ئارەقەی زۆردەبێت بە تایبەتیش بن باڵەکانی.

– گەشەکردنی چووك و جووت گونەکان.

– قورقوڕاگەی (سێوی ئادەم) دەردەکەوێت بە شێوەیەکی بەردەوام.

– پێستی چەور دەبێت و زیبکە (حب الشباب) لە ڕوخساری دەردەکەوێت.

– لە کاتی خەوتندا لەش گران دەبێت.

– چووك ڕەق بوون زۆر دەبێت.

– دەست لێدانی چووك و گوشینی بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێتە هۆی هاتنەوەی ئاوی نێرینەیی (مەنی)، ئەمەش ناسراوە بەخووی نهێنی (العادةالسرية).

– تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت لەبەر بچوکی چووکی یاخود یەکێك لەگونەکانی لە چاو کەسانی دیکەدا.

## پێکهاتەو فرمانی ئەندامەکانی نێرینە

**خەوبینین:**

کاتێ خەوبینین دەست پێدەکات لای گەنجی نێرینە، ئەویش بە دەرچونی مادەیەکی لینجی ڕەنگ سپی لەئەندامی نێرینە (چوك) لەکاتی نوستندا، یان لە کاتی وروژاندنی سێکسی (توخمی) ئەویش ئەو شلەیەیە کە توخمەخانەی نێرینەی تێدایە واتە تۆوەکان (سپێرم) ی تێدایە.

**جووت گون:**

دوو ڕژێنی توخمین کە هەردووکیان تۆوەکان (سپێرم) بەرهەم دێنن، دوو ڕژێنی سپین و شۆڕبوونەتەوە بۆدەرەوەی لەش، لە ناو تورەکەیەکی پێستی پێی دەڵێن (تورەکەی گون)، هەروەها جوتەگون هۆرمۆنی توخمی نێرینە دەردەدەن کەپێی دەگوترێ: (تیستوستیرون).

تۆوە دروستکراوەکانی جوتەگون دەگوازرێتەوە بە تۆوە چیکڵدانەدا، پاشان (الأسهر) کەلولەیەکی گوێزەرەوەی تۆوەکانە پێکدێت لە بۆریەکی درێژ لەناوگونەوە دەست پێدەکات پاشان دەسوڕێتەوە بەدەوری

مێزڵداندا تاپرۆستات، کە ئەویش ڕژێنێکە دەکەوێتە بنکەی میزڵدان، پرۆستات شلەیەکی شیری پتەو دەکاتە سەرتۆوەکان کە خۆراکی تێدایە بۆ تۆوەکان، بەم شێوەیە ئەو شلەیەی کەتۆوەکانی تێدایە دەگۆرێت بۆ شلەیەك پێی دەوترێت تۆواو (المني) ئەو تۆواوەی کە لە (الأسهر) ەوە دێت دەڕژێتە ناو بۆری میزەوە (مێزەڕۆ) کە لە مێزڵدانەوە هاتووە.

ئەم مێزەڕۆیە (الاحليل) بەردەوام دەبێ لە ڕۆیشتنی لە ئەندامی نێرینە (چوك) پاشان مێزەڕۆ دەکرێتەوە بۆدەرەوەی لەش لە دەرچەی دەرەوەی چوك.

**تۆوەکان:**

ئەو توخمە خانانەن کە گونەکان بەرهەمیان دێنن لە کاتی تەمەنی توخمە پێگەیشتن، هەموو تۆوێیکی نێرینە بە خانەیەکی زۆر دەنوێنرێت کە سەرێك و کلکێکی هەیە، کە بەرپرسە لە کون کردن و چونە ناوەوەی هێلکەی مێینە، بونە هۆی سکپڕی، بە کرداری یەکگرتنی هێلکەو تۆو دەوترێت پیتێن، تۆوەکان دەمێننەوە بە هەلگیراوەیی لە بۆڕیەکی هەلگر (مستودع الانبوبی) کە بە گونەوە لکاوە پێی دەلێن ئالۆزە.

**ڕەپبوون (الانتصاب):**

ئەو حالەتەیە کە ڕوودەدات لە لەشی گەنجدا کاتێ توخمانە (سێکس) دەوروژێنرێت لەکاتی کاری جنسیدا، یان بیرکردنەوەی سێکسی یان خەوبینینی سێکسی بە جۆرێك خوێنێکی زۆرتەکان دەدات و دەچێت بۆشانەی ئیسفەنجی چوك، کە دەبێتە هۆی ئەستوربون و ڕەقبوونی ئەمەش ناودەبرێت بە (ڕەپبوون).

**ئاوهاتنەوە (الدفق):**

کرداری فڕێدانی تۆواوە، کە ڕوودەدات لە کاتی گەیشتنە لوتکەی ووروژاندنی جنسی، بە جۆرێك کرژبونەوە ماسولکەییەکان پاڵ بە تۆواوە دەنێت لەدەرچەی چوکەوە بۆ دەرەوە لەچەند فڕێدانێکی بەتەکانی یەك لەدوای یەك، لەکاتی فڕێداندا پرۆستات کەمێك کرژدەبێتەوە ناهێڵێ میز دەرچێ لە کاتی دەرچونی تۆواو، بەم شێوەیە میز تێکەڵی تۆواونابێ لە کاتی فڕێداندا، ئەو تۆواوە دەرپەڕیوە ئەگەر کەوچکێکی بچوك بێت ئەوا ملیۆنەها تۆوی نێرینەی تێدایە، یەك تۆوی (سپێرم) ی نێرینە بەسە بۆپیتاندنی هێلکەی مێینە و ڕودانی سکپڕی.

## ئەو گۆڕانانەی بەسەر جەستەی مێینەدا دێت

جەستەی کچ پەرەدەسەنێت لە نێوان ساڵانی (٩ بۆ ١٦) دا، بەچەشنێك زۆر نزیك دەبێتەوە لەجەستەی ژن، ئەم گۆڕانانەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

- لاشەی زۆر پڕ دەبێت و بەرە بەرە کێشی زیاد دەکات.
- شانی پان دەبێت ناوقەدی باریك دەبێت.
- موو لەژێر باڵەکانی و بەری دەردەچێت.
- مەمکەکانی گەشەدەکەن و دەردەکەون.
- پێستی چەور دەبێت بەرێژەیەکی زۆر، زیبەکە لە ڕوخساری یان جەستەی دەردەچێت.
- هەندێکجار لە زێیەوە چەند دەردراوێکی سپی دەردەچێت، ئەمەش

کارێکی ئاساییە، زێی خۆی پاکدەکاتەوە.

• کەوتنە سەرخوێن (سوڕی مانگانـە) ڕوودەدات بەشـێوەیەکی ئاسایی لەتەمەنی (١١-١٣) ساڵیدا، دەبێـت هەنـدێ کـات پـێش ئـەم تەمەنەیەو هەندێ کاتیش دوای ئەم تەمەنەیە.

• هەندێك جار لەم تەمەنەدا کچ هەست بـە ئـازار دەکـات لەسکیدا یان لەمەمکیدا پێش سوڕی مانگانە، هەندێ جاریش ئەم ئازارە توند دەبێت لە لای هەندێك لە کچان، ئەمەش ناسراوە بە (پەیوەست بووی پێش کەوتنـە سەرخوێن)، یان دڵەڕاوکێی دەروونی کە پەیوەستە بە سوڕی مانگانەوە.

• شتێکی ئاساییە کچان خەوی جنسی ببینن.

• لەوانەیە کچ لەم تەمەنەدا هەست بـە چـێژێك بکـات لـە کـاتی دەست پیاهێنانی ئەندامی زاوزێی و دەست لێخشاندنی، ئەمەش ناسراوە بەخووی نهێنی.

• کچ لەم تەمەنەدا بایەخدەدات بە بەژن و باڵای، زۆر لە خۆی دەڕوانێت و تەماشای ئاوێنە دەکات، بەراورد دەکات لە نێوان بەژن و بـاڵای خۆی و هاوڕێکانی.

• کچ لەم تەمەنەدا گۆڕانکاری بەسەر میزاجیدا دێت، هەنـدێ جار دڵی خۆشەو هەندێ جاریش دڵتەنگ و نیگەرانە.

• هەنـدێ جـار شـەرمدەکات و بەتـەنهایی دەمێنێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی پێویستە ئەوەیە کەسانی دی بەشـێوەیەکی بـاش و تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، وەك ئەوەی کەسێکی گەورەو پێگەیشتووە.

## پێکهاتەو فرمانەکانی کۆئەندامی زاوزێی مێینە

**دوو هێلکەدان:**

دوو ڕژێنن لە سکی مێینەدا، هەر یەکێکیان دەکەوێتە یەکێك لە لاکانی منداڵدان، هەڵدەستن بە بەرهەم هێنانی هێلکەکان لە کاتی پێگەیشتنی کچان، تاوەکو تەمەنی نائومێدی، هەروەها هێلکەدان هۆرمۆنی توخمی دەردەدات.

**دوو جۆگەی هێلکەدان:**

دوو بۆرین فراوان دەبن لەسەر هەردوولای منداڵدان لەسەر شێوەی ڕەحەتی، فرمانیان وەرگرتنی هێلکەیە تەنها بەفرێدانیان لە هێلکەدانەوە، هێلکە دەپارێزن تاکو تۆو دەپیتێنێ، واتە پیتێن ڕوودەدات لەناوجۆگەی هێلکە (جۆگەی فالوب)، بەم شێوەیە تۆوی نێرینە سەردەکەوێت بۆ ناو زێی مێینەو پاشان بۆ ناو منداڵدان، لەوێشەوە بۆ جۆگەی هێلکە، دوای پیتێن هێلکەی پیتراو دەگوازرێتەوە بۆ منداڵدان کەجێگیر دەبێ و دەچەقێت لە ناوپۆشە ئەستورەکەی، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿في قرارٍ مَكين﴾ واتە (لەجێیەکی پارێزراو و لەباردا).

**منداڵدان (الرحم):**

ئەندامێکی ماسولکەییە قەبارەی زیاددەکات بە گەشەی کۆرپەلە لە کاتی سکپڕیدا، لە هەمان کاتدا هەموو مانگێك ناوپۆشەکەی گەشە دەکات بە کاری هۆرمۆنەکانی هێلکەدان، وەك ئامادەبوونێك بۆ لە خۆگرتنی هێلکەی پیتراو و کۆرپەلە، ئەگەر سکپڕی ڕوونەدات ئەم ناوپۆشە دادەماڵرێت بەوەی کەتیایدایە لە لولەی خوێن و پاشان دەردەچێت لەمنداڵدانەوە، بە شێوەی خوێنێك کە پێی دەگوترێت خوێنی بێ نوێژی (خوێنی حەیز).

**ملی منداڵدان:**

بریتیە لە دەمی منداڵدان کە لە (زێ) وە دەکرێتەوە (بەشی خوارەوەی منداڵدانە کە بە (زێ) وە بەستراوە).

**زێ:**

جۆگەیەکە منداڵدان بە دامێنی ئافرەت (فرج) دەگەیەنێت.

**پەردەی کچێنی:**

پەردەیەکی تەنکە لە کۆتایی زێدایە، یەك دەرەچە یان چەند دەرەچەیەکی هەیە بۆ ڕێگەدان بەڕۆیشتنی خوێنی بێ نوێژی (خوێنی حەیز)، ئەم پەردەیە دەدڕێت تەنها بە چونە ژوورەوەی هەرتەنێك پێیدا، بە تایبەت لە ساتەوەختی یەکەم جوتبوونی نێوان بووك و زاوا(ئەو هاوسەرەکان).

**دامێن (الفرج):**

ئەندامێکی زاوزێی دەرپەڕیوە لە مێینەدا، پێکدێت لە چوار چەمانەوەی پێستی، پێیان دەوترێت دوولچی گەورە و دوولچی بچوک، تەنێکی ئیسفەنجی بچوک پێی دەوترێت (میتکە)، داپۆشراوە بە پەردەیەکی پێستی پێی دەوترێت (دیواری دامێن) و کۆمەڵێك ڕژێنی بچوکی تێدایە.

**دوو مەمك:**

قەبارەیان زیاد دەکات لە کاتی توخمە پێگەیشتن و هەرزەکاریدا، تا دەگاتە ئەو قەبارەیەی کە دەبینرێت لەئافرەتێکی پێگەیشتوو، هەروەها دەشێ یەکێکیان گەورەتربێت لەوی تریان، یان زیاتر لەوی دیکە شۆڕببێتەوە.

**سوڕی مانگانە (سوڕی کەوتنەسەرخوێن):**

هەموو مانگێك کەوتنە سەرخوێن ڕوودەدات بەکاری هۆرمۆنەکانی مێینە، هەر لە کاتی توخمە پێگەیشتنەوە تا تەمەنی نائومێدی، ناوەندە تەمەنی سەرەتای سوڕی کەوتنە سەرخوێن لەلای کچان لە ١٣ ساڵیەوەیە، دەکرێت پێش یان دوای ئەم تەمەنەش بێت، هەروەها ئەم سوڕە دەوەستێت لەکاتی سکپڕیدا، هەروەها لە ماوەی زەیستانیدا (دوای منداڵ بوون) لەنێوان (٣- ٦) مانگ یان زیاتر یان کەمتر.

## لایەنی تەندروستی لە پەروەردەی جنسیدا :

رێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی تەندروستی کردووە بەوەی: ((تەندروستی ئەوبارە (حاڵەتە) یە کە مرۆڤ لە پارێزراوی تەواوی جەستەیی و دەروونی و کۆمەلایەتی و گیانی (ڕوحی)دابێت، نەك تەنها نەبوونی نەخۆشی و پەككەوتن)).

هەروەها پێویستە پەروەردەو تەندروستی جنسی (سێکسی) دابنرێت لە چوارچێوە فراوانەکەی تەندروستی گشتیدا کەئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:



# بەشی حەوتەم

# پرسیارو وەڵام لەسەر

# گەشەو ڕەفتاری جنسی:

## پێشەکی :

کۆمەڵێك پرسیاری زۆرم لە دایك و باوکانەوە پێگەیشتووە لەبارەی هەندێك رەفتاری منداڵەکانیان، زۆربەیان لەسەر گەشەی جنسی منداڵ و هەرزەکارانە، زۆرێك لەم پرسیارانەو وەڵامەکانی لەبەشی (أسئلة محرجة) لەگۆڤاری (ولدي) کە مانگانە لە کوەیت دەردەچێت بڵاودەبێتەوە، هەروەك لە ناوەکەیدا دیارە تایبەتە بە پەروەردەی منداڵ، هەروەها خوێنەر تێبینی ئەوە دەکات ناوی پرسیارکەرەکان نەنوسراوەو لابراوە، هەروەها هەرشتێك دوورو نزیك پەیوەندی بە پرسیارکەرەکانەوە هەبێت ئەمەش لە پێناو پاراستنی تایبەتمەندێتی پرسیارەکەرەکان.

ئەوەی شایانی باسە هەموو ئەو پرسیارانە هەڵقوڵاوی واقعی ژیانی رۆژانەی خێزانە مسوڵمانەکانە، بەوجۆرەی تیایدا دەژین، جێ بەجێکردنی بەسەر خێزانەکانی دیکەشدا دەچەسپێ لە هەرجێگەیەکدا بن.

سودی بڵاوکردنەوەو چاپکردنی ئەم پرسیارانە شاراوەنییە، بۆ هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکانە لە گەشەی جنسی، پەروەردەی جنسی، شێوازی مامەڵە لەگەڵ هەندێك لەو کێشەو گرفتانە، ئەو بەربەستانەی لەم لایەنەدا لە ژیانی منداڵەکانماندا هەن، جا بچوکبن یا

گەنج، کوڕبن یان کچ، بێگومان هەندێك جار هەندێك دەست تێوەردان و دووبارەبوونەوە لە هەندێك پرسیارو وەڵامدانەوەدا هەبووە، بەڵام بە گشتی سودی بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی دەرك پێکردنی دایك و باوکانە و رۆڵیانە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانیان، ئەم پرسیارانەم کردووە بە دوو بەشەوە بە پێی قۆناغەکانی تەمەن :

**یەکەم : منداڵی بچووك (سی و پێنج) پرسیار.**

**دووەم : هەرزەکاران (پەنجا) پرسیار.**

**پرسیاری یەکەم :**

**کچەکەم تەمەنی (٣)ساڵ و نیوە، بەردەوام شوێنە هەستیارەکانی دەخورێنێت، هەرچەندە پۆشاکی ژێرەوەشم بۆی گۆڕیوە کە لە ڕاستیدا تەسك بووە، ئێستا چەورکەر (مەڵهەم)م بۆ بەکارهێناوە، بەڵام هەر بەردەوامە لەسەر خوراندنی هۆکارەکەی نازانم، گومانم وایە خووی پێوەگرتبێ، ئامۆژگاریت بۆمن چییە؟**

## وەڵام

ئەو خوشکەی پرسیارەکەی کردووە پێویستە هەست بە شەرمەزاری نەکا، هەروەها گومانی وانەبێت تەسکی پۆشاکەکانی ژێرەوە هۆکاری ئەم رەفتارەن، لەهەمان کاتدا پێویستە کە زۆر کرێم و چەورکەر بەکار نەهێنیت، کە ئەمە دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی رەفتاری خوراندن لای منداڵەکە، وای لێدەکات بە بەردەوامی هەست بەوەبکات دایکی چاودێری دەکات ئەویش ئەوەی لە دایکی دەوێت.

دایکی بەڕێز تۆ ئاسودەبە کە هۆکارێکی دیاریکراو بوونی نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم رەفتارە لەم تەمەنەدا، کاتێك منداڵ ئەندامەکانی لاشەو شوێنە هەستیارەکان هەست پێدەکات، منداڵ کاتێك گەورەدەبێت زۆر بە ئاسانی ئەم قۆناغەو ڕەفتارەکانی تێدەپەڕێنێت

ئامۆژگاری دایکەکە دەکەم زۆر چاودێری ئەم منداڵە نەکات کاتێك خۆی دەخورێنێت، هەروەها خۆی لێ بێ ئاگا بکات بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەك ئەوەی چیرۆکێکی بۆبگێڕێتەوە، یاخود لای لایەی خەوتنی بۆ بکات تا بە ئارامی بخەوێت، جا ئەگەر لە ڕۆژدا بینی خۆی دەخورێنێت با بەنەرم ونیانی پێی بڵێت: کچی خۆشەویستم بەلکو لە کارەکاندا یارمەتیم بدەیت، هەروەها بایەخی زیادی پێبدات هەرگا کردارو ڕەفتارەکانی پەسەند و شیاوبوون.

**پرسیاری دووەم**

کوڕەکەم تەمەنی (٦) ساڵە، ماوەیەکە حەزی بە سەیرکردنی فلیمە عەرەبیەکانە، لە سەرەتادا چاودێریم نەدەکرد تا بزانم سەیری چی دەکات؟ بەڵام دوای ئەوەی تێبینیم کرد کە زۆر ڕۆچووە لەو فلیمانەدا، داوام لێدەکرد لەسەر هەندێك لەو دیمەنانە کەناڵەکە بگۆڕێت بەڵام بە گوێی نەکردم پێی گوتم: بۆچی؟ ئایا پاڵەوانەکانی فلیمەکە هاوسەری یەکترنین؟...لە ڕاستیدا وەڵامەکانی شەرمەزارم دەکەن، دەپرسم: چۆن ڕێگری لێبکەم بۆ ئەوەی تەماشای ئەو فلیمانە نەکات؟

**وەڵام**

ئاساییە گەربڵێین: پێویستە لەسەر دایك وباوك چاودێری

منداڵەکانیان بکەن لە سەیرکردنی تەلەفزیۆندا، بە تایبەتی لەم سەرەتای تەمەنەیانەوە، باشتر وایە (وەك ئەوەی هەندێ لە خێزانەکان وادەکەن)، دایکان و باوکان لەگەڵ منداڵەکانیان دابنیشن بۆ سەیرکرنی هەندێ بەرنامەی سودبەخش، لە هەمان کاتدا لەسەر هەندێك لە ناوەڕۆکی بەرنامەکان لەگەڵ منداڵەکاندا وتووێژ بکەن، بۆ چەسپاندنی هەندێك چەمك و رەفتاری پەروەردەیی، بۆئەوەی لە لای منداڵ هەستی ڕەوشت بەرزی گەشەبکات، تا وەکو بزانێت کامەیان دروستەو کامەیان نادروستە(حەڵاڵە و حەرامە)، لەهەمان کاتدا پێویستە دایك و باوك خۆیان پێشەنگ و سەرمەشق بن بۆ سەیرنەکردنی دیمەنە نەشیاوەکان، گەرچی پاڵەوانەکان بەزمانی خۆشمان بدوێن.

چەندە کارێکی چاکە، دایکان و باوکان هەستی سەیرکردنی دیمەنە دروستەکان لە لای منداڵەکانیان گەشەپێبدەن! هەروەها زانینی ئەوەی کە هەر بابەتێك لەو شاشە بچوکەوە دەردەکەوێت مەرج نیە گونجاو شیاوبێت، هەر بۆیە پێویستە ئەوەی باشە هەڵی بژێرین، دووربکەوینەوە لەوەی کە ژیرو بیرمان پیس دەکەن، هەروەك لە خواردنی خراپ و پۆشاکی ناخاوێن دووردەکەوینەوە.

ئەو دایکەی پرسیارەکەی کردووە، دەتوانێت بە بێ پەردە ئەوە بە کوڕەکەی بڵێت: کە هەندێك دیمەن لەوشاشەیەوە دەردەکەوێت گونجاونیە، پێویستە لەسەر ئەندامانی خێزان خۆیان بە دووربگرن لە تەماشاکردنی.

لە هەمان کاتدا وەڵامی منداڵەکەی هەرچۆنێك بێت پێی دلگران نەبێت،

چونکە منداڵ بۆ کارەکانی دەیەوێت پاساوی زیرەکانە بهێنێتەوە، دایکەکەشی با هەوڵبدات نمونەی بەڵگەداری بۆ باس بکات، گەر نەیتوانی وەلآمیشی بداتەوە با سور بێت لەسەر هەڵوێستی خۆی، لە رێگری سەیرکردنی لەبەرئەوەی گونجاونیە بۆ منداڵەکانی، منداڵ بەرپرسیارنیە لەسەر ئەوەی کە چ شتێك گونجاوە، یاخود نەگونجاو، ئەوە ئەرکی کەس وکارو دایك و باوکەکانە.

دایك دەتوانێت منداڵەکە سەرپشك بکات لەوەی یان کەناڵەکە دەگۆڕێت یاخود تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە، جا ئەگەر منداڵەکە هەر بەگوێی نەکرد ئەوە بۆ ماوەیەك تەلەفزیۆنەکە بکوژێنێتەوە، چونکە ئەگەر بڕیارێك دەربکەین و جێ بەجێی نەکەین کاریگەری خراپی دەبێت.

## پرسیاری سێیەم

خوشکە گەورەکەم کچێکی تەمەن (٦) ساڵی هەیە، خوشکەکەم و هاوسەرەکەی و کەس و کاری لە شوقەیەکدا دەژین، کچەکەی لەهەمان ژووردا لەسەر سیسەمێکی هەندێك دوور لەوانەوە دەخەوێت.

شەوێکیان خوشکەکەم بینی وا کچەکەی دەگری، چووە لایەوە بردیە ژوورێکی دیکە، داوای لێکرد کە لە هۆکاری گریانەکەی بزانێت، گەرچی منداڵەکە لە سەرەتادا ئامادەنەبوو هیچ بڵێت، بەلآم لە دوایدا گوتی سکم ئازاری هەیە، بەلآم خوشکەکەم کاتێ ویستی چارەسەری پێبدات منداڵەکە نەی خوارد، خوشکەکەم گومانی لەلا دروست بوو، کە لە کاتی سەر جێگای کردنی لەگەڵ هاوسەرەکەی بینی بێتیانی، هەر بۆیە بە منداڵەکەی گوت: کچی خۆشەویستم نازانی من لەگەڵ باوکتدا یاری زۆران بازیمان دەکرد، کچەکەش هەر بە بێدەنگی مایەوە و هیچی

نەدرکاند، گەرچی خوشکەکەم هەستی بەگۆڕانی ڕەنگی کچەکەی کردووە ڕوخساری گرژبوو کە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرا، هەر کاتێك دایکی ببینیایە لەگەڵ کەسێك قسەدەکا دەیویست بزانێ باسی چی دەکەن، خوشکەکەم زۆر پێویستی بە ئامۆژگاریتانە، تا چۆن مامەڵە لەگەڵ کچەکەیدا بکات، چی بکات تا وێنەی لە هزری کچەکەیدا نەژاکێت.

## وەڵام

بێگومان لەوانەیە ئەم منداڵە بینی بێتی یا گوێ لە شتێك بووبێت، کاتێك دایك و باوك وەکو هاوسەرانی دیکە سەرجێگەییان کردبێت، گەر ئەمە بووبێ یاخود نەبووبێ، ئەمە وادەکات ئێمە لە هەندێك کاروباری گشتیدا بە ئاگابین بۆ پاراستنی منداڵەکان لەم جۆرە ئەزموونانە، کە دڵەڕاوکێ و گرفت لەلای منداڵ دروست دەکات، بەتایبەتی گەر دووبارە ببێتەوە.

باشتروایە گەر دەرفەت هەبوو، منداڵەکە بگوێزێتەوە ژوورێکی تایبەت، تا دایك و باوك هەست بەشەرمەزاری نەکەن لە هەڵسوکەوتیاندا، بەڵام گەر دەرفەت نەبوو، پێویستە هەندێ ئامادەباشی بکرێت تا منداڵ هەست بەوە نەکەن کە شتێك هەیە بۆتە هۆی دڵەڕاوکێ بۆیان، بەتایبەتی منداڵ لەم تەمەنەدا لەسروشتی ئەو کارانە تێناگات، لە هەمان کاتدا کارەکە لە دەروونی خۆیاندا گەورەدەکەن، ئەوە لە هزریدا گەڵاڵەدەبێت کە نائارامی و توندوتیژی لە نێوان دایکی و باوکیداهەیە، یەکێکیان دەست درێژی دەکاتە سەر ئەویتریان، ئەو بەو جۆرە تێنەگەیشتووە ئەوەی کە

دەگوزەرێت بەخواستی هەردوولایە، هیچ گرژی و ناهەمواریەك لە ئارادانیە، هەروەها دەتوانن مامەڵەو ڕەوشتیان لە دەرەوەی سەرجێگەو ژیانی ڕۆژانەیاندا بەجۆرێك بێت کە دڵنیایی پێویست ببەخشێت بە منداڵەکەیان، کە کارەکان بە شێوەیەکی باش دەچێت بەڕێوە، بەبێ بوونی کێشە لە نێوان دایك و باوکیدا.

هیچ سودێك لەوەدا نابینم زۆر لەمنداڵەکە بکەین باسی ئەوە بکات کە بینیویەتی بەڵکو زیانی دەبێ، وای لێدەکات زیاتر چاودێری هەڵسوکەوتی دایك و باوکی بکات، چاکتر وایە بە شتێکی ئاسایی وەریبگرێت، زیاتر چاودێری و بە ئاگابێت لە منداڵەکەی وەك ئەوەی شتێك رووی نەدابێ، ئەو دایکە دەتوانێت پاش ئەوەی بارودۆخەکەی ئاسایی بووەوە، سود لەو دەرفەتە وەربگرێت، باسی ئەوە بۆ منداڵەکەی بکات کە لە جیهانی گیاندارانداا هاوسەرگیری روودەدات، لە پێناو هێنانە دونیای بێچوەکانیان، هەروەها بڵێت: نێرو مێ کە خوای گەورە دروستی کردوون پێویستیان بە خەوتن هەیە بەیەکەوە تا منداڵیان ببێت، ئەمەش لەسەرخواستی ژن و مێرد دەبێت و هیچ زەرەرو زیانێك روونادات، با ئەو دایکە دڵنیابێت لەوەی کە زۆر لەو منداڵانە ئەوەی دەیبینن کە لە نێوان ژن و مێردا روودەدات دەگونجێت هیچ گرفتێکیان لە لادروست نەکات، لە منداڵی و دوا رۆژی ژیانیاندا.

باشترین چارەسەریش بریتیە لە بە ئاگابوون و پاراستنی منداڵ لەم جۆرە ئەزموونانە لە ژیاندا.

## پرسیاری چوارەم

کوڕەکەم تەمەنی (١١) ساڵانە، ڕۆژێکیان نەخۆش بوو لەگەڵی چوومە حەمامەوە، تا یارمەتی بدەم لە خۆشۆریندا بە ئاوی سارد، تێبینی چووکیم کرد بچوک بوو، بەئەندازەی چووکی برا بچکۆلەکەی کە تەمەنی (٣) ساڵە، داوای ڕوونکردنەوەتان لێ دەکەم ئایا ئەمە ئاساییە؟ یاخود بیبەمە لای پزیشکی پسپۆڕ؟ کەی ئەندامی نێرینە (چووکی) دەست بە گەشەکردن دەکات بە جۆرێک گونجاوبێت لەگەڵ تەمەنیدا؟ داوای ئامۆژگاریتان لێدەکەم.

## وەڵام

ئەو بەڕێزەی پرسیارەکەی کردووە، بادڵنیابێت لەوەی بەشێکی زۆری منداڵ لەم تەمەنەدا، چووکیان لەبەرچاو وا دەردەکەوێت کە بچووکە، بە تایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی ئاوی ساردە، هەروەها لە نیشانەکانی (بلوغ) لە لای نێرینە، دوای ساڵێك یا سێ ساڵ ئەندامی نێرینەگەورە دەبێت، بەشێوەیەکی دیار لە چاو منداڵیدا.

دڵەڕاوکێی بچووکی ئەندامی نێرینە لە لای خەڵکی بڵاوە، جا ئەمە لە منداڵدابێت یاخود لە هەرزەکاردا، یان لەنێوکەسوکاردا، لە ڕاستیدا پێویست بەم دڵەراوکێیە ناکات، زۆربەی خەڵکی دەتوانن کاری پێویستی خۆیان ئەنجام بدەن، بێ ڕەچاوکردنی قەبارەو ئاستی گەشەکردنی چووک، تەنها لە چەند بارودۆخێکی دەگمەنە نەبێت، هەندێ بارودۆخی دیکە هەن، ئاماژە بۆ بوونی نیگەرانی دیکە دەکەن، جگە لە قەبارەی بچووکی ئەندامی نێرینە، وەك تێکچوون لە گەشەکردن لە لایەنە

جۆراوجۆرەکانی گەشەی لاشەی و جنسی، ئەمەش وەکو هەر بەشێکی دیکە لە بەشە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ، بێگومان بە شێوەیەکی سروشتی جیاوازی هەیە لە کەسێکەوە بۆکەسێکی دیکە، لەشێوەو قەبارەدا، ئەوەی لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێکراوە، بیانووی ئەوە نادات بە دەستمانەوە لە ئێستادا پشکنینی پزیشکی بۆ بکەین.

## پرسیاری پێنجەم

منداڵەکەم تەمەنی (دووساڵ و نیوە)، کاتێ یاری بە تۆپ دەکا، هەندێك کردار بە تۆپەکە دەکات وەکو (جماع) وایە، هەروەها تێبینی دەکەم کە زۆر خەریکی دەبێت، بەردەوام دەبێت تا دەگاتە عارەق کردنێکی زۆر، لە هەمان کاتدا لێتان ناشارمەوە کە لە ناو ئەندامی خێزانەکەماندا هەبووە ئەم هەڵسوکەوتەی کردووە تا تەمەنێکی دیاریکراو، پاشان وازی لێ هێناوە.

پاشان هەوڵمدا دووری بخەمەوە لە تۆپ کڕین، بەڵام ئەمجارە کردارەکەی لەگەڵ سەرین و پلیکانەکاندا ئەنجام دەدا، لەوە دەترسم تووشی ئازاری بکات، ئەوەی کە زیاتر دەمترسێنێت خزم وکەس وکارە، ئەوان زۆرجار دەڵێن: هیچ منداڵێکی دیکە نابینین ئەم کردارە ئەنجام بدات.

پرسیارەکەم ئەمەیە؟ ئایا ئەمە بۆ ماوەییە یاخود بارێکی دەروونیە؟ هەروەها چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم؟ بۆ زانیاریتان شێوازی سزادان و نەرم و نیانیم لەگەڵدا بەکارهێناوەو هیچ سودی نەبووە.

## وەڵام

دایکی بەڕێز نیگەران و دوودڵ مەبە لەم کردارو ڕەفتارانەی باست کرد،

منداڵ لەتەمەنی دووساڵ و نیودا ئەوە نازانێ کە گەورەکان دەربارەی ڕەفتاری جنسی دەیزانن، ئەوەی منداڵەکەت دەیکات تەنها هەستکردنە بە هەندێك چێژ بەوەی نێوان هەردووڕانی (من نامەوێ لەم تەمەنەیدا ناوی بنێم ئەندامی زاوزێ)، چونکە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە، بەرێکەوت ئەوە هەست پێ دەکات کە لێخشاندنی ئەو شوێنە بەسەرین یا تۆپ، یان هەر شتێکی دیکە چێژی هەیە، ئەم قۆناغەش ئاساییە لە گەشەی منداڵ، بەزۆریش حەزدەکا بە دەست یاری پێبکات، یاخود بیخورێنێت ئەمەش توشی ئازاری ناکات.

هەروەکو لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکردووە، ئەم حاڵەتە لە ناو ئەندامانی خێزانەکەتدا هەیە، نەك لەبەرئەوەی کە ئەمە ناتەواوییەك بێت لە خێزانەکەتدا، بەڵکو بەو هۆیەی کە ئەمە قۆناغێکی ئاساییە لە گەشەکردندا، ئاماژەت بەوەش کردووە پاش ماوەیەك ئەم دیاردەیە نامێنێت، لەبەر ئەمە بۆ ماوەییش نیە، بەڵکو بارێکی ئاسایی گەشەکردن و ناسینی لاشەی خۆیەتی، ئەوەی قورس و گرانە دەکەوێتە چوارچێوەی (یاساغی کۆمەڵایەتیەوە) گەر لەبەر چاوی خەڵکی ئەوکارەبکات، ئەوەش بەڕوونی لە هەڵوێستی کەس و کارەکەدا دەرکەوتووە، ئەوەی بەڕێزتان دەتوانێت بە ئەنجامی بگەیەنێت ئەمەیە: تەنها ئەم کارەی لە بیربەریتەوەو لەوساتەوەختەدا سەرنجی بۆ لای شتێکی دیکە رابکێشیت.

لێرەدا نەسزاو نەنەرم و نیانی سودێکی ئەوتۆی نیە، بەڵکو دانایی و لەسەرخۆیی پێویستە لە مامەڵەدا، بە چەشنێك دایکەکە کاردانەوەی زۆری نەبێت لە بەرامبەر ئەو دیمەنەدا، چونکە بەم شێوەیە وای لێدەکا

چەندجار دووبارەی بکاتەوە تا دەوروبەرو دایکی بە ئاگابن لێی.

ئامۆژگاریم ئەوەیە بۆ ئەو دایکە لەو کاتەدا بە توندی ئاگاداری نەکاتەوە، بەڵکو نارِاستەوخۆ سەرنجی بۆ کارێکی دیکە رابکێشێت، بەخوێندنەوەی چیرۆك و بەسەرهاتێك یاخود گوتنی گۆرانیەك.

دەتوانیٚ لەسەرخۆو بەئارامی پێی بڵێت: وەرە خۆشەویستم یارمەتیم بدە لە کارەکانمدا، کاتێك کارێکی باش دەکا بایەخی زیاتری پێبدە، ئەوەت لەیاد نەچێت کە نابێت قەدەغەی بکەیت لە یاریکردن بە تۆپ.

## پرسیاری شەشەم

دووکوڕم هەیە یەکێکیان تەمەنی (٦) ساڵە ئەوی تر(دووساڵ و نیوە)، بچووکەکەیان کاتێك تەنیابێت، هەوڵی سەیرکردنی عەورەتی دەدا، جارێکیان هەموو پۆشاکەکانی لەبەر خۆی داکەندبوو کاتی منی بینی خێرا خۆی لەبەر کردەوە...... وا هەست دەکەم لایەنی جنسی لای ئەم منداڵە دیارو ورژێنەرە بە پێچەوانەوەی برا گەورەکەی.... شیکردنەوەتان چۆنە بۆ ئەم کارە؟ ئایا توانای جنسی لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازە؟

## وەڵام

دڵنیابە خوشکی بەڕێز ئەم حاڵەتە جێگای مەترسی نیە، لە وەڵامەکانی پێشوتردا باسمانکرد کە شتێکی سروشتییە منداڵی بچوك گرنگی بدات بە عەورەتی و یاری بە ئەندامی زاوزێی بکات، چۆن هەست بە هەندیٚ خۆشی دەکا، یاخود حەزبکات خۆی ڕووت بکاتەوە، لە کاتێکدا دایکەکە ئەم

حاڵەتەی لە کوڕە گەورەکەیدا نەبینیوە، ئەمە واتای ئەوەنیە کە کوڕە بچوکەکەی تووشی گرفتێك بووبێت هەردوو حاڵەتەکە سروشتییە، ئەوەش لە یاد نەکەین کە برا گەورەکە منداڵێکی بچوکی دی نەبوو لە بەردەستیدا تا گرنگی پێبدا، خۆی بۆ بەدیار بخات و یاری لەگەڵ بکات. نموونەی ئەم ڕەفتارانە لای منداڵ نابێتە هۆکار، ئاماژە نیە بە بوونی گرفتێکی جنسی و ڕەوشتی، منداڵ لەم تەمەنەدا هەست بە لایەنی ڕەوشتی و ئاکاری ئەم ڕەفتارە ناکات، داوا دەکەم لە دایکیان کە دوورنەڕوات و شیکاری خراپ بۆ هۆکارەکانی ئەم ڕەفتارەنەکات.

ئەوەی ئامۆژگاری منە بۆ دایکیان ئەوەیە: کە توڕە نەبێت و هەڵ نەچێت کاتێك منداڵەکە ئەندامی زاوزێی بە دەست دەردێنێت، هەوڵ دەدات بۆ کەسانی دیکە دەری بخات، بەڵکو بە هێمنی هەوڵبدە سەرنجی بۆلای شتێکی دیکە، وەکو یاریەك یان هەرشتێکی دی رابکێشە، کاتێك بە بینینی دایکی پۆشاکەکەی دەکاتەوەبەر بەڵگە نیە لەسەر شتێکی خراپ، بە پێچەوانەوە بەڵگەی ڕێزگرتنی دایکی و پارێزگاریی داب ونەریتەکانە. سروشتییە بۆ منداڵی بچوك لەم تەمەنەدا ئەوەی دەیەوێت بیکات، بەلام هێشتا لە قۆناغی ئەوەدایە ئەو فەرمانانە وەربگرێت کە گەورەکان بۆی دادەنێن، بەتایبەتی دایك و باوکی، گەرچی هەوڵەکانی بەڵگەن لەسەر پێگەیشتنی سروشتی، بەلام پێویستە چاودێری و ڕێنمایی بکرێت بۆ ڕەفتاری بەرزو کۆمەلایەتی خوازراو، ئەمە دەرفەتێکی گرنگە بۆ فێربوونی نەریتە کۆمەلایەتیەکان، لە هەمان کاتدا پێویستە لەسەری لەبەرچاوی خەڵکی لەشی دابپۆشێت، هەروەها هیوادارم گرنگی وبایەخی زیاتری پێ

بدرێت کاتێك بەدەنگ ئەم جۆرە خوونەریتانەوە دێت.

**پرسیاری حەوتەم:**

کچێکی (١٣) ساڵم هەیە، تێبینیم کردوە کاتێك بەیەکەوە دەچین بۆ بازاڕ یاخود هەر شوێنێکی گشتی، ڕوون و ئاشکرا زۆر تەماشای کوڕان دەکات، بە جۆرێك چاوی ناپارێزێت لە تەماشاکردنیان، تەنانەت گەنجەکانیش هەست بەمە دەکەن و دەترسم زیانی پێ بگەیەنن، هەروەها لە تەلەفزیۆنیشدا کاتێکی کەسێکی بەرچاوی (جوان) دەبینێت زۆرسەیری دەکات، ئەوانەی دەورووبەریشی هەستی پێدەکەن.

من نامەوێت خوو بەم کارەوە بگرێت، چی بکەم لەگەڵیدا؟ چۆن قەناعەتی پێ بێنم کە چاوی بپارێزێت، تێی بگەیەنم کە تەماشاکردنی ڕەگەزی بەرامبەر (نظر) حەرامەو لەشەیتانەوەیە؟

## وەڵام

ئاساییە لە تەمەنی هەرزەکایدا کچێك بایەخ بە دیمەنی خۆی یان ڕەگەزی بەرامبەری بدات، بەڵام ئەم بارە سروشتییە پێویستی بەڕێنمایی و پەروەردەیەکی ئەخلاقی بەرز هەیە، ئەم قۆناغە بە هەموو کێشەوگرفتەگانیەوە، تەنانەت ئەو پرسیارەی بەڕێزیشتان دەتوانین سودی لێوەربگرین بۆ باسکردنی بابەتەکانی ڕەوشت و ئاکار، لەوانەش پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز لە نەریتی ئیسلامیدا، من پێم باشە ئەم کارە پێش ئەم قۆناغەش بە ئەنجام بگەیەنرێت.

بێگومان ئاساییە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکەیت دەربارەی هەڵسوکەوتی پەسەند لەگەڵ کەسانی ترو بێگانەدا، بە تایبەت ئەگەر پەیوەندی نێوان دایك و کچ بەهێزو تۆکمەبێت.

خوازیارم دایك ئەم دەرفەتە بەهەلبزانێت بۆ گفتوگۆکردنی زیاترو هێمنانەو مەبەستدار، تاوەکو پەیوەندی لەگەڵ کچەکەیدا تۆکمەتر بکات، وەکو هاوڕێ و هاودەمێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، لە لایەکی تریشەوە باس و خواسەکانیان بەڕاشکاوی و کرانەوەیەکی زیاتر ئالوگۆڕ بکەن، لەگەڵ بوونی ڕێز لەم نێوەندەدا.

شایانی باسە دایك دەتوانێت باسی ئەزموونی ژیانی خۆی بکات، چۆن ئەم قۆناغەی تێپەڕاندوە، مامەڵەیەکی تەندروستانەی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا کردووە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم شێوازەی باسمان لێوەکرد سەرکەوتووە بۆ گفتوگۆی نێوان باوان و نەوەکانیان.

## پرسیاری هەشتەم

کێشەکەم ڕاشکاوانە دەخەمەڕوو ئەگەرچی هەست بە شەرمیش دەکەم، کچێکم هەیە تەمەنی (٥) ساڵە بە بەردەوامی لەسەر سك ڕادەکێشێ و بەشی خوارەوەی لەشی دەخورێنێت، لە دەمی خەوتندا زیاتر ئەم کارە ئەنجام دەدات، هەرچەند من داوای لێدەکەم ئەو کارە نەکات بەڵام ئەو وازی لێ ناهێنێت، من دەتوانم چی بکەم؟ چی پێ بڵێم؟ چونکە ئەو تەمەنی زۆر بچووکە.

## وەڵام

دایکی بەڕێز پێویست بە شەرمەزاری ناکات، هەروەها باش وایە زیادەڕەوی نەکەیت لە ڕێگریکردنی ئەم کارەدا، چونکە ئەم ڕێگرییە ئەگەری دووبارە کردنەوەی کارەکە لە لایەن منداڵەکەوە زیاتر دەکات، ڕێگرییەکەی بەڕێزیشتان بە ئاگاهێنانەوەیە بۆ دووبارەکردنەوەی کارەکە،

ئەمەش کارێکە منداڵەکە دەیخوازێت.

تۆ دڵنیابە هۆکارێکی دیاریکراوبوونی نییە بۆئەنجامی ئەم کردارە لەم تەمەندا، بەڵکو ئەمە کاتێك دەست پێدەکات کە منداڵ ئەندامەکانی لەشی دەناسێت، بە تایبەت جێگا هەستیارەکان، بەڵام زۆر منداڵ ئەم قۆناغە بەبێ کێشەو ئاستەنگ تێدەپەڕێنن، بە مەرجێك کەس وکاری مامەڵەی دروستی لەگەڵدا بکەن، لە کێشەی یەکەمەوە کێشەی دووەم دروست نەکەن.

دایکی بەڕێز ئامۆژگاریت دەکەم کاتێك منداڵەکەت ئەو ئەندامەی دەخورێنێت، تۆی بەڕێز توندوتیژی بەکارنەهێنیت، بەڵکو دەبێت شێوازی ناڕاستەوخۆ بگریتەبەر بۆ لە بیربردنەوەی ئەو کردارە، بۆ نموونە پێش خەوتن چیرۆکێك یان حیکایەتێکی بۆ بگێڕیتەوە، یان یەکێك لەو سرودانەی بۆ بڵێیت کاتی نوستن دەوترێت، بۆ ئەوەی یارمەتیدەری بێت بۆ خەوێکی خۆش، هەروەها دەتوانیت هانی منداڵەکەت بدەیت کە لەسەر لای ڕاست بخەوێت، وەکو لە سوننەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر دایك تێبینی ئەوەی کرد منداڵەکە هەر بەردەوامە لەسەر کارەکەی بابەنەرم و نیانی پێی بڵێت:(ئازیزەکەم ئارامبەو بنوو بە خۆشی تاکو خەوی جوان و ڕازاوە ببینی...) دایك دەبێت زۆر ئاگاداری منداڵەکەی بێت ئەگەر بەگوێرەی پێویست ڕەفتاری بەرەو باشتر دەڕۆیشت.

## پرسیاری نۆیەم

کێشـــەکەم ئاڕاســـتەی بـــەڕێزتان دەکـــەم هیـــوادارم چارەســـەرێکی گونجاوی هـەبێت، زۆرجار دەبیـنم کوڕەکـەم و ئامۆزاکـەی بە تـەنها لە ژوورێکدان، کە دەچمە ژوورەوە بۆلایان زۆر دەشڵەژێن، تا ئەوەی زانیم کاری نەشیاو لەگەڵ یەکتریدا ئەنجام دەدەن، من زۆر نیگەرانم لەم کارەو دەترسم پەیوەندیەکەیان زیاتر پەرەبسێنێت، بە بیروڕای تۆ چارەسەر چییە؟ چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەم؟

## وەڵام

پێویست بوو تەمەنی ئەو دوومندالە بزانین، بەڵام باسی ئەم خالانەش دەکەین:

- لەوانەیە ئەم کێشەیە سەرەنجامی کەمتەرخەمی ئێمەی باوان بێت بە شێوەیەکی گشتی، کە ڕێنمایی جنسیمان نیە بۆ منداڵەکانمان، هەروەها ڕێنیشاندەریان نین بۆ ڕەوشتی باش و شیاو، یان کەمتەرخەمیمانە لە بەئاگابوونی گەشەی منداڵ.
- پێم باشە بە شێوازێکی ناڕاستەخۆ قسەبکرێت لەگەڵ کوڕەکەتدا، باش وایە باوك بەم کارە هەڵ بسێت ئەگەر پەیوەندی بەهێزبوو لەگەڵیدا، ئەگەر پەیوەندییەکەیان سست بوو ئیتر ئەمە دەرفەتێکە بۆئەوەی هەردوولا بەباشی یەکتری بناسن، ئامۆژگاریم بۆ باوکەکە ئەوەیە کە پرۆژەو کاری هاوبەشی هەبێت لەگەڵ کوڕەکەیدا، وەکو پیاسەکردن و چوون بۆسەیران و مەلەوانی و چالاکی تر.
- پێم باشە لەسەرەتادا بە ناڕاستەخۆ باسی هەندێ بابەتی بۆبکات

## پرسیاری نۆیەم

کێشـەکەم ئاڕاسـتەی بـەڕێزتان دەکـەم هیـوادارم چارەسـەرێکی گونجـاوی هـەبێت، زۆرجـار دەبیـنم کوڕەکـەم و ئامۆزاکـەی بـە تـەنها لـە ژوورێکدان، کە دەچمە ژوورەوە بۆلایان زۆر دەشڵەژێن، تا ئەوەی زانیم کاری نەشیاو لەگەڵ یەکتریدا ئەنجام دەدەن، من زۆر نیگەرانم لەم کارەو دەترسم پەیوەندیەکەیان زیاتر پەرەبسێنێت، بە بیروڕای تۆ چارەسەر چییە؟ چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەم؟

## وەڵام

پێویست بوو تـەمەنی ئەو دوومنداڵە بزانین، بـەڵام باسی ئـەم خاڵانـەش دەکەین:

– لەوانەیە ئەم کێشەیە سەرەنجامی کەمتەرخەمی ئێمەی باوان بێت بە شێوەیەکی گشتی، کـە ڕێنمـایی جنسیمان نیـە بـۆ منداڵـەکانمان، هــەروەها ڕێنیشــاندەریان نــین بــۆ ڕەوشــتی بــاش و شــیاو، یــان کەمتەرخەمیمانە لە بەئاگابوونی گەشەی منداڵ.

– پـێم باشـە بـە شـێوازێکی ناڕاسـتەخۆ قسـەبکرێت لەگـەڵ کوڕەکەتـدا، بـاش وایـە بـاوك بـەم کـارە هـەڵ بسـێت ئەگـەر پەیوەنـدی بـەهێزبوو لەگەڵیـدا، ئەگـەر پەیوەندییەکـەیان سسـت بـوو ئـیتر ئەمـە دەرفەتێکە بۆئـەوەی هـەردوولا بەباشـی یـەکتری بناسـن، ئامۆژگاریم بـۆ باوکەکە ئەوەیە کە پـڕۆژەو کـاری هاوبەشـی هـەبێت لەگـەڵ کوڕەکەیدا، وەکو پیاسەکردن و چوون بۆسەیران و مەلەوانی و چالاکی تر.

– پێم باشە لەسەرەتادا بە ناڕاستەخۆ باسی هەندێ بابەتی بۆبکات

لەوانە: ئاکاری گەنجی موسڵمان، شێوازی هاوڕێیەتی و ئەو ڕەفتارانەی پێویستە خۆی لێ بە دووربگرێت وئەنجامی نەدات، ئەگەر نەیتوانی بە ناڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ بکات ئەوە با بە شێوازی ڕاستەخۆ لەگەڵیدا بدوێت، بەڵام بەوپەڕی ڕێزەوە، هەروەها بۆی ڕوون بکاتەوە کە ئامانجی ئەوەیە کوڕەکەی واز لەو کارەبهێنێت، نەك کەسایەتی لە کەدار بکات و ململانێی لەگەڵدا بکات.

- زۆرێك لە منداڵان ئەم کارە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، بەڵام زۆربەیان کاتێك گەورەدەبن بەبێ کێشە تێی دەپەڕێنن، بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر داهاتوویان هەبێت، ئەگەرچی باشتروایە چاودێری بکرێن لە لایەن دایك و باوکیانەوە تا ئەم کردارە ئەنجام نەدەن، بێگومان ئەگەری بەردەوام بوونی ئەم ڕەفتارە لەئارادایە ئەگەربێت و چارەسەر نەکرێت، لەوانەشە سەربکێشێت بۆ لادانی جنسی ناسراو بە نێربازی.

لێرادە پێم باشە ئاماژە بە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بکەم کە ڕێنمایمان دەکات بۆئەوەی دەرفەت نەڕەخسێنین منداڵەکانمان توشی ئەم جۆرە مەترسیانە بن وەکو دەفەرموێت: (فرقوا بينهم في المضاجع)، واتە: (جیایان بکەنەوە لەجێگای خەوتندا)، لەم فەرمودە پیرۆزەوە ئەو وانەیە فێردەبین کە دەرەفەت نەڕەخسێنین منداڵەکانمان توشی تاوانێك بن کە لەگەڵ ئاکاری موسڵماندا ناگونجێت.

## پرسیاری دەیەم

کچەکەم تەمەنی (٨) ساڵە، پرسیاری لێکردم دەربارەی پەردەی کچێنی، منیش نەمزانی ئایا باشوایە وەڵامی بدەمەوە یـ

فەرامۆشیبکەم؟ یاخود هێشتا زووە بۆ باسکردنی ئەو جۆرە بابەتانە، چۆن ڕونکردنەوەی پێبدەم لەمبارەیەوە؟ چاوەڕێی وەڵامتانم خودا پاداشتان بداتەوە؟

## وەڵام

ئەم پرسیارە ئاماژەیە بۆئەوەی کە گەشەی منداڵ و زانیاریەکانیان خێرتر و زیاترە لەوەی دایك و باوك پێش بینی دەکەن، لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە پێویستە چاودێری گەشەی منداڵەکانمان بکەین و ئەو زانیاریانەشیان پێ بدەین کە بۆ ژیانیان سوودی دەبێت.

ئەم منداڵە ئەگەرچی تەمەنی کەمە، بەڵام هەندێ شتی بیستووە سەبارەت بە شیکاری ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ دایك تا لەو ڕێگایەوە قسە بۆ کچەکەی بکات، وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.

ئەگەربێت و دایکەکە وەڵامی نەداتەوەو فەرامۆشی بکات، ئەو کات منداڵەکە پەنادەباتە بەر سەرچاوەی تر تا زانیاری لێوەربگرێت، بەمەش لە دایکی دووردەکەوێتەوەو دەرفەتەکەش لەدەست دەچێت.

زۆر ئاساییە دایك وێنەیەکی شیکاری بۆئەندامەکانی لەش بکات، لە ڕێی وێنەکەوە بۆی ڕوون بکاتەوە، بەڕێزو کراوەییەکی ژیرانە ئەم کارە ئەنجام بدات، ئیتر ئەمە پەیوەستی کچەکە بە دایکەکەوە زیاتر دەکات.

دایك دەتوانێت هاوکات شانبەشانی ڕوونکردنەوەکە، کچەکەی فێری هەندێ دەستەواژەی ئایینی و ئەخلاقی بکات، کە لەگەڵ بابەتەکەدا یەك دەگرێتەوە، ئەوەشمان لە بیرنەچێت ئەمە کاتێکی گونجاوە بۆباسکردنی

سوڕی مانگانە، کە پێویستە کچەکەی بۆ ئامادەبکرێت، بێگومان کچەی لە قۆناغەکانی داهاتوودا کاتێك گەورەدەبێت پێویستی بە زانیاری زیاترو زۆرتر هەیە.

## پرسیاری یازدەهەم

من چوار مندالم هەیە، سیانیان کوڕن و یەکێکیان کچە، تێبینیم کردووە کوڕە بچووکەکەم - تەمەنی دە ساڵە- زۆر حەزی بە سەیرکردنی لەشی ڕووتە، هەر کە دەزانێت یەکێکمان دەچێت بۆ خۆشۆرین ئەویش لە کونی قاپی حەمامەکەوە تەماشای دەکات، لەمەشدا جیاوازی لەنێوان نێرومێدا ناکات، چەند جارێك بەو جۆرە بینیومەو ئاگاداریشم کردۆتەوە، بەڵام بێ سوودبووە، چی بکەم باشە؟

## وەڵام

بێگومان مندالّ لەم تەمەنەدا دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان حەزی تەماشاکردن و کاری نەشیاودا، لە ڕاستیدا ڕەفتاری دووەم لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناپەسەندە.

پێویستە لەسەر دایك و باوك -باشتروایە باوك بێت- چاودێری ئەم منداڵە بکەن ئامۆژگاری بکەن، بۆی ڕوون بکەنەوە کە ئەم ڕەفتارە ناپەسەندە، کارێکی خراپە و دەبێت دوورکەوێتەوە لێی، بەڵام بە بێ بەکارهێنانی توندوتیژی و لێدان، بەڵکو بە شێوازێکی هێمنانەو ڕێنمایی تەندروست.

دەبێت دایك و باوك ئەو ڕاستیە بزانن، کە ڕەفتاری مندالّ بەشێوەیەکی گشتی لەناو یەك خێزاندا تەندروستە، بە کەمی ڕوودەدات مامەڵەبان

لەگەڵ یەکتریدا نەشیاوبێت، بەڵکو هۆکاری پەیوەست بوونی بەکاری جنسیەوە دەگەڕێتەوە بۆ کاری جنسی یان وروژاندنی جنسی، یان تەماشاکردنی کەسانی دی، بۆیە من ئامۆژگاریم ئەوەیە باوکەکە کاتێکی زیاتر لەگەڵ کوڕەکەیدا بەسەربەرێت، بۆئەوەی زیاتر بیناسێت و گوێی لێبگرێت، پاشان ئامۆژگاری بکات، لەلایەکی ترەوە زۆر ئاسانە دەتوانیت کونی دەرگای حەمامەکە بگریت و چاودێریشی بکەیت تا ئەو کارە نەکات.

## پرسیاری دوازدەهەم

من دایکی کوڕێکی ١٥ ساڵ و کچێکی ١٠ ساڵم، زۆر یەکتریان خۆشدەوێت و تێگەیشتن لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە بەنهێنی زۆر ماچی یەکتری دەکەن، یەکتری لە باوەش دەگرن، نایانەوێت ئەمە لای من بدرکێنن، بەڵام من تێبینی ئەو حاڵەتەم کردووە، کاتێک لەمبارەیەوە بە هێمنی قسەم لەگەڵیاندا کرد کوڕەکە گومانی وابوو کە خۆشم ناوێت، حەزناکەم خوشکەکەی بەو شێوەیە خۆشبوێت، لەپاش ئەمە ئەوان بەپێچەوانەوە زیاتر لە یەکتر نزیک بووەنەوە، تا کارگەیشتە ئەوەی هەردووکیان لەژێر یەک جێگادا دەخەون و باوەش لەیەکتری دەدەن ئینجا دەخەون، بەردەوامیش کچەکە بەجلی ژێرەوە لەبەردەمیدا دادەنیشێت، فەرمانی ئەو بەجێ دەهێنێت، ئایا من توندوتیژ بم لەگەڵیاندا یان بەوجۆرە وازیان لێ بهێنم؟

## وەڵام

نەخێر، خوشکی بەڕێز بەو جۆرە وازیان لێ مەهێنە، لە هەمان کاتدا بابەتەکە توندتیژیش هەڵناگرێت، بەڵکو پێویستی بە پەروەردەو چاودێری و ڕێنمایی تەندروست هەیە.

منداڵ کە دێتە دونیاوە وەکو کاغەزێکی سپی وایە، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) ئاماژەی بەمە کردووە، وەکو دەفەرموێت :(کل مولود یولد علی الفطرة) واتە: هەموو لەدایك بوویەك لەسەر فیترەتی چاکی لەدایك دەبێت)، هەرچی ئەرك و بەرپرسیارێتی دایك و باوکە ئەوەبریتییە لەپەروەردەکردن و ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردن.

هەریەك لەو کچ و کوڕە پێویستیان بەچاودێری و سۆزی زیاترە بۆئەوەی یارمەتیدەریان بێت بۆ جیابوونەوەی لەیەکتری، زۆر پێویستە جەستەیان لەیەك جیابکرێتەوە دووربخرێنەوە لەیەکدی، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندی خێزانی و خوشك و برایەتیان بەردەوام بێت.

لەڕاستیدا هەندێك کاروکردار هەیە بەهیچ جۆرێك سازش و لێبوردنی تێدانیەو پێویستە ئێمەی گەورەکان فەرامۆشی نەکەین بەزووترین کات چارەسەری بکەین و دوای نەخەین، ئەگەرنا سەرەنجامی خراپ دەبێت، هەروەها دایك و باوك دەبێت سوور بن لەسەر ئەوەی ئەم کارانە نەکرێت:

خەوتن لەسەر یەك جێگا

لەباوەشکردن و ماچکردن بەوشێوەیە.

دانیشتنی کچەکە لەبەردەم براکەیدا بەجلی ژێرەوە.

دایك باوك _ بەلای کەمەوە _ دەبێت هەندێك ڕێساو پەیڕەوی ئەخلاقی و ئاکاری بۆ منداڵەکانیان دابنێن تا لەناو خێزاندا منداڵ پیادەی بکات، هەروەها پێویستە لەسەر منداڵیش پەیوەستی هەبێت بەو بنەمایانەوە ئەگەر بەلاشیانەوە خۆشنەبێت چونکە ئەو ڕێسایانە بەردی بناغەی پەروەردەی تەندروست و ئاکاری پەسەندن، ئەگەرچی منداڵ لەوانەیە

بەهەموو ڕێساکانەوە پەیوەست نەبێت بەڵام لەقۆناغەکانی تری ژیانیاندا کاتێک گەورەدەبن هەست دەکەن ئەو بنەمایانە چەندە پێویستە بۆ ژیانیان.

کوڕەکەش دەبێت ئەو ڕاستیە بزانێت کە ئەو لێپرسراو بەرپەس نییە لە پەروەردەکردن و ڕێنمایی کردنی خوشکە بچووکەکەی، بەڵکو دایك و باوك بەرپرسی سەرەکی ئەو کارەن، قسەی ئەوان بەهەند وەردەگیرێت نەك فەرمانی کوڕەکە.

لێرادە پێویستە دایکەکە زیاتر نزیك بێتەوە لەکچەکەی، هەندێك کاری هاوبەش ئەنجام بدەن، بۆئەوەی قەرەبووی ئەو چاودێری و سۆزو خۆشەویستیەی بۆ بکاتەوە، کە لە لایەن براکەیەوە پێیدراوە، هەروەها باوکەکەش زیاتر لە کوڕەکەی نزیك ببێتەوە، چونکە ئەویش پێویستی بەسۆزو خۆشەویستی و ڕێزگرتن هەیە، باش وایە دایك و باوك هەریەك لەکچ و کوڕەکە هانبدەن بۆ ئەو کارو ئارەزوانەی لەگەڵ تەمەنیاندا دەگونجێت.

## پرسیاری سیازدەهەم

کوڕەکەم تەمەنی (٦) ساڵە، جێگایەکی چۆڵی گەورە لە خوارووی ماڵمانەوە هەیە، لەوێدا لەگەڵ منداڵی تردا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك یاری دەکەن، ئەمە بۆمن مایەی خۆشحاڵیە، چونکە فێری چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن دەبێت لەگەڵ دەوروبەریدا، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە بۆمن ئەوەیە، بیستوومە دەڵێن منداڵ لەو تەمەنەدا توشی هەندێك ڕوداو دێت، وەکو دەست بۆبردن و فڕاندن و دەست درێژی

کردنە سەریان، هیچ شتێکم لای منداڵەکەم نەدرکاندووە، بەڵام ئەم گومانانە بەردەوام بە خەیاڵمدا دێت، دەشزانم کوڕەکەم پارێزگاری لەخۆی دەکات، نایەڵێت کەس سەیری عەورەتی بکات، لە هەمان کاتیشدا زۆر هۆگری هاوڕێکانی بووە، پێی خۆشە هەموو شتێکی تازە تاقی بکاتەوە، چاوەڕێی ئامۆژگاری بەڕێزتانم؟

## وەڵام

سوپاسی ئەم خوشکە دەکەم لەسەر مامەڵە تەندروستەکەی لەتەک قۆناغەکانی گەشەی کوڕەکە، سووربوونی لەسەرئەوەی منداڵەکەی شارەزایی پەیدابکات لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەورووبەرەکەیدا.

بێگومان ئەوەی لای ئەم دایکە گەڵاڵە بووە، نیگەرانی بۆ دروست کردووە نەکا منداڵەکەی توشی ئازارو دەست بۆبردن ببێتەوە، زۆر دایك و باوك ئەمەیان لەلا گەڵاڵە دەبێت، بەڵام ئەم نیگەرانیە ئاساییە، هانمان دەدات ئاگاداری منداڵەکانمان بین و فەرامۆشیان نەکەین، چونکە فەرامۆشکردن سەرەنجامی خراپەو لەوانەیە شوێنەواری خراپ لەسەر ژیانی منداڵەکانمان بەجێبهێڵێت.

ئاساییە منداڵ هۆگربێت بە منداڵی ترو یاریکردن لەگەڵیاندا، بەڵام باش وایە دایکان منداڵەکانیان فێری نەریت و ئادابی داپۆشینی عەورەت بکەن، لەگەڵ چەند کارێکی تر لەوانە:

- پێویستە لەم تەمەندا هاوڕێی منداڵەکەت بناسی یان بانگیان بکەیت لەبەر دەرگای حەوشە، یاخود ئەگەر گونجا لەماڵەوە یاری بکەن.

- باش وایە دیارنەمانی منداڵ لەماڵەوە ماوەیەکی زۆر نەخایەنێت، یاخود لەنێوان چارەکێك بۆ نیوکاتژمێردا سەرێکیان لێبدرێت، چونکە منداڵ کاتێ بەیەکەوە دەبن کرداری نەخوازراو ئەنجام دەدەن، ئەمەش ئەو جۆرە کارانەیە کە تووشی مەترسیان دەکات.

- ئامۆژگاری منداڵ بکرێت لەگەڵ خەڵکی نەناسراو بێگانەدا قسەنەکات، ئەگەر هاتوو هەستیان بە نائارامیەك کرد با یەکسەر بگەڕێنەوە بۆماڵەوەو بەکەس و کاریان ڕابگەیەنن.

- ئاساییە منداڵ هۆشیاربکرێتەوە لە هەندێك لەو مەترسیانەی ئەگەری هەیە توشی ببن، ئەگەر ئاگاداری خۆیان نەبن، بەلام زیادەڕەوی نەکرێت تا تووشی دڵەڕاکێ نەبن بەجۆرێك نەوێرن لەماڵەوە دەرچن و یاری لەگەڵ منداڵدا نەکەن.

- هەلومەرجێکی باش بڕەخسێت بۆ هاندانی منداڵ بۆ قسەوباس و گفتوگۆی کراوە لە ناو خێزاندا، باوك و دایك بەباشی گوێ لە منداڵەکانیان بگرن، بەتایبەت کاتێ منداڵ دەیەوێت ڕووداوێك بگێڕێتەوە کەبەسەریدا هاتووە، هەروەها منداڵ بە جۆرێك پەروەردەبکرێت جورئەتی قسەکردنی هەبێت، هەرچەند ڕووداوەکەی بەسەریدا هاتبوو خراپ بوو.

- پێویستە جۆرە یارییەك بۆ منداڵەکانمان بکڕین شیاوبێت لەگەڵ تەمەنیاندا، وەکو تۆپ و تێنس هتد، هەروەها یارمەتیان بدەین کاتەکانیان بەیاری بەسوود بەسەربەرن، تا هەست بەبێزاری و وەڕەسی نەکەن، بەجۆرێك یاری مەترسیدارو خراپ دابهێنن و سەربکێشێت بۆ ڕەفتاری ناپەسەند.

## پرسیاری چواردەهەم

کوڕەکەم تەمەنی (٥)ساڵە، خوویەکی زۆر خراپی هەیە، کاتێک دەچین بۆ بازاڕی جل وبەرگ و مانیکان -پەیکەری نمایشی جل وبەرگ- دەبینێت، بەپەلە دەڕوات جلی بەشی خوارەوەی دادەماڵێنێ و تەماشای دەکات، کەپرسیاری لێدەکەم بۆ ئەو کارەدەکات؟ دەڵێت: دەمەوێت بزانم ئەویش وەکو ئێمەوایە.

ئەم بابەتە لەوانەیە کەمێك پێکەنیناوەی بێت، بەڵام بۆ من و باوکی زۆر مایەی شەرمەزاریە، لەبەر ئەو توانجانەی لەلایەن فرۆشیارەکانەوە ئاراستەمان دەکرێت، نازانین چۆن ئەم خووەی واز پێ لێ بێنین، ئێمە دەمانەوێت بە پەروەردەیەکی ئایینی گەورەی بکەین.

## وەڵام

ئەم بابەتە پێکەنیناوی نییە، بەڵکو دەتوانین وەکو کێشەیەکی کرداری بۆی بڕوانین، لێی تێ بگەین، سەرەڕای ئەمەش دەبێتە مایەی شەرمەزاری لەبەردەم خەڵکیدا.

پێشەکی ئاساییە منداڵ لەم تەمەندا ئارەزوی ناسینی هەندێ شتی هەبێت، بەتایبەت لەشی مرۆڤ و جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرومێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە ئیتر وازی لێ بهێنین، بەردەوام ئەم کارە نەشیاوە بکات، پاشان ئەم منداڵە هێشتا تەمەنێکی کەمی هەیە، باوك و دایکی دەتوانن ئەم ڕەفتارەی ڕاست بکەنەوە، نەڵێن ئیتر خووی بەم کردارەوە گرتووە، چارەسەر ناکرێت و ناتوانین بیگۆڕین.

دەبێت بە منداڵەکە بوترێت کارەکەی ناپەسەندە، کەس بۆی نییە بەو جۆرە دەست لەو مانیکانانە بدات، لەبەرئەوەی تەنها بۆ نمایشی جلو

بەرگە، هەروەها پێی بوترێت نابێت ئەو جلو بەرگانە بەو شێوەیە لابېرێت، چونکە پێویستە لەسەر خەڵکی عەورەتیان دابپۆشن، بە تایبەت بەشی خوارەوەی لەش کەس بۆی نییە سەیری بکات.

ئاساییە ئەم منداڵە هەڕەشەی ئەوەی لێبکرێت ئەگەر واز لەم کارە نەهێنێت، ئەوە بێ بەش دەبێت لە چوونە بازاڕ، بەتایبەت بۆ دوکانی جلوبەرگ، شایانی باسە لەم تەمەنەدا بەئاسانی دەتوانین ڕەفتارەکانی منداڵ بگۆڕین، وازی پێ لێ بێنین لە هەرکارێك کە دەمانەوێت.

دەبێت دایکی منداڵەکە ئەو هەستەی لادروست بکات کە ڕێگای پێ نادات ئەم کارە بکات، هەروەها لەگەڵ خۆشیدا نایهێنێت بۆ بازاڕ ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر ڕەفتارەکەی، ئەگەر منداڵەکە هەر بەردەوام بوو، با زۆر زۆر ئاساییە ڕێگری لێبکرێت ئەگەر لەبەرچاوی خەڵکیش بێت، بەڕوونی و ڕاشکاوی پێی بڵێت کە نایەڵێت ئەو کارەبکات.

کەوابێ حەزی ناسینی شتەکانی دەوروبەر ئاساییە، بەڵام پێویستە نەبێتە هۆی ئەنجامدانی کاری نەشیاو، هەروەها دایك و باوك دەتوانن سوود لەم دەرفەتە وەربگرن، تا نەوەکانیان پەروەردەبکەن، فێری داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیان بکەن، لەهەمان کاتدا ڕێنماییان بکەین بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپە، هەندێك چەمکی جنسیان بۆ ڕوون بکەینەوە، وەکو عەورەت و جیاوازی نێوان نێرومێ و منداڵ و گەورە.

## پرسیاری پازدەهەم

کوڕەکەم تەمەنی (٤) ساڵە، تێبینیم کردووە لەکاتی گاڵتەکردن لەگەڵ خوشکەکانی و منداڵی تریشدا، بەردەوام لێدانێکی هەیە بەدەست لە

بەشی دواوەیان، هەرکە ڕێگری لێدەکەم ئەو زیاتر سوردەبێت لەسەر ئەم ڕەفتارەی، ئایا نیگەرانی من لەجێی خۆیدایە، یان ئەمە خوویەکی ڕاگوزەرەو بەڕۆیشتنی کات کۆتایی پێدێت.

## وەڵام

خوشکی هێژا دڵنیابە ئەم ڕەفتارەی کوڕەکەت لەم تەمەندا هەڵگری مانایەکی جنسی نییە، وەکو ئێمە لامان وایە، بەڵام ئەمە واتای ئەوەش نییە واز لە منداڵەکانمان بێنین بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەت بکەن، نەخێر بەڵکو پێویستە لەسەر ئێمە فێری ئاکارو ڕەوشتە بەرزو باشەکانیان بکەین.

کوڕەکەت بۆی ڕوون بۆتەوە لەڕێی ئەو ڕەفتارەوە سەرەنجی تۆ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، بەڵگەش بۆئەمە هەر کەتۆ ڕێگریت لێکردووە ئەو زیاتر بەردەوام بووە لەسەر ڕەفتارەکەی.

دەتوانیت سود لەم خاڵانە خوارەوە وەربگریت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو ڕێگری کردنی:

- دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکە، کە لێدان و دەست بەرزکردنەوەی هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا کاری نەشیاوەو نابێت بکرێت، بە بۆچوونی من لێدانەکەی بۆ دواوەی خوشکەکانی ئەو لێدانە نییە کە لەناو خێزاندا قەدەغەیە، بەڵکو دەست لێدانێکی گاڵتەئامێزە.
- کاتێك ئەو ڕەفتارە دەکات ئاگاداری مەکەرەوەو هۆشداریشی مەدەرێ، بەچەشنێك هەڵسوکەوت بکە کە هیچ شتێك ڕووی نەداوە،

منداڵەکە لە سەرەتادا لەوانەیە زیادەڕەوی بکات، چونکە پێی سەیر
ڕێگری نەکەیت و ئاگاداری نەکەیتەوە.

– بەڵێ، بە منداڵەکەت بڵێ کە نابێت بەو جۆرە دەست بدا
پاشی خوشکەکانی، یان هەر کەسێکی تر، بەڵام لەو کاتەدا پێی مەڵێ
ئەم ڕەفتارە ئەنجام دەدات، بەڵکو کاتێك پێی بڵێ کە بە تـ
هەردووکتان بن، چونکە قسەکردنی تۆ لەگەڵیدا لەبەردەم خوشکەکا
لەوانەیە وەکو کاردانەوەیەك بەقسەت نەکات، تاوەکو بوونی خـ
بسەلمێنێت لەبەرچاوی ئەوان، هەروەها دەبێت بەهێمنی و لەسەرخ
دوور لەتوڕەیی و هەڵچوون قسەی لەگەڵ بکەیت.

– هەوڵبدە ئەو کاتانەی منداڵەکەت کارێکی باش و شیاو ئەنج
دەدات، بایەخی پێبدەو هانی بدە بۆئەو جۆرە کارانە، بیرت نەچێت پێ
بڵێ: ئافەرین من بەم کارەی تۆ شادومان و ئاسودەم.

**پرسیاری شازدەهەم**

کچێکی (١٣) ساڵم هەیە، زیاتر لە جارێك بینیومە خووی نهێنی
(عادە السریە) ئەنجام دەدات، هەندێك جار لە کتوپڕدا خۆم دەکەم ب
ژوورەکەیدا دەبینم ڕووتە، لەبەردەم ئاوێنەکە جەستەی خۆی نمایش
دەکات، من خۆم وا دەرناخەم بەو کارەی ئەوم زانیوە، بەڵکو خۆم وا
لێدەکەم کەئەو خۆی دەگۆڕێت، ئەویش خۆی وا نیشاندات کەخۆی
دەگۆڕێت، لەبەرئەوەش لەڕوویم نەداوە چونکە زۆر شەرمنە، حەزناکات
گوێ بیستی ووشەگەلێك بێت کەمایەی شەرمەزارییە، مامەڵەی
تەندروست بۆ ئەم حاڵەتە چییە؟

## وەڵام

ئاساییە لەم تەمەنەدا کچ هەوڵبدات جەستەی خۆی بناسێ، مەرج نییە هەرکە بەتەنها لە ژوورەکەیدا نمایشی لەش و لاری بکات، ئەگەر ئەو بیەوێت ئەوکارە بکات دەتوانێت لە جێگاو شوێنی تریش ئەنجامی بدات، دایك و باوك دەبێت تێ بگەن، ئەو ڕاستیە بزانن پێویستە ڕێگا بە هەموو ئەندامانی خێزانەکە بدرێت کە تەنهابن لەژووری خۆیاندا، هیچ کەس نابێت بەبێ مۆڵەت بچێتە ژووری یەکێکی ترەوە، دەبێت هەموانیش ڕێز لەم نەریتە بگرن، هەروەها نابێت دایك لە کتوپڕدا خۆی بکات بە ژووری کچەکەیدا، بەڵکو پێویستە لە دەرگا بدات یان مۆڵەتی چوونەژوورەوە بخوازێت، هەر بەو جۆرەی قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات کەلەسورەتی (النور) ئاماژەی پێکراوە،

فێری چەند داب و نەریتێکی کۆمەلایەتی بەرزدەبین لەم سورەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ (٢٧)، واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان، هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگادارببن (وەکو زەنگ لێدان یان لەدەرگادان) پاشان کە مۆڵەتدران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە، ئەوە چاکترە بۆتان بەوشێوەیە ڕەفتار بکەن، هەوڵ بدەن لەیادتان بێت، ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن (کاتی لەبارو گونجاو هەڵبژێرن بۆ سەردانەکانتان، بۆئەوی میوان و خاوەن ماڵ دڵیان بەیەك بکرێتەوە).

پێویستە دایکەکە زیاتر نزیک بێتەوە لە کچەکەی، بواری قسەوگفتوگۆی بۆ بڕەخسێنێت لەبارەی ئەو بابەتانەی کە بۆ ئەم تەمەن و قۆناغە گرنگە، لەوانەش گەشەی جەستەیی و جنسی، بە تایبەت ئەم کچە چونکە بەگوتەی دایکی زۆر شەرمنە.

دایک دەبێت بیر لەوە بکاتەوە، شێوازێکی گونجاو بەکاربێنێت بۆ باسکردنی ئەم بابەتە، لەبەرئەوەی هەندێ لە هەرزەکاران شەرم دەکەن کاتێ گوێ بیستی ئەو بابەتانە دەبن.

دایکی بەڕێز دڵنیابە لە پرسیارەکەتدا مەترسیەک و نیگەرانیەک بۆ کچەکەت لەئارادانییە، زیاتر نزیک بەرەوە لە کچەکەت تا باشتر بیناسیت، بواریش بەو بدە تا زیاتر تۆ بناسێت، تکام وایە ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی بگریت، لەم قۆناغەی هەستیارەی ژیانیدا هاودەمی بیت، هەروەها ئامۆژکاری دایکی بەڕێز دەکەم کە کتێبێک یان بەشێکی کتێبێک لەسەر ژیانی هەرزەکاران بخوێنێتەوە، خوا یارمەتیدەرمان بێت.

## پرسیاری حەڤدەهەم

من مامۆستای باخچەی ساوایانم، سەرپەرشتی منداڵەکان دەکەم لە شەمەندەفەری تایبەتی باخچەکەدا، تێ بینیم کردووە یەکێک لە منداڵەکان کەکوڕە لەنێو کوڕەکاندا دانانیشێت، لە ناوەڕاستی کچەکان دادەنیشێت، گوێم لێ بوو بە یەکێکیانی دەوت: من براوخۆشەویستی تۆم، تۆم لەهەموو کەس زیاتر خۆشدەوێت، ئازیزەکەم چەندم خۆشدەوێیت! زیاتر لەجارێک بینیومە هەندێکیان ماچدەکات، ئەگەر بمانەوێت لەکچەکان دووری خەینەوە هاواردەکات، نایەڵێت جیای

بکەینەوە لەوان، چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین؟

**وەڵام**

هیچ سەیرنییە ئەم منداڵە بەو شێوەیە ڕەفتار بکات، لە بەرامبەر ئەو دیمانانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پیشان دەدرێت، بێگومان ئەم منداڵەش هەوڵدەدات لاسایی ئەو دیمەنانە بکاتەوە کە دەیان بینێ و دەیان بیستێ، ئێمەش دەبێت ئەم دەرفەتە بەهەلبزانین بۆئەوەی فێری داب و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تەندروستیان بکەین.

تکام وایە بەو جۆرە بڕوانین بۆ منداڵەکە کە پێویستی بەیارمەتی و تێ گەیاندن هەیە، نەك سزاو سەرزەنشتکردن، چونکە مامەڵەی ناتەندروست دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوکارە زیاتر ئەنجام بدات کاتێ چاوی ئێمەی لێ دیارنەبێت.

باش وایە چاودێری ڕەفتاری ئەم منداڵە بکرێت، نەك هەر لەناو پاسەکەدا چونکە لەوانەیە لە باخچەو لەماڵەوەش ئەم کردارە دووبارە بکاتەوە، چارەسەری تەندروست بۆ ئەم کێشەیە ناچارمان دەکات چاوبخشێنینەوە بەم شوێنانەشەدا، لەهەمان کاتدا پێم باشە مامۆستای سەرپەرشتیاری ناو پاسەکەو مامۆستای بەرپرس لەفێرکردنی منداڵەکە لەباخچەکەدا لەم بارەیەو گفتوگۆ بکەن.

ئەگەر بەمەش کێشەکە چارەسەر نەبوو ئەوا دەتوانیت سود لەم خاڵانەی خوارەوە وەربگریت:

- پێویستە هەموو منداڵەکان فێری هەندێ شت بکرێن، لەوانە خووڕەوشتیان چۆن بێت لەناو پاسەکەدا، وەکو یاریکردن و دانیشتن و

هتد، ئەم فێرکردنە گشتگیربێت، بۆ هەموو منداڵەکان ڕوون بکرێتەوە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بەماف و سەلامەتی و حەسانەوەی کەسانی ترەوە هەیە تا مافیان پێشێل نەکەین.

- نابێت لەبەرچاوی منداڵەکانی تری هەڕەشەی لێ بکرێت تا واز لەم ڕەفتارە بهێنێت، چونکە لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی زیاتر سووربوونی لەسەر ڕەفتارەکەی، بەتایبەت کە بەو ڕەفتارەی زۆرجار بۆتە جێی سەرەنجی ئەوانی دی.

- مامۆستا دەتوانێت منداڵەکە سەرپشک بکات لەگەڵ یەک کەسدا دابنیشێت کە خۆی پێی خۆشە، یان مامۆستا لە تەنیشت خۆی دایبنیشێنێت بۆ ماوەیەک و تێی بگەیەنێت ئەو ڕەفتارەی باش نییە، نابێت بەو جۆرە ڕەفتاربکات، هەروەها با منداڵەکە هەست بەوە بکات کە مامۆستا سورە لەسەر جێ بەجێکردنی بڕیارەکەی.

- ئەگەر منداڵەکە بە شێوازێکی گونجاو دانیشت، پێویستە هانبدرێت و ئافەرینی بکرێت کە کردارێکی باشی کردووە، لێرەدا ئاگایی ئەوەی دەدەینێ کە ڕەوشتێکی شیاوی ئەنجامداوە.

- دەتوانرێت _ وەکو هەوڵی کۆتایی_ منداڵەکە سەرپشک بکرێت، لە نێوان دانیشتنی گونجاو لەناو پاسەکەدا، یان بێ بەشکردنی لە سەرکەوتنی پاسەکە بۆماوەی چەند ڕۆژێک، بەڵام ئەمە کاتێک دەکرێت کە قسە لەگەڵ دایک و باوکیدا بکرێت، ئەگەر ئەم هەڕەشەیەی لێکرا، پێویستە توانای جێبەجێکردنمان هەبێت، چونکە زۆر خراپە فەرمانێک دەربکەین، توانای جێ بەجێکردنیمان نەبێت.

- هەموو ئەم هەنگاوانە تایبەت بوو بە ناو پاسەکە، بەلاّم لەوانەیە شوێنی سەرەکی چارەسەرکردن دەرەوەی پاسەکەبێت، وەکو باخچەکە یان ماڵەوە، ناو پاسەکە لەوانەیە وەکو تەختەی شانۆگەری بێت بۆ جێ بەجێکردنی هەرکارێك لە دەرەوە فێری دەبێت.

## پرسیاری هەژدەهەم

دوومنداڵم هەیە یەکێکیان ٦ ساڵە ئەوی دیش ٢ ساڵە، نیگەرانیەکەم سەبارەت بە منداڵی دووەمە، کاتێك براکەی دەچێتە حەمامەوە بۆ خۆشۆرین، ئەویش دەچێت بۆ لای و هەندێ جاریش دەیەوێت دەست لە عەورەتی بدات، گەورەکەیان دەزانێت ئەمە کارێکی نەشیاوەو هەڕەشە لەبچووکەکە دەکات، هەروەها منیش نایەڵم لەگەڵ براکەیدا بچێتە حەمامەکەوە، بەلاّم ئەو دەگرێت و دەیەوێت لەگەڵیدا بچێتەوە بانووەکەوە، چونکە حەزدەکات بە ئاوەکە یاری لەگەڵدا بکات، ئایا ڕێی پێبدەم ئەم کارە بکات؟

## وەلاّم

ئاساییە منداڵە بچووکەکەت هەوڵبدات هەر ڕەفتاروکارێك بکات، بەلاّم ئەو ئێستا لە تەمەنێکدایە ئەو سنورو بنەمایانە وەردەگرێت کە گەورەکان بۆی دادەڕێژن، بەتایبەت دایك و باوك، ئەگەرچی ئەم هەوڵەی ئەو ئاماژەیە بۆ گەشەی سروشتی خۆی، بەلاّم پێویستە لەسەر تۆ چاودێری بکەیت و ڕێنمایی بکەیت بۆ ڕەوشتی پەسەندو شیاو، هەروەها ئەمە دەرفەتێکە تافێری ئاکاری باشی بکەیت، ئەگەر هەوڵیدا لەگەڵ براکەیدا بچێتە حەمامەوە دەبێت ڕێگری بکەیت، بەلاّم بەهێمنی و نەرم و نیانی،

بێ هەڕەشەو توندوتیژی، بەڕوون و ئاشکرا پێی بڵێ کە ڕێگە بەهیچ کەسێك نادرێت لەگەڵ کەسێکی تردا بچێتە حەمامەوە، ئەگەر منداڵی بچووك لەگەڵ دایکیدا، ئەویش بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەخۆشۆریندا، داواکارم ئەگەر ئامۆژگارییەکانی قبوڵکرد زیاتر بەرچاو ڕوونی بکەیت.

باش وایە ئەو ئارەزووەی بەجێ بێنیت تا یاری بەئاو بکات، چونکە منداڵ حەزی بەو جۆرە یارییانەیە، دەتوانیت ڕێگایان پێبدەیت هەردوکیان یاری بکەن لەبانوەکەدا، ماوەیەك پێش خۆشۆرین، بە مەرجێك جلیان لەبەردابێت، یان لەگەڵ باوکیدا بینێریت بۆ مەلەوانگە یان بۆ ڕووبارو چەم.

## پرسیاری نۆزدەهەم

**کوڕەکەم تەمەنی ٣ ساڵە حەزدەکات لەگەڵ مندا خۆی بشۆرێت، هەر کە نایەڵم دەست دەکات بە گریان، ئایا دەبێت لەگەڵ باوکیدا خۆی بشوات یان بە تەنها خۆی بشوات؟**

## وەڵام

لەڕاستیدا منداڵ دەبێت وافێربکرێت کە بە تەنها خۆی بشوات، پێویست ناکات لەگەڵ دایکی یان باوکیدا خۆی بشوات، بەڵکو دایك و باوك یەکێکیان دەبێت منداڵەکە بشۆن، ٣ساڵیش تەمەنێکی گونجاوە بۆ فێرکردنی بنەماکانی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، پەروەردەکردنی لەسەر ئەو بنەمایانە لەم قۆناغەدا زۆر ئاسانترە لەوەی کە وازی لێ بێنی تاخوو بە شتێکی دیاریکراوەوە دەگرێت، چونکە ئەگەر گەورەتربێت ئاستەنگی زیاترمان دێتەڕێ لە پرۆسەی پەروەردەکردنیدا.

نزیکە پەیوەستی ئەم منداڵە بە خۆشۆرین لەگەڵ دایک و باوکیدا بگەڕێتەوە بۆ حەزی یاریکردن بە ئاو، وەکو لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەمان پێکرد، لەبەرئەمە باشوایە دایک دەرفەت بدات بە منداڵەکەی یاری بە ئاو بکات، بە تایبەت پێش خۆشۆرین.

## پرسیاری بیستەم

**تەنها یەك کوڕم هەیە تەمەنی ٣ ساڵە، پرسیارم لێدەکات لە کوێوە میزدەکەم؟ ئایا منیش وەکو ئەوم؟ مەبەستی کۆئەندامی زاوزێیە، منیش بە نەریّ وەڵامم داوەتەوە، بیرم لەوە کردۆتەوە پەیکەرێکی لەشی مرۆڤ بهێنم، بۆی ڕوون بکەمەوە، ئایا تەمەنی گونجاو بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەم؟**

## وەڵام

بێگومان منداڵ بە سروشتی ئاسایی خۆی ئارەزووی ناسینی شتەکانی دەوروبەری دەکات، بە تایبەت چۆنێتی منداڵ بوون، جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز، باش وایە کاتی ئەم پرسیارکردنە بکەین بە دەرفەتێك بۆ فێرکردنی منداڵەکانمان، زانیاری پێویستیان پێ بدەین دەربارەی لەشی مرۆڤ و پەروەردەی جنسی، دەبێت ئەم پرسیارە بەهەند وەربگیرێت و وەڵامی گونجاویشی بدرێتەوە، بە جۆرێك شیاوبێت لەگەڵ تەمەن و تێگەیشتنی منداڵەکەدا، وەڵامەکانیش دەبێت بە چەند قۆناغێکدا تێ بپەڕێت، هەر جارێك پرسیاردەکات وەڵامی دەدەینەوە هەندی شتی تریشی بۆ باسدەکەین، هەروەها دەتوانین لەڕێی جیهانی باڵندەو ئاژەڵەوە جیاوازی نێوان نێرومێی بۆ ڕوون بکەینەوە.

ئاساییە هەندێك وێنەی سادەی پیشانبدرێت، وەکو ئەو وێنانەی لە کتێبی زانست و ئینسکلۆپیدیای تەندروستی تایبەت بە منداڵدا هەیە.

## پرسیاری بیست ویەکەم

کوڕەکەم تەمەنی ٤ ساڵە، پەیوەندی لەگەڵ کوڕی خوشکەکەم زۆر بەهێزو خاوێنە، بەڵام هەندێکجار لە ژێر مێزی نانخواردنەکەدا خۆیان دەشارنەوەو جلەکانیان لەبەریاندا دادەنێن، سەیری عەورەتی یەکتری دەکەن، زۆر هەوڵمداوە لەگەڵیدا، بە ڕێگاو شێوازی جیاواز ڕێگریم لێکردووەو سزامداوە تا ئەو کارە نەکات، بەڵام پێدەچێت ئەم ڕەفتار لە هزریدا چەسپی بێت، هەرکە مێزەکەو کوڕە پورەکەی دەبینێ ئەو کارە ئەنجام دەدات.

## وەڵام

ئاساییە پەیوەندی بە هێزی هەبێت لەگەڵ پورزاکەیدا، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێت ڕێگریان لێ بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کارە نەکەن، هەروەها ئەوەشمان لە بیر نەچێت، لەم تەمەنەدا بایەخدانی منداڵ بە کۆئەندامی زاوزێ و دیمەنی منداڵی تر ئاساییەو قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەشەکردن، ناسینی لەشی مرۆڤ، هێنانەدی ئەم ناسینەش بە جۆرێك یان زیاتر لە جۆرێك دەبێت.

لێرادە دەمەوێت ئەوەتان بیربێنمەوە مەرج نییە ئەم ڕەفتارانە شوێنەواری خراپ و دوورماوە بەجێبهێڵێت، بەڵکو زۆربەی منداڵان کە گەشەدەکەن ئەم قۆناغە تێ دەپەڕێنن، ئەگەر دوای ماوەیەکیش بێت.

لەگەڵ ڕێزمدا بۆئەم دایکە، باسی ئەوە دەکات هەوڵیداوە ڕێگریان لێ

بکات بە ڕێگای جۆراوجۆر وەکو هاندان و سزادان، بەلام ئەگەر نەگەیشتیتە ئەنجامێکی ڕوون نابێت کۆڵبدەیت، چونکە هەڵە پێویستە چارەسەربکرێت تا دەگەیتە سەرەنجامێکی خوازراو، لەوانەیە منداڵەکە بە هیوای ئەوەبێت لەبەر زۆری ئاگادارکردنەوەکانی کەس وکاری پاش ماوەیەك بێزاردەبن و وازی لێ دێنن.

هەروەها دەتوانی سود لەم خالانەش وەرگری:

– قسەی یەکلاکەرەوە بەلام بێ توندوتیژی، بڕیاری یەکلاکەرەوە بە واتای بەکارهێنانی توندوتیژی نایەت، بەلکو بە قبولنەکردنی ئەم ڕەفتارە، پێداگری لەسەرنەوەی عەورەتی مرۆڤ بۆ ئەوەنییە کەسانی تر بۆی بڕوانن، ئەم پەیامە دەبێت بەڕوونی و ڕاشکاوی بگەیەنرێتە منداڵەکە لە لایەن کەس وکارییەوە.

– هەولبدرێت لە هەڵسوکەوتی نێوان ئەندامانی خێزانەکەدا ئەو خاڵەی باسمانکرد جێ بەجێ بکرێت، بە جۆرێك هەموویان ئەم کارە جێ بەجێبکەن، هیچ یەکێکیان عەورەتی ئەویتریان نەبینن، لە پێناو هێنانەدی ئەم پەیامەدا.

– ئەگەر دایکەکە هەستیکرد جارێکی ئەم کارەیان ئەنجامداوە، با بە هێمنی بانگیان بکات بۆ کارێکی تر وەکو: خواردن و خواردنەوە، یان یارمەتی دایکی لەکاری ماڵەوەدا، یان گێڕانەوەی چیرۆکێك.

– با هەردوو دایکەکە سەبارەت بەم بابەتە بە جیا قسە بۆ منداڵەکانیان بکەن، ئەمە باشترە لەوەی هەردووکیان بەیەکەوەبن و بەرەو ڕوویان ببیتەوە، چونکە ئەمە هانیان دەدات بۆ پیلانگێڕان تا بە نهێنی

ئەو کارە بکەن.

- هەندێ جار لەوانەیە بێزاری منداڵ پاڵنەربێت بۆ ئەم جۆرە کارانە، بۆیە باش وایە دایکەکە خەریکیان بکات بە هەندێ یاری بەسودەوە.

- ئەو خاڵانەی باسکرا لە ژینگەیەکی هێمن و ئارام ئەنجام بدرێت، نەك بەهات و هاوار و جنێودان و توندوتیژی.

## پرسیاری بیست و دوو

کوڕەکەم تەمەنی (٥) ساڵە، حەز دەکات بەردەوام دەستی لە بیجامەکەیدابێت، بۆ ئەوەی یاری بە کۆئەندامی زاوزێی بکات......چی بکەم باشە؟

## وەڵام

زۆر ئاساییە منداڵ لەم تەمەندا ئارەزوی دەست خستنە ناوجلی ژێرەوەی هەبێت، قورسە بۆ ئەو لەوە تێبگات بۆچی نابێت ئەوکارە بکات لە کاتێکدا ئەوە ئەندامێکی لەشی خۆیەتی، کەس و کاری بەلایانەوە ئاساییە کە دەستی دەبات بۆ لووتی یان بۆ گوێی، ئالێرەدا دەوری دایك و باوك ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆفێرکردنی منداڵ، دەبێت فێری بکەن کە لە لەشی مرۆڤدا هەندێ ئەندام داب ونەریتی کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەیە، هەروەها دایك دەبێت ئاماژە بۆ ئەندامەکانیش بکات، وەکو عەورەت کە نابێت دەستی بۆ ببرێت لەبەرچاوی خەڵکی، هەروەها تێی بگەیەنێت کە نابێت دەست بخاتە بیجامەکەیەوە لەبەرچاوی کەسانی تر، بەڵام لەحەمامدا دەتوانێت بەو جۆرەی دەیەوێت و ئارەزوی دەکات خۆی پاك

بکاتەوە، ئەم ئامۆژگاریانە لە کاتێکدا ئەنجام بدرێت کە دەستی لە بیجامەکەیدا نەبێت، هەروەها پێویستە دایک هەڵنەچێت، بەتوندی ئاگاداری نەکاتەوە، چونکە لەوانەیە ئەمە هاندەربێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئەم کردارە، تا جارێکی تر سەرەنجی دایکی بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

## پرسیاری بیست و سێهەم

دایە ئایا کوڕەکەم تەمەنی (٥) ساڵە، پرسیارم لێدەکات و دەڵێت: ئایا کۆئەندامی زاوزێی تۆش وەکو هی منە؟ منیش لە وەڵامدا ووتم: نەخێر، ئەویش وەڕس بوو ووتی: باشە چۆن چۆنی دەچیت بۆ سەرئاو و حەمام؟ چۆن وەڵامی بدەمەوە چونکە پێم وایە تێ ناگات.

## وەڵام

پرسیارکردنی منداڵ لەم تەمەنەدا سەبارەت بەم پرسیارە، پرسیارگەلی پەیوەست بە منداڵ بوون و سکپڕی شتێکی ئاساییە.

ئامۆژگاریم ئەوەیە کە دایک و باوك وەڵامدانەوەی پرسیاری منداڵەکانیان پشتگوێ نەخەن، لە ڕاستیدا ئەمە دەرفەتێکی باش و زێڕینە بۆ ئەوەی فێری هەندێ لایەنی ژیانی بکەین، باشوایە لە کاتی وەڵامدانەوەکەدا ڕەچاوی تەمەن و پلەی تێگەیشتن و وەرگرتنی بکرێت، هەروەها بە شێوازێکی سادە وەڵامی منداڵ بدرێتەوە، ئەگەر پاش ماوەیەك هەمان پرسیاری دووبارەکردەوە، ئەمجارەیان زانیاری زیاترو ڕونکردنەوەی باشتری پێبدە لەو بارەیەوە.

سەبارەت بەپرسیارەکەش ئاساییە با دایك وەڵامی منداڵەکەی بداتەوە،

بۆی ڕوون بکاتەوە کە چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان لەشی ئافرەت و پیاودا، جیاوازییەکەش ئەوەیە کۆئەندامی زاوزێی نێرینە درێژدەبێتەوە بۆ دەرەوەی لەش، بەلام کۆئەندامی زاوزێی مێینە لەناوەوەیە، بەلام هەردووکیان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك کاری خۆیان جێ بەجێدەکەن لەکاتی میزکردندا، بە بێ کەم و کوڕی، ئەگەر منداڵەکە بۆی ڕوون بۆوە هەموو کەسێك کۆئەندامی زاوزێی هەیە بەلام هەرکەسەو بە گوێرەی ڕەگەزەکەی جیاوازی هەیە، ئیتر ئەم منداڵە دڵەڕاوکێی نامێنێت سەبارەت بەم بابەتەو دەزانێت دایکیشی کۆئەندامی زاوزێی هەیە.

لەقۆناغێکی داهاتووتردا دەتوانی ئەوەی بۆشیبکەیتەوە، کە بۆچی کۆئەندامی مێینە لە ناوەوەیە، بێگومان ئەمەش پەیوەندی بەئەرکی دایکەوە هەیە کە دەبێت کۆرپەلە لە سکیدا هەلبگرێت، ئەمەش بەخششێکە لە بەخششەکانی خوای گەورە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە چۆن دەتوانین پرسیارێکی وەڕسکەر بگۆڕین بۆ دەرفەتێکی زێڕین، فێربوونی زانیاریەکان سەبارەت بە جەستەی مرۆڤ، هەروەها ئەمە دەرفەتێکە بۆ خستنەڕووی بەخششەکانی پەروەردگار بۆ بەندەکانی، ئا ئەم بیرکردنەوەو جیهانبینییە وامان لێدەکات هەست بە بێزاری نەکەین لە ئاقار پرسیاری منداڵەکانمان، ڕێگریان لێ نەکەین لە پرسیارکردندا، بەلکو بە پێچەوانەوە دەبێت بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی پرسیارەکانی ئەوان بکەین، هانیان بدەین بۆ پرسیارکردن و گەڕان بەدوای شتەکاندا، تا خۆشەویستی ناسینی شتەکان لایان زیاتر گەشە بکات، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە

داهاتوودا سوود بەگەل و وولات بگەیەنن.

## پرسیاری بیست چوارەم

کوڕێکی تاقانەم هەیە تەمەنی (٥) ساڵە، سەرەنجم داوە زیاتر مەیلی بۆلای کچانە تا کوڕان، لەگەڵ ئەمەشدا ئارەزووی یاریکردنی لەگەڵ هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیەو قسەیان لەگەڵ دەکات، مامۆستاکەی لە باخچەی ساوایان پێی ووتم: بە درێژایی ماوەی مانەوەیان لە باخچەدا هەوڵدەدات لەتەنیشت و نزیکی کچێکی دیاریکراوەوە دابنیشت، ئایا ئەمە ڕەفتارێکی پەسەندە، بەلام دەبێت ئەوە بزانین کە زۆربەی هاوڕێکانی کچن و ڕێژەی کوڕان کەمترن لە باخچەکەدا بەراورد بە کچان، بە شێوەیەکی گشتی ئارەزووی یاریکردنی لەگەڵ مندالاندا هەیە، بەلام ئەگەر کۆمەڵێك کچ و کوڕ بەجیا یاری بکەن، ئەو دەچێتە لای کچەکان، تۆ لەو بڕوایەدایت هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر هەڵسوکەوت لەگەڵ کچاندا دەکات لە باخچەدا؟ ئایا ئەمە پێویست بە نیگەرانی دەکات؟ جیای بکەمەوە؟

## وەلام

ئاساییە مرۆڤ زیاتر هۆگری ئەو کەسانەبێت کە دەیان ناسێت و خۆشیانی دەوێت، ئەمەش بە تەواوی ئەو بارودۆخەیە کە ئەم منداڵەی تێدایە، پێم وانیە شتێکی واهەبێت مایەی نیگەرانی بێت سەبارەت بەم منداڵە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەم خالانەی خوارەوە:

- زۆر چاونەخستنە سەر ئەم منداڵە لە کاتی یاریکردنی لەگەڵ کچاندا، هەروەها توانجی لێنەدرێت، بەکچانی ناوزەند نەکرێت، چونکە ئەمە خراپترین کارە ئەگەر بکرێت بەرامبەر بەم منداڵە، لەوانەشە هۆکارێك

بێت بۆ لەڕێ دەرچوونی لە داهاتوودا.

- کەسوکاری منداڵەکە نابێت زیادەڕۆی بکەن لە چاودێریکردنی ڕەفتاری ڕۆڵەکەیاندا، نابێت کێشەیەکی دەروونی ئەوتۆی بۆ دروست بکەین کە لەم تەمەنەدا لێی تێناگات.

- دایك و باوکی منداڵەکە دەبێت لایان ڕوون بێت کە لە بەرامبەر منداڵێکدان، پێویستە ڕەفتاریان لەگەڵیدا باش بێت، هیچ گومانێکیان بەرامبەری نەبێت.

- ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەوەی منداڵەکە لەگەڵ کوڕانی هاوتەمەنیدا یاری بکات، جا ئەمە لە قوتابخانەبێت یان لەگەڵ دراوسێدا یان لەگەڵ خزمانیدا، من دەڵێم ڕەخساندنی دەرفەت نەك زۆرلێکردن و پێداگری توند بۆ یاریکردن لەگەڵ کوڕاندا، چونکە ئەمە هانی دەدات زیاتر نزیك بێتەوە لە کچان و دووربکەوێتەوە لە کوڕان.

- لێرەدا باوك دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا ببینێت، ئەویش بە هاوڕێیەتی کردنی منداڵەکەی بۆ ((کاروباری پیاوان)) وەکو مزگەوت و مەلەوانگەو شوێنی تر، ئەمەش هاندەردەبێت بۆ هۆگری باوکی، جۆرێکە لە پەیوەستی دەروونی، هەروەها ئارەزووی چاولێکردن و لاسایی کردنەوەی باوکی لادروست دەکات.

- دایك یان باوکی دەتوانن چیرۆکی پاڵەوانەکانی ئیسلامی بۆ بگێڕنەوە بە تایبەت لاوەکان.

- بواری بۆ بڕەخسێت تا ئەو یاریانە بکات کە کوڕان دەیکەن وەکو تۆپی پێ و یاری تر.

## پرسیاری بیست و پێنجەم

کوڕەکەم تەمەنی (٤) ساڵە هەندێ جار یاریەك دەکات لەگەڵ کچە پورەکانی بەناوی ((تۆ خۆشەویستی منی))، باوەش لەیەکتری دەدەن، کچەپورەکانیشی هاوتەمەنی ئەون، ئایا ئەم ڕەفتارە مایەی نیگەرانیە؟

## وەڵام

لەم تەمەنەدا ئەم جۆرە یارییانە لای منداڵ زۆر بەدیدەکرێت و بڵاوە وەکو یاری (بوك و زاوا) یان (پزیشك و نەخۆش) هتد، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە هەروا بە ئاسانی وازی لێ بێنین، بە بێ ڕێنمایی و فێرکردن و پەروەردەکردن.

باش وایە کەسوکاری منداڵ چاودێری ڕەفتاری منداڵەکانیان بکەن زۆر بەهێمنی و ئارامی، بە بێ هاوارو جنێوپێدان، هەروەها ڕێنماییان بکەن بۆ یاریکردنی شیاو کە تیایدا ڕەچاوی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بکرێت، لە هەمانکاتدا ئەمە دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی منداڵ فێری نەریتی داپۆشینی عەورەت بکرێت، هەروەها ئەوەی بۆ باسبکرێت کە هەندێ جێگا هەیە لە لەشی مرۆڤدا نابێت خەڵکی بیبینن - ئەگەر کچەپوریشی بن- تەنها دایك وباوك ئەویش لەکاتی منداڵیدا کە زۆر بچووکە.

باش وایە منداڵ هەندێ یاری بەسوودو ئامانجداری فێربکرێت، بۆ ئەوەی ناچارنەبن خۆیان یاری دابهێنن بۆپڕکردنەوەی کاتەکانیان، بەتاڵکردنەوەی وزەی لەشیان.

دایکەکە دڵنیادەکەمەوە کاتێ منداڵەکان گەورەدەبن بە ماوەیەکی کەم ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنن، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی خراپ جێ

بهێڵێت.

## پرسیاری بیست و شەشەم

کوڕەکەم تەمەنی (٤) ساڵە، جل و بەرگەکانی لەبەردەم میواندا دادەنێت، لە بەرامبەردا منیش هەست بەشەرمەزاری دەکەم، ڕێگری لێدەکەم و لێی دەدەم بەلاّم بێ سوودە، چارەسەر چییە؟

## وەلاّم

بێگومان ئەم هەڵسوکەوتە کەسوکاری منداڵەکە تووشی شەرمەزاری دەکات لە بەرامبەر کەسانی تردا، ئەم منداڵە ئەگەرچی تەمەنیشی بچووکە، بەلاّم لەوانەیە بەمەبەست ئەم کارە بکات لەبەردەمی میواندا، لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە: بێزارکردنی کەسوکاری تا کاردانەوەیان ببینێت لە ئاقار ئەم ڕەفتارەدا، هۆکارێکی تر لەوانەیە ئەوەبێت دەزانێت دایکی شەرمەزار دەبێت لەبەردەم میوانەکاندا، هیچی پێ ناکرێت لە بەرامبەریدا.

باش وایە لەم کاتەدا دایکەکە بە هێمنی قسە لەگەڵ منداڵەکەیدا بکات و خۆی وادەربخات کە زاڵە بەسەر بارودۆخەکەدا، هەروەها پێی بڵێت کە ئەمە ڕەفتارێکی ناپەسەندە، مایەی قبوڵکردن نیە، هەروەها دەبێت دایکەکە بە متمانەیەکی بەهێزەوە ئەم قسانە بکات، تێی بگەیەنێت ئەگەر ئەوکارە بکات ئەوا سەرەنجام نایەڵێت تێکەڵی میوان بێت، منداڵەکەش لەمەوە تێدەگات دوو هەڵبژاردەی لەبەردەمدایە: یان جلەکانی دانەنێت و بەرێکوپێکی لەگەڵ میوانەکاندا دابنیشێت، یان ئەوەتا بێ بەش دەبێت لە دانیشتن لەگەڵ میوانەکاندا، هەڵبژاردنەکەش بەئارەزووی خۆی بێت، ئیتر

لەمەوە منداڵەکە لە مەبەستەکە تێدەگات، پەیوەست دەبێت بە ئاکارو ڕەوشتی باشەوە.

دایکەکەش کە ڕێگری لە منداڵەکە کردووە، لێدانیشی بەکارهێناوە، بەڵام بێ سوودەبووە، بەڵام ئەم دایکە نابێت واز لە ڕێنمایی و پەروەردەو چاودێریکردنی منداڵەکەی بێنێت، پێم باشە ئاماژە بەوە بکەم کە لەم حاڵەتەدا لێدان لەوانەیە ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبێت، ئەگەر دایکەکە پەیوەست بوو بەو ڕێ و شوێنانەوە کە ئاماژەم پێکرد ئیتر پێویست بە لێدان ناکات و منیش لەگەڵ لێداندا نیم.

هەروەها ئەوەشمان لەبیرنەچێت پێویستە دایک منداڵ هانبدات بۆ کاروکرداری چاک، پەیوەست بوون بە داواکارییەکانی دایکی، ئەگەر ڕەفتاری گۆڕا با پێی بڵێت: ئافەرین بۆ ڕەفتارەکانی ئەمڕۆت لەگەڵ میوانەکاندا، بەڕاستی منت دڵخۆش و بەختەوەرکرد کوڕی ئازیزم.

## پرسیاری بیست و حەوتەم

**کچەکەم تەمەنی (١٢) ساڵەو بێنوێژدەبێت، بەڵام لەکاتی بێ نوێژیدا (حیچ) ئازارێکی زۆری هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی برابچووکەکەی پرسیاربکات بۆچی ئەم ئازارە زۆرەی هەیە، من چۆن وەڵامی بدەمەوە؟**

## وەڵام

بە شێوەیەکی گشتی پرسیاری منداڵ بە دەرفەتێکی گونجاو دادەنرێت، بۆ فێرکردنی هەندێ بابەت سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ، بە تایبەت لەو بابەتانەدا کە تێگەیشتنیان بۆمنداڵ ئاسان نییەو دەبێتە مایەی

بێزاری بۆ دایك و باوك، وەکو پرسیاری ئەم منداڵە بچووکە، هەر بۆیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەرچاو ڕوونی دەکات، زیاتر لە ئافرەت تێدەگات، جا ئەو ئافرەتانە بێت کەئێستا نزیکن لێی، وەکو خوشك و دایك، یان لە داهاتوودا وەکو هاوسەری ژیانی.

شێوازی وەڵامدانەوەی جیاوازدەبێت، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەکان بەپێی تەمەنی و ڕێژەی زانیاریەکانی دەبێت، دەتوانیت تێی بگەیەنی کە هەندێ جیاوازی هەیە لەنێوان نێرومێدا، خودای گەورە ڕەگەزی مێینەی بە جۆرێك دروست کردوە ئامادەیە بۆ ئەرکی دایکایەتی، خستنەوەی منداڵ ئەمەش کاتێك دەبێت کە گەورە دەبێت و زەواج دەکات، بۆ بەجێهێنانی ئەم کارەش کچ لە تەمەنێکی دیاریکراودا – جیاوازی هەیە لەیەکێکەوە بۆیەکێکی تر– دەستدەکات بەدروستکردنی هێلکەی زۆر بچووك، بە جۆرێك ئەم هێلکە بچووکانە لەگەڵ بڕێك خوێندا لە ماوەی چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا دێتەخوارەوە، لەبەر ئەمە پێی دەوترێت سوڕی مانگانە، ئەم سوڕی مانگانەیە مەترسی نیە بۆسەر ژیانی کچەکە، بەڵکو دەتوانێت هەموو کاروچالاکیەکی خۆی بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەندە هەیە هەندێ ئازار لەسکیدا دەبێت، لەگەڵ کەمێك بێزاری و ماندوێتی، لەبەرئەمە باشترە بۆ کچەکە لەم کاتەدا پشووبدات، لە هەمان کاتدا دەتوانین سود لەم دەرفەتە وەربگرین، باسی ئەوەی بۆ بکەین کاتێك ئەویش گەورەدەبێت، لەشی گەشە دەکات دەتوانێت منداڵ بخاتەوە، چونکە ئەویش لە لەشیدا شتێکی بچووك هەیە بە هێلکەدەچێت، دوای پێگەیشتن دەردەچێت، بەڵام خوێن و ئازاری لەگەڵدا نییە.

ئەگەر لەڕێی هەندێ وێنەی سادەوە کەدایك و باوك خۆیان دروستی بکەن ئەم باسەیان بۆ ڕوونبکرێتەوە ئەوە کارێکی باشەو ئاساییە، هیچ گرفتێکی نییە، لێرەدا پێم باشە ئاماژە بەوەبکەم، کە بوونی ئینسکلۆپیدیایەکی سادە سەبارەت بە زانیاری گشتی، بە تایبەت لاشەی مرۆڤ و تەندروستی و نەخۆشی لەماڵەوەدا، سوودی بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکە دەبێت.

## پرسیاری (بیست و هەشتەم)

**کوڕەکەم تەمەنی دووساڵ و سێ مانگە، تێبینیم کردووە کاتێك دایبیەکەی بۆ دەگۆڕم دەست دەگرێت بەعەورەتیەوەو یاری پێدەکات، هەر شتێکی لێ نزیك بێت پیایدا دەهێنێت وەکو پەرداخ و کەوچك، من ڕێگری ئەم کارەم لێ کردووە، بەڵام ئەو بە بەردەوام ئەو کارە دووبارە دەکاتەوە، هەندێ جار کە براکەی دەگۆڕم ئەویش تەمەنی (٥) ساڵە، بەهەمان شێوە ئەو دێت و یاری بەعەورەتی براکەی دەکات، لەپێشتردا لەگەڵ گەورەکەدا هیچ کێشەیەکی لەو جۆرەم نەبووە، هۆکاری ئەمەچییە؟**

## وەڵام

ئەم خوشکە دڵنیادەکەمەوە کە ئەم کارە هیچ مەترسیەکی نییە، لە وەڵامەکانی پێشووتردا ئاماژەمان بەوەکرد کە ئاساییە منداڵ بایەخ بدات بەیاریکردن بە عەورەتی، چونکە هەست بەخۆشی دەکات، هەروەها ئاساییە تەماشای براکەی بکات و دەست لە عەورەتی بدات، ئەگەرچی لەگەڵ گەورەکەدا ئەم کێشەیە بوونی نەبووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە

بچووکەکە کێشـەی هەیـە، هـەردووکیان منـداڵی ئاسـایین، هـەروەها ئەوەشمان لەبیر نەچێت گەورەکـە منـداڵی تـری لەگەڵدا نـەبووە تـاوەکو دەستی بۆ بەرێت یان سـەیری بکات و یاری لەگەڵدا بکات، بوونی ئـەم ڕەفتارەش لای منداڵە بچووکەکە مانای ئەوەنییە کێشەی جنسی یان ئاکاری هەیە، منداڵ لەم تەمەنەدا هەست بەواتای ئەخلاقی ئەم ڕەفتارانە ناکات، تکام وایە دایکەکە تێڕوانینی خراپی نـەبێت بـۆ هۆکارەکانی ئـەم کردارە، هەروەها ئامۆژگاری دەکەم بە:

١- لەکاتێکدا منداڵەکـە دەسـت بـۆ ئـەو ئەندامـەی لەشـی دەبـات توڕەنەبێت و هەڵنەچێت، بـەڵکو بـەهێمنی و لەسـەرخۆیی سـەرەنجی بـۆ کارێکی تر ڕابکێشێت، وەکو یاری یان هەر شتێکی تر.

٢- هەوڵبدات بـەپێی توانا دوور لـە چاوی منداڵە بچووکەکە جل و بـەرگی گەورەکـە بگۆڕێـت، هـەروەها کـەمتر دەرفـەتی تەماشـاکردنی عەورەتی براکەی بۆ بڕەخسێ، لێرەشدا پێویست بەئارامی، بێ هەڵچوون و توڕەبوون بێت.

٣- لەکاتی ئاساییدا منداڵەکانی هانبدات بۆ جۆرە یارییەکی تر.

**پرسیاری (بیست و نۆ)**

کچەکەم زۆر بایەخدات بەهونەرمەنـدێکی پیاو، بـە چەشنێك کاتێـك سـەیری ئـەودەکات ئاگـای لەکـەس نامێنێـت، ئـاوەڕ ناداتـەوە بـۆ لای کـەس، ئەگـەر یـەکێکمان بـانگی بکـەین وەڵام ناداتـەوە تـاوەکو گۆرانییەکـە تـەواو نـەبێت، خـراپتر لەمـەش ئەوەیـە نزیـك دەبێتـەوە لـە شاشـەی تەلەفزیۆنەکـەو ئـەوجا تەماشـای دەکـات و دەسـتی لێـدەدات،

منیش زۆر بێزاردەبم بەم کردارەی، ئەوەش بزانن ئەو لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدایە، چی بکەم؟

**وەڵام**

بێگومان ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی بێزاری دایك و باوك، لەبەرئەوەی ئەم رەفتارەیان بەلاوە سەیرە، ئەم کچەش لەم تەمەنەدا پەیوەست بووە بە ئەستێرەیەك لە جیهانی هونەر، ئەمەش شتێکی نامۆنییە لە کۆمەڵگەکانی ئەم سەردەمەدا، ئەم کردارەش ئاماژەیە بە بوونی بۆشاییەکی دەروونی و رۆشنبیری.

دایکەکەش دڵنیادەکەمەوە مەرج نییە ئەم حاڵەتە بگۆڕێت بۆ ئەڤین و رەفتاری لادەرانە، بەڵکو ئەمە قۆناغێکەو کچەکە پاش ماوەیەك گەشەدەکات، تێی دەپەڕێنێ و زیاتر بەرچاو ڕوون دەبێت.

یەکەم: باش نییە، ئێمە سەرەنج بخەینە سەر ئەم کچە، هەڕەشەی لێ بکەین و سەرزەنشتی بکەین، چونکە بەم کارەمان ئەنجامێکی پێچەوانەمان دەستدەکەوێت، باشتروایە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە سەرزەنشتی ڕاستەوخۆ ڕەفتارەکەی پێ ناگۆڕێت، بەڵکو دەیگۆڕێت بۆحاڵەتی نهێنی، هەروەها کچەکەیش فێری ئەوە نابێت لەگەڵ دایکیدا گفتوگۆ بکات سەبارەت بەو بابەتانەی کە ڕووبەڕووی دەبینەوە، هەروەها نابێت لەگەڵ دایکیدا گفتوگۆ بکات سەبارەت بەو بابەتانەی کە هەنووکەین لە ژیانیدا.

دووەم: دایکەکە هەوڵبدات وا خۆی نیشانبدات وەك ئەوەی هیچ شتێ ڕووی نەداوە، توڕەیی و هەڵچوونی دەرنەبڕێت لە بەرامبەریدا، بەڵکو با هێمنی چاودێری هەڵسوکەوتی بکات، بەمەش ئەو کردار و ورووژێنەر

دەروونییەی کچەکە لەسەری ڕاهاتووە لەئەنجامی بێزاری، سەرزەنشتی دایکی بەرەو پوکانەوە دەچێت، لەبەرئەوەی هەموو قەدەغەکراوێک ئارەزووی زیاتری لەسەرە، هەروەها کاتێک کچەکە بە دیار شاشەی تەلەفزیۆنەکەوە دەبێت دایکی نابێت ئاگاداری بکاتەوەو دووری بخاتەوە لەو گۆرانبێژە چونکە ئەمە هانیدەدات بۆ زیاتر پەیوەستبوون بەو کەسایەتیەوە.

سێیەم: پێویستە دایکەکە هەوڵبدات کاتێکی خۆش و بەسوود بەسەرببات لەگەڵ کچەکەیدا، هەوڵبدات زیاتر کچەکەی بناسێت بایەخبدات بە ئارەزو و هاوڕێیەتی کچەکەی، هانی بدات بۆ گفتوگۆکردنی لەگەڵیدا لەسەر بابەتێک کە کچەکە پێی خۆشە زانیاری هەبێت لەبارەیەوە.

**پرسیاری ( سێیەم )**

**کچەکەم زیاتر لە جارێك گومانی بۆ دروستکردوم سەبارەت بە خاڵی، کە بەشێوەیەکی نەشیاو لە باوەشی دەگرێت،ماچی دەکات کاتێك بە تەنهابن، لە سەرەتادا باوەڕم پێنەکرد، ووتم تۆ درۆهەڵدەبەستی بۆ خاڵۆت، بەڵام کە بەتەنها جێم هێتشتن و لە دوورەوە چاودێریمکردن، ڕاستی ڕووداوەکەم بە چاوی خۆم بینی، بەڵام من لەڕوویم نەدا، هەردووکیان بە لای منەوە بایەخدارن، سەرم سوڕماوە تکایە ڕێنمایم بکەن.**

## وەڵام

لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتە واتە دەست بۆ بردنی جنسی لە نێوان مەحرەمەکاندا مایەی نیگەرانیە، هەروەها جێی داخە کە ئەم کچە ناچاربووە چەند جارێك ئەمە بۆدایکی باسبکات تا دایکی باوەڕی پێکردوە، ئەوەشمان لە بیرنەچێت کچەکە بە چەند ئاستەنگێکدا تێپەڕیوە

تا جورئەتی کردوە باس لەم حاڵەتە بکات.

من لەنیگەرانی و دوودڵی دایکەکە تێدەکەم، لەبەرئەوەی کچەکەی و براکەشی بەلاوە گرنگە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەرکی لە پێشینە لێرەدا بریتیە لە چاودێریکردنی کچەکە، ئەمەش لەبەر تەمەنی و بەرپرسیارێتی ئێمە لە بەرامبەر ڕەفتارەکانی ئەودا، باش وابوو دایکەکە تەمەنی کچەکەی باسبکردایە، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە دایکەکە دەست بەجێ بچێتە ناوکێشەکەوە، ڕاستەوخۆ ئەم کارە ڕابگرێت و نەیەڵێت دووبارە ببێتەوە، ئەگەر بەم جۆرە مامەڵە نەکەین ئەوا بە ئەرکی خۆمان هەڵنەساوین کە بریتیە لە پارێزگاریکردنی کچێکی بچووك، دەبێت ئێمە بیپارێزین لە هەر پێشهاتێکی نابەجێ لەم ژیانەدا.

١- دایکەکە بەڕاشکاوی بەکچەکەی بڵێت کە ئەم ڕەفتارەی خاڵی هەڵەو ناپەسەندەو ڕێ پێنەدراوە، چ لەڕووی شەرعەوە بێت یان قانون یان ئەخلاقەوە، هەروەها کچەکە بە خاڵی بڵێت کە دایکی تێ گەیاندوەو ئیتر نایشارێتەوە.

٢- با گەورەیەك لە خێزانەکەدا قسە لەگەڵ خاڵی کچەکەدا بکات، دەربارەی ئەم ڕەوشتە خراپ و نەشیاوەی.

٣- دایکە هەموو ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆئەوەی بوار نەدات ئەم کچە بەتەنهابێت لەگەڵ خاڵیدا، لەئێستاو داهاتووشدا، هەروەها نەهێڵن لەگەڵ هیچ منداڵێکی دیشدا بە تەنهابێت، جا کچ بێت یان کوڕ نەبادا زیانیان پێ بگەیەنێت، چونکە ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ کچێکدا بکات کە خوشکەزای خۆیەتی، بێگومان بە ئاسانی لەگەڵ کەسانی تردا دووبارەی دەکاتەوە، لە

هەمان کاتدا خێزانەکانی تری ئەم بنەماڵەیە ئاگاداربکرێنەوە لە خووی خراپی ئەم کەسە، گومانبردن و ئاگاداربوون پێویستە بەرامبەر ئەم کەسە، نەک دڵنیابوون و پشتگوێ خستنی، خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن.

٤- لەوانەیە ئەم کچەش ماوەیەک پێویستی بەڕێنیشاندان و ڕێنمایی دەروونی هەبێت، بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی بۆ ئەو بارودۆخەی متمانەی بە کەسانی تر هەبێت، ئەمەش بەپێی تەمەنی کچەکەو کاریگەری دەست بۆ بردنەکە دەگۆڕێت.

## پرسیاری (سی ویەک)

دایکی دووکوڕم، یەک ساڵ جیاوازیان هەیە لە تەمەندا، گەورەکەیان بەو شێوەیە ڕاهاتووە دوای شیرخواردن دەست دەخاتە سنگمەوە ئەوجا دەخەوێت، ئێستا سێ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر بڕینەوەی لە شیرخواردن بەڵام هەر لەسەر ئەوخووەی بەردەوامە، ئەگەر نەیەڵم دەست بخاتە ناوسنگمەوە دەست دەکات بەگریان و قسەم پێدەڵێت، چارەسەر چییە؟

## وەڵام

لەڕاستیدا منداڵ بڕێک خوویان هەیە کە لە منداڵییەوە لەسەری ڕادێن و ئەنجامی دەدەن، تا هەست بەدڵنیایی و حەسانەوە بکەن، نمونەی پەنجەمژین و یاریکردن بەقژ، یان وەکو ئەم منداڵە پێش خەوتن دەست دەخاتە سنگی دایکییەوە.

زۆربەی منداڵان کە گەورەدەبن بە ئاسانی واز لەم خووانەدێنن، بێ

ئەوەی شوێنەوارێکی خراپ لەسەر ڕەفتارو کەسایەتیان بەجێ بهێڵێت.

بێگومان ئەم خووەی منداڵەکەت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك: لەوانە نیرەیی بردن بە برابچووکەکەی کە هێشتا شیردەخوات، لەهەمان کاتدا ئەم لە شیر براوەتەوەو دوورخراوەتەوە لە سنگی دایکی، لەبەرئەمە دەیەوێت خۆی وانیشانبدات کە ئەمیش بەشی لە سنگی دایکیدا هەیە.

توڕەیی و هەڵچوونی دایکەکە سوودی نییە، دەبێتە هۆی زیاتر بە ئاگا هێنانەوەی، ئەمەش هانیدەدات بۆ بەردەوام بوون لەسەر خووەکەی، دووبارەو چەندبارەکردنەوەی و هەروەها گریانی بەکوڵ.

دایکەکە دەتوانێت ئەم کارانە ئەنجام بدات:

١- دایکەکە دەبێت دڵنیابێت لەم کارەی منداڵەکەی، نە هەڵبچێت و نە توڕەبێت کاتێ دەست دەخاتە سنگییەوە، وای دابنێت لەبەر خۆشەویستی بۆ دایکی ئەو کارەدەکات، هەروەها شتێکی تریش هەیە ئەویش خۆشویستنی تەمەنی بچووکی منداڵەکە لەلایەن دایکیەوە.

٢- دایکەکە دەبێت دەستەواژەی (نا) بەکاربێنێت کاتێك دەیەوێت ڕێگری لە منداڵەکەی بکات، چونکە منداڵەکە دەبێت ئەوە بزانێت لەگەڵ بوونی خۆشەویستیدا، کەسانی تر مافی تایبەتی خۆیان هەیە سەبارەت بە جەستەیان، پێویستە لەسەر کەسانی تر ڕێزی هەستیان بگرن و هەرەسانیان نەکەن.

بەڵام با ((نا)) بڕیاربێت و بەسانایی بەکارنەهێنرێت، هەروەها سۆزو خۆشەویستی لەگەڵدابێت، لە بری سەرزەنشتکردن بیگرێت بەسنگییەوە، بۆ ئەوەی بزانێت مەبەستی تەنها چاکەیە بۆ منداڵەکەی.

٣- نازانم منداڵەکە لەگەڵ دایکیدا دەخەوێت یان نا، هیوادارم کە ئەمە وانەبێت، ئەگەر وابێت ئەوا پێویستە جێگەی منداڵەکە بگۆڕێت بۆ جێ خەوێکی تایبەت، لە ژوورێکی تردابێت نەك لەگەڵ دایکیدا.

٤- دایك و باوك دەتوانن بە نۆرە لەگەڵ منداڵەکەدا بخەون، با هەر یەکێکیان هەوڵبدات چیرۆکێك یان ڕووداوێکی بۆ بگێڕێتەوە پێش خەوتن، لەم کاتەدا قورسە لەسەر منداڵەکە دەست بخاتە سنگی دایکی یان باوکیەوە.

پێویستە لەسەر دایکەکە دادپەروەرانە ئاگاداری و چاودێری ئەم منداڵەش بکات، هەموو کات و سات و بایەخ پێدانێکی هەر بۆ منداڵە بچووکەکە نەبێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئیرەیی منداڵەکە لە برا بچووکەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا گەورەکە پێویستی بە ئاگاداربوونی زیاترە، چونکە شیر بڕینەوەکەی دەبێتە دوو شیربڕینەوە، بەدوورخستنەوەی لە سنگی دایکی.

**پرسیاری (سی و دوو)**

کوڕەکەم کاتێك تەماشای وێنەی ئاهەنگی بووك و زاوایەتی من و باوکی دەکات، بەردەوام پرسیار دەکات بۆچی منتان نەبرد بۆ ئاهەنگەکە لەگەڵ خۆتاندا، ئەو قەناعەتی وایە ئەو کاتە ئەو هەبووەو ئێمە نەمان بردووە لەگەڵ خۆماندا، من دەترسم لەوەی کە منداڵێکی ترمان ببێت تووشی نیگەرانی ببێت، چونکە تێ ناگات چۆن منداڵمان دەبێت، ئەو وا دەزانێت هەر ئەو کوڕمە، بەردەوام لەگەڵمدابووەو منداڵی ترمان نابێت، چۆن بتوانم یارمەتی بدەم و تێی بگەیەنم و پاشان ئەو

قەناعەت بکات؟

## وەڵام

لێرەدا بوونی نیگەرانییەك لە ئارادانییە، بەڵکو دەتوانرێت سوود لەم دەرفەتە وەربگیرێت بۆ فێرکردنی هەندێ لایەنی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ.

دایکەکە با بە منداڵەکەی بڵێت کە لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دایك و باوکی لە دایك بووە، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ باسکردنی چۆنێتی لەدایك بوونی منداڵ، کە لە ئەنجامی هاوسەرگیری ژن ومێردەوە دەبێت، ئەگەر ژنهێنان و شووکردنیش نەبێت نە سکپڕی ڕوودەدات و نەمنداڵ بوون، دەتوانرێت ئەمە بەراوردبکرێت بە جیهانی ئاژەڵان یان ڕووەکەکان، وەڵامدانەوەی منداڵەکەش بەپێی تەمەن و ڕادەی تێگەیشتنی دەگۆڕێت، هەروەها باشوایە سوود لە پەرتوکێکی سادەی منداڵان وەربگیرێت، کە باسی منداڵ بوون و زۆربوونی منداڵ بکات.

ئامۆژگاریم ئەوەیە لە ئێستاوە بە منداڵەکەت بڵێی کە سکت پڕەو منداڵت دەبێت، هەروەها تێی بگەیەنە کە خوای گەورە ئەم کارەی پێ خۆشە، خوشکێك یان برایەکی پێدەبەخشێت، پاشان لەگەڵیدا یاری دەکات، ئەم ئامادەکاریەش پەیوەندی ئەم منداڵە بە براکەی یان خوشکەکەیەوە بەهێز دەکات، هانی دەدات بەپەرۆشەوە چاوەڕێی کاتی منداڵ بوونەکە بکات.

## پرسیاری (سی وسێ)

کوڕەکەم تەمەنی (٥) ساڵە خوویەکی خراپی هەیە، لە باوکییەوە فێری بووە، ئەویش جنێودانە بە بەکارهێنانی وشەی نەشیاو ناپەسەند، شەرمەزارم دەکات لای هاوڕێکانم کاتێك سەردانیان دەکەم، وام لێهاتووە لە ماڵەوە دەرنەچم لەترسی زمانی منداڵەکەم، چەند شێوازێکم بەکارهێناوە تاواز لەم خووە بهێنێت، لەوانە لێدان و بێ بەشکردنی لە چوونەدەرەوە بۆلای هاوڕێکانی، بەڵام بێ سوودبووە، بێگومان هۆکارەکەشی ئەوەیە باوکی کاتێك توڕەدەبێت ووشەی زۆرناشیرین بەکاردەهێنێت، چارەسەر چییە؟

## وەڵام

لەڕاستیدا چارەسەری گونجاو هەرئەوەیە کە نەهێڵیت هاوسەرەکەت ئەو ووشانە بەکاربهێنێت، تاوەکو ببێتە پێشەنگێکی باش بۆمنداڵەکە، لە باوکییەوە فێری نەریت و ڕەوشتی بەرزبێت، منداڵ ئەوە لاسایی دەکاتەوە کە لە جیهانی گەورەکانەوە دەیبینێت یان دەیبیستێت، بەتایبەت دایك و باوك، ئەگەر دارێك خواربێت چۆن سێبەرەکەی ڕاست دەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە لەسەر تۆ بەردەوام بیت، ئارامبگریت لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکەت، فێری بکەیت و تێی بگەیەنیت کەڕەفتارەکەی نەشیاوە، پێویستە بەوجۆرە هەڵسوکەوت نەکات.

لەماڵەوەدا سەنگینەو کاری پێدەکرێت، بە تایبەت لەگەڵ منداڵدا، هەروەها ئەوەشی لاڕوون بێت کەتۆسووری لەسەرئەوەی ئەو خووەی بگۆڕێت.

من لەگەڵ لێداندانیم، بەڵام پێم باشە ئەوشێوازە بەکاربهێنیت کە بێ بەشکردنێتی لە چوونەدەرەوە بۆ لای هاوڕێکانی بۆ یاریکردن، لەسەر ئەم ڕێگەیە بەردەوامبە بێگومان بەرهەمی دەبێت ئەگەر پاش ماوەیەکیش بێت.

دەبێت تۆ بڕوات وابێت و پاشان واپیشانی منداڵەکەت بدەیت کە متمانەت بەخۆت هەیە، دەتەوێت بە گرتنەبەری ئەو شێوازە ڕەفتارەکەی بگۆڕیت.

هەرگیز خۆت بێ بەش مەکە لە چوونەدەرەوەو سەردانی هاوڕێکانت، بەڵام دەتوانیت منداڵەکەت نەبەیت لەگەڵ خۆتداو پێی بڵێیت: (تۆلەگەڵم نایەیت بۆسەردانی تا بەڵێنم پێنەدەیت کە ئەو ووشانە بەکارناهێنیت)، هەروەها چوونە دەرەوەت بەبێ ئەو پەیامێکی ڕوونە بۆ ئەو، کە تۆ متمانەت بە خۆت هەیەو بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵیت.

من لەوەدەترسم ئەم منداڵە خوو بەڕەفتارێکەوە بگرێت، ببێتە مایەی ئازار بۆ خۆی بۆ کەسانی دەوربەری، ئەی کاتێك گەورەدەبێت و دەبێتە هاوسەری کەسێکی دی، دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوبەشی ژیانیدا بکات؟!

دوور لە ڕەفتاری منداڵەکە، ئومێدەوارم کە بایەخی زیاتر بدەیت بە پەیوەندی نێوان خۆت و هاوسەرەکەت، پێم باشە ئەو پەرتووکانە بخوێنیتەوە کە باسی پەیوەندی تەندروست دەکات لە نێوان هاوسەرەکاندا، لەوانەش پەرتوکێکی خۆم بەناونیشانی (التفاهم في الحياة الزوجية).

## پرسیاری (سی وچوار)

کچەکەم تەمەنی (٧) ساڵە، تێبینیم کردووە کاتێک لەگەڵ باوکیدا دەبم بە تەنها حەزدەکات دەرگای ژوورەکەمان بکاتەوە، من بەردەوام داوای لێدەکەم ئەو کارە نەکات، هەروەها باوکی پێی ووتم کە دەرگای ژوورەکە دابخەم، بەڵام ئەو دەستیکرد بە گریان و هاوارکردن بە جۆرێک خەریك بوو بێ هۆش بێت، کێشەکە لەوەدایە ئەم کارەی ئەو دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لەنێوان من و باوکیدا، چونکە باوکی زۆر دڵگران دەبێت بە کارەکەی، من دەتوانم چیبکەم؟

## وەڵام

زۆر ئاساییە منداڵ لەم تەمەنەدا حەزی تەماشاکردنی جەستەی کەسانی تری هەبێت، لێرادە دەبێت منداڵەکانمان بە پەروەردەیەکی ئاینیانە پەروەردەبکەین، فێری نەریتی داپۆشینی عەورەت و مۆڵەت وەرگرتنیان بکەین کە قورئانی پیرۆز باسی دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٨) وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٩)﴾

(سورەتی النور)، واتە:﴿ (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە با بەندەو ئەو

## پرسیاری (سی وچوار)

کچەکەم تەمەنی (٧) ساڵە، تێبینیم کردووە کاتێک لەگەل باوکیدا دەبم بە تەنها حەزدەکات دەرگای ژوورەکەمان بکاتەوە، من بەردەوام داوای لێدەکەم ئەو کارە نەکات، هەروەها باوکی پێی ووتم کە دەرگای ژوورەکە دابخەم، بەڵام ئەو دەستیکرد بە گریان و هاوارکردن بە جۆرێك خەریك بوو بێ هۆش بێت، کێشەکە لەوەدایە ئەم کارەی ئەو دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لەنێوان من و باوکیدا، چونکە باوکی زۆر دڵگران دەبێت بە کارەکەی، من دەتوانم چیبکەم؟

## وەڵام

زۆر ئاساییە منداڵ لەم تەمەنەدا حەزی تەماشاکردنی جەستەی کەسانی تری هەبێت، لێرادە دەبێت منداڵەکانمان بە پەروەردەیەکی ئایینیانە پەروەردەبکەین، فێری نەریتی داپۆشینی عەورەت و مۆڵەت وەرگرتنیان بکەین کە قورئانی پیرۆز باسی دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٨) وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٩)﴾

(سورەتی النور)، واتە:﴿ (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە با بەندەو ئەو

مندالأنـەتان(کـە هێشـتا نەگەیشـتونەتە تەمـەنی هـەرزەکاری) لەسـێ کاتدا(فێری ئەوەبکرێن) مۆڵـەت بخـوازن (لەسـەردانی ژووری نوستنی ژن ومێـردا) پـێش نوێـژی بـەیانی، کـاتی نیـوەڕۆ کـە پۆشـاکتان دادەنێن(بۆحەوانەوە)، لە دوای نوێژی خەوتنان، سێ کاتە کە لەوانەیـە عەورەتی ئێوەی تێدا دەربکەوێت(باکەسی ترنەتانبینێت)، لـە دوای ئـەو سێ کاتە قەیناکات بۆ ئێوەش و ئـەوانیش کە بگەڕێن بەناویەکداو بچن بۆلای یەکتر، تا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتـەوە، (تاتووشی کێشەی دەروونی نەبن) خواش هەمیشە زاناو دانایە(بەوەی کە دەبێتە مایەی خێروخۆشیتان(٥٨) هەرکاتێك مندالەکانتان بالغ بـوون، با ئەوانیش مۆڵـەت بخوازن، وەکو چۆت کەسانی پـێش ئـەمان مۆڵـەتیان خواستووە(لەکاتی هاتووچۆکردنی ژووری دایك وباوکدا)، ئا بـەم شـێوەیە خـوا ئایەتـەکانی خۆیتـان بـۆڕوون دەکاتـەوەو خـوا زاناودانایە(بـە بەرژەوەندیەکانتان)﴾.

پێویستە دایك و باوك ئەوە بۆ مندالەکانیان ڕوون بکەنـەوە، کە چوونە ژوورەوە بەبێ مۆڵەت لە هەرشوێن و جێگایەکدابێت نادروست و نەشیاوە، هەروەها ڕایبهێنن لەسـەر پەیوەست بوون بـەم نەریتـەوە، ئەگـەر گریاو پاسـاوی هێنایـەوەو بیـانووی گـرت، بـەلأم لەبەرامبـەردا ئێمـە نابێت ئاسانکاری بکەین، دەبێت بە هێمنی و ئارامی سووربین و پێداگری بکەبن لەسەر جێ بەجێکردنی نەریتە باشەکان.

ئەگەرچی هەندێ جار جێ بەجێکردنی ئەم داب و نەریتانە دەبێتە هۆی بێزاری دایك و باوك، لەوانەیە مندالەکانیان وەڕسیان بکـەن، بەلأم لەگەڵ

ئەمەشدا ئێمە نابێت کۆڵبدەین، چونکە چوونە ژوورەوەی منداڵ بۆ ژووری دایك و باوك بێ مۆڵەت و لەدەرگادان نەشیاوەو ناپەسەندە، لەهەمان کاتدا دەبێت ئەوەشمان لە بیرنەچێت ڕەچاوکردن و پیاداکردنی ئەم نەریتە هەمووان دەگرێتەوە، تەنانەت دایك و باوك کاتێك دەچنە ژووری منداڵەکانیان دەبێت مۆڵەت وەربگرن.

هۆکارێکی تریش پاڵنەرە بۆ ئەوەی منداڵەکە بە ئەنقەست خۆی بکات بە ژووری دایك وباوکیدا، ئەویش ئەوەیە لەوانەیە منداڵەکە لەبیری خۆیدا وێنەیەکی مەترسیداری دانابێت سەبارەت بەو ژووری خەوتنەی داخراوە، لەوانەیە گومانی وابێت دایك و باوکی کارێك ئەنجام دەدەن تووشی ئازاریان دەکات، بەڵام شێوازی مامەڵەکردن دەبێت هەر بەو شێوەیەبێت کە باسمانکرد.

لەکۆتاییدا پێم باش نییە دەرگاکە دابخەن، بە تایبەت کاتێك منداڵەکە فێری نەریتی لە دەرگادان و مۆڵەت وەرگرتن دەبێت.

**پرسیاری (سی و پێنج)**

کچەکەم کاتێکی زۆر لە ژوورەکەی خۆیدا بەتەنهایی بەسەردەبات، بڕیارمدا چاودێری بکەم و ناو شتەکانی بگەڕێم، لە ئەنجامدا چەند پەرتووکێکی شاردبۆوە کە دەربارەی بابەتەجنسیەکان و چۆنێتی مومارەسەکردنی کاری جنسی بوو، من نازانم چۆن و لە کوێ ئەمانەی دەستکەوتووە، پێم راگەیاند کە واز لەم بابەتانە بهێنێت، لەئێستادا ناهێڵم بە تەنهابێت و بەتوندیش چاودێری دەکەم، بەڵام نازانم ئەم ڕەفتارەی من هەڵەیە یان ڕاستە؟ نازانم بۆ کچەکەم کە حەڤدەساڵە بایەخ

بەم بابەتانەدەدات لەبری ئەوەی بایەخ بەوانەکانی بدات؟

## وەڵام

بەلاتەوە سەیرنەبێت لەم تەمەنەدا کچ و کوڕی گەنج بایەخ بە بابەتە جنسیەکان بدەن، چونکە ئەم قۆناغە قۆناغی گەشەی هەرزەکارە، بەڵام ئەوەی پێویستە بریتیە لە پەروەردەی تەندروست و باش، بۆ ئەوەی گەنج بە شێوەیەکی شیاو و دروست ڕێنمایی بکرێت، بزانێت چۆن بایەخ بەو شتانەدەدات کە پەیوەستە بە گەشەی جنسی، پێت سەیرنەبێت چۆن ئەو کتێب و گۆڤارانەی دەستکەوتووە چونکە لەهەموو جێگایەك پەیدادەبن.

دایکی بەڕێز تۆ بەڕاشکاوی قسەت لەگەڵ کچەکەت کردووە، هەر لەبەرئەمە ئامۆژگاری من ئەوەیە هەوڵبدەیت متمانە بۆ کچەکەت بگەڕێنیتەوە، ئەمەش بە خۆبەدوورگرتنی تۆ دەبێت لە چاودێریکردن و سیخوڕیکردن بەسەرییەوە، هەروەها ئەو شێوازە مامەڵەیەی بەکارت هێناوە بۆ وازهێنان لەو بابەتانە سوودێکی ئەوتۆی نابێت، بەڵکو لەوانەیە بە نهێنیەکی زیاترەوە کارەکە ئەنجام بدات، هەروەها بە توندی چاودێریکردن هەروەك لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکردووە، ئەمەش بێ سودە بۆ مەبەستەکەی بەڕێزتان، پێم باش نییە بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، باشتروایە زیاتر لێی نزیك ببیتەوە، ئاگات لێی بێت و فێری بکەیت تا بایەخ بە هەموو لایەنەکانی ژیانی بدات، ئاگاداری گەشەی زانستی و کۆمەڵایەتی و هاوڕێیەتی ئەو بیت، بابەتی جنس مەکە بە هەموو شتێك لە پەیوەندی نێوانتاندا.

ئامۆژگاریم ئەوەیە شێوازی ئاڕاستەوخۆ بەکاربێنیت ئەمەش لەڕێی بەرزکردنەوەی متمانەی کچەکەت بە خۆی و لە هەمان کاتدا دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانتاندا لەسەربنەمای متمانەو ڕێز ئەوەشمان لەبیرنەچێت دەبێت متمانەو ڕێزەکە لە هەردوو لاوەبێت.

ئایا کچەکەت دواندووەو قسەت بۆکردووە سەبارەت بە گەشەی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی؟ ئایا باس و خواست لەگەڵ کردووە دەربارەی (جنس)؟ یان ئەمە بابەتێکی قەدەغەو حەرامە لەناو ماڵەکەتاندا؟

ئامۆژگاریتدەکەم بە نزیك بوونەوەی زیاتر لە کچەکەت، وەکو هاوڕێیەك بە لەگەڵیدا، تا بەشێوەیەکی وردتر بیناسیت، ئێستا ئەو لە تەمەنێکدایە شەرم دەکات و پێویستی بەیارمەتی پاڵپشتی تۆ هەیە، بوونی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانتاندا وادەکات بە شێوازێکی ڕێك و پێك ڕێنمایی بکەیت، بۆ ئەوەی ئامادەی بکەیت بۆ بینینی ڕۆڵی خۆی لەداهاتوودا.

**پرسیاری (سی و شەش)**

خوشکەکەم شووی کردووەو کوڕێکی هەیە تەمەنی (٦) ساڵە، کچێکی هەیە تەمەنی (٤) ساڵە، خۆی و مێردەکەی لەبەرچاوی منداڵەکانیان بە جلی خەوەوە دادەنیشن و باوەش لەیەکدی دەدەن، سەرەنجداوە منداڵەکانیش لاسایی دایك و باوکیان دەکەنەوە، خوشکەکەم دەڵێت کە گەورەبوون خۆیان هەست بە هەموو شتێك دەکەن و چاکەو خراپە لە یەکتر جیادەکەنەوە، بەڵام من هەستدەکەم ئەم

کارە ئاسایی نەبێت.

## وەڵام

تۆ لەسەر حەقی کەخۆپاراستن بە باش دەزانی لەم جۆرە ڕەفتارەی دایك و باوکەکە لەبەرچاوی منداڵەکانیان، بەڵێ ئاساییە هەندێ جار منداڵ دایك و باوك ببینن گاڵتەدەکەن و خۆشەویستی و سۆزیان بۆ یەکتری هەیە، بەڵام ئەمە پێویستە بە شێوازێکی ئەخلاقی بەرزو پۆشتەیی هەیە لەجل و بەرگدا، دووربێت لە ڕەفتارگەلێك کە سنور تێ دەپەڕێنێت لەداب و نەریتە ئاینیەکان و ڕەوشتە خێزانیەکان.

بەڕاستی منداڵی هاوتەمەنی خوشکەزاکانت ئەو وێنانە کاریگەری لەسەریان دەبێت، لە هزریاندا هەڵیدەگرن سەبارەت بەڕەوشتی دایك و باوکیان، هەر لەبەرئەمەشە دەبینین قورئانی پیرۆز ئەو کاتانەی دیاریکردووە کە پێویستە منداڵی بچووك مۆڵەت وەربگرن بۆ چوونە لای دایك و باوك، تا دیمەن و ڕەفتارێك نەبینن کە بۆ ئەوان بینینی نەخوارزراوە، دەتوانیت خوشکەکەت ئاگادار بکەیتەوە لەوەی منداڵەکانی لاسایی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئاگاداربێت لەو هەڵەیەی کردوویەتی، لەوانەشە سەرەنجامەکەی خراپ بێت.

## پرسیاری (سی وحەوت)

من مامۆستای چاودێرم لەقوتابخانەدا، دەربارەی ئەو ڕووداوانەی کە لەسەر ئاوەکاندا ڕوودەدەن زۆرم بیستووە، کێشەکان لەم خاڵانەدا کورت دەکەمەوە:

- نوسینی ووشەی ناپەسەندو خراپ لەسەر دەرگاکان.

- چوونە ژوورەوەی دووکچ بۆ یەك سەرئاو بەیەکەوە.
- زۆر مانەوە لەسەرئاوەکان جا ئەمە بۆ خۆجوانکردن بێت یان بۆ رێکخستنی جل و بەرگەکانیان، بە تایبەت پێش دەرچوونیان لە قوتابخانە بەچەند دەقیقەیەك.

من سەرم سورماوە ئایا بەردەوام چاودێری دەرگاکان بکەم؟ یان ئامۆژگاریان بکەم؟ یان زوو زوو دەرگاکان بۆیاغ بکەم؟

## وەڵام

باش وایە ئاگادارکردنەوەو چاودێری و ئامۆژگاری هەبێت، کاری پێ بکرێت بۆ ئەوەی دەستەبەری پەیوەستی قوتابیەکان بکات بە ڕەوشتی باشەوە.

دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو ڕەفتارانەی لە پرسیارەکەدا هاتوون، هەندێکیان سادەترن لەوانی تر، بۆنموونە: لەرێسای قوتابخانەدا قەدەغەیە دووکچ بەیەکەوە بچنە یەك سەرئاوەوە، لە ڕێسای قوتابخانەدا ئەم کارەش سزای هەیە، بەڵام ڕێکوپێك کردنی جل وبەرگ پێش دەرچوون لە قوتابخانە مەترسی کەمترەو لەوانەشە بەهیچ شێوەیەك پێچەوانەی ڕەوشتەباشەکان نەبێت، پێویست ناکات قوتابخانە دەست تێوەردانی هەبێت لە هەموو شتەکاندا، جا گەورەبێت یان بچووك، قوتابیەکان دەبێت بە جۆرێك پەروەردە بکرێن هەستبکەن بەرپرسیارێتی خودی خۆیان لەسەرشانیانە، لەهەمان کاتدا ڕێنمایی بکرێن و چاودێریشیان بکرێت چونکە چاودێری و ئاگادارکردنەوە دەستەبەرێکی باشە بۆئەوەی ڕەوشت و ئاکاریان پەسەندو شیاوبێت.

پێویستە قوتابیەکان هەست بکەن کە چاودێرەکە متمانەی بەخۆی هەیەو زاڵە بەسەر بارودۆخی قوتابخانەکەدا، بوونی ئەم متمانەیەش لە شێوازی قسەکردن و تێگەیشتنی چاودێرەکەوە بۆ کێشەکان دەردەکەوێت، هەروەها پێویستە ڕێ و شوێنی پێویست بگیرێتەبەر وەکو دیاریکردنی مامۆستایەك بەرپرسیارێتی ڕەوشتی قوتابیەکانی لەسەرشان بێت لەدەرەوەی پۆلەکاندا، لەسەر ئاوەکان و گۆڕەپانی قوتابخانەکە، من ئەمە بە باشتردەزانم تا ئەوەی قوتابی دابنرێت بۆ ئەم مەبەستە.

ڕەوشتی قوتابیەکان هەرچۆنێك بێت پێویستە بۆیەی دەرگاکان زوو زوو نوێ بکرێتەوەو بۆیە بکرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش پێویستە شێوازی جۆراوجۆر بگیرێتەبەر، چونکە پرۆسەی پەروەردە زۆر گرینگترە لە فێرکردن.

## پرسیاری (سی و هەشت)

من مامۆستام لە وڵاتێکی عەرەبیدا، جارێکیان لەسەر ئاوی قوتابخانە دووکچم بینی ماچی دەمی یەکیان دەکرد، منیش یەکسەر هاتمەدەرەوە، نەمزانی چیبکەم، پاشان چوومەوە بۆ سەرئاوەکە بۆ ئەوەی واز لەوکارە بهێنن، ئایا ئەم کارەی من باشە یان نا؟ ئەم کارە منی تووشی سەرسوڕمانکرد، چونکە ئەو دووکچە لە دووخێزانی زۆر بەڕێزن.

## وەڵام

باش وابوو مامۆستاکە لەوکاتەدا بچوایەتە لایان، بۆ ئەوەی وای نیشانبدایە کە بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵە، نە ئەبوو سەرسوڕمانەکەی

ببێتە هۆی ئەوەی بە کارەکەی خۆی هەڵنەسێت، وەکو مامۆستاو پەروەردەکەری قوتابییەکان، لەم جۆرە ڕووداوانەدا باش وایە لە هەمان ئەو جێگایەی کارەکەی تێدا ئەنجامدراوە نە ئامۆژگاری بکرێن و نە ڕێگریان لێ بکرێت، بەڵکو مامۆستاکە داوایان لێ بکات هەر یەکێکیان بە تەنها سەردانی مامۆستاکە بکات لە ژوورەکەیداو لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەوجا مامۆستاکە بە هێمنی قسەیان لەگەڵ بکات و ئامۆژگاریان بکات، بەڵام قسەکردن لەگەڵ دووکچەکە بەیەکەوەو لەیەك کاتدا لەوانەیە زیاتر پەیوەستیان بکات بەیەکترەوە، لەبەرئەوەی واهەستدەکەن زیاتر نزیك بوونەتەوە بەوەی هەردووکیان یەك سەرەنجام و سەرزەنشتیان هەیەو هەستدەکەن هەردووکیان ستەم لێکراون، لە ئاکامیشدا ئەو کارەی پێشوو زیاد دەکات و بەڵام دوور لەچاوی کەسانی دی.

بۆ وەڵامی پرسیارەکەش دەتوانی سوودی زیاتر لەوەڵامی پرسیاری پێشووتر وەربگریت کە لەلایەن چاودێری قوتابخانەیەکەوە پرسیارەکە کرابوو.

## پرسیاری (سی ونۆ)

من سەرم سوڕماوە لە بەرامبەر ئەم کارەدا، پێش سێ ساڵ کچەکەم فێری خوویەك بووە، ئێستاش شوێنەواری خراپی هەرماوە، کێشەکەش بەمجۆرەیە: کچە مامەکەی کە دووساڵ لە خۆی گەورەترە فێری خوویەکی نهێنی کردوە، پێی وتووە ئەم کارە خۆشەو چێژی هەیە، کچەکەشم بە نهێنی ئەو کارە دەکات، من قسەی بۆ دەکەم و ئەویش وازی لێ دێنێت، بەڵام پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوە سەر خووەکە،

کێشەکەش لەوەدایە کچە مامەکەی لە جێگای خەوتندا ئەو کارەی بۆ دەکات، تکایە هاوکاریتان؟

**وەڵام**

خۆزگە تەمەنی کچەکەمان بزانیبایە، چونکە بابەتگەلی پەیوەست بە ژیانی پەروەردەی جنسی لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی دی دەگۆڕێت و جیاوازی هەیە، کچەکەت فێری ئەم خووە هەردەبێت، جا لە ئامۆزاکەیەوە بێت یان لەکەسانی ترەوە، چونکە ئەمە خووی هەرزەکاریە، مەترسیدارترین شتێکیش کە لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێکراوە بریتیە لەوەی لەنێوانیاندا ڕوودەدات، ئامۆژگاریم بریتیە لە:

- به ڕاشکاوی قسە لەگەڵ کچەکەتدا بکە، پێی بڵێ پێم ناخۆشە پەیوەندیت لەگەڵ ئامۆزاکەتدا هەبێت، هەروەها دەتوانیت ڕێگری لێ بکەیت، قەدەغەی چاوپێکەوتنیشی بکەیت لەگەڵیدا، ئەم کارەش بە گوێرەی تەمەنی کچەکەت دەگۆڕێت.
- لە پرسیارەکەتدا وادەردەکەوێت کە تۆ قسەت بۆ ئەو کردوە، بەڵام باشتروایە گوێ بۆئەویش بگریت، تابزانیت ئەویش چی دەڵێت، پاشان باسی هەڵوێستی ئیسلامی بۆ بکە بەرامبەر بەم خووە، لەمبارەیەوە کتێبی (الحلال والحرام) د. یوسف قەرزاوی سوودی باشی دەبێت.
- پاش ڕونکردنەوەی شتەکان بۆ کچەکەت پێویست بە سیخوڕیکردن ناکات بەسەریەوە.
- بایەخدان بە لایەنەکانی تری ژیانی کچەکەت جگە لە لایەنی

جنسی، ئەم خووەی کچەکەت وات لێنەکات باشەکانی تری نەبینیت، کە لەوانەیە لە ژیان و کەسایەتی ئەودا زۆربن.

- سوود وەرگرتن لەم دەرفەتە بۆ هۆشیارکردنەوەی کچەکەت -بەگوێرەی تەمەنی- سەبارەت بە گەشەو پەروەردەی جنسی، ئەوەی پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە.

## پرسیاری (چل)

کوڕەکەم تەمەنی (٧) ساڵە، توشی کێشەیەك بووە، سێ هاوڕێی دراوسێمانن، ئەوان بەردەوام بەیەکەوەن و یاری دەکەن، کێشەکەش ئەمەیە: ڕۆژێکیان پاش گەڕانەوەیان لە قوتابخانەو دابەزینیان لە پاسەکە نەهاتنەوە بۆ ماڵەوە، چارەکێك دواکەوتن، منیش کەوتمە دڵەڕاوکێوە، بە دوایدا گەڕام تا لەبەردەم ماڵی دراوسێکەمان بینیم لەگەڵ منداڵەکاندا وەستابوو، منیش بانگم کردو هەڕەشەم لێکرد، پاشان ئەم بابەتەم لەبیرچووەوە، سێ ڕۆژ دوای کێشەکە دراوسێیەکمان قسەیەکی بۆ کردم تووشی سەرسوڕمانی کردم، پێی ووتم: کە هۆی دواکەوتنەکەیان ئەوەبووە چوونەتە ناو ئەو خانووەی لەبەردەم ماڵمان دروست دەکرێت، چوونەتە ناو مەلەوانگەکەی و عەورەتیان پیشانی یەکتری داوە، ئەوجا دەرچوونەتە دەرەوە و هاتوونەتەوە بۆ ماڵەوە، ئەم کارەش منداڵێکیان بۆ دایکی گێڕاوەتەوە، بەو مەرجەی بەکەس نەڵێت، ئەویش بە منی بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکەین، چارەسەر چییە؟

## وەڵام

ئەگەرچی ئەم کارە بۆ دایکی مایەی نیگەرانیە، بەڵام ئەمە وەکو قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەی جنسی شتێکی دەگمەن نییە لەژیانی

منداڵدا، چونکە حەزی ناسینی کۆئەندامی زاوزێی خۆیان و کەسانی تریان دەبێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوەنییە بە بێ ئامۆژگاری و ڕێنمایی وازیان لێ بهێنین.

دایکەکە دەبێت بە جۆرێك تەماشای ئەم ڕووداوە بکات دەرفەتێکە تا ئەوەی کێشەیەك بێت، دەرفەتێکە بۆکرانەوەو قسەکردن لەگەڵ منداڵەکەدا، تا ئەو شتانەی فێربکات کە لە داهاتوودا یارمەتیدەدات و دەیپارێزێت، ئەگەر دایکەکە شەرم دەکات بەو کارە هەڵبسێت ئەوە با باوکەکە ئەو کارەبکات.

باسی ڕەفتاری پەسەندو ناپەسەند بۆ منداڵەکە بکرێت، چەمکی عەورەت و ئادابەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئەو شوێنانەی لە لەشی مرۆڤدا نابێت کەس بیانبینێت جگە لەپزیشك و دایك و باوك ئەویش لە کاتی پێویستیدا، دەبێت منداڵ فێربکرێت چۆن و چ کاتێك دەڵێت (نەخێر)، کاتێك کەسێك دەستی بۆ دەبات بە شێوازێکی نەشیاو هەرچەند ئەو کەسە نزیکیشی بێت، ئەم خوشکەش کە پرسیارەکەی کردوە دەتوانێت ئەمە ڕونبکاتەوە بۆدراسێکەیان و گفتوگۆی لەسەربکەن، بۆ ئەوەی سوودی لێوەرگرن بۆ منداڵەکانیان.

## پرسیاری ( چل ویەك )

تەمەنم (١٣) ساڵە تا ئێستا نیشانەی باڵغ بوونم تێدانییە، بە پێچەوانەی هەموو هاوڕێ کچەکانم، دایکم لەمبارەیەوە قسەم لەگەڵ ناکات، بەڵام من دەمەوێت لەگەڵ یەکێکدا قسە بکەم، بۆ ئەوەی دڵنیابم و بزانم پێویستە چی بکەم؟

## وەڵام

دوودڵی ئەم کچە لەم تەمەنەدا سەبارەت بە تەمەنی هەرزەکاری، ئەوەی پەیوەستە بەباڵغ بوون و هەندێ نیشانەی جەستەیی شتێکی ئاساییە، لە ڕاستیدا کاتی باڵغ بوون و نیشانەکانی لە کچێکەوە بۆ کچێکی تر جیاوازە، تۆهێشتا (١٣) ساڵانی و کاتێکی زیاترت ماوە بگەیتە ئەو تەمەنە، ئەگەر هاوڕێکانت نیشانەکانی باڵغ بوونیان تێدا دەرکەوتووە، لەو باوەڕەدانیم تۆپێویستت بە ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی هەبێت، جارێ هێشتا حاڵەتەکە ئاساییەو دەبێت پەلەنەکەیت.

مافی خۆتە کە بە پێویستی دەزانیت قسە لەگەڵ کەسێکدا بکەیت سەبارەت بە حاڵەتەکەت، ئەمەیان ئاساییە، بەڵام لەگەڵ کەسێکدا قسە بکە متمانەت پێی هەبێت، خۆشت بەدوور مەگرە لە قسەکردن لەگەڵ دایکتدا، ئەگەر چی ئەویش لەمبارەیەوە قسەی بۆنەکردووی، زۆر نزیکە لەگەڵتدا بکرێتەوەو بەڕاشکاوی قسەت لەگەڵدابکات، ئەگەر هەر نەتوانی قسە لەگەڵ دایکتدا بکەیت ئەوە قسە لەگەڵ کەسێکدا بکە کە متمانەت پێی هەیە، جا ئەو کەسە پەروەردەکاربێت یان یان ئافرەتی ئاسایی.

### پرسیاری (چل و دوو)

لەم ڕۆژگارەدا زۆرشت دەبینم و دەبیستم دەربارەی ڕووداوی لاقەکردنی مندالی بچووک، منیش دەترسم کوڕەکەم کە هێشتا تەمەنی (١٠) ساڵە توشی ڕووداوێکی لەو جۆرەبێت، چۆن فێری بکەم پارێزگاری لە خۆی بکات؟ پێش ئەوەی کارەساتەکە ڕووبدات ڕێی پێبگرم، لەبەرئەوەی توانای ووتەووتی خەڵکم نییە.

## وەڵام

ئەم مافی خۆتە بترسی و نیگەران بیت سەبارەت بە کوڕەکەت، ئەم نیگارانیە ھاندەرت دەبێت بۆ ئەوەی ڕێ و شوێنی دروست بگریتەبەر بۆ پارێزگاریکردن لە سەلامەتی منداڵەکەت، باش وایە منداڵ جا کچ بێت یان کوڕ فێری ئەوە بکرێت کە قسەو یاری نەکات لەگەڵ خەڵکی نەناسدا، ھەروەھا پێویستە فێری ئەوەبکرێت چ کاتێك دەڵێت ((نەخێر))، ئەو کاتەی یەکێکی نەناس داوای شتێکی نەخوازراوی لێدەکات، کەسوکاری دەبێت ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت، بزانن لەگەڵ کێدا یاری دەکات و کاتەکانی بەسەردەبات، ئەمەش پێویستی بە چاودێریکردنی ڕەوشت و ئاکاری منداڵ ھەیە.

ھیوادارم دایك ئەم فەرمایشتانە فێری منداڵەکەی بکات، بەبێ ئەوەی ترس و ھەڕەشە بەکاربھێنێت، ھەروەھا دایك دەبێت پێشبینی ئەوە بکات منداڵەکەی پرسیاری لێبکات، یان خۆی ھانی بدات بۆ قسەوباس و پرسیارکردن، ئێمە چۆن دەتوانین ئەم ھەموو فەرمایشتانەی فێربکەین ئەگەر لە ڕێگەی پرسیارکردنی منداڵەکەوە نەبێت، ئەگەر منداڵەکەش پرسیارێکی کردوو وەڵامەکەت نەزانی ئەوە بڵێ نازانم بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێم.

## پرسیاری (چل وسێ)

کوڕەکەم تەمەنی چوارساڵ و نیوە، تێبینیم کردووە دەستی دەخاتە ناو دەرپێ کورتەکەیەوە، بۆ ئەوەی دەرپێکەی لە لەشی دووربخاتەوە، منیش ھەڕەشەم لێکرد تادەستی نەخاتە ناو دەرپێکەیەوە، پێی ووتم:

کە هەست بە ئازاردەکات لەو جێگایەدا ((مەبەستی کرداری بەرزبوونەوەی چووکی بوو))، منیش دەرپێ کورتەکەیم لەپێیدا داناو بە تەنها دەرپێی سەرەوەی لەپێدا مایەوە، ئێستا تەنها بیجامەی سەرەوەی لەپێدایە، زۆری بەلاوە خۆشە... ئایا ئەمە هەڵەیە؟ دەتوانێت کە گەورەش بوو هەر بەو جۆرە بێت؟

## وەڵام

شتێکی باوە منداڵ لەم تەمەنەدا دەستی دەخاتە ناو دەرپێی کورتەوە، چونکە لەگەڵیدا هەست بە هەندێ شت دەکات، ئەمەش بەدوای خۆیدا کرداری بەرزبوونەوەی چووك دەهێنێت، ئەگەرچی منداڵ نازانێت ئەم کارە ناپەسەندە لەڕووی ئەخلاقی و جنسییەوە.

لەم کاتەدا باشترە دایك منداڵەکە ئاگادار بکاتەوە، بەڵام بەهێمنی و بێ توڕەبوون و بێزارکردن تێی بگەیەنێت ئەم ڕەفتارە نەشیاوەو باش نییە، بە تایبەت ئەگەر لەبەرچاوی خەڵکیدابێت، چونکە هەرشتێك پەیوەندی بەعەورەتەوە هەبێت تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەجێگای تایبەتی خۆیدا کە حەمامە دەبێت بکرێت نەك لەبەرچاوی خەڵکی.

کارێکی باشە ئەگەر دایکەکە بتوانێت منداڵەکەی فێربکاتەوە دەرپێ کورتەکەی لە پێ بکات، چونکە ئەمە پەیوەندی بە پاك و خاوێنییەوە هەیە، بەڵام با دەرپێکەی فراوانترو گەورە تربێت، تا نەبێتە هۆی بێزارکردنی لە کاتی دانیشتندا، ئەگەر دایکەکە ئەمەی بە قورس زانی ئەوە ئاساییە لەماڵەوە دەرپێی کورتی لە پێدا نەبێت، ئەمەش هیچ زیانێکی نابێت ئەگەربێت و جل وبەرگەکەی گونجاوبێت.

## پرسیاری (چل وچوار)

کچەکەم ساڵێك و سێ مانگە، کاتێ یاری دەکات لەگەڵ هەر منداڵێکدا زۆر حەز دەکات تەماشای عەورەتیان یان کۆئەندامی زاوزێیان بکات، هەروەها زۆر دڵخۆش دەبێت کاتێ تەماشای من دەکات کە خۆم دەگۆڕم، منیش ناچار ئێستا بە نهێنی خۆم دەگۆڕم، زۆر هەڕەشەم لێکردووە بەڵام بێ ئاکام بووە.

## وەڵام

ئاساییە منداڵ کچ بێت یان کوڕ ئارەزووی تەماشاکردنی عەورەت یان کۆئەندامی زاوزێی منداڵ یان گەورەش بکات، ئەگەرچی ئەوان واتای ئەخلاقی و جنسی ئەم بابەتە هەست پێناکەن، بەڵام ئەم قۆناغە دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی منداڵ فێری داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بکرێت، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستە بە داپۆشینی عەورەت و تەماشاکردنی کەسانی دی.

لێرەدا دەبێت دایکەکە منداڵەکەی فێری ئەوە بکات کە نابێت سەیری عەورەتی کەسانی تر بکات، جا ئەو کەسە منداڵ بێت یان ئافرەت یاخود پیاو، بەڵام ئەم پرۆسەیە دەبێت بەبێ هەڵچوون و تووڕەبوون و هەڕەشەکردن بەڕێوەبچێت، چونکە ئەم کارانە واتە هەڵچوون و هاوشێوەکانی وا لە منداڵەکە دەکات بە ناڕاستەوخۆ کارەکە دووبارەبکاتەوە، بۆ ئەوەی سەرەنجی دایك و باوکی و بۆلای خۆی ڕابکێشێت، منداڵەکە دەبێت پۆشتەیی بوون لەدایك و باوکیەوە فێربێت، پێویستە هەوڵبدەن دوور لە چاوی ئەو خۆیان بگۆڕن، زۆربەی منداڵانیش

چـــاودێریکردن و پارێزگـــاریکردنی، بڕواشـــت وابێـــت کـــە منداڵەکـــەت گەورەتربوو ڕێزی زیاترت دەگرێت.

بـــڕوام وانیـــە خوێندنـــەوەی ڕۆژنامـــەو گۆڤـــاری ڕووداو و تـــاوان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم شتانەوە هەبێت کە باسمان کرد، تەنها ئەوەندە هەیە ئەم بابەتانە دەبێتە هۆی بوونی هەندێ حەساسیەت لە بەرامبەر ڕێسا ئەخلاقیەکان، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی دەبێت لە هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ دایکیدا.

## پرسیاری ( پەنجاوپێنج )

کوڕەکەم تەمەنی (١٧) ساڵە، ئاڵودەبووە بە ئەنتەرنێت و دەمارگیری گەنجانە لە دیمەنیدا، من لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە هیدایەتی بدات، پێم خۆش نییە خۆم هەڵقورتێنم لە کارەکانی، تا سەرپێچم نەکات و پاشان پەیوەندی نێوانیشمان تێك بچێت، بەڵام ماوەیەکە وێنەی بچووك هەڵدەواسێت لـە ژوورەکەیـدا، سـەرەتا وێنـەکان زۆر ڕوون نـەبوون لەبەرچاوم، بـەڵام پـاش سـەرەنجدان بـۆم دەرکـەوت هێمـاو ئامـاژەی جنسین، منیش هیچ قسـەم لەگـەڵ نـەکرد، دەمـەوێت بـزانم ئایا ئەمە قۆناغێکـەو تێدەپـەڕێت و دەڕوات، یـان وێنەکـە بـە دەسـتی خـۆم لێبکەمەوە؟ یاخود چی بکەم؟

## وەڵام

ئامۆژگاریم بۆ ئەم دایکە ئەوەیە کە ئـەم کـارە هـەر بـەو جۆرەی هەیە فەرامۆش نەکات، لە هەمان کاتدا وێنەکەش بە دەستی خۆی دانەگرێت، چونکە هەردوو مامەڵەکە نا تەندروستن، لەم نێوانەشدا شتی زۆرهەن کە دەتوانرێت بکرێن.

دەکات، ئەم دیمەنانە پاڵم دەنێت بۆ خووی نهێنی، من سەرم سوڕماوە نازانم چی بکەم؟ تکایە یارمەتیم بدەن؟

## وەڵام

ئەم کێشەیە زیاتر لە لایەنێکی هەیە، لەوانەیە ئەمە نیشانەبێت بۆ کێشەیەکی دەروونی کە ناسراوە (عەصابی وەسواسی قەهری) لەم حاڵەتەدا جۆرە بیروبۆچوون و وێنەی هزری نامۆ دێت بە بیری کەسەکەدا، هەرچەند دەیەوێت ئەو وێنەیە لابەرێت بەڵام هەردووبارە دەبێتەوە، ئەم بیروبۆچوونانە بە زۆری پەیوەستە بەو بابەت و ڕەوشتانەی کە مایەی گرنگی پێدانە لای مرۆڤەکان، بۆنموونە لای مرۆڤی ئایین پەروەر، لەوانەیە لە شێوەی پرسیارو گومان لە بیروباوەڕدا خۆی نمایش بکات، یان لای مرۆڤی بەڕەوشت لە شێوەی کاری نا ئەخلاقیدا کە پێچەوانەی ئەو بنەما ئەخلاقیانەیە کە ئەم کەسە پەیوەستە پێوەی خۆی دەربخات، کە ئەمەش حاڵەتەکەی بەرێزتانە، هەندێ چارەسەری دەرمانی هەن لەگەڵ چارەسەری دەروونی، پێویستە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەیت بۆ چاودێری چارەسەرکردنەکەت، دەربارەی ئەم بابەتەش دەتوانیت ئەم کتێبەم بخوێنیتەوە بەناونیشانی (المرشد في الأمراض النفسية واضطرابات السلوك).

لایەنی دووەم لە کێشەکەدا بریتیە لە لایەنی جنسی، ئەویش بە مومارەسەکردنی خووی نهێنی کە هاوپێچە لەگەڵ وەسواسی قەهری، ئەم خووە لەوانەیە دەست پێکردنی بگەڕێتەوە بۆ دوای دەرکەوتنی نەخۆشیەکە، چونکە لە ئاکامی نەخۆشیەکەدا ئەم گەنجە هەست بە

ئەگەر بە برا گەورەکەمان بڵێین لەوانەیە شەڕو ململانێ دەست پێبکات لەنێوانیاندا، تکایە ئێمە چی بکەین چۆن مامەڵە بکەین؟

## وەڵام

بێگومان ئەم کێشەیە پەیوەستە بە بوونی سایتەکانی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، کە پێویستە لەسەر ئێمەی موسڵمان زۆر هۆشیارانەو بەئاگایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چارەسەری کێشەکانی بکەین، باشترین چارسەر بریتیە لە پەروەردەی تەندروست و بەهێزکردنی لایەنی دەروونی، لە فەرمان پێکردنی بە چاکە، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ خۆپاراستن، بۆنموونە دانانی ئامێری کۆمپیوتەر لە ژووری دانیشتنی خێزانی هاوشێوەی تەلەفزیۆن، چونکە ئەندامانی خێزان زۆرترین ئامادەبوونیان هەیە لەم شوێنەدا، ئەمەش جۆرێکە لە سانسۆری کۆمەڵایەتی دەرەکی.

خاوەنی کێشەکە منداڵ نییە، ئەم ڕەفتارەشی بەو واتایە نایەت کە لە تەمەنی (١٧) ساڵیدایە، جا ئەگەر هەڵسوکەوتی تری هەبێت کە لە تەمەنی (١٧) ساڵ بچێت ئەوە لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە.

ئەو کەسەی پرسیارەکەی کردووە دەتوانێت ئەم بابەتە بە هێمنی بخاتەڕوو، لەنێو خوشك و براکانیدا لەسەر خوانی نان خواردن، بۆنموونە: بە شێوەیەك لە شێوەکان بڵێت ئینەرنێت کێشەی ئەخلاقی لێدەکەوێتەوە، بە هۆی سایتەڕووتەکانەوە، دەتوانێت پرسیاربکات لە بارەی بیروبۆچوون و پێشنیاری ئەوانەوە، بۆ دابینکردنی ڕێگایەکی گونجاو بۆ ڕێگریکردن لە چوونی ئەم دەردە بۆ ناو ماڵەکەیان، چونکە

ئەم قۆناغە بەئاسانی تێدەپەڕێنن، بەبێ جێهێشتنی شوێنەواری خراپ، لە کۆتاییدا دایکی بەڕێز تۆش دەبێت بەئارام بیت لەگەڵ ڕۆڵەکەتدا.

## پرسیاری (چل و پێنج)

کچەکەم تەمەنی (٥) ساڵە، من بەشێوەیەکی ئاسایی جلی خەو لەبەردەکەم پێش خەوتن، بەڵام لەم ماوانەی دواییدا تێبینیم کردووە کچەکەم پێی ناخۆشە ئەو جلە لەبەردەکەم، کاتێك جلێکی نوێی خەوم کڕی پرسیارم لە باوکی کرد کە بەلایەوە چۆنە، هەرکە باوکی خۆشحاڵی دەربڕی ئەو وەك بڵێی تووشی هستریا بووە، بەتوندی ڕایدەکێشاو بەپیس وخراپ ناوزەندی دەکرد، دەیووت مایەی پێکەنینە، پاشان بە درێژایی شەو هەر دەگریا، لە کۆتاییشدا ئەو جلە نوێیەی بەمقەست دڕان، ئایا ئەمە ئاماژەیە بۆچی؟ بە تایبەت لەم دواییانەدا واهەستدەکەم ڕقی لە منە، بۆ زانیاری دووکچی ترم هەیە یەکێکیان لەو گەورەترو ئەوی دی لەو بچوکترە، بەڵام ئەوان ئەم هەڵسوکەوتەیان نییە.

## وەڵام

ڕەفتاری ئەم منداڵە ئاماژەیە بۆ ئەوەی پێویستی زۆری بەچاودێری و ئاگاداربوون هەیە، تا ئەوەی ئاماژەبێت بە پەیوەست بوونی بەباوکییەوە، بەدووری نازانم کێشەیەك یان ناڕەحەتیەك بوونی هەبێت لە ژیانی ئەم منداڵەدا، جا لە ماڵەوەبێت یان لە قوتابخانە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەوڵبدات زیاتر سەرەنجی باوکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، چارەسەریش ئەوەیە دایك و باوك لەبەرچاوی منداڵەکە خۆ جوانکردن و پیاهەڵدان بەیەکتریدا کەمبکەنەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت، تا ئەو کاتەی

ئەم کچە ئەم حاڵەتە تێدەپەڕێنێت، دایك و باوك هەوڵبدەن زیاتر چاودێری ئەم کچەو خوشکەکانیشی بکەن، بە تایبەت کاتێ ئەوان ڕەفتاریان باشە، بەلاّم دوور لە بێزارکردن و دەمەدەم، هەروەها ئەم کچە دەبێت هەوڵبدرێت متمانە بەخۆبوونی تێدا دروست بکرێت، ئەمەش لە ڕێگای پیاهەڵدان بەو کارانەی ئەنجامی دەدات، لە هەمان کاتدا هاندانی بۆ ڕەفتاری منداڵانەی پەسەند.

## پرسیاری (چل و شەش)

تازە کچێکم بووە، ئێستا تەمەنی (٣) مانگە، کاتێ پاکی دەکەمەو دەترسم زیان بەکچێنی بگەیەنم، ئەگەرچی من دەزانم ترسەکەم ل ڕادەی خۆی زیاترە، بەلاّم هۆکاری ترسەکەم نازانم، هەر چەند خ لەپێشدا ڕەخنەم لە دایکم دەگرت کاتێ ترسی هەبوو سەبارەت بە مز خوشکەکانم، نەیدەهێشت سواری پایسکیل بین، ئایا منیش وەك دای دەبم ئەگەر ترسم هەبێت لە کچەکەم؟

## وەلاّم

لە ڕاستیدا ئەم دایکە حەقێتی کە ئەم حاڵەتە بەترسی لە ڕادەبە ناوزەند دەکات، هەروەها قسەکەشی تەواوە کە دەڵێت ئەم ترسەی ن لە شێوازی پەروەردەکردنی دایکی کاتێك منداڵ بوونە، لە زۆر لایەن مرۆڤ کە گەورەدەبێت زۆرێك لەو حاڵەت و سۆزو هەڵچوونانەی بەدیدەکرێت کە لە دایکی بینیوێتی، نموونەی ئەم حاڵەتانەش وەك و دوودڵی و دڵەڕاوکێ، بە دووری نازانین ئەگەری دیش هەبێت، بە تای ئەوەی پەیوەندی بە وەسوەسەی پاك و خاوێنی و ڕێکخستنی ناو ما

هەیە، ئەگەربێت و ئەم دایکە چارەسەری خۆی نەکات ئەگەری زۆر هەیە ئەم کێشەیە بگوازوێتەوە بۆ منداڵەکەی.

هەرچەند دایکەکە دەزانێت ترسەکەی زیادەڕەوی تێدایە، بەلام لە هەمان کاتدا هەروا ئاسان نییە خۆ ڕزگارکردن لەم ترسەی کە هیچ بەهانەیەکی نییە، تەنانەت لە تێڕوانینی ئەوانەی بەدەستیشیەوە دەناڵێنن، بەلام دایکەکە دەتوانێت ئەم ترسە کەمبکاتەوە، لە ڕێی وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە ترسەکەی بەهانەیەکی واقعی نییە، پاکردنەوەش هیچ ئازارێك بە کچەکەی ناگەیەنێت.

باشترە ئەگەر دایکەکە کتێبێك بخوێنێتەوە لەبارەی ترس و دڵەڕاوکێ، پاش خوێندنەوەی کتێبەکە تێدەگات و تێبینی ئەوەدەکات خەریکە بەسەر کێشەکە زاڵدەبێت، لەمبارەیەوە کتێبێکی خۆم هەیە سوودی دەبێت ئەگەر بخوێنرێتەوە، کتێبەکەش بەناونیشانی (المرشد في الأمراض النفسية واضطرابات السلوك).

## پرسیاری چل و حەوت

ئێمە خێزانێکی موسڵمانین لەووڵاتێکی ئەورووپیدا دەژین، کوڕێکم هەیە تەمەنی (٩)ساڵە، ڕۆژێك هاتەوە بۆ ماڵەوە ووتی: کچێك هەیە لە پۆلەکەماندا دەیەوێت ببێتە هاوڕێم(بۆی فرێند)، منیش سەرم سوڕما لە قسەکەی و دەترسم تووشی لادانی جنسی ببێت.

## وەلام

بە شێوەیەکی گشتی ترسی دایك و باوك لە بەرامبەر منداڵەکانیان شتێکی باشەو من بە باشی دەزانم، چونکە وایان لێدەکات زیاتر ئاگایان لە

منداڵەکانیان بێت، هەروەها هاندەریشە بۆ چاودێریکردنی گەشەی منداڵەکانیان، بە پێچەوانەوە فەرامۆشکردنی منداڵ دەبێتە هۆی لادانی منداڵەکە بە جۆرێك کەسوکار هەستی پێناکەن، لەبەرئەمە ترسی تۆ لە منداڵەکە ئاساییە، بە تایبەت کە ئێوە لە ژینگەیەکی ئیسلامیدا ژیان بەسەرنابەن، بەڵام تۆ هەوڵبدە ئەم ترسە بگۆڕیت بۆ کارێکی باش، لەبری ئەوەی تەنها دڵەڕاوکێیەك بێت کە توانات بەسەریدانییە.

با ئەم جۆرە قسانە تووشی سەرسوڕمانمان نەکات، بە تایبەت لەئێستادا بەداخەوە تەنها لەووڵاتانی ڕۆژئاوا گوێ بیستی ئەم جۆرە قسانە نابین، بەڵکو لەووڵاتە ئیسلامیەکانیشدا ئەم قسانە دەبیستین، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ڕاگەیاندن و هەندێ بەرنامە.

هیوادارم ئەم دەرفەتە بقۆزیتەوە تا لەگەڵ کوڕەکەتدا قسەبکەیت، هەندێ فەرمایشتی بنەڕەتی ئایینی ئیسلامی بۆ ڕوون بکەیتەوە، لەوانەش پەیوەندی نێوان کوڕوکچ لە ئایینی ئیسلامدا، لە هەمان کاتدا باسی ئەوەی بۆ بکەیت کە ئێمە جیاوازین لەو کەسانەی کە موسڵمان نین، جا لە قوتابخانەبێت یان لە گەڕەکدا، تێی بگەیەنیت کە ئەم جۆرە پەیوەندیانە لای موسڵمان بوونی نییە وەکو (بۆی فرێند) و (گێڵ فرێند).

پرسیاری منداڵەکەش ئاماژەنییە بۆ لادان بەو شێوەیەی تۆ ترست لێی هەیە، بەڵام بە مەرجێك ئێمە بە باشی مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەین، منداڵەکە هەست بەوە بکات کە دەتوانێت سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ دایك و باوکیدا گفتوگۆ بکات.

دەتوانێت منداڵەکە بە جۆرێك ڕێنمایی بکەیت کە متمانەی بەخۆی

هـەبێت لەپـەیڕەوکردنی ئـاینی ئیسـلامدا، لەهـەمان کاتـدا مرۆڤێکـی کۆمەڵایەتی بێت بتوانێت لەگەڵ منداڵانی تردا تێکەڵ بێت، قسەیان لەگەڵ بکات و یارییان لەگەڵدا بکات.

## پرسیاری ( چل و هەشت )

دوو منداڵ بەیەکەوە قسەیان دەکرد، باسی دایک و باوکیان دەکرد لە حاڵەتێکدا کە نابێت کەس بەو جۆرە بیان بینێت مەگەر خۆیان، ئەم دوو منداڵـە یـەکێکیان نۆسـاڵ و ئەویترشـیان یـانزە سـاڵە، چـۆن ئامۆژگاری ئەم منداڵانە بکەین؟

## وەڵام

پـێم بـاش نییـە لەگـەڵ ئـەم دوو منداڵـەدا بەیەکـەوەو لەیـەک کاتـدا قسەبکرێت، بەڵکو بە تەنها لەگـەڵ هەریەکێکیانـدا قسـە بکرێـت، چونکە ئەگەر بەیەکەوە قسـەیان لەگـەڵ بکرێـت لەوانەیـە ببێتـەهۆی ئـەوەی لـە نێوانیاندا شەرم نەمێنێت و لە ئاکامیشدا هانـدەربێت بۆ ئـەوەی هەنـدێ یاری و کاری جنسی ئەنجام بـدەن، بێگومـان هۆکـاری کـاری جنسـی لای منداڵان بینینی هەندێ ڕەفتارو دیمەنی جنسیە لە گەورەکاندا.

دەتوانیت بـەجیا قسـە لەگـەڵ هـەردووکیان بکـەیت، هەریەکەشیان بـە گوێرەی تێگـەیشتن و پێگـەیشتنی، پێیان بڵێیت: هەندێ کارو فەرمایشت هەیـە خـودای گـەورە وەکـو سروشـتی مرۆڤایـەتی مرۆڤبـوون دایناوە، ئاساییەو دەبێت هەبێت کاتێك مرۆڤ ژیانی هاوسـەرگیری پێکدێنێت، ئـەم کارانـەش لـە نێـوان ژن و مێـرددا ڕوودەدات و ئەنجامەکەشـی سـکپڕی و منداڵ بوونـە، ئـەم کـارەش لەبـەربوونی ڕێزو گـەورەیی مـرۆڤ لـە ژووری

خەوتندا ڕوودەدات، دەبێت دوور لە چاوی خەڵکی بێت چونکە تایبەتە بە خودی مرۆڤ خۆی، ئەگەر هەندێ جار هەڵەیەکیش ڕوویدات و بۆنموونە ژن ومێرد باش خۆیان دانەپۆشن یان منداڵ بیان بینێت، ئەمە هیچ لە سروشتی کارەکە ناگۆڕێت، هەرلەبەر ئەمەشە داب ونەریتی مۆڵەت وەرگرتن بۆ چوونە ژوورەوە بۆ ماڵ یان بۆ ژوورێك دەبێت هەبێت و پێویستە.

باش وایە وەڵامی پرسیاری منداڵەکان بە هێمنی و ڕێزەوە بدرێتەوە، بەشێوەیەکی شیاو و بە گوێرەی پێگەیشتن و وەرگرتنیان، لەهەمان کاتدا پێیان بوترێت: پێویستە منداڵ سەبارەت بەم کارانە لەگەڵ کەسدا قسە نەکات، تەنها دایك و باوکیان یان کەسێك کەدایك و باوك متمانەیان پێیەتی، لەبەرئەوەی ئەم بابەتانە تایبەتە بەژیانی مرۆڤ و داب ونەریتی تایبەتی خۆی هەیە.

## پرسیاری (چل ونۆ)

من لەدەزگایەکی خێرخوازیدا کاردەکەم دەزگاکە بایەخ دەدات بە کاروباری هەتیوان، بە دیاریکراویش من سەرپەرشتیارم لە ماڵی هەتیواندا، لەم شوێنەدا هەموو شتێکیان بۆ دابین دەکرێت، وەکو شوێنی نیشتەجێ بوون و جل وبەرگ و خواردن و خواردنەوەو چاودێری تەندروستی و پەروەردەو فێرکردن، قوتابی لێرەدا هەموو پێداویستیەکانی بە باشترین شێوە بۆ فەراهام دەکرێت، ژمارەی منداڵەکان دەگاتە(٣٠٠) منداڵ و تەمەنیشیان جیاوازە.

لەم دواییانەدا تووشی کێشەیەك بووین، ئەویش دیاردەی نێربازی لە نێو تەمەنە منداڵەکان، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (٩-١٤)ساڵیدایە،

پاش لێكۆڵینەوە لە بابەتەكە بۆمان دەركەوت هەندێك لە منداڵەكان لە كاتی سەردانیكردنی كەس وكاریان تووشی ئەو كارەبوونە، لە ئەنجامیشدا ئەوەی فێربوونە گواستویانەتەوە بۆ ئەوانی دی كە لە ماڵەكەدابوون، ئێمەش لەبەر مەترسیداری كێشەكە تووشی شۆكێكی گەورەبووین.

تكام وایە یارمەتیمان بدەن لەم كێشەیەدا، بە زووترین كات وەڵاممان بدەنەوە، بەتایبەت لەم خاڵانەی خوارەوەدا:

١- چی لەو منداڵانە بكەین كە لە كارەكەدا بەشداربوون؟ ئایا لەگەڵ منداڵەكاندا بیان هێڵینەوە؟ یان بیان نێرینەوە بۆماڵی خۆیان؟

٢- چۆن چارەسەری ئەو منداڵانە بكەین و مامەڵەیان لەگەڵدا بكەین؟

٣- چی بكەین بۆ ئەوەی منداڵەكانی تر پاك و پارێزراو بن لەم دیاردەیە؟

## وەڵام

ئاشكرایە پەیوەندی جنسی لە نێوان هاوڕەگەزەكان بە زۆری لەو شوێنانەدا ڕوودەدات كە كوڕان یان كچان بەیەكەوە ژیان بەسەردەبەن، وەكو بەشی ناوخۆی و بنكەی نەوجوانان و هەتیوان و سەربازگەو زیندان.

ئەمەی لە پرسیارەكەشدا هاتووە شتێكی نامۆنییە، چونكە ئەم كارە بە خەیاڵی ئەو كەسانەدا دێت كە لەوێدان، ئێمە دەبێت هەوڵبدەین ڕوونەدات، ئەمیش بە گرتنەبەری هەندێ ڕێ وشوێن كە ئەگەری ڕوودانی ئەم دیاردەیە كەم دەكەنەوە، مەرجیش نییە ئەم ڕەفتارەیان لە ماڵەكانیانەوە هێنابێت، لەوانەیە ئەم دیاردەیە لە هەمان ئەم شوێنەدا كە

بنکەی هەتیوانە پەرەی سەندبێت، ئەو ڕێ و شوێنانەش کە پێویستە بگیرێتەبەر بریتیە لە:

– جیاکردنەوەی جێگای کوڕەکان لە یەکتری، هەروەکو چۆن لە فەرموودەی پێغەمبەردا ئاماژەی پێکراوە.

– قەدەغەکردنی حەمامی بە کۆمەڵ، چونکە لەوێدا ئەو کوڕانە جلەکانیان دادەنێن و یەکدی دەبینن، هەروەکو چۆن لە وولاتانی ڕۆژئاوادا هەیە.

– جیاکردنەوەی گەنجەکان بە پێی تەمەنیان، هەروەها نابێت ئەوانە لەگەڵ یەکتریدا دابنێن کە چەند ساڵێك لەوانی دی گەورەترن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بچووکەکان تووشی دەست بۆ بردنی جنسی بن.

– بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان بەگوێرەی ژمارەی منداڵەکان، بە جۆرێك ڕێژەکە گونجاو بێت و سەرپەرشتیار چاودێری ژمارەیەکی کەمی منداڵ بکات، بتوانێت لە نزیکەوە ئاگای لێیان بێت.

– ڕەخساندنی کەشێکی دڵنیاو ئارام و لەسەرخۆ لەخانەی هەتیواندا، بە جۆرێك هاندەربێت بۆ ئەوەی ئەگەر منداڵەکان تووشی ئازارێك یان دەست بۆ بردن بوونەوە لەلایەن گەورەکانەوە، بتوانن قسە لەگەڵ سەرپەرشتیارو مامۆستاکانیاندا بکەن.

– منداڵەکان فێربکرێن کە دەست بۆ بردن و لاقەکردن چییە، بۆ ئەوەی هۆشیاریان هەبێت سەبارەت بەو کارە، لە هەمان کاتدا فێربکرێن

کە هەندێ کاروکردار هەیە کەس بۆی نییە بیکات لەبەرامبەر کەسانی تردا، مەگەر پزیشك یان سەرپەرشتیار.

- دەبێت یەکێك لە وانەکانیان ئەو وانەیەبێت کە پێی دەوترێت پەروەردەی جنسی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پشت بەسەرچاوەکانی ئەو بابەتە ببەسترێت.

لە کۆتاییدا پێویستە وەها تەماشای ئەو منداڵانە بکرێت کە قوربانی ئەو کارەن، نەك تاوانبارین و سزابدرێن، هەروەها نابێت لەبەر ئەم کارە بنێردرێنەماڵەوە، بەڵکو دەبێت چاکسازی لەو ژینگەیەدا بکرێت ئەم کارە نەشیاوانەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

## پرسیاری ( پەنجا )

من لە ڕۆژئاوا دەژیم، جارێکیان بە ڕێکەوت هەندێ کاغەزی سپیم بەکوڕە (١٠) ساڵانەکەم بینی، وێنەی کۆئەندامی زاوزێی نێرینەو مێینەو مەمکی ئافرەتی لەسەربوو، منیش تووشی سەرسوڕمان بووم کە ئەو وێنانەم بینی، لەو باوەڕەدانیم شتی لەو جۆرەی لە ماڵەوە بینی بێت، بە کەمیش تەماشای بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەکات، ئەو ووتی هاوڕێیەکی لە قوتابخانە ئەو وێنانەی پێداوە، نازانم بۆ لەم تەمەنەوە بایەخ بەو وێنانە دەدات؟ ئەو لادانانە چین کە لە ئەنجامی ئەو وێنانەوە تووشیان دەبێت؟

## وەڵام

بایەخ دانی منداڵ لەم تەمەنەدا بە کۆئەندانی زاوزێی مێینەو نێرینە شتێکی دەگمەن نییە، هەروەها بایەخدانیان بە جنس و پەیوەندی هەردوو

ڕەگەزەکە زیاتردەبێت بە بەراورد بە کەسانی تر.

یەکێك لە شێوازەکانی ئەو بایەخ پێدانە بریتیە لە وێنەکردنی کۆئەندامی زاوزێـی پیـاوان و ئافرەتـان، جـا ئەگـەر بەتـەنهابێت، یـان لـە ڕێگـای یاریکردنەوە لە نێوان ژمارەیەك منداڵ، لەوانەیە کەسوکاری منداڵ تووشی سەرسوڕمان ببن چونکە پێش بینی ئەوە ناکەن منداڵەکانیان ئـەم کارە بکەن.

کاردانەوەی کەسوکار بۆ ئەم حاڵەتە دەبێت بە پێی سروشتی منداڵەکە جیاوازبێت، ئەگەر هاتوو منداڵەکە شەرمن بوو دەبێـت کـەس و کارەکـەی ئەم شتە لەبیر بکەن، وەکو ئەوەی هیچ ڕووی نـەدابێت، بـەڵام لـە هـەمان کاتدا دەبێت بایەخ بە منداڵەکە بدرێت، زانیاری پێویستی پێ بدرێت دوور لـە بابـەتی جنسـی، هـەروەها بەسـەربردنی کـاتی بەسـوود لەگەڵیدا، بۆ ئەوەی فێری بنەماکانی ژیان و حـەرام و حـەڵاڵ بکرێـت، لەهـەمان کاتدا بۆچوونی ئیسلامی بـۆ ڕوون بکرێتـەوە سـەبارەت بـە پەیوەنـدی نێوان هەردوو ڕەگەز، بەڵام ئەگەر منداڵەکە لەو جۆرانەبوو کە بە ئاشکرا سەیری ئەو وێنانەی دەکرد، دەتـوانین ئاگاداری بکەینـەوە کـە سـەیرکردنی ئـەو وێنانە ناپەسەندو نەشیاوە، پێویست نییە هاوتەمەنی ئەو تەماشای بکەن، لـە هـەر یـەکێك لـەو بارودۆخانـەدا پێویسـتە کەسـوکار زۆر تـوڕەبی و هەڵچوون دەرنەبڕن لە ئاست بینینی ئەو وێنانەدا، هەروەها با مامەڵەیان لەگەڵ منداڵەکە تەنها لە ڕێـی ئـەو وێنانـەوە نـەبێت، ئێـواران و بـەیانیان بیری نەهێننەوە.

ئەم کارە نابێتە هۆی لادان هەروەکو لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێکراوە،

منداڵ گەورە دەبێت و گەشەدەکات، ئەم قۆناغەش تێدەپەڕێنێت بەبێ هیچ شوێنەوارێکی خراپ، باشترین چارەسەریش بریتیە لە چاودێریکردنی منداڵ لەلایەن کەسوکارەوە، پێدانی هۆشیاری زیاتر بە منداڵ، بەسەربردنی کاتی بەسوود لەگەڵیاندا، هەروەها فێری بنەماکانی ڕەوشت بەرزیان بکەین، چەمکی عەورەت و خۆداپۆشین و داب و نەریتە باشەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە.

## پرسیاری ( پەنجاو یەك )

من باوکی منداڵێکم تەمەنی (٦) ساڵە، چەند ڕۆژێکە سایتەکانی ئەنتەرنێت دەکاتەوە، ئەم بەیانیە لەگەڵ مندا لە ژوورەکەم دانیشتبوو لە ناکاو لەسەر شاشەکە وێنەیەکی خراپ دەرکەوت لەو وێنانەی کە لە کتوپڕدا دەردەچن، وێنەکەش دیمەنێکی سێکسی زۆر خراپ بوو، کە وێنەی ئافرەتێك بوو سنگی بە تەواوی ڕووت بوو، سەیری کوڕەکەم کرد زۆر بەسەرەنج و تێڕامانەوە لە وێنەکەی دەڕوانی بۆ ماوەی دوو دەقیقە، منیش بێزاربووم و سەرم سوڕما لە خراپی ئەم ڕەوشتەی منداڵەکەم، ناچار کۆمپیوتەرەکەم کوژاندەوەو توندوتیژیم لە بەرامبەریدا بەکارهێنا، پاشان پرسیارم لێکرد کە ئارەزووی تەماشاکردنی ئەو وێنانە دەکات یان نا، ئەویش دانی پێدانا کە حەز دەکات سەیری ئەو دیمەنانە بکات بەمەش من تووشی شۆك بووم، پێم ووت کە من لەو بڕوایەدابووم لە خوای گەورە بترسیت، بەڵام وادیارە کە لە خوای گەورە ناترسیت، لە کۆتاییدا داوام لێکرد تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە، بۆ ماوەی (٧) ڕۆژ (استغفرالله) بکات، من لەوە دەترسم ئەم دیمەنە شوێنەواری خراپ بەجێ بهێڵێت لە ژیان و

کەسایەتی ئەودا، تکام وایە وەڵامم بدەنەوە.

## وەڵام

برای بەڕێز سوپاس بۆ پرسیارەکەت، پاشان منداڵەکەت هەڵەیەکی نەکردووە تا تەوبە بکات و خوای گەورە لێی خۆش بێت لە کاتێکدا کە ئەو لەو تەمەنەدایە، هەروەها ئەو دیمەنەی دەرکەوتووە لەسەر شاشەکە خۆی نەیهێناوەتە سەری و بۆی نەچووە، بەڵکو لەناکاودا لەسەر شاشەکە دەرکەوتووە، ئاساییە ئەگەر تەماشای بکات چونکە گتوپڕ دەرکەوتووە، هیچ پاساوێك نییە بۆ پرسیارەکەت کەپێت ووتووە: ئایا پێت خۆشە تەماشای بکەی یان نا؟ وەڵامەکەی ئەویش کە بە ئەرێ بووە تەنها لەبێ گوناهی و سروشت پاکیێوەیەتی، لەوانەیە بۆ ئەوەی ڕازیت بکات بیوتایە حەزی بە تەماشکردنی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو حەزی پێیەتی.

هیوادارم قسە لەگەڵ منداڵەکەتدا بکەیت، هەر ئەمڕۆ پێی بڵێیت: کە بیرت لە کارەکەی ئەو کردۆتەوە، بڕوات وایە تاوانێکی وەهای نەکردووە پێویست بەتەوبەو استغفار بکات، چونکە ئەو وێنەیە لەناکاودا دەرکەوتووە.

ئەمەش دەرفەتێکی گونجاوە بۆ هۆشیارکردنەوەی منداڵەکەت، فێرکردن و پەروەردەکردنی لەسەر ڕەوشت و ئاکارە باشەکان، پاشان تێی بگەیەنیت کە ئەو وێنانەی لەسەر کۆمپیوتەرو گۆڤارو تەلەفزیۆنەکان دەردەکەون لەگەڵ ڕەوشتی موسڵماندا ناگونجێت، پێویستە لە ئاست ئەو وێنانەدا چاومان بپارێزین و تەماشایان نەکەین.

بە منداڵەکەت بڵێ: خۆشم دەوێیت و باوەڕم وایە ڕەوشت و ڕەفتار

زۆرجوانە، هەروەها پێی بڵێ کە رۆڵەی موسڵمانەو بێگومان دەبێت لەخوای گەورە بترسێت، لە هەمان کاتدا خوای گەورەش منداڵی هاوشێوەی ئەوی خۆشدەوێت.

برای بەڕێزم دڵنیات دەکەمەوە ئەم دیمەنە هیچ شوێنەوارێکی خراپ و ئەنجامێکی زیان بەخش جێناهێڵێت لەسەر منداڵەکەت، تەنها لەیەك حاڵەتدا، ئەویش بەکارهێنانی توندوتیژی و زیادەڕەویمان لە بەرامبەر منداڵەکەداو تۆمەتبارکردنی بە لادان و کارو ڕەفتاری هەڵە.

**پرسیاری ( پەنجاودوو )**

من دایکێکی کرێکارم، کچەکەم ڕۆژانە (٨) کاتژمێر لەگەڵ کارەکەرەکەماندا بەسەر دەبات، من گومانم نییە لەخۆشەویستی ئەو بۆمنداڵەکەو پاراستنی سپاردەکانی بەردەستی، بەڵام لەم ماوانەی دواییدا تێبینیم کردووە کاتێك خزمەتکارەکە داییبەکەی دەگۆڕێت ئەو زۆر بەتوندی دەگری و هاواردەکات، بەڵام کاتێك خۆم دەیگۆڕم بەو جۆرەنییە، ئەوەی مایەی نیگەرانی منە ئەوەیە بیستوومە دەڵێن کە خزمەتکارێك بۆتە هۆی لەدەستدانی پەردەی کچێنی منداڵێك، من چۆن دڵنیابم کچەکەم هێشتا پەردەی کچێنی ماوە.

**وەڵام**

خوشکی بەڕێزم مافی خۆتە کە نیگەران بیت سەبارەت بە کچەکەت، چونکە ئەو سپاردەی تۆیە بە کەسانی تر، کێ دەزانێت لە نهێنیدا چی ڕوودەدات؟! گرنگ نییە لەم قۆناغەدا منداڵەکەت کچێنی لەدەست دابێت یان نا، گرنگ ئەوەیە سەلامەتی پارێزراو بێت لە مامەڵەی خراپ لەوانەش

مامەڵەی جنسی خراپ.

لەوانەیە ترسە زۆرەکەی ئەو لە کاتی گۆڕیندا بگەڕێتەوە بۆ خراپەکردنی جنسی بەرامبەری، یاخود مامەڵەی خراپ بە شێوەیەکی گشتی ئەگەرچی لایەنی جنسیش نەبێت، لەوانەشە گریان و هاواری منداڵەکەت تەنها بۆ ئەوەبێت سەرەنجی تۆ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت کاتێ لێی نزیکی، چونکە ئەو لەو تەمەنەدا لەوە تێ ناگات بۆچی تۆ لەماڵەوە دەردەچیت، بۆ ماوەی (٨) کاتژمێر دیار نامێنیت.

هەولبدە چاودێری و بەدواداچونت هەبێت بۆ ڕەوشتی خزمەتکارەکە، تا دڵنیابیت لە مامەڵەی ئەو بەرامبەر منداڵەکەت، بە تایبەت کە تۆ دووریت لە منداڵەکەت و ئەم بەرپرسیارەتیە دەکەوێتە ئەستۆت.

## پرسیاری ( پەنجاو سێ )

من گەنجێکی (٢٧) ساڵم، مامۆستام لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی، پەیوەستم بە ئایینی ئیسلامەوەو خەڵکیش ڕێزم دەگرن، چووم بۆ سەردانی ماڵی پورم کە کوڕێکی هەیە تەمەنی حەوت ساڵەو لە هەمان کاتدا زۆر ژیرە، هەروەها زیرەکە لە قوتابخانە، ئەم منداڵە قوتابخانەکەی نیو کاتژمێر لە ماڵیانەوە دوورە، ئەمیش بەپێ دەڕوات لەگەڵ منداڵێکی دراوسێیاندا کە شەش ساڵ لەخۆی گەورەترە، ئەو دراوسێیەیان هەرزەکارێکی تەمبەڵە و ساڵێك ماوەتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا جگەرە دەکێشێت، هەروەها بەسەریدا ساغ بۆتەوە کە دزی لە مامۆستاکەی کردووە، هەروەها ئەم منداڵە درۆزنەو زۆر قسەی خراپ دەکات، ئەم سیفەتانەی بە دڵنیاییەوە تێدایە، منیش دەترسم پورزاکەم لە ئەوەوە فێری ئەو ڕەفتارانە ببێت.

کێشەی لەوە گەورەتر ئەوەیە گومانم وایە ئەم هەرزەکارە لەگەڵ پورزاکەمدا نێربازی بکات، چونکە خۆشی دەوێت و حەزدەکات یاری لەگەڵدا بکات، بەڵام پورزاکەم هیچ شتێکی لەو بارەیەوە پێ نەووتوم، ئەمەش لەوانەیە لەبەرئەوەبێت هەڕەشەی لێکردبێت یان هەرشتێکی تر، کە گومان وانییە پارەو ماڵ بێت، چونکە مێردی پورەکەم(باوکی) هەرگیز بێ پارەی ناکات.

من لەوەوە گومانم بۆ پەیدابوو، کاتێک پورزاکەم لەگەڵ هاوڕێکانی یاری دەکرد، منیش لەو دەوربەرە بووم گوێم لێ بوو هاوڕێیەکی پێی ووت: بڕۆ پایسکیلەکەت ئامادە بکە با یاری پێبکەین، پورزاکەشم ڕازی نەبوو، هاوڕێکەشی پێی ووت: بڕۆ لەگەڵ فلاّندا یاری پێ بکە کە لاقەت دەکات...مەبەستی ئەو دراوسێیەیان بوو کە لەگەڵیدا دەڕۆیشت بۆ قوتابخانە، پورزاکەشم دەستی بە گریان کردو وایزانی من گوێم لە قسەکانیان نەبووە، بۆیە ووتی ئەو کوڕە دەیەوێت ئەم پایسکیلەم لێ بسەنێت.

منیش پرسیارم لە منداڵەکە کرد لە بارەی ئەو قسەیەوە کە دەیڵێت، ئەویش ووتی: گوێم لێ بووە لە قوتابخانە وایان وتووە، کەپرسیارم لەپورزاکەم کرد دەستی بە گریان کردوو وەڵامی نەدامەوە، منیش واگومانم برد کە درۆیە، بەڵام ئەگەر ڕاست بوو چی؟

داواتان لێدەکەم بە تەواوی ڕێنمایم بکەن بۆ شێوازێک کەوا لە پورزاکەم بکەم قسەم لەگەڵدا بکات سەبارەت بەو بابەتە، بە ڕاشکاوی هەموو شتێکم پێ بڵێت.

ئەگەر ڕاست بێت و ئەو هەرزەکارە نێربازی لەگەڵدا بکات چۆن ئەم هەرزەکارە قەناعەت پێبکەم کە واز لەم کارە بهێنێت؟ ئایا پورەکەم

ئاگادار بکەمەوە لەو کارە؟ دەترسم ئەویش بە مێردەکەی بڵێت، ئەویش منداڵەکەی بکوژێت چونکە زۆر توڕەیە.

تێبینی:

ئەم کوڕەی پورم زۆر نازی دەدەنێ، لەشەودا میز بەخۆیدا دەکات، هەندێ جار بە ڕۆژیش میزدەکات بە جلەکانیدا.

هەرزەکارەکە زۆر لە باوکی دەترسێت، چونکە زۆر بەتوندی لێی دەدات.

پورەکەم نەخوێندەوارەو هەروەها مێردەکەشی، دەترسم ئەگەر هەواڵیان پێبدەم لەو بارەیەوە مامەڵەیان لەگەڵ منداڵەکەیان خراپ بێت، ببێتە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشیەکی دەروونی.

پورزاکەم نابێت بە تەنها بچێت بۆ قوتابخانە بە هۆی بوونی سەگ لەسەر ڕێگاو لەناو باخچەو کێڵگەکاندا.

ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر ڕوویدا، ئەم هەفتەیە پورزاکەم لە قوتابخانە دەهاتەوە لەگەڵ هەرزەکارەکەدا، منیش دەڕۆیشتمەوە بۆ شار، کوڕە پورەکەم بینی دەستی لە ناو پانتۆڵەکەیدابوو لەپێشەوە، کە منی بینی بە پەلە دەستی دەرکردە دەرەوەو پانتۆڵەکەی داخستەوە، ئێوارە پرسیارم لێکرد ئەویش ووتی لە بیرم چووبوو لە قوتابخانە پانتۆڵەکەم دابخەم کاتێ کە چووم بۆ سەرئاو بۆیە ئەو کاتە دام خستەوە، بەڵام لە کاتی قسەکردنەکەدا زمانی تەتەڵەی دەکردو شڵەژابوو، منیش گومانەکەم زیاتربوو، چونکە دڵنیام ئەو ڕۆژە هیچ قوتابیەك دەوامی نەکردووە.

## وەڵام

هیچ خێرێک بەدی ناکرێت لە پەیوەندی نێوان ئەم منداڵ هەرزەکارەکە، بەڵکو زۆر هێماو نیشانە هەنە کە مایەی نیگەرانی و گوما سەبارەت بەم منداڵە، پێویستە ڕاستەوخۆ بچینە ناو ئەم کێشەیەوە، ب ئەوەی دڵنیابین لە سەلامەتی منداڵەکە لە هەر دەستدرێژی و ئازارێك، ئە کارە ئەرك و بەرپرسیارێتی گەورەکانە لە بەرامبەر منداڵەکەدا، بە تایبە دایك.

ئەگەرچی باوکی پارەی دەداتێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە ئەو هەرزەکارە پارەی زیاتری ناداتێ، بە تایبەت دەستکەوت و پارەی نهێنی، لەوانەیە هاندەربێت بۆ ئەوەی ئەم منداڵە لەسەر ئەم ڕێیە بەردەوام بێت.

لەوانەیە ئەم هەرزەکارە کە هاوڕێیەتی ئەو منداڵە دەکات دەستی بۆ بەرێت، لەبەرئەوەی دەیپارێزێت لە سەگی سەرڕێگا، ئەمەش وادەکات ئەم منداڵە زیاتر لە باوەشی هەرزەکارەکەدابێت، منداڵەکەش واهەست بکات هەرزەکارەکە بەرپرسیارێتی، بەمەش دەست درێژی زیاتر بکاتە سەری، لەوانەیە میز بەخۆداکردنەکەی لە شەو و ڕۆژدا بە هۆی دەست درێژی سێکسییەوەبێت.

دەبێت ڕاستەوخۆو بەپەلە بچیتە ناو ئەم کێشەیەوە، من ڕێگایەکی تر نابینم جگە لە هەوڵدان بە دایکی یان باوکی، بۆ ئەوەی بەکاری پێویست هەستن بۆ پاراستنی منداڵەکەیان لە کاتی چوونی بۆ قوتابخانە، پاراستنی لە هەر دەست درێژی و ئازارێك، ئەمە کاری منداڵەکە نییە بەکێك بدۆزێتەوە تا هاوڕێیەتی بکات بۆ ئەوەی بیپارێزێت لە سەگەکانی سەر

ڕێگا ، نەخوێندەواری دایك و باوکی نابێت ببێتە هۆی ئەوەی بە ڕۆڵی خۆیان هەڵنەسن بۆ پەروەردەکردن و پارێزگاریکردنی منداڵەکەیان، بوونی تۆش برای بەڕێزم لەم نێوەندەدا باشترین پشتیوانە بۆ دایك و باوکی و بۆ منداڵەکەش، لەوانەیە تاکە ڕێگاش ئەوەبێت یەکێك لە گەورەکانی خێزانەکە هاوڕێیەتی بکات بۆ گەیاندنی بۆ قوتابخانە.

هەوڵدان و قسەی زۆر لەگەڵ ئەم منداڵەدا بۆئەوەی دان بنێت بەو کارەدا سودێکی نابێت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی بێزاری ئەو و هەست بە شەرمەزاری بکات، بەلام دەتوانرێت پێی بوترێت کە دەست درێژی و دەستبردن بۆی زۆرخراپ و مەترسیدارە، هەروەها دەتوانیت پێی بڵێی ئەگەر یەکێك ویستی دەستدرێژی بکاتە سەری یان بێزاری بکات، ئەوا دەتوانێت قسە لەگەڵ دایك و باوکیدا بکات، هەروەها پێی بڵێی هیچ نهێنییەك نەشارێتەوە لە دایك و باوکی و لە مامۆستاکەی، هەر کێشەیەکی بوو هەواڵیان پێبدات، لە کۆتاییدا نابێت وەها تەماشای ئەم منداڵە بکرێت کە پیلانگێڕە سەبارەت بە نێوانی خۆی و هەرزەکارەکە، بەڵکو دەبێت وا تەماشای بکرێت کە قوربانی دەست بۆ بردنە.

# بەشی هەشتەم

# پرسیارو وەڵام دەربارەی هەرزەکاران

## پرسیاری ( پەنجاو چوار)

پێنچ کوڕم هەیە گەورەکەیان (١٥) ساڵە، کاتێک من ئارایشتێکی کەم دەکەم لە ماڵ دەردەچم، یان کاتێک جلێکی تەنک لەبەر دەکەم لەبەردەم هاوڕێکانمدا ئەو توڕەدەبێت و هەڵدەچێت، من بە لامەوە سەیربوو پێم ووت باوکت ڕێگریم ناکات.. تۆچۆن ڕێگریم دەکەیت، لەو ڕۆژەوە کوڕەکەم تەواو گۆڕاوە، زۆر توڕەیە لەگەڵمدا، بۆزانیاریتان ئەو زیاتر گرنگی دەدات بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری ڕووداو و تاوانەکان، ئامۆژگاریتان بۆمن چییە؟

## وەڵام

هەندێ هەرزەکار کێشەو گرفتی خۆگونجاندنیان هەیە لەهەمبەر گەشەی جنسی، یان ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ئاکاری جنسی جا لە نزیک بێت یان دوور وەکو هەڵسوکەوتی لە ماڵەوەدا، یان مامەڵەی لەگەڵ دایک وباوکیدا یان تێبینی لەسەر جلی دایکی، ئەم کێشەیە بە زۆری کاتێک ڕوودەدات کە لەناو خێزانەکەدا یەک کوڕهەبێت، یاخود یەک براهەبێت بۆچەند خوشکێک، یاخود یەک مێینە هەبێت وەک ئەم حاڵەتەی تۆ چونکە هەموو منداڵەکانت کوڕن، لێرەدا دایکەکە تەنها مێینەیە لە ماڵەوەدا، جا لەم حاڵەتەدا گرفتەکانی ئەم هەرزەکارە دەردەکەون، هەروەها ئەو پێویستی بە یەکێک هەیە تێی بگەیەنێ و یارمەتی بدات بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە بە ئارامی و باشی تێبپەڕێنێت.

لەوانەشە هەندێ هەرزەکار لە پەیڕەوکردنی ڕێسا ئەخلاقیەکاندا زیادەڕەوی بکەن، کاتێک سەرەتا بە دەقەئاینییەکان ئاشنادەبن لە ڕێی

ووتارە ئاینییەکانەوە، بە تایبەت ئەگەر دەرفەتی قسەی ڕاشکاوی نەبێت، وەکو پێویست بە باشی لە بابەتەکان تێ نەگەیشتبێت، لە هەمان کاتدا ئەوەشمان لە بیرنەچێت هەرزەکار حەزی بە نموونەیی هەیە لەشتەکاندا، بە ڕەش یان سپی دەیان بینێت.

بە بڕوای من جنس و گەشەی جنسی بابەتێکە لەم خێزانەدا باسی لێوە ناکرێت، لەبەرئەمە ئامۆژگاریم ئەوەیە باوکەکە ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە، تا لەگەڵ کوڕە گەنجەکەیدا گفتوگۆی بەسودو ڕاشکاوانە ئەنجام بدات، هەروەها لە ڕێی گفتوگۆوە دەتوانن زیاتر یەکتری بناسن و پاشان باسی پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکانی بۆ بکرێت، بە هەمان شێوە باسی پەیوەندی مرۆڤی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بۆ بکرێت، لە هەمان کاتدا باسی ئەو شتانەی بۆ بکرێت کە مرۆڤ دەتوانێت بیانکات یان نەیانکات، یان ئەو شتانەی حەرامە یان حەڵاڵە، زۆر شتێکی باشە ئەگەربێت و باوکەکە دەرفەتی بۆ بڕەخسێنێت، تا تێبگات لە دەوروبەری، پاشان هەر پرسیارێك بە بیریدا دێت و حەز دەکات وەڵامەکەی بزانێت با بپرسێت لەبارەیەوە، بۆئەوەی گرێیەکی دەروونی بۆ دروست نەکات.

سەبارەت بە دایکەکەش کە لێرەدا ئەو پرسیارەکەی ئاراستەکردووین، دەتوانێت زۆر لەسەرخۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکات، بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ کوڕەکەیدا بکات، پاشان ئاساییە ئەگەر بە گوێرەی خواستی ئەو هەڵسوکەوت بکات، بەڵام با بازنەی گفتوگۆ بەردەوام کراوەبێت لەگەڵ بوونی ڕێزو خۆشەویستیدا، دایکەکە دەتوانێت حەکیمانە مامەڵە بکات بۆ نموونە سوپاسی کوڕەکەی بکات کە سوورە لەسەر

سوپاسی دایکەکە دەکەم کە هەوڵدەدات پارێزگاری لە هێڵی گفتووگۆ بکات لەگەڵ کوڕەکەیدا، بەلاّم ئەمە دژنییە لەگەڵ بوونی گفتووگۆی ڕاشکاوانەی تایبەت بە بنەما ئەخلاقیەکان و ئاینیەکان و نەریتە باوەکان، ئەو شتانەی پێویستە بکرێت پێش ئەم تەمەنە، لەوانەیە ئەم گەنجە ئەم قسانە وەربگرێت لە کەسانێك کە بۆی باسبکەن، جا باوکی بێت یان یەکێکی نزیك لە خۆی کە لە تەمەندا لەو گەورەتربێت و ئەم متمانەی پێی هەبێت.

دایکەکە دەتوانێت بە ڕاشکاوی و هێمنانە قسە لەگەڵ کوڕەکەیدا بکات، سەبارەت بەو وێنانە، دەتوانیت پێی بڵێی کە نەشیاون و خراپن، دەتوانیت وای تێی بگەیەنیت کە ئەو لە ناوەڕۆکی ئەو وێنانە تێناگات، لەوانەشە لە ڕاستیدا وابێت، هەروەها دەتوانیت داوای لێ بکەیت ئەو وێنانە بگۆڕێت بە جۆرە وێنەیەك کە لەکەڵ بارودۆخی خێزانەکەدا بگونجێت و پێی بڵێیت: خودا لێت ڕازی بێت کوڕەکەم ئەم وێنانە بگۆڕە بە وێنەی جوانتر، من دەزانم تۆ چەند هەستت بەرزو جوانە.

هەموو مرۆڤێك هەڵەدەکات، مرۆڤیش ئەگەر گوێبیستی بیروبۆچوونی کەسانی دی نەبێت سەبارەت بە شتەکان چۆن شارەزا دەبێت و باش و خراپەکان لەیەك جیادەکاتەوە؟

## پرسیاری ( پەنجاوشەش )

من کوڕێکم تەمەنم (١٦) ساڵە، کێشەیەکم هەیە ئەویش ئەوەیە کاتێك پیاوێك دەبینم یەکسەر لە خەیاڵمدا دیمەنی سێکسی گەلاّلە دەبێت - پیاوێك دەبینم کاری سێکسی دەکات- ئەمەش دڵتەنگم

دڵەڕاوکێ و بێزاری دەکات، کە خووی نهێنی یەکەمی ئەنجامداوە هەستی بە خاوبوونەوەو حەسانەوە کردووە، لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا لەلای ئەو پەیوەندییەکی پێچەوانەوە لە نەستیدا دروست بووە، وای لێهاتووە لە هەموو جارێکدا پەنادەباتە بەرخووی نهێنی کە تووشی عەصابی وەسواسی قەهری دەبێت.

جا لێرەدا دەبێت تەرکیزی زیاتر بخرێتە سەر چارەسەری نەخۆشیەکە، پاشان ڕەفتاری جنسی باشدەبێت، بە تایبەت کاتێك نەخۆشیەکە لاوازدەبێت، ئەم گەنجە دەبێت ئاگاداربێت حاڵەتەکە گەشە نەکات، بۆ ئەوەی مەیلی بۆ نێرینە بچێت، هەروەها ئامۆژگاری دەکەم سەردانی پسپۆرێکی دەروونی بکات.

## پرسیاری ( پە نجاو حەوت )

برایەکمان هەیە تەمەنی (٢٧) ساڵە، بەڵام ڕەوشت و ئاکاری بەجۆرێکە دەڵێی (١٧) ساڵە، لەم ماوانەی دواییدا بۆمان دەرکەوت کە ماڵپەرە سێکسیە خراپەکان دەکاتەوە لە ئەنتەرنێت، دەرگای ژوورەکەی دادەخات، تا ئێستاش ئەو نازانێت ئێمە هەستمان بەو کارەی کردووە، ئێمە نازانین چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین، لە هەمان کاتدا ئێمە چەند خوشکێکین، ڕازی نابین براکەمان لەو کەسانەبێت کە ئەو ڕێگایە دەگرێتەبەر، ئەگەر ڕاستەوخۆ و بەڕاشکاوی پێی بڵێین لەوانەیە بایەخ بەقسەی ئێمە نەدات، پاشان ئەو ماڵپەڕانەش بسڕێتەوە کە دەیانکاتەوە تا ئێمە نەزانین ئەو کارە دەکات، ئەگەر بە باوکیشمان بڵێین لەوانەیە خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەکە بپچڕێنێت، خۆشتان دەزانن کە ئینتەرنێت چەندە پێویستە لەم سەردەمەدا، بەمەش کێشەکە گەورەتردەبێت،

## پرسیاری ( پەنجاو چوار)

پێنج کوڕم هەیە گەورەکەیان (١٥) ساڵە، کاتێک من ئارایشتێکی کەم دەکەم لە ماڵ دەردەچم، یان کاتێک جلێکی تەنك لەبەر دەکەم لەبەردەم هاوڕێکانمدا ئەو توڕەدەبێت و هەڵدەچێت، من بە لامەوە سەیربوو پێم ووت باوکت ڕێگریم ناکات.. تۆچۆن ڕێگریم دەکەیت، لەو ڕۆژەوە کوڕەکەم تەواو گۆڕاوە، زۆر توڕەیە لەگەڵمدا، بۆزانیاریتان ئەو زیاتر گرنگی دەدات بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری ڕووداو و تاوانەکان، ئامۆژگاریتان بۆمن چییە؟

## وەڵام

هەندێ هەرزەکار کێشەو گرفتی خۆگونجاندنیان هەیە لەهەمبەر گەشەی جنسی، یان ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ئاکاری جنسی جا لە نزیك بێت یان دوور وەکو هەڵسوکەوتی لە ماڵەوەدا، یان مامەڵەی لەگەڵ دایك وباوکیدا یان تێبینی لەسەر جلی دایکی، ئەم کێشەیە بە زۆری کاتێك ڕوودەدات کە لەناو خێزانەکەدا یەك کوڕهەبێت، یاخود یەك براهەبێت بۆچەند خوشکێك، یاخود یەك مێینە هەبێت وەك ئەم حاڵەتەی تۆ چونکە هەموو منداڵەکانت کوڕن، لێرەدا دایکەکە تەنها مێینەیە لە ماڵەوەدا، جا لەم حاڵەتەدا گرفتەکانی ئەم هەرزەکارە دەردەکەون، هەروەها ئەو پێویستی بە یەکێك هەیە تێی بگەیەنێ و یارمەتی بدات بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە بە ئارامی و باشی تێبپەڕێنێت.

لەوانەشە هەندێ هەرزەکار لە پەیڕەوکردنی ڕێسا ئەخلاقیەکاندا زیادەڕەوی بکەن، کاتێك سەرەتا بە دەقەئاینییەکان ئاشنادەبن لە ڕێی

چـاودێریکردن و پارێزگـاریکردنی، بڕواشـت وابێـت کـه منداڵەکـەت گەورەتربوو ڕێزی زیاترت دەگرێت.

بـڕوام وانیـه خوێندنـەوەی ڕۆژنامـەو گۆڤـاری ڕووداو و تـاوان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەم شتانەوە هەبێت کە باسمان کرد، تەنها ئەوەندە هەیە ئەم بابەتانە دەبێتە هۆی بوونی هەندێ حەساسیەت لە بەرامبەر ڕێسا ئەخلاقیەکان، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی دەبێت لە هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ دایکیدا.

## پرسیاری ( پەنجاوپێنج )

کوڕەکەم تەمەنی (١٧) ساڵە، ئاڵودەبووە بە ئەنتەرنێت و دەمارگیری گەنجانە لە دیمەنیدا، من لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە هیدایەتی بدات، پێم خۆش نییە خۆم هەڵقورتێنم لە کارەکانی، تا سەرپێچم نەکات و پاشان پەیوەندی نێوانیشمان تێك بچێت، بەڵام ماوەیەکە وێنەی بچووك هەڵدەواسێت لـه ژوورەکەیـدا، سـەرەتا وێنـەکان زۆر ڕوون نـەبوون لەبەرچـاوم، بـەڵام پـاش سـەرەنجدان بـۆم دەرکـەوت هێمـاو ئامـاژەی جنسین، منیش هیچ قسـەم لەگـەڵ نـەکرد، دەمـەوێت بزانم ئایا ئەمە قۆناغێکـەو تێدەپـەڕێت و دەڕوات، یـان وێنەکـە بـە دەسـتی خـۆم لێبکەمەوە؟ یاخود چی بکەم؟

## وەڵام

ئامۆژگاریم بۆ ئەم دایکە ئەوەیە کە ئـەم کـارە هـەر بـەو جۆرەی هەیە فەرامۆش نەکات، لە هەمان کاتدا وێنەکەش بە دەستی خۆی دانەگرێت، چونکە هەردوو مامەڵەکە نا تەندروستن، لەم نێوانەشدا شتی زۆرهەن کە دەتوانرێت بکرێن.

دەکات، ئەم دیمەنانە پاڵم دەنێت بۆ خووی نهێنی، من سەرم سوڕماوە نازانم چی بکەم؟ تکایە یارمەتیم بدەن؟

## وەڵام

ئەم کێشەیە زیاتر لە لایەنێکی هەیە، لەوانەیە ئەمە نیشانەبێت بۆ کێشەیەکی دەروونی کە ناسراوە (عەصابی وەسواسی قەهری) لەم حاڵەتەدا جۆرە بیروبۆچوون و وێنەی هزری نامۆ دێت بە بیری کەسەکەدا، هەرچەند دەیەوێت ئەو وێنەیە لابەرێت بەڵام هەردووبارە دەبێتەوە، ئەم بیروبۆچوونانە بە زۆری پەیوەستە بەو بابەت و ڕەوشتانەی کە مایەی گرنگی پێدانە لای مرۆڤەکان، بۆنموونە لای مرۆڤی ئایین پەروەر، لەوانەیە لە شێوەی پرسیارو گومان لە بیروباوەڕدا خۆی نمایش بکات، یان لای مرۆڤی بەڕەوشت لە شێوەی کاری نا ئەخلاقیدا کە پێچەوانەی ئەو بنەما ئەخلاقیانەیە کە ئەم کەسە پەیوەستە پێوەی خۆی دەربخات، کە ئەمەش حاڵەتەکەی بەرێزتانە، هەندێ چارەسەری دەرمانی هەن لەگەڵ چارەسەری دەروونی، پێویستە سەردانی پزیشکی دەروونی بکەیت بۆ چاودێری چارەسەرکردنەکەت، دەربارەی ئەم بابەتەش دەتوانیت ئەم کتێبەم بخوێنیتەوە بەناونیشانی (المرشد في الأمراض النفسية واضطرابات السلوك).

لایەنی دووەم لە کێشەکەدا بریتییە لە لایەنی جنسی، ئەویش بە مومارەسەکردنی خووی نهێنی کە هاوپێچە لەگەڵ وەسواسی قەهری، ئەم خووە لەوانەیە دەست پێکردنی بگەڕێتەوە بۆ دوای دەرکەوتنی نەخۆشیەکە، چونکە لە ئاکامی نەخۆشیەکەدا ئەم گەنجە هەست بە

ئەگەر بە برا گەورەکەمان بڵێین لەوانەیە شەڕو ململانێ دەست پێبکات لەنێوانیاندا، تکایە ئێمە چی بکەین چۆن مامەڵە بکەین؟

## وەڵام

بێگومان ئەم کێشەیە پەیوەستە بە بوونی سایتەکانی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، کە پێویستە لەسەر ئێمەی موسڵمان زۆر هۆشیارانەو بەئاگایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چارەسەری کێشەکانی بکەین، باشترین چارسەر بریتیە لە پەروەردەی تەندروست و بەهێزکردنی لایەنی دەروونی، لە فەرمان پێکردنی بە چاکە، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ خۆپاراستن، بۆنموونە دانانی ئامێری کۆمپیوتەر لە ژووری دانیشتنی خێزانی هاوشێوەی تەلەفزیۆن، چونکە ئەندامانی خێزان زۆرترین ئامادەبوونیان هەیە لەم شوێنەدا، ئەمەش جۆرێکە لە سانسۆری کۆمەڵایەتی دەرەکی.

خاوەنی کێشەکە منداڵ نییە، ئەم ڕەفتارەشی بەو واتایە نایەت کە لە تەمەنی (١٧)ساڵیدایە، جا ئەگەر هەڵسوکەوتی تری هەبێت کە لە تەمەنی (١٧) ساڵ بچێت ئەوە لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە.

ئەو کەسەی پرسیارەکەی کردووە دەتوانێت ئەم بابەتە بە هێمنی بخاتەڕوو، لەنێو خوشك و براکانیدا لەسەر خوانی نان خواردن، بۆنموونە: بە شێوەیەك لە شێوەکان بڵێت ئینەرنێت کێشەی ئەخلاقی لێدەکەوێتەوە، بە هۆی سایتەڕووتەکانەوە، دەتوانێت پرسیاربکات لە بارەی بیروبۆچوون و پێشنیاری ئەوانەوە، بۆ دابینکردنی ڕێگایەکی گونجاو بۆ ڕێگریکردن لە چوونی ئەم دەردە بۆ ناوماڵەکەیان، چونکە

بیستوویەتی کە خێزانێك بە هۆی بوونی ئەم کێشەیەوە گیریان خواردووە، جا دوای ئەم باس و خواسە خاوەنی کێشەکە لە مەبەستەکە تێدەگات، بە بێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شەرمەزار بکرێت و بریندار بکرێت، باش وایە پەیوەندیتان لەگەڵ ئەم برایەدا بەهێز بکەن، هەندێ چالاکی هاوبەش ئەنجام بدەن بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی ئەو، لەهەمان کاتدا هانیبدەن و ئامۆژگاری بکەن بۆ پەیوەست بوون بە ئاکارو ڕەوشتی بەرزو باشەوە.

## پرسیاری ( پەنجاوهەشت )

**خوشکە بچووکەکەم کە تەمەنی (١٦) ساڵە، تێبینیم کردووە زۆرجار حەزدەکات بەتەنهابێت لەو ژوورەی سەتەلایتی تێدایە، هەرکە لە ناکاو خۆم دەکەم بەژوورەکەدا بەپەلە کۆنترۆڵەکە دەگرێت بەدەستییەوەو کەناڵەکە دەگۆڕێت، بە بێ ئەوەی من بزانم تەماشای چی کردووە، تا ڕۆژێکیان چاودێریم کردوو لەپەنجەرەی پشتەوە سەیرم کرد، بینیم تەماشای یەکێك لەو کەناڵانە دەکات کە فلیمی ڕووت لێ دەدات، چۆن بتوانم ڕێگری بکەم و ڕازیکەم تاوەکو تەماشای ئەو کەناڵانە نەکات؟**

## وەڵام

ئەم پرسیارە ئاماژەیە بۆ بوونی کێشەیەکی ئەخلاقی، کە پەیوەستە بە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لەم سەردەمەدا ئەویش سەتەلایتە، پێویستە لەسەر خێزانەکان هەوڵ و کۆشش بکەن بۆ ئەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ بکەن و ڕێکی بخەن، باشترین ڕێگاچارەش بریتیە لە پەروەردەیەکی ئەخلاقی بەرز، کە سانسۆرێکی ناوەکی بەسەر مرۆڤدا

دەستەبەردەکات، ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە بنەڕەتیەکان لە ئاکاری موسڵماندا.

لەئێستادا پرسیارکار سروشتی کێشەکە دەزانێت بۆیە ئەم ئامۆژگارییانەی دەکەم:

– سیخوڕی مەکە بەسەر خوشکەکەتەوە، چونکە ئەم کارە تەنها ئەگەری زیاتربوونی کێشەکەی لێدەکرێت، هەر لەبەرئەمە ئێمە سیخوڕی قەدەغەدەکەین.

– ئەم خوشکەی پرسیارەکەی ئاڕاستەکردووین، دەبێت ئەوە بزانێت کە پێویستە پشتیوانی خوشکەکەی بێت، بۆ ئەوەی بەسەر شەیتاندا زاڵ بێت، بێگومان هەر ئەمەش بووە هانیداوە بۆ ئەوەی پرسیارەکە بکات.

– هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش لەگەڵیدا، بەمەش کاتی بەتاڵی خوشکەکەی کەمَ دەبێتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەرفەتێکی ئاسایی دەرەخسێت بۆ گفتووگۆی ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە ڕەوشت و ئاکاری بەرز و کێشە ئەخلاقیەکانی ئەم سەردەمە، هەروەها پێویستی پەیوەست بوون بە ڕەوشتی بەرزو باشەوە.

– بە شێوەیەکی گشتی باشترین شێواز بریتیە لە شێوازی ناڕاستەخۆ، بەمەش بڕیاری کۆتایی بۆ گۆڕینی ڕەفتاری کەسەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەسەکە خۆی، ئەگەر وانەبێت کارەکە دەگۆڕێت بۆ نهێنی و شاردنەوەی زیاتر، لەوانەشە ئارەزووی کەسەکە بۆ بینینی قەدەغەکراوەکە زیاتربێت، چونکە ووتراوە:(هەموو قەدەغەکراوێك

داواکاری لەسەره)، هیچ کەسێك ناتوانێت (٢٤) کاتژمێری ڕۆژ چاودێری کەسێکی تر بکات، هەروەها ئەمەش لە کەس داوا نەکراوە کە بەردەوام چاودێری کەسێکی تر بکات، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (خودا بپەرستە وەکو ئەوەی بیبینی، ئەگەر تۆش ئەو نابینی ئەو تۆ دەبینێت).

## پرسیاری ( پەنجاونۆ )

من باوکی دوو کوڕم جیاوازی نێوانیان حەوت ساڵە، تەمەنی بچووکەکەیان (١٥) ساڵە، دوو ساڵە کێشەیەك سەریهەڵداوە، بچووکەکەیان ئەگەرچی هێمن و لەسەرخۆیەو زۆر قسەناکات، بەلاّم کێشەی زۆر بۆخۆی و بۆ من دروست دەکات، شەرمەزارم دەکات بە تەماشاکردنەکانی، کاتێك سەیری کەسێك دەکات زۆر زیادەڕەوی دەکات لە سەیرکردنەکەداو ڕۆدەچێت، ئەگەرچی من دەمەوێت بە قسەکردن لەگەڵیدا ڕووی وەربگێڕم بەلاّم ئەو هەر بەو جۆرەیە، هیوادارم چارەسەرێك بۆکێشەکەم بدۆزنەوە؟

## وەلاّم

سوپاسی ئەم باوکە دەکەم بۆ پرسیارەکەی، زۆردڵخۆش دەبم کاتێك گوێبیستی پرسیاری باوکان دەبم، چونکە پرسیارکردن ئەوان دەخاتە ناو کرۆکی پرۆسەی پەروەردەوە لە ناو خێزاندا، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە هەڵەیە ڕاست بکەینەوە کە دەڵێت (پەروەردەکردنی منداڵ بەتەنها ئەرکی دایکە) تێناگەم ئەگەر تەماشاکردنی بۆ کەسانی دی بۆ هەموو لەشیان بێت یان بۆ جێگایەکی دیاریکراوی بێزارکەربێت، لەوانەشە

هەر ئەمە مەبەستی پرسیارەکەبێت.

ئەم کوڕە گەیشتۆتە تەمەنێك کە ڕەفتاری شیاو و نەشیاو لە یەکدی جیادەکاتەوە، باشوایە باوکەکە لەم کێشەیەدا پاشەکشێ بکات، متمانەی زیاتری بە کوڕەکەی هەبێت، لەئێستادا ئەو منداڵ نییە، ئەگەر هەر بەو جۆرە بەردەوام بێت لە تەماشکردنی بێزارکەر، بێگومان گوێ بیستی توانجێك دەبێت لە کەسێکەوە کە بەلایەوە ناخۆش بێت، ئەمەش وانەیەکی سوودبەخش دەبێت بۆئەو، لەبری ئەوەی ڕەخنەکە بەتەنها هەر لە باوکییەوەبێت، با لە کەسانی تریشەوەبێت، هەروەها پێویست نییە لەسەر باوکەکە واهەست بکات کە دەبێت هەڵەکانی کوڕەکەی دابپۆشێت، ئەو گەنجێکە لەتەمەنی (١٥) ساڵیدا توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ڕەوشتە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی هەیە، باوکەکە با هەوڵبدات، هەوڵ و کۆششی خۆی لەگەڵ کوڕەکەیدا بایەخدان بێت بە کاری چاکە، دوور لەم خاڵە ناکۆکە.

## پرسیاری (شەست)

من یەك کچم هەیە، ئەویش تەمەنی (١٨) ساڵە، لە منداڵیدا هیچ کێشەیەکم لەگەڵیدا نەبووە، بە ڕاشکاوی بڵێم خزمەتکارەکەمان زیاتر ئەرکی پەروەردەکردنی ئەوی لە ئەستۆدابوو، ئێستا ماوەی ساڵێکە وازم لە کارەکەم هێناوە، زیاتر لێی نزیك بوومەتەوەو هاوڕێیەتی دەکەم، تێبینی شتێکم کردووە کە ترساندوومی، ئەویش ئەوەیە کاتێك لەگەڵ یەکێك شەڕەدەکات و توڕەدەبێت، بەبێ ئاگایی جنێوی خراپ و قێزەونی پێدەدات، کە من شەرم دەکەم لێرەدا بیڵێم، کە لێمدا لەسەر

جنێوەکانی و هەڕەشەم لێکرد کە ئەو ووشانە بەکارنەهێنێت، ووتی ئاگام لەخۆم نییە کاتێک ئەو قسانەدەکەم. چارەسەر چییە؟ من چیبکەم؟

## وەڵام

پێویستە لەسەر دایکەکە بەشێکی زۆری کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ ناسینی زیاتری کچەکەی، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ژیانی کچەکەیدا بوونێکی ڕاستەقینەی نەبووە، بێگومان لە ڕابردوودا یەکتر بینینی کچ و دایکەکە دیاریکراو و ماوەکورت بووە، بەڵام ئێستا کچەکە زۆربەی کاتەکان ڕووبەڕوو خۆی دەبینێتەوە لەگەڵ دایکیدا، لەوانەیە لەم حاڵەتدا کچەکە هەست بە هەندێك بێزاری بکات، پاش ئەوەی هەموو نهێنییەکانی لە پێشتردا لای خزمەتکارەکە بووە.

زۆر دەگمەنە حاڵەتێك هەبێت مرۆڤ هەندێك ووشە بڵێت و ئاگای لەخۆی نەبێت، بەڵام لە بارودۆخی توڕەییەکی زۆردا لەوانەیە مرۆڤ بەشێك لە کۆنترۆڵی خۆی لەدەستبدات نەك گشتی.

دایکەکە دەتوانێت خۆی بێ ئاگا بکات لە کاتێکدا کچەکەی ئەو قسانە دەڵێت، ئەمە باشترە بۆ ئەوەی واز لە کارەکە بێنێت و دووبارەی نەکاتەوە، دایکەکە پێداگری لەسەر ئەم خاڵە بکاتەوە چاکترە، پێش بینی دەکرێت سوودی هەبێت، هەروەها ئامۆژگاری دایکەکە دەکەم هێندێك کاری هاوبەش لەگەڵ کچەکەیدا ئەنجام بدات، بە بێ ئامادەگی خزمەتکارەکە، وەکو بازاڕکردن و پەرتووك خوێندنەوەو هتد، ئەمەش پەیوەندی نێوانیان بەهێزدەکات، دەرفەتێکی سروشتی دەبەخشێت بە

کچەکە بۆ زیاتر ناسینی دایکی.

**پرسیاری ( شەست ویەك )**

**من گەنجێکم پەیوەستم بە ئایینی ئیسلامەوە، پارێزگاری لەنوێژەکانم دەکەم، کێشەی من ئەوەیە ئالوودەبووم بە خووی نهێنی و سەیرکردنی فلیم و وێنەی سێکسی، بۆ زانیاریتان من هاوسەرم هەیە، سێ ساڵە ژیانی خێزانیم پێك هێناوە، بەڵام زۆر ئارەزووی هاسەرەکەم ناکەم؟**

## وەڵام

ئەوەی لە پرسیارەکەی بەڕێزتاندا ئاماژەی پێکراوە لەم ڕۆژگارەدا شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، بەڵام ئەمە پاساونییە بۆ ئەوەی تۆی بەڕێز بەردەوام بیت لەسەر ئەم کارە، پەیوەستیت بە نوێژو فەرمایشتەکانی تری ئایینی ئیسلامەوە ئەمە پیرۆزبێت لە بەڕێزتان، لەبەرئەوەی ئەم کارانە سەرەکین لە ژیانی موسڵماندا، بێگومان ئێمەش یارمەتیت دەدەین بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی تێیدایت.

شتێکی دەگمەن نییە کە گەنجان لەڕێی خووی نهێنییەوە بەجنس ئاشنادەبن، بەڵام پاش ماوەیەك لە پێگەیشتن و گەشەکردن بە تایبەت لە قۆناغی هاوسەرگیریدا پێویستە ئەم بارودۆخە تێپەڕێنن، بۆ ئەوەی بگەن بە حاڵەتێکی شیاو و بەهێز لە پەیوەندی هاوسەرگیری سەرکەوتوو، چونکە یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەم قۆناغە پەیوەندی جنسی سەرکەوتووە لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش بە لەیەك گەیشتن و هاوکاری و هاوسۆزی هەردوو لا دەبێت، مەترسیدارترین شتیش بۆ کەسی خێزاندار خووی نهێنیە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی لاوازی

ئارەزووی جنسی بۆ هاوسەرەکەی، ئەم حاڵەتەش لە پرسیارەکەتدا ئاماژەی پێکراوە، بێگومان ئەمەش شوێنەواری خراپی بەجێدەهێڵێت لەسەر تەواوی پەیوەندییەکانتان.

لەوانەیە کێشەیەك هەبێت و بەهۆیەوە ناکۆکی بکەوێتە نێوانتانەوە، ئەمەش پاڵنەردەبێت بۆ ئەوەی بەڕێزتان ئارەزووی جنسیت لە جێگایەکی تردا بەتاڵ بکەیتەوە، لەبەرئەمە باشوایە هەوڵ و کۆشش بکەن تا پەیوەندی ژن و مێردایەتیتان بەهێزتر بکەن، پەرە بە خۆشەویستی و پەیوەندی سۆزداری نێوانتان بدەن، بەمەش بەردەوام ئارەزووی نزیکبوون دەکەیت لە هاوسەرەکەت، هەروەها هاوکاری یەکتری بکەن لەو کارانەدا کە بەختەوەریتان پێدەبەخشێت.

لە ڕاستیدا مرۆڤ دەبێت هەوڵبدات پلەبەپلە یان هەنگاو بەهەنگاو خووی نهێنی کەمبکاتەوە، لە بری خووەکە سەرجێی بکات لەگەڵ هاوسەریدا، نەك لە کتوپڕدا وازی لی بێنێت، ئەم کارەش یارمەتیدەردەبێت بۆ دروستکردنی متمانە بەخۆبوون، هەروەها هەستکردن بەوەی گۆڕانکاری لە ژیانیدا دەکات ئەگەر بیەوێت، جا ئەگەر جارێکی تریش گەڕایەوە بۆ سەر ئەو کارە وەکو جاران ئەمە بەشکست ناژمێردرێت و شکست هێنان نییە، لە هەمان کاتدا نابێت ببێتە پاساو تا لەسەر کارەکەت بەردەوام بیت.

بەڵام سەبارەت بەسایتە ڕووتەکانی ئەنتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفزیۆنی جێگەی تر، ئەمە پێویستی بەویست و ئیرادەیەکی بەهێز هەیە، بۆ ئەوەی واز لە کارێك بهێنێت کە زیانی بۆ دین و دنیاشت هەیە،

بۆنەوەی کارەکەت بۆ ئاسان بێت و سەرکەوتوو بیت لەپرۆسەکەدا، ئامۆژگاریت دەکەم بەم خاڵانەی خوارەوە:

- بە پەلەو ڕاستەخۆ دەست هەڵگرتن لە کردنەوەی سایتە قێزەونەکان، ئەمەش پێویستی بە هەندێك ڕێوشوێنی کردارەکی هەیە وەکو سڕینەوەی ناونیشانی سایتەخراپەکان، گواستنەوەی کۆمپیوتەرەکەت بۆ ژووری دانیشتنی خێزانی چونکە هەمووان لەوێندەر دادەنیشن، یان دانانی ئەو بەرنامانەی کەناهێڵێت بگەیت بەو سایتانە.

- وازهێنان لە خووی نهێنی بە شێوەیەکی هەنگاو لەدوای هەنگاو و پلەبە پلە.

- هەوڵێکی باش و زیاتر بدەن خۆت و هاوسەرەکەت بۆ گەشەپێدانی هەست و سۆزو خۆشەویستی نێوانتان، ئەمەش بەچەشنێك بێت پەیوەستی جەستەیی ڕاستەقینە لە نێوانتاندا دەست پێبکات، حەزبکەیت پێی بگەیت، هەروەها ئەمە واتلێدەکات هەست نەکەیت پێویستت بە خووی نهێنییە، بۆ زیاتر سوود وەرگرتن دەتوانیت ئەم پەرتووکەی خۆم (نووسەر) بخوێنیتەوە بەناونیشانی (**التفاهم في الحياة الزوجية**).

- بەهێزکردنی پەیوەندی هاوسەرێتی لە ڕێی گفتوگۆو لەیەك تێگەیشتنەوە، هەروەها پەرەپێدانی لایەنی جنسی لە نێوانتاندا، چونکە یارمەتیدەردەبێت بۆ لادانی ئەو خەیاڵ و وێنە هزریانەی لە دیمەنەکانی پێشترەوە وەرگیراوەو هەڵگیراوە، بەم کارانە زیاتر تەرکیزو بیرکردنەوەت لەسەر هاوسەرو هاوبەشی ژیانت دەبێت.

## پرسیاری (شەست وسێ)

کچێکم تەمەنم (١٩) ساڵە، زۆر هەوڵدەدەم تاوەکو پەیوەست بم بەڕێنماییە ئاینیەکانەوە، بەڵام من خووی نهێنی دەکەم و ماوەی (٥) ساڵە کۆششدەکەم بۆ ئەوەی وازی لێ بێنم بەڵام زۆر زەحمەتە، ئەوەی زیاتر کارەکەی ئاڵۆزتر کردووە ئەوەیە زانیومە ماوەی (٣) ساڵە باوکم تەماشای فیلمی ڕووت دەکات، هەروەها ئەو پەیوەست نیە بە ڕێنماییە ئاینیەکانەوە، مەی دەخواتەوەو لەگەڵ دایکمدا شەڕدەکات، ماڵەکەشمان لە بارودۆخێکی تەواو پشێویدایە، دەترسم براکانم لەدەست دەرچن، توانایەکی وەهاشم نیە بەسەرخۆمدا زاڵبم چارەسەر چییە؟

## وەڵام

خوشکی بەڕێزم باشتروایە چەند شتێك لە یەکتر جیا بکەیتەوە، بەمەش قەبارەی کێشەکەت کەمدەکات، ئەگەر وانەبێت مرۆڤ هەست بە شکست دەکات لە بەرامبەر ئەم بارودۆخانەدا کە لە پرسیارەکەتدا ئاماژەی پێکراوە لەوانەش:

- مومارەسەی خووی نهێنی و دەتەوێت وازی لێ بهێنیت.
- زانینی خراپی ڕەفتاری باوکت لەلایەن ئەخلاقیەوە.
- ناپەیوەستی باوکت و مەی خواردنەوەی.
- شەڕی نێوان دایکت وباوکت.
- ترس و دڵەڕاوکێت سەبارەت بە براکانت.
- نیگەرانیت لەئاقار بارودۆخی ماڵەوەتان بە شێوەیەکی گشتی.

لەوانەیە لایەنی تریش هەبێت کە تۆ باست نەکردبێت لە پرسیارەکەتدا، وەکو هاوڕێکانت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانت، خوێندن

و فێربوون لە ژیانتدا، لەوانەشە ممارەسەی خووی نهێنی لەلایەن تۆوە هەوڵێك بێت بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو گرفتانەی لە دەروونتدا هەیە.

بۆ بەڕێزتان باشترە ئەم هەموو لایەنانە لە یەك جیابکەیتەوە، لە بەرچەند هۆیەك لەوانە: هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ڕاستەوخۆی ئەو کێشانەی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی تۆوە، ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی تۆدان، لەگەڵ ئەوەی هەموویان نیگەرانی و کێشە بۆ تۆ دروست دەکەن، بەڵام هەوڵبدە ئەرکێك نەخەیتە سەرشانی خۆت کە لە سەرووی توانا و بەرپرسیارێتی و هێزی تۆدایە.

ئامۆژگاریت دەکەم بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:-

- بایەخدان بە خۆپارێزی: پاراستنی دەروونت لە هەر ئالۆزیەك و پەیوەست بوونت بە ڕێنماییە ئاینیەکان و ڕەوشتی بەرزەوە، گرنگیدان بەخوێندن و کارەکانت، لە هەمان کاتدا ڕاستگۆبە لەگەڵ هاوڕێکانتدا بەمەش دەتوانیت یارمەتی کەسانی دی بەدەست بێنێت.

- هەڵسوکەوتت لەگەڵ دایك و باوکتدا باش بێت: لەو دەراو (منطلق) ەوە مامەڵەیان لەگەڵ مەکە کە تۆ دەزانی چی کەم کوڕیەك لە ڕەفتاریاندا هەیە بە تایبەت باوکت، لەوانەیە هەست بە توڕەیی بکەیت لە بەرامبەر دایکتدا کە بۆچی ڕێگا بە باوکت دەدات ئەم کارە نەشیاوانە ئەنجام بدات، هەوڵبدە هانیان بدەیت بۆ ئەنجامدانی هەندێك چالاکی هاوبەشی خێزانی، وەکو پاککردنەوەی ناوماڵ چوون بۆ مزگەوت و گوێ گرتن لە وتاری ئایین...هتد، ئەوەی گرنگە پەرەپێدانی لایەنە باشەکانە لەواندا، بێگومان ئەوانیش لایەنی باشەیان هەیە.

- دەست هەڵگرە لە چاکسازی نێوان دایك و باوکت، چونکە ئەمە بەرپرسیارێتی ئەوانە نەك هی تۆ.

- هەوڵبدە بەپێی توانا بایەخ بە خوشك و برابچووکەکانت بدە، چ لەرووی فێرکردنەوەبێت یان پەروەردەکردنیان، لە هەمان کاتدا هەوڵبدە پەیوەندیت لەگەڵیاندا توندوتۆڵ بێت، ئەمەش یارمەتیدەردەبێت بۆ رێنمایی کردنیان، بێگومان ئەوانیش پێویستیان بەم رێنماییانە دەبێت.

- لەگەڵ خوشك و براکانی تردا هەوڵبدەن بۆ باشترکردنی بارودۆخی گشتی ناوماڵ و خێزانەکەتان، ئەمەش بە دابەشکردنی ئەرك و فەرمانەکان و یارمەتیدانی دایکت دەبێت لە کاری ناوماڵدا.

- ئەگەر مامۆستایەك یان هاورێیەکت هەیە متمانەت پێی هەبێت دەتوانیت راوێژی پێ بکەیت بۆ ئەنجامدانی کاری باش.

لە بەرامبەر هەموو ئەم وێنانەدا دەبینیت کە خووە نهێنیەکە قەبارەیەکی ئاسایی هەیە، بەو جۆرە نایبینیت کە هۆکارە بۆ هەموو کێشەو گرفتەکانت، پاش ئەنجامدانی ئەو کارانەی لە پێشاندا ئاماژەمان پێکرد، هەستدەکەیت توانات زیاترەو متمانەت بە خۆت بەهێزترە، تا ژیانت بەو جۆرە بەرنامەرێژ بکەیت کە خۆت پێت خۆشە، خوای گەورە یارمەتیدەرت بێت.

## پرسیاری (شەست وسێ)

بەرێکەوت لەرێی هاوسەرەکەمەوە زانیم کورەکەمان کە تەمەنی (١٨) ساڵە، پەیوەندی دەگرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پەیوەندی تەلەفۆنی قێزەونی جنسی دەکەن، باوکی بە

توندی لێیداو پێی ووت: کە ئیتر پارەی لێ کەمدەکاتەوە، ئەوەی مایەی نیگەرانی منە شوێنەواری خراپی ئەو پەیوەندیانەیە لەسەر کوڕەکەم، کە قسەم لەگەڵ باوکی کرد ووتی: ئیتر پارەی نادەمێ بۆ ئەوەی جارێکی دی ئەو پەیوەندیانە نەگرێت، ئایا ئەم هەڵسوکەوتەمان لەجێی خۆیدایە؟ چۆن ڕەفتاری لەگەڵدا بکەین؟

## وەڵام

بێگومان ئەم کارە مایەی نیگەرانیە بۆ دایك و باوك، باشترین چارەسەریش بریتیە لە بنیادنانی چاودێرێکی ناوەکی لە دەروونی گەنجەکەدا، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ وازهێنان لە حەرامکراوەکان، چونکە ئێمە هەرچەندە هەوڵبدەین بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریە خراپانە لەسەری، بەڵام هەر هەندێك دەمێنێتەوە بۆ لەخشتەبردنی ئەو گەنجە تا بەو کارە هەڵبسێت، لەبەر ئەمانە چارەسەری گونجاوو نموونەیی ئەوەیە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەهێزهەبێت لە نێوان منداڵەکان و باوانیاندا، ئامۆژگاری باوکەکە دەکەم بەشێك لە کاتەکانی لەگەڵ کوڕەکەیدا بەسەربەرێت، بۆ ئەوەی زیاتر بیناسێت و گفتووگۆیەکی هێمنانەی لەگەڵ بکات و ڕێنمایی بکات، هەوڵبدرێت گوێی لێ بگیرێت تا بزانرێت چی بەلایەوە گرنگەو سەرقاڵی کردووە، ئاساییە باوکەکە ئاماژە بەو کارەش بکات، پاشان ئامۆژگاری بکات کە ئەم پەیوەندییە جنسییانە چەندێك کاریگەری خراپی هەیە بۆ ورووژاندنی زیاتری ئارەزووی جنسی، لە بری ئەوەی کەمی بکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەوەشی بۆ ڕوون بکاتەوە چەند کۆمپانیایەك هەیە بەم کارە قێزەونانە هەڵدەستن، خەمیان تەنها قازانجی

مادیە، ڕەوشتی گەنجان تێك دەدەن.

دایك و باوك ئازادی تەواویان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی تەلەفۆنەکە، کەمکردنەوەی خەرجی گیرفانی کوڕەکە، ئەگەرچی من پێم باشە خەرجی تەلەفۆنەکە کەمبکرێتەوە یان ببڕدرێت لە بری ئەوەی خەرجی گشتی ببڕدرێت، بۆ ئەوەی گەنجەکە ناچارنەبێت پەنابەرێتە بەر تاوانی تر وەکو دزیکردن و شتی لەو جۆرە، ئێوەش وەکو دایك و باوك مافی کۆنترۆڵکردنیتان هەیە لەڕێی خەرجیەکانەوە.

ئەگەر واز لەم کارە بهێنێت، ئەوە شتێك بوونی نیە کە زیان بە گەشەو گونجانی ئەو بگەیەنێت لە داهاتوودا، تەنها ئەوەندە هەیە ئەگەر ئارەزووی جنسی زیادبێت، هەندێك لە ئەرکەکانی بە باشی ئەنجام نەدات.

## پرسیاری (شەست وچوار)

دایك و باوکم مردوون، خوشکە بچووکەکەم تەمەنی (١٦) ساڵە لەگەڵ ئێمەدایە، من و هاوسەرو منداڵەکانم، بۆم دەرکەوتووە خووی نهێنی ئەنجام دەدات، ئەمیش لە ڕێی کامێرای شاراوەوە کە دامان ناوە بۆ چاودێریکردنی خزمەتکارەکەمان، بەڵام بینیم خووشکەکەم تەماشای فلیمی سێکسی دەکات، مومارەسەی خووی نهێنی دەکات بە شێوەیەکی قێزەون، ئەم نهێنیەم بە کەس نەوتووە، نازانم چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم؟ من خوشکی گەورەی ئەوم و لەجێی دایکیم.

## وەڵام

ئافەرین خوشکی خۆم کە چاودێری خوشکەکەت دەکەیت کە لە خۆت بچووکترە، بێگومان بۆ ئەو تۆ لەجێی دایکتی و پاداشتیشت هەیە لە

بەرامبەر ئەم کارە پیرۆزەدا، مافی خۆتە چاودێری ڕەفتاری خزمەتکارەکە بکەیت لەگەڵ منداڵەکانتدا، بەتایبەت ئەگەر شتێك هەبێت مایەی نیگەرانیی بێت، بەلام هەولبدە کامێرا بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکە بەکارمەهێنە ئەگەرنا بەردەوام نیگەرانیت دەبێت، پێویستە ڕێزی تایبەتمەندییەکانی ئەندامانی خێزانەکەت بگریت، ئایا ئێمە گەورەکان ڕازی دەبین بەردەوام کامێرا لە هەموو کات و ساتێکدا چاودێریمان بکات؟

خووی نهێنی لەنێو لاواندا بلاوە جا کچ بێت یان کوڕ، ئەمەش قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەشەی جنسییان، ئەم خووە بە شێوەیەکی گشتی شوێنەواری خراپ و نەخۆشی لێ ناکەوێتەوە، وەکو چۆن هەندێك وتارو ڕۆژنامە ئاماژەی پێدەکەن، تەنانەت هەندێ لە زانایان بەڕێپێدراوی دەزانن لەشەرعدا چونکە ڕێگری گەنج دەکات کە تووشی کاری خراپ ببێت، لەوانەش زینا بۆ ئەم مەبەستە دەتوانیت سەیری پەرتووکی (الحلال والحرام) بکەیت لەنووسینی د.یوسف القرضاوي.

هیوادارم لە بەرامبەر خوشکەکەتدا هەڵوێستێکی(موقف) نەشیاو نەگریتەبەر لە ئاقار ئەو کارەی بینیوتە، ئەوەی پێویستە لەسەرتۆ ئەوەیە وەکو دایکی بیت، ئەمەش بەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دەبێت کە لەسەر ڕێزوخۆشەویستی و متمانە بنیادنرابێت، هەروەها لە بیرت نەچێت کە پێویستە ڕێنمایی بکەیت بۆ هەندێ لایەنی پەروەردەیی و جنسی و ئەوەی پەیوەندی بەوەوە وەکو کچێك لەو تەمەنەدا، لە هەمان کاتدا فێری بکەیت کە دەتوانێت بەردەوام قسەت بۆ بکات و هەر گرفت و کێشەو ئاستەنگێکی هەبوو دەتوانێت بۆت باسبکات.

## پرسیاری (شەست و پێنج)

کوڕەکەم تەمەنی (١٥) ساڵە، خۆی کەسێکی هێمن و ڕەوشت بەرزە، بەڵام دوای ئەوەی چووەتە قۆناغی ناوەندی هەندێ برادەری تازەی بۆ پەیدابووە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، شێوەی گۆڕاوەو مۆبایلێکی کڕیوە، گوێم لێ بوو باس و خواسی دڵداری لەگەڵ کچێکدا دەکرد، هەر کەمنی بینی زمانی تێکئالاً، هەروەها تەماشای ئەو کەناڵ و بەرنامانە دەکات کە کچی ڕووت و سەماکردن پیشاندەدات، کە قسەم لەگەڵدا کرد پێی وتم کە هاوتەمەنەکانی هەموویان ئەو کارە دەکەن، دەپرسم ئایا ئەمە قۆناغێکەو تێدەپەڕێت یان بەردەوامی دەبێت؟ چی بکەم باشە؟ بۆ زانیاریتان کوڕەکەم تاقانەیەو چەند خوشکێکی لە خۆی گەورەتری هەیەو شوویان کردووە.

## وەڵام

دایکی بەڕێز، هەموو ئەوانەی باست لێوەکرد وێنەی هەرزەکارێکە کە لە منداڵیەوە پێدەنێتە قۆناغی هەرزەکاریەوە، ئەم قۆناغەش چەند سیمایەکی هەیە، لەوانە گۆڕانی شێوەو ڕەفتارو خوو کردەوە.. بێگومان هەموو ئەو خەسڵەتانەی باست کرد ئاماژەیە بۆ قۆناغێك و ئەم گەنجە تێیدەپەڕێنێت، بە تایبەت ئەگەر چاودێری و ڕێنمایی پێویست بکرێت، لە دەرفەتێکی گونجاودا دەتوانیت داوای لێ بکەیت(باشترە باوکی ئەم کارە بکات) کە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ کچاندا نەکات، بەڵام ئەم داواکاریە دەبێت پاش ماوەیەك بێت لە بوونی پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوانیاندا، پەیوەندی بەهێزیش لەڕێی ئەنجامدانی هەندێ کاری هاوبەش، هەروەها باوکەکە دەتوانێت باسی ئەزموونی ژیانی خۆی بکات بۆ کوڕەکەی، پاکی

و ڕەشت بەرزی و ئاکار جوانی تێدابچێنێت.

بەبڕوای من ئەم گەنجە هەست بەتەنیایی و بێ هیوایی دەکات، بە تایبەت کە تاقانەیەو چەند خوشکێکی هەیە، ئەوانیش شوویان کردووە، لەگەڵ کێدا باس وخواس بکات لە کاتێکدا بەم قۆناغە دژوارەدا تێدەپەڕێت، ئەویش قۆناغی هەرزەکاریە بە هەموو گۆڕانکاری و ئاستەنگەکانیەوە.

خوشکی بەڕێز بۆ زانیاری زیاترو سودوەرگرتن سەبارەت بەم بابەتە دەتوانیت تەماشای کتێبێکی خۆم بکەیت بەناونیشانی ((أولادنا من الطفولة الى الشباب)).

## پرسیاری (شەست وشەش)

**کچەکەم تەمەنی (١٣) ساڵە، گیرۆدە بووە بە دەست بوونی موو لەڕوخساریدا، بەم هۆیەوە زۆربێزارە، حەزدەکات دووربێت لە خەڵکی، ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانییە زیادبوونی مووی ڕوخسارێتی پاش ئەوەی لای دەبات؟ ئایا چارەسەرچییە؟**

## وەڵام

پرسیارەکە دوولایەنی هەیە، یەکەم لایەنی دەروونیە، ئەوی تریش لایەنی جوانکاریە، سەبارەت بە لایەنی دەروونی ئاشکرایە یەکێك لە سیفەتەکانی هەرزەکار -کچ یاخود کوڕ- دڵەڕاوکێیە، سەبارەت بە دیمەنی بە شێوەیەکی گشتی، ئەم دڵەڕاوکێیە زیاد دەکات ئەگەر سیفەتێکی نەخوازراو هەبێت، وەکو ئەم حاڵەتەی کچەکەی تێدایە، بۆئەوەی مامەڵەیەکی تەندورستی لەگەڵدا بکەیت دەبێت کەسانی

دەوروبەری گوێ لە قسەکانی بگرن و دڵەڕاوکێکەی سەبارەت بەدیمەنی بەهەند وەربگرن، بەتەنها ئەمە بەس نییە بڵێی ((کێشەیەك بوونی نییە)) ئەو دەستەواژانەو هاوشێوەکانی وادەکەوێتەوە لای ئەو کە کەس وکاری لێی تێ ناگەن و بایەخ بە بێزاری و دڵەڕاوکێکەی نادەن.

گوێ گرتن بۆی و بەهەند وەرگرتنی دڵەڕاوکێکەی و پشتگیری کردنی زۆر یارمەتیدەدات لە کەمکردنەوەی ئەو بارە دەروونیەی تێیدایە، بەلاّم لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەین متمانە بەخۆبوونی بەهێز بکەین، لەڕێی هاندانی بۆ ئەو کارانەی دەتوانێت ئەنجامیان بدات، وەکو خوێندن و هەندێ ئارەزووی تر، بە ڕۆیشتنی کات بۆی ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ تەنها دیمەن نییە- ئەگەرچی دەوریشی هەیە- بەڵکو هۆکاری تریش هەن کە وا لە مرۆڤ دەکات سەرکەوتوو بەختەوەرو خۆشەویست بێت لای کەسانی دی.

سەبارەت بە لایەنی جوانکاری ئەو هێشتا لەتەمەنی (١٣) ساڵیدایە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو هێشتا گۆڕانکاری جەستەیی زۆری لە پێشەوەیە لە قۆناغی هەرزەکاری و پێگەیشتندا، نیشانەکانی مێینەیی ئەم کچە گەشەدەکات بەهۆی زۆربوونی هۆرمۆنی مێینە، شێوەی کۆتاییش ئەمەی ئێستا نییە.

پاش ئەوەی ڕاوێژم کرد لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆمدا لە بواری جوانکاری، پێم باشە بچێتە لای پزیشکێکی ئافرەتان بۆ جوانکاری بۆ بەکارهێنانی هەندێك مەڵحەمی لابەری موو، یان بەکارهێنانی تیشکی لەیزەر ئەگەر پێویستی کرد.

## پرسیاری (شەست وحەوت)

کوڕەکەم تەمەنی (١٥) ساڵەو هاوسەرەکەم مردووە، کچێکم هەیە تەمەنی (١٦) ساڵەو زۆر نەگونجاوە، بەڵام کێشەکەم ئەمە نییە، بەڵکو کێشەکەم کوڕەکەمە، زۆر سەرکەوتوو بوو لە خوێندنەکەیدا، بەڵام ئێستا ئاستی دابەزیوەو بەرەو خراپی دەچێت، هۆکارەکەشی دڵداری و ئەوینداریە، کاغەزێکم بینی نوسیبووی بۆ کچێکی تەمەن (١٢) ساڵە، خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕیبوو، بەڵام ئێستا بەردەوام شێواوە، تەنانەت مامۆستاکەشی لێی بێزاربووە، پێی زانیوە کە یەکێکی خۆشدەوێت، چونکە زیاتر لە (٢٠) کاغەزدا نوسیوێتی خۆشمدەوێی، مامۆستاکەی بە گاڵتەجاڕییەوە پرسیاری لێکردم کە ئایا ئەو کچە دەناسم کە کوڕەکەم خۆشیدەوێت؟ کوڕەکەم هێشتا منداڵەو دەیەوێت ژن بهێنێت؟ منیش تووشی شەرمەزاری بووم لای مامۆستاکەی، ئێستا نازانم چۆن وەڵامی مامۆستاکەی بدەمەوە، پێم ووت: بە دڵنیاییەوە ئەوە یاری منداڵانەیە، نازانم چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم بە تایبەت ئێستا بەرەو کاتی تاقیکردنەوە دەچێت؟

## وەڵام

جێی سەرسوڕمان نییە کوڕەکەت پەیوەندییەکی سۆزداری هەبێت، لە کاتێکدا ئەو لە قۆناغی هەرزەکاریدایە، لەئێستادا سروشتی کۆمەڵگەو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن گەنجان هاندەدەن بۆ ئەزموونکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییانە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە ئێمە دەستەوەسان بین لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا، بەڵکو دەبێت لە ڕێی باش چاودێریکردنی خێزانەوە یارمەتی گەنجەکانمان بدەین بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەڵستی ئەم

نشارانه بکەن، پاڵ پشتیش لە ڕێی بوونی پەیوەندی باش و بەهێزو
نزکمەوە دەبێت لەگەڵ کورو کچەکانماندا.

هیوادارم ئاگاداری ئەوەبیت کە ئەم پەیوەندییەم بە(سۆزداری)
ناوزەندکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە کە گەنج پێویستی بە پەیوەندی
(سۆزداری) هەیە لەگەڵ کەسێکی تردا، بۆ ئەوەی هەست و سۆزی خۆی
لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکات، خولیاو ئاواتەکانی، ترس و نیگەرانیەکانی،
سەرکەوتن و داکەوتنەکانی بۆ باس بکات، ئەگەر ئەم پەیوەندییە
سۆزدارییە لە ناو خێزاندا بوونی نەبوو، ئەو هەوڵدەدات لە دەرەوەی
خێزان ئەو پەیوەندییە دروست بکات، ئەگەرچی هەست بکات ئەم
پەیوەندییە ناشەرعیشە.

بە بڕوای من نەبوونی باوکی کاریگەری هەیە، چونکە بوونی پێشەنگێکی
نێرینە پێویستە، ئەمەش وادەکات ئەرکی تۆ قورس تربێت، بەلاَم ان شاء
الله پاداشتت لای خوای گەورە زیاترە.

چارەسەریش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- یەکەم کار کە سودی بۆ کوڕەکەت هەبێت لە سەرجەم ئەو
کێشانەدا کە باسکران، نزیکبوونەوەی زیاترە لە کوڕەکەت و هەموو
ئەندامانی خێزانەکە، بەهێزکردنی پەیوەندیە کۆمەلاَیەتیەکان، بوونی
قسەوباس و لە یەك تێگەیشتن و چاودێریکردن و ڕێنمایی و هەر شتێك
دەکرێت ئەنجام بدرێت بۆ توندوتۆڵکردنی پەیوەندی سۆزداری لە ناو
خێزاندا.

٢- بە ڕاشکاوی و هێمنی کوڕەکەت بدوێنە، بەجۆرێك لەیەك

تێگەیشتن هەبێت سەبارەت بەو پەیوەندیەو نامەکانی، دەرفەتی بدەریّ بۆ قسەکردن و دەربڕینی ئەوەی لە ناخیدایە، هەوڵبدە بە باشی بیناسیت، بێگومان ئەمەش پێویستی بە کات بەسەربردنی زیاترە لەگەڵ کوڕەکەتدا، نەك هەردانیشتنێکی ئاسایی وبەس.

٣- زۆرباشە ئەگەر منداڵەکەت هەست بەوە بکات تۆ متمانەت بە خۆت هەیە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەودا، ئەمەش زۆر گرنگە بەهۆی نەبوونی باوکیەوە.

٤- پێم باش نیە هەموو جەختکردنەوەیەکت (تەرکیز) لەسەر خوێندن و تاقیکردنەوەبێت، چیّ دەکەیت بۆ نمونە ئەگەر کوڕەکەت بەڵێنی باشکردنی خوێندنەکەیدا، بەو مەرجەی پەیوەندییەکەی بەردەوام بێت لەگەڵ ئەوکچەدا، ئا لەم کاتەدا هەڵوێستی تۆچی دەبێت؟ لەبەر ئەمە پێویستە قسە لەسەر لایەنی ئەخلاقی و ئایینی بکەین، هەروەها باسی ئەوەی بۆ بکەیت کە پێویستە ڕێز لە ناموسی خەڵکی بگرێت، هەروەکو چۆن پێی خۆشە ناموسی خۆی پارێزراوبێت.

لە کۆتاییدا، ئەوەی مایەی سەرسوڕمان و نیگەرانیە هەڵویستی ئەو مامۆستایەیە، دەبوایە بە جۆرێك مامەڵەی لەگەڵ کێشەکەدا بکردایە سود بە گەنجە بگەیەنێت، نەك بەو جۆرە لەگەڵ تۆدا مامەڵە بکات.

## پرسیاری (شەست و هەشت)

دووکوڕم هەیە تەمەنیان (١٤ و ١٥) ساڵە، هەردووکیان لە یەك ژووردا دەخەون، دوو جێگای جیاوازی تێدایە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە هەردووکیان لەسەر یەك جێگا دەخەون، هەر چەند هەوڵمدا ڕێگریان

بکەم بەڵام بێ سودبوو، ئەوان دەست دەکەنە ملی یەکتر ئەوجا دەخەون، ڕازی نابن لە یەکتریان جیابکەمەوە، دەڵێن بەو جۆرە نەبێت ناتوانن بخەون، هەرکە داوایان لێدەکەم لە یەکدی جیاببنەوە دەنگە دەنگم لەگەڵدا دەکەن، ئەگەر یەکێکیان بە تەنیا سەردانی خزم و کەسوکار بکات، ئەوی دیان تاوەکو ئەو دەگەڕێتەوە خەمبارو توڕەدەبێت، ئایا ئەمە حاڵەتێکی نا تەندروستە؟ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم؟

## وەڵام

ئەم جۆرە کێشانە زۆر نیگەرانم دەکەن، چونکە ئەگەر دایك و باوکەکە ئاگاداربوونایە لە قۆناغێکی زووتردا چارەسەری ئەم گرفتە زۆر ئاسان بوو، بە ئاسانیش چارەسەر دەکرا، وتراوە خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن (لەبەرئەمەش من ئەم کتێبەم داناوە).

ئەم حاڵەتە نا ئاسایی و ناتەندروستە، ئەم جۆرە خەوتنە واتە دەستکردنە ملی یەکتری نەشیاوە لەڕووی دەروونی و ئەخلاقی و ئاینیەوە، وادیارە لە ڕابردوودا دایك و باوکەکە هەوڵیان دابێت چارەسەری بکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبووبن لە هەوڵەکەیاندا، چونکە درەنگ کەوتوون لە چارەسەرکردنەکەدا، ئێستاش کە بۆ ئەم قۆناغە دواکەوتووە تەمەنیان زیاتربووە، ئەوا چارەسەری قورستردەبێت، بەڵام هەردەبێت چارەسەربکرێت، ئەگەرچی ئاستەنگی زۆریش هەبێت، هەرچەندە چارەسەرەکەش دوابکەوێت زیان و کێشەکانی زیاتر دەبێت.

ئاساییە لە نێوان ئەم دووبرایەدا پەیوەندییەکی یەکدی خۆشویستنی

بەهێز هەبێت، ئەمەش بەدیدەکرێت بە تایبەت لە کاتی دیار نەمانی یەکێکیانداو دورکەوتنەوەی لە براکەی، هیوادارم پەیوەندی بە یەکگەیشتنی جەستەیی و جنسی ڕووی نەدابێت، هەروەها دایك وباوکەکە ئەمەیان بەلاوە سەیرنەبێت، چارەسەری ئەم کێشەیەش بەدوو ڕێگا چارە دەبێت:

یەکەم: پێویستە جەستەیان لە یەکتر جیابکرێتەوە.

دووەم: پارێزگاریکردن لە بەشێك لە پەیوەندی و یەکدی خۆشویستنەکەی نێوانیان.

ئەوان لە تەمەنێکی پێگەیشتودان، دەتوانن لەوە تێبگەن کە نابێت بەم جۆرە لەسەر ئەم کارە بەردەوام بن، دایك و باوکەکەش دەتوانن سوود لەفەرمایشتی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) وەربگرن کە دەفەرموێت: ((فرقوا بينهم في المضاجع)) واتە: جیایان بکەنەوە لە جێگای خەوتندا.

ئامۆژگاریم بۆدایك و باوکەکە یەکێکیان، ئەگەر باوکەکەبێت باشترە، ئەوەیە دابنیشێت لەگەڵ کوڕەکانیدا، پێیان بڵێت و تێیان بگەیەنێت کە گەیشتونەتە تەمەنێك کە ئیتر لەمەودوا پێویستە لەسەریەك جێگاو بەیەکەوە نەخەون، ئەم فەرمانەش نەرمی نواندنی تێدانییە، ئەم جیاکردنەوەیەش بۆ هەر دووکیان بەسوودە چ لەڕووی دەروونی و چ لەڕووی ئەخلاقی و ئاینیەوە، باوکەکە تێیان بگەیەنێت کە ئەم (باوکەکە) تەمەنێك و ئەزموونێکی هەیە، دەزانێت ئەمە تا چ ڕادەیەك خراپە، ئەگەرچی لەمەوپێش ئەوان بەو جۆرە بوونە، بەڵام کە ئەمان واتە دایك و

باوکەکە دەنگیان نەکردووە لەبەر ئەوە بووە کە منداڵ بوونە، ئیتر لەمەودوا ئەوەیان لێ قبووڵ ناکرێت.

دەبێت هەردوو براکە هۆشیاربکرێنەوە، تا هەست بە گرنگی کارەکە بکەن، ئەوەشیان لە لاڕوون بێت کە دایک وباوکیان سورن لەسەر جێ بەجێکردنی ئەم گۆڕانکارییە، باشتر وایە هەردوو کوڕەکە بەشداریان پێ بکرێت لە هەندێ چالاکی خێزانی وەکو پاککردنەوەو گەشت و دەرچوون بۆ بازاڕ و شوێنەگشتیەکان، بۆ ئەوەی قەرەبووی دوورکەوتنەوە جەستەییەکەیان بکەن، واهەست بکەن ئەوان مەبەستیان لاوازکردنی پەیوەندی برایەتیان نییە، ئەو پەیوەندییەش لە نێوان هەموو ئەندامانی خێزانەکەدایەو ئەوانیش دەتوانن بەشداری بکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە پەیوەندییەکە لە دوو کەسیەوە بووە بە پەیوەندییەکی خێزانی وفراوانترو گشتگیرتر، لەم کاتەدا دەبێت ئامادەگی دایك و باوکەکە زیاتربێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خۆشەویستیەی هەریەکەیان لەدەستی دەدات لە نەبوونی براکەیدا.

پێش بینی دەکرێت هەندێك ئاستەنگ بێتەڕێ لەجێ بەجێکردنی بڕیارەکاندا، وەکو ڕەتکردنەوەی ئەم کارە لەلایەن هەردووکیانەوە یان ڕۆیشتن لەسەر هەمان شێوازی جاران، بەڵام بە نهێنی و دوور لەچاوی کەسانی دی، بەڵام دایك و باوکەکە دەبێت هێمن و لەسەرخۆبن و لەهەمان کاتدا پێداگری بکەن و سوربن لەسەر بڕیارەکەیان، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی پێدانی ئەو کارەو بەهیچ شێوەیەك چاوپۆشی تێدا ناکرێت.

پێویستە هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی گەشە بە متمانە بەخۆبوونی هەردووکیان

بدرێت، چونکە گەنج لە خودی خۆیدا خەون و خولیای تایبەتی خۆی هەیە، باشتروایە هەریەکەیان هانبدرێت بۆ ئەوەی بایەخ بە خولیاو ئارەزوەکانی بدات جیاواز لەبراکەی تری، وەکو جۆرەکانی وەرزش ئەمەش وادەکات هەریەکەیان کەسەیەتیەکی سەربەخۆیان هەبێت.

## پرسیاری (شەست ونۆ)

من دایکی کچێکی (١٦) سالم، هاورێیەکی کچی هەیە زۆری خۆشدەوێت، هاورێی تری زۆرە بەلام ئەم کچەی من باسی دەکەم لە هەموویانی خۆشتردەوێت، ئەم کچەش سالێك لە کچەکەی من گەورەترەو زۆر پەیوەستن بەیەکەوە، تەنانەت کە لە قوتابخانە جیادەبنەوە هەر دەگەنە مالەوە تەلەفۆن بۆ یەکتری دەکەن، بەیەکەوە دەردەچنە دەرەوە، ئەو کچەش رەوشت بەرزەو من خۆشمدەوێت، بەلام کێشەکەم ئەوەیە ماوەیەکە هەست بە دلتەنگی کچەکەم دەکەم، لەسەردانێکی هاورێکەیدا بۆ مالی ئێمە دانیشتبوون قسەیان دەکرد، بەرێکەوت من بە لایاندا رۆیشتم گوێم لە قسەکانیان بوو ئیتر حەزمکرد گوێیان لێبگرم تا بزانم چی دەلێن، بەلام کارەساتەکە لەوەدابوو ئەوان مومارەسەی (سەحاقیان) دەکرد(سەحاقە واتە: کاری جنسی لەنێوان دوو مێینەدا) دەگریان و دەیانوت کە نازانن چۆن رزگاریان بێت لەم کارە، ئایا من بە کچەکەم بلێم کە گوێم لە قسەکانیان بوو؟ یان بێدەنگبم و چارەسەری کێشەکە نەکەم؟ یان توندوتیژبم لەگەلیانداو پەیوەندییەکەی نێوانیان بچرێنم؟ چارەسەرچییە بۆ بنبرکردنی ئەم کێشەیە؟

## وەلام

لەوانەیە ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی گشتی لە ئاکامی نائاگایی خەلکی

بێت لە بابەتەکانی پەروەردەی جنسی تەندروست، کە ئێمە بانگەشەی بۆدەکەین، مەبەستی ئێمەش لە کارەکەماندا زانین و ناسینی قۆناغەکانی گەشەی سۆزداری و جنسییە لای کچان و کوڕان، پێدانی زانیاری تەندروست و گونجاو لەگەڵ تەمەنیان، بەمەش دووردەکەونەوە لە خراپە رەفتاری هەڵە وەك لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

ئامۆژگاریم بۆ دایکەکە ئەوەیە کە بەپەلەو بێ دواکەوتن بچێتە ناوکێشەکەوە، بەو جۆرەی کە هەیە فەرامۆشی نەکات، بە تایبەت کە گوێی لە هەردوو کچەکەبووە گریاون و بیریان لە چارەسەرکردۆتەوە بۆ ڕزگاربوون لە کێشەکەیان، ئەمەش ئاماژەی چارەسەرێکی سەرەتاییمان پێدەدات.

کچەکە تەمەنی (١٦) ساڵە دەتوانێت تێ بگات، لەبەر ئەمە ئامۆژگاری دایکەکە دەکەم بە کرانەوەیەکی زیاترەوە قسە لەگەڵ کچەکەیدا بکات، دەستی یارمەتی بۆ درێژبکات بۆ دەرچوون لەم گرفتارییە، لە ڕاستیدا سروشتی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دایك و کچەکەدا بەڕێوەدەچێت چۆنێتی باشتر بەڕێوەچوونی پرۆسەکە دیاریدەکات، هیوادارم ئەم پەیوەندییە بەهێزو توندوتۆڵ بێت، بە جۆرێك بەرگەی ڕەشەبای ڕووبەڕووبوونەوەکەیان بگرێت، باش نییەو نابێت لە یەك کاتداو بەیەکەوە لەگەڵ هەردوو کچەکەدا قسەبکرێت.

بە زۆری پەیوەستی سۆزداری ویژدانی دەورێکی کاریگەری هەیە لەنێوان ئەو کەسانەی پەیوەندی جنسییان هەیە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان، جا لای کوڕان بێت یان کچان، هەر بۆیە لە کاتی چارەسەردا دەبێت ڕەچاوی ئەم

خاڵە بکرێت، چونکە هەردوو کچەکە پێویستیان بە پاڵپشتی و پشتیوانی دەروونی و سۆزی زیاتر هەیە، ئەمەش بەوەدەکرێت کچەکە هەست بە ئامادەگی دایکی بکات، بۆ گفتوگۆی هێمن و گوێ گرتن لێی بەئارامی و لەسەرخۆی و داناییەکی زۆرەوە.

پێویستە باسی لایەنی ئایینی و ئەخلاقی ئەم کێشەیە بکرێت، واتە هەڵوێستی ئایین سەبارەت بەم کارە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم جۆرە پەیوەندیە حەرامە، ئەم روونکردنەوەیەش زیاتر یارمەتیدەردەبێت بۆ وازهێنانیان، چونکە ئەوان گریاون و بەدوای چارەسەردا ویلْ بوون، هەروەها ئەوان خاوەن رەوشتی بەرزن، هەروەها باش وایە پەرەبدرێت بە متمانە بەخۆبوونی کچەکە، ئەویش لەرێی کاری زیاترو چالاکی زۆرتر لە ناو خێزاندا.

## پرسیاری ( حەفتا )

کچەکەم تەمەنی (١٦) ساڵە، زۆر پەیوەستە بە هاورێ کچەکەیەوەو هاورێکەی ساڵێك لە ئەم گەورەترە، تێ بینیم کردووە بۆ ماوەیەکی زۆر بە تەلەفۆن لەگەڵ یەکتریدا قسەدەکەن بە دەنگێکی نزم، کاتێك هاورێکەشی سەردانی ماڵی ئێمە دەکات بەیەکەوە دەچنە ژوورێکەوەو دەرگاکە دادەخەن، نایەڵن کەس بچێتە ژوورەوە بۆ لایان، ئایا ئەم کارەی کچەکەم مایەی نیگەرانیە؟ بەتایبەت لەئێستادا کە کۆمەڵگەکەمان خراپەی زۆری تێدا بڵاوبۆتەوە؟

## وەڵام

زۆرئاساییە مرۆڤ هاورێیەکی هەبێت و ئاسودەبێت لەگەڵیدا، کێشە و گرفتەکانی خۆی بۆ باس بکات، باوەرم وایە ئەم حاڵەتەی لە پرسیارەکەدا

ئاماژەی پێکراوە هەر ئەوەبێت، ئەمەش مایەی نیگەرانی نییە، چەندەها هاوڕێی کچ و کوڕ هەن، ئەم خاسیەتەیان تێدا بەدی دەکرێت.

بەڵێ خراپەو لادان و پشێوی هەیە لە کۆمەڵگەکاندا، بەڵام پێویستە ئەمە وامان لێ نەکات گومان لە هەموو کەسێك بکەین، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ کەسێکدا دڵخۆش و شادومان دەبێت، لە هەمان کاتدا دەبێت کەس وکار چاودێری کچەکەیان بکەن و ڕێنمایی و هۆشیاری زیاتری پێبدەن، لەمەش باشتر ئەوەیە ئەندامانی خێزان کاتێکی زیاتر بەیەکەوە بەسەربەرن و چالاکی هاوبەشیان هەبێت، دەبێت دایکەکە باوەڕ بە کچەکەی بکات بە تایبەت لەو تەمەنەدا، هەروەها ڕایبهێنێت لەسەر قسەی ڕاشکاوانە بە جۆرێك وەکو دوو هاوڕێ وابن، ئەوەی مایەی مەترسیە ئەوەیە لەوانەیە بەربەست هەبێت لەنێوان دایکەکەو کچەکەدا، ئەمەش پاڵنەرە بۆ پەیوەستی زیاتری بە هاوڕێکەیەوە بەچەشنێك لە ڕادەی سروشتی تێپەڕبکات.

دوای توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ کچەکەدا پێویستە دایکەکە متمانەبەخۆبوون لە کچەکەیدا بەهێز بکات، بێگومان دایکەکە کچەکەی باش دەناسێت، دەتوانێت ببێت بە مایەی دڵنیایی بۆ پەیوەندییەکانی و هاوڕێیەتی و خولیاو ئارەزووەکانی لە ژیاندا.

### پرسیاری (حەفتاو یەك)

کوڕەکەم تەمەنی (١٥) ساڵە، کێشەکەم ئەوەیە برادەرێکی هەیە ڕەفتاری زۆر سەیروناموێیە، لە سەرەتادا ئەمەم نەدەزانی، تاوەکو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم بینی بۆم دەرکەوت ڕەفتاری برادەرەکەی نیشانەی ڕەگەزی

سێیەمە، کاتێك قسەم لەگەڵ کوڕەکەمدا کرد کرد ووتی: کوڕێکی باشەو سەرکەوتووە، بەڵام نەخۆشەو پێویستی بە یارمەتی کەسانی دەوروبەری هەیە، بەڵام من دەترسم کاریگەری لەسەر کوڕەکەم هەبێت، ئایا ناسینی ئەم کەسەیەتیە زیان بە کوڕەکەم دەگەیەنێت؟

## وەڵام

منیش نیگەرانیەکەت سەبارەت بە کوڕەکەت بەهەند وەردەگرم، لەگەڵ ئەوەی پێویستم بە زانیاری زیاترە سەبارەت بە کەسایەتی و ڕەفتاری هەریەك لەکوڕەکەت و هاوڕێکەی، نازانم مەبەستت بە چەمکی ((ڕەگەزی سێیەم)) ئایا بریتیە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نێرەموك؟ یان زیاتر لەم حاڵەتەش؟ هەروەها چەندێك دەبێت ئەم برادەری دەناسێت؟ هاوڕێیەتیەکەیان تاچ ڕادەیەکە؟

دەترسم بەرگریکردنی کوڕەکەت لە هاوڕێکەی و باسکردنی بەباش و سەرکەوتوو ئاماژەبێت بۆ ئەوەی ئامادەنییە پەیوەندی لەگەڵیدا بپچڕێنێت، لەبەرئەمە ئامۆژگاری دایکەکە دەکەم متمانەو پەیوەندی لەگەڵ کوڕەکەتدا بەهێزبکەیت، پێش ئەوەی بۆچوونی خۆی بڵێت سەبارەت بەو هاوڕێیەتیەی لەنێوان ئەو دووانەدا هەیە و بە باوەڕی ئەو نەشیاوە.

بادایك هەوڵبدە _هەروەها باوکیش_ لە نزیکەوە تێبگەن لە کوڕەکەیان و زیاتر بیناسن، هەروەها بزانن هەستی ڕاستەقینەی کوڕەکەیان چییە بەرامبەر بەو هاوڕێیەی، بۆ نموونە ئەگەر ئێوە داواتان لێکرد ئایا ئامادەبە پەیوەندییەکەی کەم بکاتەوە لەگەڵ برادەرەکەیدا.

ئەم کوڕە هێشتا تەمەنی (١٥) ساڵە، ئەم تەمەنەش زۆر گەورە نییە دەتوانن تەداخولی تێدابکەن، نەهێڵن کارەکە سەربکێشێت بۆ شتێکی تر، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەڕاستی ئەو هاوڕێیەی لادانی هەبوو، لەوانەیە ئەم کوڕە بەچەشنێکی خراپ کاریگەربێت بە هاوڕێکەی وەکو چۆن لە زۆر حاڵەتی هاوشێوەدا ڕوویداوە.

ئامۆژگاری دایك وباوکەکە دەکەم زیاتر لە کوڕەکەیان نزیك ببنەوە، چاودێری بکەن و ئاگایان لێ بێت، ئەمەش تەنها لایەنی مادی ناگرێتەوە، بەڵکو چاودێریکردنێتی لە لایەنی سۆزداریی و دەربڕێنی خۆشەویستی بۆی و گوێ گرتن لێی، یاریکردن لەگەڵیداو ڕاگرتنی هەستی، ئەمانە دەڵێم چونکە گەنج مەیلی بۆ ئەم شتانە دەچێت ئەگەر لە ناو خێزاندا بێبەش بوو لێی، هەوڵدەدات یەکێك ببینێتەوە تا گوێی لێ بگرێت و سۆزی بۆی هەبێت جا گەنجێك بێت یان هاوڕێیەکی خۆی بێت، لە ئاکامیشدا ئەم پەیوەندییە پەرەدەسەنێت بۆ شتێکی تر.

## پرسیاری ( حەفتاو دوو )

کێشەکەم بەڕاشکاوی دەڵێم: کوڕەکەم کە تەمەنی (١٦) ساڵە، لە حاڵەتێکی زۆر قێزەونـدا بینیم لەگەڵ خزمەتکارەکەماندا، کە دوو ساڵ لە کوڕەکەم گەورەترە، کاتەکەی شەوبوو لە ژووری خزمەتکارەکە، هیچ قسەیەکم لەگەڵ کوڕەکەم نەکرد، ئێستا چاودێریان دەکەم، بۆم دەرکەوت پەیوەندییەکەیان هەر بەردەوامە بەڵام نازانم بەکوێ گەیشتووە... پرسیارەکە ئەمەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەم؟ ئایا خزمەتکارەکە دەربکەم یان گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم توندتیژبم

لەگەڵیدا؟ یان پێی بڵێم ئەو کارەی دەیکات کارێکی حەرام و نەشیاوە؟

## وەڵام

سوپاسی ئەم خوشکە دەکەم کە بەڕاشکاوی کێشەکەی خستۆتەڕوو، ل
هەمان کاتدا هیوادارم تا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم وەڵامە خزمەتکارەکە ل
ماڵەکەدا نەمابێت.

منیش هاوبەشی نیگەرانیەکەی تۆم سەبارەت بەم پەیوەندییەو دەڵێ
((پێویستە لەسەرتۆو هاوسەرەکەت زیاتر ئاگاداربن و چاودێری زیاتر
بکەن تا بزانن ئاکامی ئەم پەیوەندییە بە کوێ گەیشتووە))، ئەوەندە
زانراوە تاکو ئێستا زەنگێکی مەترسیدارە، چونکە کوڕەکە (١٦) ساڵ
خزمەتکارەکەش کە کچە تەمەنی (١٨) ساڵە، چەند جارێك بەیەکە
بینرابن لە ژووری خزمەتکارەکە بەشەو، ئیتر چاوەڕێی چی بین!

هیوادارم دایکەکە سەبارەت بەم بابەتە قسە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکا
پاشان باوکەکە بەڕاشکاوی قسە لەگەڵ کوڕەکەی بکات، هەروە
دایکەکەش قسە لەگەڵ خزمەتکارەکە بکات، بە هەردوولا واتە(دایك
باوکەکە) ڕێگایەکی بەپەلە بدۆزنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئـ
کێشەیەدا، جیاکردنەوەی کوڕەکە لە خزمەتکارەکە، با ئەو شتانەیان
ڕوون بکرێتەوە کە دەبێت بیزانن، چونکە شتی زیاتر هەیە بۆ نموونە: ئ
تێکەڵ بوون ڕوویداوە؟ ئەگەر وایە ئایا سکی پڕبووە یان نا؟ ئایا بەڵێ
هاوسەرگیری لەنێوانیاندا هەیە؟ بەڵێ من ئەم شتانە دەڵێم چون
هەمووی پرسیارەو دەبێت وەڵام بدرێتەوە.

ئەوەش بە بیری دایکەکە دەهێنمەوە کە تەنها سەرزەنشتی کوڕەک

نەکات، چونکە گەورەکان خزمەتکاریان هێناوە بۆ ماڵەکەو کوڕەکەیان خستۆتە ژێر چاودێری ئەوەوە، پاشان لێ گەڕاون بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن دوور لە چاودێری گەورەکان، لە ئاکامیشدا ئەم کارەساتە ڕوویداوە، ئەم کوڕێکی گەنجەو ئەویش کچێکی لاو، لە تەزناغێکی هەستیاری گەشەی جنسیدان..

مامەڵەی تەندروست و شیاو بۆئەم حاڵەتە ئاڵۆزە بریتیە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆو ڕاشکاوانە بەبێ کەمتەرخەمی، پاشان هەنگاوی پێویست بگیرێتەبەر بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم کارە، هەروەها یارمەتی کوڕەکە بدرێت بۆئەوەی ئەم خووە تێپەڕێنێت لەبەرئەوەی گەنجێکی منداڵە، لە هەمان کاتدا یارمەتی کچەکەش بدرێت چونکە هەردووکیان خاوەنی ژیان و ڕێزو داهاتووی تایبەت بە خۆیانن.

## پرسیاری (حەفتاوسێ)

کچێکم هەیە تەمەنی (١٥) ساڵە، کێشەکەی ئەوەیە قەبارەی مەمکی زۆر بچووکەو بەردەوام دەڵێت: بۆچی من مەمکم بچووکە لە کاتێکدا هەموو هاوڕێکانم مەمکیان گونجاوە، ئەم کێشەیەش بۆتە گرێیەکی دەروونی بۆ کچەکەم بە تایبەتی لە جل وبەرگیدا، ئەگەرچی بردومە بۆلای پزیشك و دڵنیای کردوومەتەوە کە هیچ کێشەیەکی نییەو ئاساییە، بەلاّم من نازانم چیبکەم سەبارەت بە هەستی ئەو بەرامبەر بەخۆی و بیرکردنەوەی سەبارەت بە دیمەنی و خۆبەکەمزانینی؟

## وەلاّم

سەردەمی هەرزەکاری کچان و کوڕان بە دڵەڕاوکێی گەنجان ناسراوە

سەبارەت بە دیمەن وشێوەو چۆنێتی مل و سنگ و هتد، باش نیە کەسوکار بە کچەکە بڵێن دوودڵ مەبە چونکە وادەکەویتەوە لای ئەوکە ئێوە لەو تێناگەن و گرنگی پێ نادەن کە بە چ بارودۆخێکدا تێدەپەڕێت، ئەمەش گۆشەگیری و خەمی ئەو زیاتر دەکات، باش وایە گوێی لێبگرن و وا خۆتان پیشان بدەن کە لە هەستی ئەو تێدەگەن گرنگی پێدەدەن، چونکە ئەو بەمە ئاسودەدەبێت، ئەم حاڵەتەش کە بچووکی مەمکە زۆربەی کات نە نەخۆشیەو نە تێکچوونی ئەندامەکانە وەکو چۆن پزیشکەکەش ئاماژەی پێکردووە.

## باش وایە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- گوێ گرتن لێی و گرنگیدان بە هەستی بەبێ ئەوەی هەوڵبدرێت بە هەڵەدا ببرێت تا هەست بە بێزاری نەکات.

٢- بەردەوام هەوڵ بدەن تامتمانە بە خۆبوونی تێدا بنیات بنرێت و گەشبین بێت سەبارەت بە ژیانی بەشێوەکی گشتی، ئەمەش لە ڕێگای هاندانی بۆ ئەو کارو فەرمانانەی کە دەتوانێت ئەنجامیان بدات لە ماڵەوەدا یان لە دەرەوە.

٣- هاندانی بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەهێز بکات لەگەڵ هاوڕێکانی و کەسەنزیکەکانی، ئەمەش وادەکات متمانەی کۆمەڵایەتی بە خۆی هەبێت.

٤- ئەم کچە لاوە دەبێت فێر بکرێت و تێی بگەیەنرێت کە نرخ و بەهای مرۆڤ و سەرکەوتنی لە ژیاندا تەنها بەند نیە بەیەك خەسڵەت لە جەستەیدا، بەڵکو ئەوە کۆمەڵێك سیفەتە لە کەسایەتی و ئاکارو تواناو

بەهرە کە مرۆڤی پێ دەناسرێت لە ژیاندا.

٥ـ بە سوودە بۆی خوێندنەوەی چیرۆك و ژیاننامەی کەسایەتییە مێژووییەکان، ئەوانەی داهێنانیان کردووەو سەرکەوتوو بوون لە ژیاندا، لەگەڵ ئەوەی کێشەو گرفتی زۆریان هەبووە.

٦ـ دڵنیا کردنەوەی ئەم کچە لەوەی کە هێشتا چەند ساڵێکی لە پێشەوەیە بۆ ئەوەی گەشەی زیاتر بکات لە سیفەتە مێینەکاندا، هەرچەندە پشتیوانیکردنی کارێکی باشە بۆ ئەوەی شادومان بێت لە ڕووی دەروونیەوە، تا هەست بە دڵەڕاوکێی زۆر و شڵەژانی دەروونی نەکات.

## پرسیاری (حەفتاو چوار)

کچێکم تەمەنم (١٤) ساڵە، هاوڕێکانم پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا زۆرباشە، بەیەکەوە قسە دەکەن و تەلەفۆن بۆ یەکتر دەکەن، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەڵام من ناتوانم قسە لەگەڵ هیچ کچێکدا بکەم، هاوڕێکانم دەڵێن: تۆ وشکی و پێوستت بە سەردانی پزیشکی دەروونی هەیە، ئایا بە ڕاستی من وشکم و مرۆڤێکی نا کۆمەلآیەتیم !؟

## وەلآم

ئەوەی تۆ پێیدا تێدەپەڕیت ئەی گەنجی خۆشەویست زۆر کەس لە هاو تەمەنەکانت بەو قۆناغەدا تێپەڕیون، هەر ئەمەشە کە هەندێك لە هاوڕێکانت دڕدۆنگ دەبن لێت و دەڵێن پەیوەندییان لەگەڵ هاوڕێی تردا هەیە و تۆش کەس هاوڕێت نیە !

بەلآم ئەوەت لەبیر نەچێت کە زۆر گەنجی پاك و متمانە بە خۆبووی

هاوشێوەی تۆ هەیە، کە وا دەبینێ بەهایەکی زۆر لە کرداری باش و ئاکاری بەرزدا هەیە، تۆ گەنجێکی تەندروستی لە ڕووی دەروونیەوە لەوانەیە هاوڕێکانت بنالێنن بەدەست کێشەی دەروونییەوە، پێویستیان بەوە هەبێت قەرەبووی ئەو کێشانە بکەنەوە، بە خۆهەڵکێشانیان و شانازی کردن بەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ یەکتردا هەیانە... لەوانەیە پەیوەندییەکانیان هەڵەبێت؟ئایا ئەو شتانەی ئەوان لە حەرام دووریان دەخاتەوە؟ یان دەبێتە هۆی هێنانی حەرام؟!

زۆر لە گەنجانی هاوتەمەنت- ئەمەش شتێکی سروشتیە لە گەشەی گەنجاندا- دەبینی هەست بە هەندێ بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکات لە کاتی قسەکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا، ئەمە تەنها قۆناغێکەو لەگەڵ ڕۆیشتنی کات و بەدەست هێنانی هەندێك لایەنی گەشەی کۆمەڵایەتیدا بەسەردەچێت، دوو دڵ مەبە ئەم قۆناغە بە تێپەڕبوونی کات بەرەو کەمبونەوەو دواتریش لە ناوچوون دەچێت بەبێ بوونی کێشە و ئاستەنگ.

گەنجانی خراپەکارو تاوانکار بەبوونی گەنجی بەڕەوشت و پەیوەست بەدینەوە بێزار دەبن، چونکە ئەگەر بە مەبەستیش ئەمانە نەکەن، ئەوە بیریان دێنێتەوە کە گوناه دەکەن و پێویستە وا نەبن، وەکو جۆرێك لە بیانوو هێنانەوە بۆ خۆیان پەنادەبنە بەر ئەوەی ئەم گەنجە بە پەیوەست بوون بە خراپە ناوزەند بکەن (وەکو ئاڵۆز و ووشك) تا هەستی تاوانبارییان لاواز بکەن، وای نیشان بدەن کە ئەوان وەك یەکن و تۆ لادەری، متمانەت بەخۆت هەبێت دوو دڵ مەبە، تۆ لەسەر ڕێی ڕاست و

نوری هیدایەتی.

## پرسیاری ( حەفتاو پێنج )

بەدەست خوویەکی خراپی مێردەکەمەوە دەناڵێنم، ئەویش ئەوەیە هەر ئافرەتێك دەبینێت تەماشای دەکات جا لە بازاڕ بێت یان لە هەر شوێنێکی دیکە، ئەگەر چی تووشی کێشە دەبێت چونکە هەندێ کەس بە ووشەی ڕووشکێن وەڵامی دەدەنەوە، بەڵام هیچ شتێك نەبووەتە ڕێگر لە بەردەمیدا تا لەو کارە دوور بکەوێتەوە، هەروەها هەستی منیش ڕاناگرێت، چی بکەم؟

## وەڵام

بێگومان ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خراپە، بەڵام لەوانەیە لایەنی تری هەبێت:

بە پێی دەست نیشانکردنی سروشت و هۆکاری کێشەکە چارەسەریش دەگۆڕێت، لێرەدا باش وایە تەمەنی پیاوەکەو سروشتی ژیانی ڕۆژانەی بزانین.

ئەگەر بێت و کێشەیەکی دەروونی یان نەخۆشیەکی دەروونی نەبێت، ئەوە چارەسەر بریتیە لەڕووبەڕوو وەستانەوە لە بەرامبەری و بەڕوون و ئاشکرایی، بە ڕاشکاویی ڕازی نەبوونی خۆت لە ئاقار ئەم ڕەفتارەی دەربڕی، لەوانەشە کارەکە پێویستی بە هەندێك کاردانەوە هەبێت وەکو ڕەتکردنەوەی دەرچوون لەگەڵیدا ئەگەر بەردەوام بیت لەسەر ئەم کارە.

لەوانەیە هاوسەرەکەت بەم ڕەفتارەی بیەوێت سەرنجی تۆ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، لەم کاتەدا باش وایە تۆ خۆت بێ ئاگا بکەیت لەم ڕەفتارەی،

هەروەها لەو کاتانەدا ڕەفتاری باش دەنوێنێت ئاگایی خۆت بنوێنە، ئەمەش ئارامگری و هێمنی زیاتری دەوێت.

لە حاڵەتی دەگمەندا هاوشێوەی ئەم ڕەفتارە ڕوودەدات، ئەویش هەندێك حاڵەتی نەخۆشی دەروونییە، وەکو حاڵەتی شپرزەیی کە ئەویش وێنەدانەوەی دڵتەنگییە، ئەمە کاتێك دەبێت تووش بوو بەجۆرێك ڕەفتار دەکات کە ڕێزی بەها کۆمەڵایەتییەکان ناگرێت، بەجۆرێکی ناشایستە و نەشیاو تەماشای کەسانی تردەکات، ئاماژەش بە ئەگەری تووشبوونەکە ئەوەیە ئەم ڕەفتارە ناگونجێت لەگەڵ سروشتی کەسایەتی پیاوە ئاڵودەبووەکە، یان ئەم ڕەفتارە بە شێوەیەکی دەوری و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ئەنجام دەدات.

ئەگەر خێزانی پیاوەکە یان کەسوکاری هەستیان بە بوونی کێشەیەکی دەروونی کرد باش وایە بیبەن بۆلای پزیشکێکی دەروونی، بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکات، تا بە باشترین ڕێگا مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکات.

**پرسیاری ( حەفتاوشەش )**

من گەنجێکم تەمەنم (٢٢) ساڵە، کچێکم ناسی لە ڕێگەی (چاتی ئینتەرنێتەوە)، باس و خواسی جنسی زۆر قێزەون ئاڵوگۆڕ دەکەم لەگەڵیدا، وای لێهاتووە ئەم کارە بەسەر هەموو بیرمدا زاڵ بووە، لەئێستادا بایەخ بە هیچ شتێك نادەم تەنها ئەم گفتوگۆیانە نەبێت، کە شەوی بە تەواوی پێ بەسەر دەبەم، خۆزگە ئەخوازم پاشەکشە بکەم لەم کارە، ژیانم بە شێوەیەکی ئاسایی بەسەر بەرم، بەڵام هەرچەند هەوڵی وەستانی دەدەم دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ قسە کردن لەگەڵیدا،

**بەشێوەیەکی خراپتر و زیاتر، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی و بیر و هۆشم، چی بکەم؟**

## وەڵام

زۆر باشە، کەواتە تۆ ئێستا هەست دەکەیت ئەم قسە و باس و شەونخونیانە کاریگەری خراپی لەسەر ژیان و بیرو هۆشت هەیە، ئەگەر چی لە هەوڵەکانی پێشوودا سەرکەوتوو نەبوویت لە وەستانی پەیوەندییەکەدا، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە جارێکی تر هەوڵ نەدەیتەوە، پێویستە بڕیارێك بدەیت کە کەس نەتوانێت ڕێگریت بکات، ئەویش ئەوەیە، ئایا دەتەوێت بەردەوام بیت لەسەر ئەم پەیوندییانە یان دەتەوێت بیوەستێنیت؟ ئایا بەڕاستی دەتەوێت بیوەستێنیت؟ نازانم وەڵام لای تۆیە.

پێویستە لەسەرت لە کاتی وەستانی ئەم گفتوگۆیانەدا شتی ترت هەبێت لەبری ئەوە، بۆ ئەوەی کاتە بەتاڵەکانی پێ پڕبکەیتەوە، بە تایبەتی لە شەودا، کە تۆ ڕاهاتووی لەسەر پەیوەندی کردن بە ئەوەوە، تۆ لە تەمەنێکدایت کە پڕە لە سۆزو هەستی جەستەیی و دەروونی، جا دەبێت هەندێك خولیاو ئارەزووت هەبن بۆ ئەوەی ئەم وزەیەی تێدا بەتاڵ بکەیتەوە، وەکو خوێندن و گەڕان بە دوای زانستدا، وەرزش و شتی تر... لەوانەیە شتێکی تریش یارمەتی دەرت بێت بۆ وەستاندنت، ئەویش وێناکردنی ئەوە لە هزری خۆتدا کە گەنجێکی تر هەمان قسە و باس (گفتوگۆی جنسی قێزەون) دەکات لەگەڵ یەکێك لە کەسە نزیکەکانی خێزانەکەتدا، هەستت چۆن دەبێت؟ ئایا بەم کارە ڕازیت بۆ خێزانەکەی

خۆت؟

ڕێگای دووەم کە دەکرێت یارمەتیدەربێت بۆ وەستانت ئەوەیە، وای دابنێ یەکێك لەو کەسانەی متمانەت پێیەتی، ڕێزی دەگریت، وەکو دایك و باوکت یان مامۆستایەکت، بە ڕێکەوت چاوی دەکەوێت بە ناوەڕۆکی ئەم گفتووگۆیانە، ئایا هەستت چۆن دەبێت؟ هەروەها دەتوانیت هەندێك هەنگاوی کرداری بنێیت، بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ پەیوەندیەکانت دروست بکەیت، بۆ نموونە لادانی جیهازی تەلەفۆن و کۆمپیوتەر لە ژووری خەوتندا، کاتەکانی شەوت لەگەڵ خێزانەکەتدا بەسەربەرە، بە تەنهایی ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکدا مەمێنەرەوە، خۆت ڕابهێنە بۆ خوێندنەوەی کتێبی بەسوود و باش، بێگومان ئەم کتێبانە زۆرن.

**پرسیاری ( حەفتاوحەوت )**

**براکەم تەمەنی ١٦ ساڵە، خووی نهێنی زۆر ئەنجام دەدات، منیش ئەمە دەزانم، چەند جارێك بینیومە ئەم کارە دەکات و ئامۆژگاریم کردووە، من خوشکی گەورەی ئەوم جگە لە منیش کەس ئەمە نازانێت، بەڵام ئەو هەر بەردەوامە و من نازانم چی بکەم؟ چونکە من لەوە دەترسم هەڵەم کردبێت کاتێك بەرەو ڕووی بوومەتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەویش نکوڵی لە کارەکەی نەکردووە.**

## وەڵام

ئەمە شتێکی دەگمەن نییە کە گەنج ئەم کارە دەکات، بۆ زانینی حوکمی شەرعیش لەم بارەیەوە دەتوانیت تەماشای کتێبێکی باوەڕپێکراو بکەیت وەکو((الحلال والحرام فى الاسلام)) کە دانراوی د. یوسف قەرزاوییە.

لەوانەیە باش نەبێت مرۆڤ بزانێت یەکێك کارێکی نەشیاو ئەنجامدەدات، جگە لەوەی پاڵنەر دەبێت ئەو کەسە کارەکە بکات، بەڵام بە نهێنی و دوور لە چاوی خەڵکی.

ئەم گەنجە بە قۆناغی جیاجیادا تێدەپەڕێت لە گەشەو پێگەیشتندا تا گەورە دەبێت و بیر دەکاتەوە، لەوانەش گەشەی جەستەیی و جنسی، بێگومان پێویستی بە ڕێنمایی و پەروەردەکردن هەیە، بەڵام پێم باش نیە تۆ وەکو خوشکی گەورەی ئەو.. ئەو کارە بکەیت بە تایبەت سەبارەت بە گەشەو ڕەفتاری جنسی، ئەمە پاڵی دەنێت بۆ زیاتر بوونی کارەکە لەوانەشە لە سنوری خۆی دەربچێت و زاڵ نەبێت بەسەریدا.

**تۆ چی دەکەیت دوای ئەوەی زانیوتە ئەو کارە دەکات؟**

ئامۆژگاریت دەکەم وازی لێ بێنیت، سیخوڕی بەسەریەوە نەکەیت، بەڵکو بەجۆرێك مامەڵە بکە کە ئەم بابەتە لە هزرتدا دەرچووە، ئەو باشتر دەزانێت سەبارەت بەژیان و ڕەفتاری خۆی، ئەگەر ئەویش هەوڵی قسەکردنیدا لەو بارەیەوە، ئەوا تۆ خۆت بە دوور بگرە لە قسەکردن دەربارەی ئەو بابەتە، ئاگاداربە کارەکە سنوری خۆی تێنەپەڕێنێت، تەنها ئامۆژگاری کردن و پرس ڕاوێژبێت، سەرنەکێشێت بۆ کاری نەشیاو، چونکە ئەمە بابەتی باس و خواس نییە لە نێوان کوڕێکی گەنج و خوشکەکەیدا.

یارمەتی دایك و باوکت بدە بۆ ئەوەی زیاتر نزیك ببنەوە لە کوڕەکەیان، هەوڵبدەن کاتی بەسوودی لەگەڵدا بەسەر بەرن، هەروەها هەوڵبدەن متمانە بەخۆبوونی تێدا بڕسکێنن، لە ڕێگای کاری بە سوود و باش، وەکو

خوێندن و شتی تر.

ئەمە شێوازێکی ناڕاستەوخۆیە، پاڵپشتی سەرپێی و گشتگیر بۆ گەنجەکە یارمەتی دەدات بو گەشەکردن و تێ پەڕاندنی ئەم قۆناغەی تێیدایە..

**پرسیاری ( حەفتاوهەشت )**

**کوڕەکەم ١٨ساڵە، لەگەڵ هاوڕێکانی ژمارە تەلەفونی کچان دەگۆڕنەوە، کاتێکی زۆر بە تەلەفونکردنی خراپ بەسەر دەبات، ئەمەش وایکردووە کە خوێندنەکەی فەرامۆش بکات و بایەخ بە نوێژەکانیشی نەدات، ئامۆژگاریشی دەکەم بەڵام سوودی نییە؟**

## وەڵام

لە پرسیارەکەتدا زیاتر لە کێشەیەك بونی هەیە، چونکە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەل کچاندا ((تەلەفۆنی قێزەون)) نا ئەخلاقیە، هەروەها فەرامۆش کردنی ئەرکەکانی وەك نوێژو خوێندن، لەوانەشە شتی تریش هەبێت کە لە پرسیارەکەدا ڕوون نەبێت.

تەنها دایك و باوك دەتوانن سنورێك دابنێن بۆ بەکارهێنانی تەلەفۆنی ناو ماڵ، یان دەبێت ڕێکەوتنێکی ئەخلاقی هەبێت کە لە چارەکێك زیاتر کەس تەلەفونەکە بەکار نەهێنێت، لەوانەشە دانانی تەلەفۆن لە ژووری دانیشتندا باشتر بێت تا کەس نەتوانێت تەلەفۆنەکە بەکاربهێنێت ئەگەر بەرچاوی ئەندامانی خێزانەکەوە نەبێت.

پێویستە لەگەڵ هەموو ئەم ڕێ و شوێنانەدا دایك و باوك هەوڵبدەن و کۆشش بکەن بە تایبەت باوکەکە، بۆ ئەوەی زیاتر لە کوڕەکەی نزیك

ببێتەوە، بە قسەی خۆش و بنیادنەرو ڕێنماییکەر لەگەڵ کوڕەکەیدا، نەك هەر سەبارەت بەم کێشەیە قسەوباسی لەگەڵدا بکات، بەڵکو سەبارەت بە ژیان بە شێوەیەکی گشتی، لە شتی بایەخدارو خوێندن و هاوڕێیەتی، منداڵەکانمان بە زۆری دەبنە قوربانی دەستی کەسانی تر لە هاوڕێکانیان و برادەرەکانیان، چونکە ئێمە لەگەڵیاندا کات بەسەر نابەین، ئێمەی دایکان و باوکان پێویستە قسەو باس و گفتوگۆو یارییان لەگەڵ بکەین، فێری ژیانیان بکەین لە ڕێگای ئەزموونی باوکایەتیمانەوە.

ئایا ئەم گەنجە لەگەڵ باوکیدا دەچێت بۆ مزگەوت یان بۆ کۆڕو سیمیناری زانستی؟ پاشان کێ ئەم گەنجە ڕێنمایی دەکات لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگ و گرفتانەی بەرەو ڕووی گەنج دەبێتەوە لەم رۆژگارەدا؟

## پرسیاری ( حەفتاو نۆ )

هاوڕێ کچەکەم تەمەنی (١٧) ساڵە، گەنجێکی ناسی پێنج ساڵ لەخۆی گەورەترە، بەردەوام چاویان بە یەکتر دەکەوێت بەبێ ئەوەی کەس و کاری بزانن، ئەو واتە گەنجەکە هەندێ داواکاری لێی هەیە کە لەگەڵ داب و نەریتی ئەخلاقیدا ناگونجێت، سەرەتا ڕەتی کردەوە، بەڵام دوایی ملیدا بۆ داخوازیەکانی، چونکە ئەو هەڕەشەی جیابوونەوەی لێدەکرد، ئەویش (کچەکە) لەگەڵ بوونی ئەودا ڕاهاتووە، دەترسم زیاتر بەرەو هەڵدێری بەرێت، بڕیارم داوە بە دایك و باوکی بڵێم، بەڵام لە کاردانەوەی ئەو دەترسم؟ چۆن یارمەتی بدەم؟

## وەڵام

من لەگەڵ بۆچوونی تۆدام کە لەوانەیە زیاترو زیاتر بەرەو هەڵدێری بەرێت

لەم ڕەفتارەیدا، باش وایە تۆ هەڵوێستێکی کۆتایی بگریتەبەر، هۆشداری ئەوەی بدەیتێ کە ئەوە ڕەفتارێکی هەڵەیە لەڕووی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیەوە، بۆی ڕوون بکەیتەوە ئەمە چۆن کاریگەری لەسەر ژیان و داهاتووی دەبێت، ئاگاداری بکەرەوە دەبێتە قوربانی دەستی ئەو پیاوە، بەردەوام هەڕەشەی ئەوی لەسەر دەبێت، ترسی ئەوەش لە ئارادایە ئابڕوی بەرێت، هەروەها بە کەس وکاریشی بڵێت، ئەگەر هاتوو واز لەم کارە بهێنێت، قەیناکە ئەگەر ماوەیەك دەرفەتی پێ بدەیت و زۆری لێ بکەیت تا واز لەم کارە بهێنێت، ئەگەر توانی پارێزگاری لە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی نێوانتان بکات، ئەگەرنا ئەوا هەر کەس بەڕێی خۆیدا، پاش ئەم هەڵوێستە دەردەکەوێت ئەم جۆرە ڕەفتارەی چەند کاریگەری خراپی لەسەری هەیە، بە جۆرێك هەر لە ئێستاوە یەکێك لە هاوڕێ باشەکانی لە دەستداوە.

من دڵنیا نیم لە باشی و سەرکەوتوویی هەواڵدان بە دایك و باوکی، ئەی کاردانەوەی ئەوان چی دەبێت؟ بەڵام قەیناکە ئەگەر هەڕەشەی ئەوەی لێبکەیت کە بە دایك و باوکی دەڵێی، وەکو فشارێکی کۆتایی بۆ ئەوەی واز لەم کارە بهێنێت.

تۆش ئاگادار دەکەمەوە کە خۆت بپارێزیت، ئاگات لە پەیوەندییەکەت بێت لەگەڵ هاوڕێکەتدا، لە کاتێدا لەسەر ئەم ڕەفتارەی بەردەوامە، چونکە لە پرسیارەکەتدا وا دەردەکەوێت تۆ زیاتر پەیوەستی بەدین و ئاکاری بەرزەوە.

ئەوەشت لە بیر نەچێت، دەبێت هاوڕێیەکی باش بیت بۆی، ئەو ئێستا

پێویستی زیاتر بە تۆو خۆشەویستی تۆ هەیە، چونکە واز هێنانی تۆ لە ئەو بۆشاییەکی گەورە لە کات و ژیانی دا دروست دەکات، خوای گەورە سەرکەوتووت بکات.

## پرسیاری ( **هەشتا** )

ماوەی (٣٣) ساڵە ئەم کێشەیە لەماڵی ئێمەدا هەیە، باوکم ئالوودە بووە بە سەیرکردنی دیمەن و بەرنامەی جنسی و ڕووت، ئەمەش کارێکی نەشیاوو خراپە، زۆر هەوڵمداوە بیگۆڕم بەلام بێ سوود بووە، تەنانەت باوکم ڕقی لێم دەبێتەوەو بەهەڵسوکەوتی من و دایکم بێزارده بێت، بەلام من دڵتەنگ دەبم کە دەبینم هەموو کاتەکانی شەوی تا ڕۆژ دەبێتەوە لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن و دیمەنی قێزەون بەسەر دەبات، زۆر دڵتەنگ دەبم بە تایبەتی کە هەڵوێستێکی تەماشاکەرم هەبێت لەم نێوەندەدا، دەستەوەسان بم لە ئەنجامدانی کارێک بۆ ڕاست کردنەوەی و دەرهێنانی لەم بازنە تاریکە.

هیوادارم بەڕێزتان سودێکم پێبگەیەنن، زۆر سورم لەسەر ئەم کارە، بۆ زانیاریتان، باوکم ئێستا تەمەنی ٦٠ساڵە، لەسەر ئەو کارەی بەردەوامە، تەندروستی باشە، وا خۆی دێتە پێش چاو کە گەنجێکی چست و چالاکە.

## وەلام

بێگومان حاڵەتێکی قورس و گرانەو مایەی نیگەرانیە، لێرەدا گرفتی ئەخلاقی خێزانی هەیە، کاتێک باوک بە ئاشکرا لەبەر چاوی ئەندامانی خێزانەکەیدا بەم ئەندازەیە لادانی ڕەوشتی هەبێت.

خۆزگە تەمەنی تۆمان بزانیبایە، چونکە ئەوەی تۆ دەتوانیت ئەنجامی

بدەیت لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازە، بەلآم وا دەردەکەوێت تۆ هەوڵت داوە ڕەفتاری باوکت ڕاست بکەیتەوە، هەر چەندە نەگەیشتویتە بە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر، پێشنیاری من ئەم خالآنەی خوارەوەیە:

– بە بۆچونی من ئەم کارە واز لێ بێنە بۆ دایکت، لەبەر ئەوەی ئەو لە هەموو کەس لە پێشترە بۆ ئەوەی ڕەفتاری هاوسەرەکەی بگۆڕێت (ڕاست بکاتەوە)، هەروەها تۆ وا هەست مەکە تاوانباری یان کەمتەرخەمی، چونکە ئەوەی دەگوزەرێت لە تواناو دەسەلآتی تۆدا نیە، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی چاکسازیشت داوە.

– دەتوانیت لەگەڵ دایکتدا قسە بکەیت، چونکە هۆکاری سەرەکی بۆ هەموو ئەوانەی ڕوودەدەن، بریتیە لە خراپی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، کە دەکاتە دایك و باوکی تۆ لێرەدا، لەوانەیە چارەسەر هەر ئەوەبێت دایکت وەکو ژنێك لەو پەیوەندییەدا بزانێت چۆن بە کارەکەی خۆی هەڵدەستێت.

– هەوڵبدە سنورێك هەبێت لە نێوان ژیانی تایبەتی تۆو باوکت، بە تایبەتی دوای ئەو ماوە زۆرە لە هەوڵدانت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، واتە خۆت بەدوور بگرە لەو هەڵوێستانەی کە پێشتر هەتبووە بەرامبەری بۆ گۆڕینی ڕەفتاری، چونکە لەوانەیە هەندێ کاری خراپت بەرامبەر بکات کە بێگومان تۆ ناتەوێت تووشی ببیت.

– هەوڵبدە جیاوازی بکەیت لە نێوان ڕەفتاری تایبەتی باوکت و مامەڵەی تۆ لەگەڵیدا وەکو باوکێك و وەکو مرۆڤێك، واتە هەر لەو دیدگایەوە تەماشای مەکە کە لە بارەیەوە دەیزانیت، چونکە لەوانەیە

مە هانی بدات بۆ پەندوەرگرتن و وازهێنان لە کردارە خراپەکانی.

– بە بیرت دێنمەوە کە پێویستە لەسەرت خۆت بە دوور بگریت لە
سیخوڕی کردن بەسەر باوکتەوە، ئێمە ئەم کارە بە شیاو نازانین چونکە
ەمە کارەکە ئاڵۆزتر دەکات.

– لەوانەیە باشتربێت ئەگەر چاو خشاندنەوە بکرێت بە شێوازی
ڕێکخستنەوەی ژیانی خێزانەکەدا، بە جۆرێك دایکت زۆربەی کاتەکانی
لەگەڵ باوکتدا بەسەربەرێت کاتێك لە ماڵەوە دەبێت.

## پرسیاری (هەشتاو یەك)

کچەکەم تەمەنی (١٤) ساڵە، سەرنجم داوە بەردەوام بە تەنها
دادەنیشێت، کۆئەندامی زاوزێی بە شێوەیەکی سەرسورهێنەر
دەخورێنێت، کە ویستم قسەی لەگەڵ بکەم لەمبارەیەوە دەستی کرد بە
هاوار و گریان لە هۆشی خۆی چوو،ئەوەی بۆتە دڵەڕاوکێی زیاتر بۆ من
ئێستا دەرگای ژوورەکەی دادەخات بە بیانووی خوێندن، حەز دەکات
زیاتر لە جاران بەتەنها دابنیشێت، نامەوێت لەمبارەیەوە قسە لەگەڵ
باوکیدا بکەم، لە ترسی ئەوەی نەکا تووڕە بێت، چارەسەر چییە بۆ
ئەوەی کچە تاقانەکەم لەم ڕەفتارە هەڵەیە ڕزگاربکەم.

## وەڵام

نیگەرانی دایك لە بەرامبەر کچەکەیدا بە تایبەت ئەگەر تاقانە بێت لە
جێی خۆیدایە، سەیریش نیە بگرێت و هەڵ بچێت پاش ئەوەی تۆ
بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی بوویتەوە، لەوانەیە ئەمە نیشانەی
پەروەردەی باش و ئەدەبی ئەو کچەبێت لە بەرامبەر دایکیدا، هەروەها

سەیرنیە کچەکە حەز بە تەنهایی بکات بە تایبەت دوای ئەو ڕووداوە، دەمەوێت سەرەنجی دایکەکە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە یەکێك لە خاسیەتەکانی قۆناغی هەرزەکاری ئەوەیە کە گەنج حەز دەکات بە تەنها بێت، ئەمەش مەرج نیە تەنها بە هۆی پاڵنەری جنسییەوە بێت، بەڵکو لە پێناو هەوڵدان دایە بۆ تێگەیشتن لە ناسنامەی خودی خۆی کە لەم قۆناغەدا گەشەدەکات و پێدەگات، دەبێت باوك ودایك لەم حەزو ئارەزووە تێ بگەن و ڕێزی بگرن، کەس و کار هەوڵ نەدەن قەدەغەی بکەن، ئەگەر بکرێت خێزانەکە بتوانن کاتێکی زیاتر لەگەڵ هەرزەکارەکەدا بەسەر بەرن.

پێم باش نیە سیخوڕی بەسەر ئەم کچەوە بکرێت، چونکە نەریتی قورئانی قەدەغەی سیخوڕی دەکات، فەرمانمان پێدەکات بە مۆڵەت وەرگرتن پێش چونە ژوورەوە، ئەمەش بەسەر ژیانی خێزانیدا جێبەجێ دەبێت، بە تایبەت بەسەر ژووری تایبەتی تاکەکان لە ناو ماڵدا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النور(٢٧) واتە: ((ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگاداربن، ((وەکوو زەنگ لێدان و یان لە دەرگادان))پاشان کە مۆڵەتدران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە، ئەوە چاکترە بۆتان بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن، هەوڵ بدەن و لە یادتان بێت ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن)) کاتی لە باروو گونجاو هەڵبژێرن بۆ سەردانەکانتان، بۆ ئەوەی میوان وخاوەن ماڵ دڵیان بکرێتەوە)).

دەچینە سەر لایەنی جنسی لەم پرسیارەدا، ئەویش دەست لێدانی ئەم کچەیە لەجەستەی، بەتایبەت شوێنە هەستیارەکانی لەشی، ئەمەش بە خووی نهێنی ناسراوە، لەم تەمەنەدا ئەم جۆرە کارانە بڵاوە لە ناو کچان و کوڕاندا، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ناسینی سروشتی لەشی و فەرمانە جیاوازەکانی، هەروەها ئەمە هەرزەکار ئامادە دەکات بۆ ژیانی داهاتووی وەکو ئافرەتێك و هاوسەرێك هەروەها وەکو دایکیش، زۆربەی ئەو کەسانە لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا گەشەدەکەن و ئەم ڕەفتارانە تێدەپەڕێنن بەسەرقاڵ بونیان بەکارو فەرمان و خەون و خولیاکانیانەوە لە ژیاندا، بە تایبەت کاتێك ژیانی هاوسەرگیریان دێتە پێشەوە، ئەنجام دانی ئەم کارەش شوێنەواری خراپ لەسەر خۆیان و ژیانیان جێ ناهێڵێت.

ئامۆژگاریم بۆ دایکەکە ئەوەیە نیگەرانیەکەی سەبارەت بە کچەکەی کەمبکاتەوە، کار لەسەر گەشەپێدانی متمانە و کرانەوە زیاتر بکات لەگەڵیدا، ئەمە پێویست بوو چەند ساڵێك لەمەوبەر بکرایە بەڵام ئێستاش درەنگ نییە، دایکەکە با ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی قسە بکات لەگەڵ کچەکەیدا سەبارەت بەو بابەتانەی کە پەیوەنی بە گەشەی جنسییەوە هەیە لای گەنجان، ئەوەی هاوکاتە لەگەڵ ئەم گەشەیەدا لە گۆڕانی جەستەیی و هەڵسوکەوتەکان، لەوانەیە دایکەکە پێویستی بەوە هەبێت هەندێك کتێب و گۆڤاری زانستی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بابەتەکە بە شێوەیەکی زانستی و ئەخلاقی ئامانجدار بخاتەڕوو، بە شێوەیەکی گشتی قسە کردن بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ کارێکی باشە، بە بێ ئەوەی کچەکە بەگیر بهێنیت، ئەگەر کچەکە گوێی گرت بۆ دایکی و هیچ قسەی

نەکرد، ئەمە واتای ئەوەنیە کە کارەکەی بەدڵ نەبووەو یان یارمەتی دایکی نەداوە، چونکە زۆربەی کچان گوێ دەگرن بە بێ ووتنی سەرەنجێك لەسەری، بە تایبەت لەگەڵ دایك و باوكداو لە هاوشێوەی ئەم بابەتانەدا.

**پرسیاری (هەشتاودوو)**

کێشەکەم سەبارەت بە کچە گەورەکەمە کە تەمەنی ١٦ ساڵە، بەردەوام لەگەڵ خوشکە بچوکەکەیدا کە تەمەنی ١٠ ساڵە دادەنیشێت لە ژوورێکدا و دەرگاکەش دادەخات، لە سەرەتادا ئەوە بە بیرمدا نەهات کە ئەم هەڵە گەورەیە دەکات، ڕۆژێکیان دەرگام کردەوە بینیم خەریکی کۆئەندامی زاوزێی خوشکەکەیەتی، کاتێك منی بینی وازی هێناو لە ژوورەکە دەرچووە دەرەوە، منیش لەبەر قورسی شڵەژانەکەم قسەم لەگەڵ نەکرد، بەڵام ڕێگرم کرد لە دەرچون و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن؟ ئایا ئەم هەڵسوکەوتەی من ڕاستە؟ ئەگەر ڕاست نیە چارەسەری چییە؟

## وەڵام

مافی خۆتە خوشکی بەڕێزم نیگەران بیت لەم ڕەفتارە، بێگومان قسەکردن لەگەڵ ئەم کچەدا سەبارەت بەم بابەتە کارێکی ئاسان نییە، لە لایەکی ترەوە ئەم کچە تێپەڕبووە بە هەندێك لایەنی گەشەی جنسی، بۆ ئەمەش دەتوانین سوود لە وەڵامی پێشوو وەربگریت، بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەرکی دایك و باوکە ئاگایان لە منداڵەکانیان بێت کچ یان کوڕ تووشی دەست بۆ بردنی جنسی نەبنەوە، ئەوەی ئەم کچە بچوکەش توشی بووە جۆرێکە لە دەست بۆ بردنی جنسی کە نەشیاوە لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقیەوە.

کەمترین لێ پێچینەوە لەم بارەیەوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا ئەوەیە، دەستەبەری ئەوە بکەین کە جارێکی دی ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە لەگەڵ ئەو کچەدا، ئەویش ئەوەیە بە کچە گەورەکە بڵێ تۆ کارێکی نەشیاوت کردووە بەرامبەر خوشکە بچووکەکەت، ئەم کارە نەشیاوە چ لە ڕووی ئایینیەوە بێت یان لە ڕووی ڕەوشتەوە سزای یاسایی لەسەرە، هەروەها پێی بڵێ ئەمە هەڵەیەکە و نابێت دووبارە بکرێتەوە، بەڵام با قسەی دایکەکە ئاوێتە بێت بە چاودێری و سۆز و بەزەیی، بۆ ئەوەی پشتیوانی بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم هەڵەیە.

ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ڕێنمایی پێغەمبەر (ص) لە مبارەیەوە بریتیە لە پێویستی جیاکردنەوەی منداڵ لە کاتی نووستندا، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە جێگای خەوتن بەسەر کچیشدا جێ بەجێ دەبێت وەك چۆن بەسەر کوڕانیشدا هەروایە.

هیچ کێشەیەك لەوەدانیە کە دایکەکە کچەکەی قەدەغە کردووە لە چوونە دەرەوە و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، چونکە ئەمە ئاماژەیەکی ڕوون و بەهێز دەدات بە کچەکە کە دایکی نیگەرانە لەو کارەی، کارێکی هەڵە و نەشیاوە، پێم باش نیە ئەم ماوەی بێبەش کردنە زۆر بخایەنێت، چونکە لەوانەیە ئەنجامی باشی لێ نەکەوێتەوە، قسەی ڕاستەوخۆ وەك لە پێشتر باسم کرد باشترە لە بێبەش کردن بۆ ماوەیەکی زۆر، لێرە نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە لە پرسیاری پێشودا باسمان کردووە، ئەویش ئەوەیە دایکەکە ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ کچەکەیدا سەبارەت بەو کارانەی پەیوەندی بە گەشەی جنسی و سروشتی کاری شیاو

نەشیاوەوە هەیە، هەروەها باسی نەریت و سوننەتەکانی ژیانی جنسی بۆ بکەیت، هەروەها دەبێت قسە لەگەڵ کچە بچوکەکتدا بکەیت بە تەنها، فێری بکەیت چۆن خۆی دەپارێزێت لە هەر دەست درێژی و دەست بۆ بردنێك.

## پرسیاری (هەشتاوسێ)

کوڕە (١٥) ساڵەکەم هەموو شەوێك بە دیار تەلەفزیۆنەوە شەو نخونی دەکات، لاسایی کارەکانی ئەوان دەکاتەوە وەك ماچ کردنی خوشکە بچوکەکەی، بە چاوی خۆم ئەوەم لێ بینی تەلەفزیۆن و ڤیدیۆم لێ قەدەغەکرد، بەڵام وازی نەهێناوە چارەسەر چیە؟

## وەڵام

پێویستە دایکەکە نیگەران بێت سەبارەت بەم ڕەفتارە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە مومارەسەی جنسییەوە هەیە لەگەڵ خوشکە بچوکەکەیدا، ئەمەش دەکەوێتە بازنەی دەست بۆ بردن لە نێو بازنەو سنوری کەس و کاردا.

دایکەکە دەتوانێت خۆی یان بە هاوبەشی لەگەڵ باوکی منداڵەکەدا، ڕێسایەك دابنێن بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن لە ماڵەوەدا، بۆ نموونە دەتوانن نەهێڵن لە دوای کاتژمێرێکی دیاریکراو بەدواوە سەیری تەلەفزیۆن بکات، من لەگەڵ ئەوەدا نیم تەلەفزیۆن لە ژووری خەوتندا دابنرێت، بەڵام با تەلەفزیۆن لە ژووری دانیشتنی خێزاندا بێت، وەك هۆکارێك بۆ وەرگرتنی زانیاری و ڕۆشنبیری و هتد، لەوانەیە کوڕەکە هەوڵبدات لەم ڕێسایانە ڕا بکات، بەڵام لێرەدا دایك و باوکەکە دەتوانن سوربن لەسەر

هەڵوێستەکەیان، بەڵام با لە هەمان کاتدا نەرم و نیان بن، ئەوان بەرپرسی یەکەم و کۆتایین لە سروشتی ژیان لە ماڵەکەدا.

دەبێت هەوڵبدەن بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەم ڕەفتارە دووبارە ناکاتەوە لەگەڵ خوشکەکەیدا، ئەمەش بەوە دەبێت نەهێڵن کوڕەکە بە تەنها لەگەڵ ئەودابێت، پێداگری لەسەر ئەوەی بە جیا بخەون، دەبێت هەموو ئەندامانی خێزانەکە سروشتی ڕەفتاری ڕاست و ڕەفتاری هەڵە بزانن لە مامەڵەکردندا، چی ڕێ پێدراوە و چی ڕێ پێنەدراوە لە ماڵەوەدا.

دەبێت دایکەکە هەوڵ بدات قسە لەگەڵ کچەکەیدا بکات سەبارەت بە سروشتی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، چۆن پارێزگاری لە خۆی دەکات کاتێك یەکێك لێی نزیك دەبێتەوە، جا ئەو کەسە بێگانە بێت یان کەسوکار بێت، نەهێڵێت کەس دەستی لێ بدات و ماچی بکات، هانی بدات کە ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ دایکی بکات ئەگەر کارێکی لەو شێوەیە ڕوویدا، هەروەها فێری بکات ئاسوودە بێت بە قسەی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە لەگەڵ دایکیدا، بێگومان ئەمە پەیوەندی دایکەکە بە کچەکەوە قوڵتر دەکاتەوە بە جۆرێك سوودی بۆ هەردوو لایان دەبێت.

باش وایە باوکەکەش هەوڵبدات زیاتر لە کوڕەکەی نزیك بێتەوە، هەروەها قسەی لەگەڵدا بکات بە شێوەیەکی هێمنانە سەبارەت بە سروشتی گەشەکردنی گەنج لە هەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەت لایەنی جنسی، باوکەکە هەوڵبدە هەندێ چالاکی هاوبەش لەگەڵ کوڕەکەیدا ئەنجام بدات، وەکو وەرزش و شتی تر، ئەمەش یارمەتی کوڕەکە دەدات زیاتر لەگەڵ باوکیدا بکرێتەوە.

## پرسیاری (هەشتاوچوار)

ئێمە (٥) خوشکین، بچووکەکەی هەموومان تەمەنی(١٥) ساڵە هەموومان زەواجمان کردووە تەنها بچوکەکەمان نەبێت، هەر کە باسی شووکردنی لە لا بکەیت تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبێت ئەو بڕوای وایە کە پەیوەندی ژن و مێردایەتی مەترسیدارە، پێ دەچێت تێگەیشتنی هەڵەی هەبێت سەبارەت بەم بابەتە، لەوە دەترسم ئەوەی بۆ ببێتە گرێیەکی دەروونی، چۆن دەتوانم یارمەتی بدەم؟

## وەڵام

پێدەچێت ئەم کچە هەندێ بیرو بۆچوون وێنەی هزری ترسناک لە بیریدا هەبێت، ئەمەش لەوانەیە لە سەرچاوەیەکەوە بەدی کردبێت، ئیتر ئەو کاردانەوەیەی دەبێت کاتێک باسی شوکردنی لا بکرێت، هەروەها لەوانەشە هەوڵبدات بەم ڕەفتارەی ئەوە بە خوشکەکانی تری بڵێت کە هێشتا ئەم منداڵە و کاتی هاوسەرگیری نەهاتۆتە پێشەوە، باشتر وایە هەوڵبدەن ئەم بابەتە زۆر لە لای ئەو نەوروژێنن، بە تایبەت کە ئەو لەم بابەتە تێناگات، ئەم بابەتەش وای لێ نایەت گرێی بۆ دروست بکات.

هەوڵبدەن یارمەتی ئەم کچە بدەن باش ڕای بهێنن لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان وەك: خوێندن و کۆمەلایەتی هتد...، ئەمە ڕێگایەکی گونجاوە بۆ هاندانی بۆ ژیانێکی تەندروستی دەروونی، قەیدی نیە ئەگەر یەکێك لە خوشکەکانی کە زیاتر نزیك بێت لێیەوە لە بارەی هاوسەرگیری و پەیوەندی ژن و مێردەوە قسەی بۆ بکات، بەلام لە هەمان کاتدا دڵنیای بکاتەوە کە بەڕۆیشتنی کات شارەزایی باش پەیدا دەکات سەبارەت بە ژیان.

## پرسیاری ( هەشتاوپێنج )

دایکم بەردەوام سیخوڕیم بەسەرەوە دەکات، کتێب و دەفتەر و جل و بەرگ و شتەکانم دەپشکنێت، گومانی وایە کە من پەیوەندیم لەگەڵ یەکێکدا هەیە، هەرچەندە ئەوە ڕاستیش نیە، بەڵام من هەندێ تایبەتمەندی خۆم هەیە، هەندێ جار بیر دەکەمەوە گومانەکەی ئەو بێنمەدی، گەنجێك بناسم، نازانم چی بکەم؟

## وەڵام

زۆرجار کەس و کار بە شێوەیەکی نەگونجاو هەڵسوکەوت دەکەن، ئەگەرچی نیەت و مەبەستیان خراپ نیە، وەکو ئەو حاڵەتەی لە پرسیارەکەدا هاتووە، من نازانم بەڵام لەوانەیە بیانوییەك هەبێت بۆ ئەم هەڵسوکەوتەی دایکت، ئەویش بترسێت و نیگەران بێت سەبارەت بە پاشەڕۆژی تۆ، بۆی هەیە لە خێزانەکەدا یان لە خزمانی خۆتاندا یەکێك هەڵەیەکی لەو جۆرەی کردبێت.

لەوانەیە باشترین ڕێگابێت لەم هەڵوێستانەدا، تۆ قسەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دایکتدا بکەیت، دڵنیایی دەتوانیت بە ڕوونی و ڕاشکاوی قسە لەگەڵ دایکتدا بکەیت، دڵنیای بکەیتەوە کەوا پەیوەستی بە ئەخلاقی بەرزەوە لە ژیانی تایبەتی خۆتدا، ئەوەشی پێ بڵێ کە تۆ بێزارو خەفەتبار دەبیت کە متمانەی پێت نیە، گومانی لە ڕەفتارت هەیە، قەیناکە ئەگەر پێی بڵێی گومانەکەی ئەم ئایەتەی خوای گەورەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت (إن بعض الظن إثم) واتە : هەندێك لە گومانەکان تاوانن.

لەگەڵ ئەوەی گومانیشت پێم خۆشە سوپاسی پەیوەستیەکەت بکەم،

لەسەرە، داواکارم لە بەڕێزتان ئەو بیرکردنەوەیەت بوەستێنیت کە گومانەکەی دایکت بەدی بێنێ، ئارام بگرە تۆ لە هەموو حاڵەتەکاندا پاداشتت هەیە.

**پرسیاری ( هەشتاو شەش )**

**خوشکەکەم کوڕی گەنج زۆر دەناسێت، لەوانەیە ژمارەی ئەو گەنجانە لەڕۆژێکدا بگاتە (٦) کوڕ، هەرچەندە هەوڵ ئەدەم و ئەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم ئامۆژگاری بکەم پێم دەڵێت: من کات بەسەردەبەم و هیچی تر، هەروەها پێم دەڵێت: خۆم دەزانم چی دەکەم ترست لە من نەبێت، ئەوانە هیچیان لە تۆی بەڕێز و لە من ناوێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت ئەمە هەڵەیە، لە منیش گەورەترە، چی بکەم؟**

**وەڵام**

خودا یارمەتیت بدات، سەبارەت بە ڕەفتاری خوشکە گەورەکەت، حەزم دەکرد بزانم تەمەنی چەندە، ئەو بە جۆرێکی نا بەرپرسانە مامەڵە دەکات، وەکو لە پرسیارەکەشدا باست کردووە، خۆی دەزانێت کە هەڵس و کەوتی هەڵەیە بە هەموو پێوەرێک، دوای ئەوەی قسەت لەگەڵ کردووەو بەدەنگتەوە نەهاتووە، دەتوانی پێی بڵێیت یاری بە ئاگر دەکات، ئەنجامی خراپ چاوەڕێی دەکات.

دەتوانیت داوا لە کەسێکی گەورەتر لە خۆت بکەیت کە بچێتە ناو کارەکەوە، وەکو دایکت یان خزمێک، باش نیە بەم جۆرە واز لە خوشکەکەت بهێنیت، لە کاتێکدا ئەو لە هەڵەیەکی گەورەدایە، لەوانەشە بکەوێتە هەڵەی گەورەتر و ئاڵۆزترەوە لە داهاتوودا.

## پرسیاری ( هەشتاوحەوت )

من مامۆستایەکی ئافرەتم، لە قۆناغی ناوەندی وانە دەڵێمەوە، تەمەنم (٢٤) ساڵە، پەیوەندیم لەگەڵ قوتابییەکاندا باشە، ڕێز لە نێوانماندا هەیە، زۆر جار قوتابییە کچەکان هانام بۆ دەهێن بۆ چارەسەری کێشەکانیان و گوێ گرتن لێیان، چونکە پەیوەندییان لەگەڵ دایك و باوکیاندا نیە، قوتابییەکم دەناڵێنێت بە دەست کێشەیەکی خێزانیەوە، گوێم لە کێشەکەی گرت و بیروبۆچوونی خۆم پێ ووت، من لە قوتابخانە زۆر سەرقاڵم، تێبینیم کرد هەست و سۆزی بۆ من زۆرە، لەگەڵ ئەوەی من لەگەڵ قوتابییەکانی تریشدا بەهەمان شێوە مامەڵە دەکەم، یەکەمجار دیارییەکی پێشکەش کردم، لەسەرەتادا دیارییەکەم لێ وەرگرت، بەلاّم پێم ووت دوای ئەوە پارە لە دیاریدا خەرجنەکات بۆ من و ئیتر دیاری لێ وەرناگرم، هەروەها پێی ووتم حەزی بە وەرگرتنی مۆڵەت نیە لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە من نابینێت، هەروەها ووتی هەست بە بەختەوەری دەکات کاتێ قسەم لەگەڵ دەکات، لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕۆژگاردا پەیوەستی بە منەوە زیادی کرد، لە ڕابردوودا بەم حاڵەتەدا تێ پەڕیوم و توانیومە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، بەلاّم ئەم قوتابییە کێشەی خێزانی هەیەو زۆر هەستیارەو لە پۆلی سێی ناوەندییە، لەوە دەترسم هەڵوێستێکم هەبێت بەرامبەری کێشەکەی ئاڵۆزتر بکات، ئەو بەردەوام غەمبارە، هەروەها کتێبی (لاتحزن . غەمبارمەبە)م پێی داوە، بەڵکو لە خەفەتەکەی کەم بکاتەوە، سوپاسی دڵ فراوانیتان دەکەم، داوای وەلاّمێکی بە پەلە دەکەم.

## وەلاّم

خوشکی بەڕێز سوپاست دەکەم لەسەر هەوڵ و کۆششت بۆ چاودێری قوتابیەکانت، بێگومان مامۆستا چەند ڕۆڵێك دەبینێت سەرەڕای فێرکردن،

وەکو چاودێری و ڕێنمایی گشتی قوتابییەکان، بە تایبەت ئەوانەی هاوتەمەنی قوتابییەکانی تۆن، سەیریش نیە کە ئەم کچە پەیوەستە بەتۆوە، بەهۆی لاوازی پەیوەندی نێوان کچان و دایك و باوکیان (بەهەمان شێوە کوڕانیش)، بێگومان ئەم کچە قوتابیە جگە لە کێشەی خێزانی دەناڵێنێت بە دەست تەنیایی و نەبوونی سۆزەوە، ئەو پێویستی بە کەسێکە قسەی لەگەڵ بکات، ئامۆژگاری بکات ڕێنمایی بکات، ئەو کارەی تۆ پێشکەشی دەکەیت شایەنی سوپاس کردنە، لەبەر ئەوەی بەم حاڵەتەدا تێ پەڕیوی (وەك لەم بارەیەوە ئاماژەت پێدا) لە ڕابردوودا، توانیوتە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، بەڵام ئەم جارەیان هەست دەکەیت کارەکە بڕێك جیاواز بێت، لەبەر ئەمەش پرسیارەکەت کردووە، بۆیە پێت دەڵێم شتێك نەخەیتە سەر شانی خۆت کە لە تواناتدا نەبێت، قوتابیەکانت زۆرن هەموویان پێویستیان بە سۆز و چاودێری و بیکردنەوەو کاتی تۆ هەیە، ئەگەر بتەوێت هەموو داواکارییەکانیان بەجێ بێنی لەو بڕوایەدا نیم بتوانیت ماوەیەکی زۆر لەگەڵیاندا هەڵ بکەیت.

خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە شتێك هەیە تۆ هەست بە ئاسوودەیی ناکەیت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کچەدا، لەبەر ئەوەش پرسیارەکەت کردووە، ئەمەش مافی خۆتە، هیوادارم متمانەت بەو هەستەی خۆت هەبێت کەوای لێت کردووە وەکو ئەوەی داوای یارمەتی بکەیت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا، لەبەر ئەوە دەتوانیت سوود لەم خاڵانەی خوارەوە وەربگریت:

١- پشت بەستن بە توێژەری کۆمەلایەتی لە قوتابخانەدا، بۆ پێشکەش

کردنی یارمەتی و ئامۆژگاری بۆ ئەم قوتابییە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی خێزانییەوە هەیە کە وادەردەکەوێت ئالۆز بێت، تۆ کاتت نابێت بە تەنها خۆت چارەسەری هەموو کێشەکان بکەیت، باش وایە سنورێك هەبێت بۆ ئەو شتانەی تۆ تەداخولی تێدا دەکەیت، ڕۆڵی زیاتر دەمێنێتەوە بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی لە بابەت کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی.

٢ـ بەشداریکردنی توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە دەرفەت بۆ ڕاوێژکردن دەرەخسێنیّ لەگەلّ کەسێکی نزیك لە خۆت سەبارەت بە ئالۆزی ئەم حاڵەتە، هەروەها پالّ پشتی دەرونیشت بۆ دەبێت کە تۆ لەوانەیە پێویستت پێی هەبێت، بە تایبەت کە تۆ تەمەنت زۆر نیە و ٢٤ سالّی، باشتر وایە بە تەنها خۆت نەبیت و پشت بە کەسێك ببەستی، کە نزیکە لێت و پسپۆڕە لەم کێشە کۆمەڵایەتیانەدا.

٣ـ بە هەل زانینی ئەم کێشانە، بەتایبەت ئەم کچە لەم تەمەنەدا دەتوانی ڕێنمایی بکەیت چۆن کێشە و گرفتەکانی خۆی چارەسەر بکات، نیگەران مەبە لەم بابەتەدا چونکە ئەم لە پۆلی سێی ناوەندییە، لە ئامۆژگارییەکانی تۆو یارمەتیەکانی توێژەرە کۆمەڵایەتیەکەوە فێردەبێت، ئەگەر کارێك هەیە کە تۆ پێت وایە دەبێت بیکەیت، ئەوە ئەنجامی بدە ئەگەر باش بوو.

٥ـ ئەگەرێك لێرەدا هەیە کە پشت پیّ بەستنی قورسە، ئەویش ئەوەیە مامۆستا هەندیّ جار لە ڕووی سۆزدارییەوە پەیوەست دەبێت بە قوتابییەکەوە کە مامۆستاکە بڕوای وایە پەیوەستە بە ئەوەوە، ئەمەش بە هۆی بارودۆخی مامۆستاکە، تایبەتمەندی ژیانی مامۆستاکەو ئەو

قۆناغەی تەمەنی پێیدا تێدەپەڕێت، باش وایە بیر لەمە بکرێتەوە و هەوڵ بدەیت خۆت بەدوور بگریت ـ ئەگەر ڕوویدا ـ بۆ ئەوەی کاری پیشەیت ئاڵۆز نەبێت.

٤ـ با ڕۆڵی سەرەکی مامۆستا دیاری بکرێت ئەویش بریتیە لە: پەروەردە و فێرکردن، لێرەدا دەبێت کاری لە پێشتر بایەخی پێ بدرێت و کاری لەسەر بکرێت، پێویستە قوتابیەکانیش ئەمە بزانن.

ئاساییە سوربێت لەسەر ئەوەی هیچ دیارییەك وەرنەگرێت، ئەگەرچی تۆ ئەمەشت پێ ووتووە، پێویستە پەیوەندیت لەگەڵیدا هەبێت، وای پیشانبدەیت کە خەمی ئەوت هەیە، بەڵام دەبێت هەندێ سنوریش هەبێت بۆ مامەڵەکردنی پیشەییانە لەگەڵ قوتابیەکاندا.

## پرسیاری (هەشتاوهەشت)

من کچێکم تەمەنم (١٥) ساڵە، حەزم لە نامە گۆڕینەوە هەیە لەو کاتەوەی تەمەنم (١٣) ساڵ بوو، هاوڕێی کچم زۆرە لە وولاتە عەرەبیەکان و بیانیەکان، لە هاویندا لەگەڵ ماڵەوەماندا گەشت دەکەین بۆ ئەمریکا و ئەوروپا، هەندێك جار داوا لە باوکم دەکەم سەردانی یەکێك لەو هاوڕێیانەم بکەم کە لە ڕێی نامە گۆڕینەوەوە ناسیومە، لە هاوینی ڕابردوودا گەشتمان کرد بۆ بەریتانیا، باوکم ڕازی کرد بۆ ئەوەی سەردانی یەکێك لە هاوڕێکانم بکەم ئەویش کچێکی ئینگلیز بوو، بە باشی پێشوازی لێکردم و میوانداری لێکردم ڕێی پێدام لە ژوورەکەیدا بگەڕێم و تەماشای کتێبخانەکەیم کرد، هەندێ گۆڤاری تێدا بوو وێنەی ڕووتی تێدابوو، چونکە ئینگلیزی باش دەزانم، قسەم لەگەڵیدا کرد و هەوڵیدا قەناعەتم پێ بکا کە شتێکی ئاساییە، ویستم

هەندێك لەو گۆڤارانەم وەکو دیاری پێشکەش بکات بەڵام من ڕازی نەبووم لە ترسی باوکم، کێشەکەم ئەوەیە ئێستا من دەمەوێ ئەو گۆڤارانە بکڕم بۆ خوێندنەوە، ئایا ئەم کارە بکەم؟ ئایا بەردەوام بم لە هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئەو کچەدا؟ ئایا هەموو کچانی ئەوروپا بەو شێوەیەن؟ ئایا خوێندنەوەی ئەو گۆڤارانە زیانی هەیە؟ زیانەکانی چیە؟ ئایا ئەو کچە تووشی ئەو زیانانە دەبێت؟

## وەڵام

بێگومان لەم پرسیارەدا پرسیار و بابەتی زۆری پەیوەست بەیەکترەوە هەن.

لەسەرەتادا سوپاستدەکەم خوشکی بەڕێز لەسەر بە ڕاشکاوی قسەکردنت، بە ڕوونی خستنەڕووی کێشەکەت، ئاسان نیە بۆ مرۆڤ کە دڵی بە ڕوونی بکاتەوە.

من هانت دەدەم لەسەر ئارەزووی نامە گۆڕینەوە، ئەویش ئارەزوویەکی بەسوود و چێژ بەخشە ئەگەر مرۆڤ ئاگادار بێت، مەهێڵە ئەم حەزەت ببێتە هۆی هەڵس وکەوتێ کە نەشیاوبێت.

داوات لێ دەکەم خۆت بە دوور بگریت لە بابەتی سەردانی و گەشت کردنی هاوڕێیانی نامە گۆڕینەوەت، ئەم سەردانیانە پێویستی بە خۆئامادەکردنی زۆر و ڕێکخستنی پێش وەخت هەیە، باشترە ئەگەر توانیت سەردانی هاوڕێ مسوڵمانەکانت بکەیت، کە هاوبەشن لەگەڵتدا لە دین و بەها کۆمەلایەتیەکان.

باشت کردووە کە ئەو گۆڤارە ڕووتانەت ڕەت کردۆتەوە، بێگومان

ئەوەت زانیوە بە هەستە شیاوەکەت و پەروەردە ئیسلامیەکەت کە ئەوانە وێنەی نەشیاون، هیوادارم کە بەرەنگاری ئەو هەستەت بکەیت ئێستا کە دەتەوێت ئەو جۆرە گۆڤارانە بکڕیت، بەتایبەت تۆ لەم تەمەنەدا کە تازە پێدەگەیت و دروست دەبیت، چونکە ئەو وێنانە ئارەزووی سێکسی ئەوروژێنن، ئەگەر هاتوو کوڕ یان کچ بیان بینێ، ئەو کەسەی ئەو وێنە و گۆڤار و فیلمانە دروست دەکات دەزانێت چۆن ئارەزووی جنسی ئەوروژێ لای خەڵکی، مەبەستی دەستکەوتی مادی لە پشت ئەم وروژانی ئارەزووانەوەیە.

کارەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بە ئەوەندە کۆتایی نایەت تەنها تەماشای ئەو وێنانە بکەیت، بەڵکو بیری مرۆڤ و هەست و سۆزو عەقڵی ئاگایی لە دەست دەدەن بە بیرکردنەوە لە ناوەڕۆکی ئەو وێنانە، ئەویش لە شێوەی بیر و بۆچوون و وێنەی هزریدا، یان خەو بینین، ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنی جنسی، هەروەها کەمی تەرکیز بەسەر ئەو کارانەی مرۆڤ دەیەوێت ئەنجامیان بدات، لە خوێندن و فێربوون و کارکردن.

لە بیرمان نەچێت کەسانێك هەن بە مەبەست ئەم وێنە و گۆڤارە ڕووتانە پیشانی کەسانی تر دەدەن هەندێ جار، تا وەکو پاڵەپەستۆیان لەسەر دروست بکەن و هانیان بدەن بۆ هەندێ مومارەسەی جنسی یان دەست درێژی کردنە سەریان.

گومانم وانییە پێویستت بە من مابێت کە پێت بڵێم چی دەکەیت سەبارەت بە پەیوەندیت لەگەڵ ئەم کچەدا، بێگومان تۆ بە ئەزموونێکی

بێزاردا تێ پەڕیوی، بێگومان تۆ بیر لە هەڵسوکەوتی داناییانە دەکەیتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە سەلامەتی ڕەوشتت، بەردەوام پێویستە بۆ تۆ کە کەسانی دی بزانن کە سروشتی تۆ و ڕەوشتت چۆنە، چیت پێ خۆشە ڕقت لە چییە لە ژیانتداو لە پەیوەندییەکانتدا. خودا یارمەتیت بدات بۆ کاری باش.

## پرسیاری (هەشتاو نۆ)

من هەرزەکارێکی (١٤) ساڵم، تا ئێستا باڵق نەبووم بە خەو بینین، هەروەها من بە هاندانی هەندێ کەس هەوڵ دەدەم ئارەزووی خۆم بەتاڵ بکەمەوە بە دەست، لە ڕێی ئەنجامدانی خووی نهێنی، من دەزانم ئەم کارە بە پێی شەرع حەرامە، بەڵام ئایا ئەو خووە کاریگەری لەسەر باڵق بوون هەیە یان نا؟

پاشان من نازانم ڕۆشنبیری جنسی چۆن بەدەست بخەم، ئایا تۆ دەتوانیت ڕێنیشاندەرم بیت؟

## وەڵام

بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی باڵق بوون لای گەنج جیاوازی هەیە لە نێوان تەمەنی ١٠ - ١٥ساڵیدایە، هەندێ جاریش لە ١٤ ساڵیدا ڕوودەدات، هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو نیە بڵێیت بۆچی لای گەنجێك دوادەکەوێت و لای یەکێکی تر دوا ناکەوێت، هەرچەندە زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری هۆرمۆنی و دەروونی کە پەیوەستە بە گەشەی جەستەی گەنج، ئەمەش نابێتە هۆی کێشەی تەندروستی.

ئەگەر تۆ خووی نهێنی ئەنجام دەدەیت چێژوەردەگریت، هاتنە

خوارەوەی مەنی ڕوودەدات ئەمە مانای وایە گەیشتویتەتە تەمەنی باڵق بوون، لەوانەیە مەبەستت ئەوە بێت تائێستا باڵق نەبوویت لە خەوتدا، ئەگەر مەبەستت ئەمە بێت، ئاساییە کە ئەو کارە ڕوونادات چونکە تۆ ئارەزووت لە ڕێی خووی نهێنیەوە بە تاڵ دەکەیتەوە، لەوانەشە ئەو خەو بینینە ڕووبدات کە وازدەهێنیت یان ئەو خووی نهێنیە کەم دەکەیتەوە، ئیتر جەستەت لەم بارە تازەیەدا کارلێك دەکات و ئارەزووت بەتاڵ دەبێتەوە لە ڕێی خەو بینینەوە.

خووی نهێنی کاریگەری باش یان خراپی لەسەر باڵق بوون نیە، بەڵکو لەوانەیە کار بکاتە سەر خەو بینین وەکو باسمان کرد، سەبارەت بە فەرمانی شەرع لە بارەی خووی نهێنی تەماشای کتێبی (الحلال و الحرام فی الاسلام) دانراوی (د.یوسف قەرزاوی)، ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە و بابەتی دیش.

سوپاست دەکەم کە پرسیاری سەرچاوەت کردووە بۆ ڕۆشنبیری جنسی، هەندێ کتێبی سادە وەك ئینسایکلۆپیدیا کە باسی لەشی مرۆڤ و تەندروستی دەکات، هەروەها هەندێ کتێبی پەروەردەیی هەیە وەکو کتێبەکەم (منداڵەکانم لە کۆرپەییەوە بۆ گەنجێتی) بە شێکی بچوکی تێدایە سەبارەت بەم بابەتە، من دەزانم تۆ پێویستی زیاترت بە کتێب هەیە.

## پرسیاری (نەوەد)

بە بارودۆخێکدا تێپەڕیوم لە خوێندنەکەمدا، ئارەزووم بەسەر دەروونمدا زاڵ بوو، وام لێهات ئەم ناڵاند بەدەست کێبەرکێیەکی توندەوە، ئەم ویست

دەرچم لەم بارودۆخە، بەڵام کارەکە قورستر بوو بەتایبەت لە شوێنی کارکردن و چوار دەورمدا، شەوێکیان کە بەشێکی زۆریم لە شەونخوونی بەسەربرد لەگەڵ برادەرێکم کە زۆرم خۆشدەوێت و ڕێزی زۆرم بۆی هەیە، دوای ئەوەی هەندێ قسەمان کرد ئەو خەوی لێ کەوت بەڵام من نەمتوانی بخەوم، منیش دەستم هێنا بەسەر سنگی برادەرەکەمدا بەسۆز و بەزەییەوە، بەڵام شەیتان کارەکەی لێم خراپ کرد، وەسوەسەی خستە دڵمەوە دەستم هێنا بەسەر ئەندامە هەستیارەکانی لاشەیدا، بەبێ ئەوەی دەستی لێ بدەم یان یاری پێ بکەم، تەنها دەست هێنان بوو بەسەر جلەکانیدا، بەڵام هەستم بە چێژێك کرد.

بۆ بەیانیەکەی هاوڕێکەم گومانێکی لە لادروست بووبوو، پرسیاری لە من کرد و منیش بە نەرێ وەڵامم دایەوە، درۆم لەگەڵدا کرد، لە ترسی ئەوەی کێشەیەك نەکەوێتە نێوانمانەوە کە سەر ئەنجامی باشی نابێت، ئامۆژگاری ئێوە بۆ من چیە؟ ئایا ڕاستیەکەی پێ بڵێم و داوای لێبوردنی لێ بکەم، یان ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ڕزگاربوون لەم تاوانە، ئەوەش بزانن ئێستا پەیوەندیم لەگەڵیدا سستە هیوادارم کە پەیوەندیەکەمان وەکو جارانی لێ بێتەوە.

## وەڵام

سوپاس بۆ تۆ کە ئەم پرسیارەت کردووە، ئەم پرسیارە پێویستی بە وەڵامێکی ڕاشکاوانە هەیە وەکو ئەو ڕاشکاویەی لە پرسیارەکەدا هاتووە.

پەیوەندی جنسی بە شێوەیەکی ئاسایی هاوکات دروست دەبێت لە نێو سێ لایەنی گەشەی جنسی ئەوانیش:

١- گەشەی جنسی جەستەیی

٢- وروژاندن و ئارەزوو و سەرەنجڕاکێشان

٣- پەیوەندی سۆزداری و هەستیاری

ئەوەی باست کردووە لە پرسیارەکەتدا کە دەستت داوە لەسنگی هاوڕێکەت بێگومان قۆناغی یەکەمە، ئیتر گەشە دەکات و دەبێتە پەیوەندییەکی جنسی حەرام وەکو دەزانین، سەیر نیە کە ئەم دەست لێدانە دوای ماوەیەك دێت لە قسەو نزیك بوونەوە، لەوانەیە چرپەکردن حەزی پەی بردن بە نهێنی بێت، هەروەها ئەوەش کە هاوکاتە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە سەیرکردن و دەست لێدانی سادە، لەوانەیە گەشە بکات، تا ببێتە دەست لێدانێکی نائاسایی.

وا دیارە تۆ پەیوەستی بە هاوڕێکەتەوە بە جۆرێك لەوانەیە دەربچێت لە کۆنترۆڵ و سنووری خۆی، کاتێك تۆ بیری لێدەکەیتەوە، دەروونت هانت دەدات بۆ نزیك بوونەوە لێی زیاتر و زیاتر، نەفست هەڵت نەخەڵەتێنێت کە دەستت لێداوە (بەبەزەیی و سۆزەوە) وەکو لە پرسیارەکەتدا هاتووە کارەکە لەمە ئاڵۆزترە، گومانم وایە بە زیرەکی خۆت دەتوانی لەم کارە بگەیت.

پێم باشە ئەوەی بووە بۆ هاوڕێکەتی باس نەکەیت، بەڵکو واز لە بابەتەکە بهێنەو جارێکی تر ئەم بابەتە دووبارە مەکەرەوە، چونکە کردنەوەی ئەم بابەتە لەوانەیە هەولێکی تازەو ژیرانە بێت بۆ نزیك بوونەوەی زیاتر، ئەمەت بەلاوە سەیر نەبێت چونکە ئەوە ڕوودەدات بە داخێکی زۆرەوە، لەوانەشە ئەمە جۆرێك بێت لە فێڵی دەروونی نائاگا.

لەوانەیە زۆر قورس بێت لەسەرت کە بژیت لەگەڵ هاوڕێکەتدا و زیاتر نزیك بیتەوە لێی، پاشان خۆت بگریت و هانت نەدات بۆ کاری خراپە،

بۆچی خۆت و هاوڕێکەت بۆ ئەم تاقیکردنەوە قورسە ڕاپێچ دەکەیت کە ئەنجامەکەی باش نابێت، ئێستاش کە پەیوەندیەکەت لەگەڵیدا سستە نامۆژگاریت دەکەم هەر بەو سستیە بمێنێتەوە، هەوڵ نەدەیت بیگەڕێنیتەوە بۆ باری پێشوتر، بە ڕاشکاوی پێت بڵێم من ترسم هەیە لە پەیوەندی نێوانتان هەر چۆنێك بێت، وەکو لە پرسیارەکەدا باست کردووە.

باشترین ڕێگە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە هەستکردن بە تاوان و ئەوەی ڕوویداوە ئەوەیە، ویستت هەبێت بۆ نەگەڕانەوە بۆ بارودۆخی یەکەم، ئەمەش نایەتە دی تەنها بە دوور کەوتنەوە نەبێت لە هاوڕێکەت بە پێی توانا.

بەدووری نازانم ئەویش هەستی بەوە کردبێت کە شتێکی نائاسایی هەیە لەم پەیوەندییەدا، باش وایە بۆ هەردووکتان کە لە یەك نزیك نەبنەوە، دەتوانیت برادەری بیت بەس دوور بەدوور، هەوڵبدە لێی نزیك نەبیتەوە بۆ قسەکردن و چرپەکردن لەگەڵیدا.

خودا یارمەتیت بدات، هەنگاوەکانت جێگیر بکات، هیدایەتی بدات بۆ چاکەکاری.

**پرسیاری ( نەوەدویەك )**

کوڕی دراوسێکەمان لەگەڵ خوشکە بچوکەکەیدا کاغەزێکی بۆ ناردووم کە هەندێ ووشەی خۆشەویستی و پیاهەڵدانی تێدایە، نازانم چۆن مامەڵە بکەم چونکە لەسەر ئەم کارانە ڕا نەهاتووم، لەوانەیە لە نامەکەدا ووشەی جنسی نەشیاو هەبێت، چی بکەم (تێبینی من کچێکم تەمەنم ١٦ ساڵە).

## وەڵام

سوپاست دەکەم بۆ پرسیارەکەت، هەروەها هەوڵ دانت بۆ ناسینی باشترین ڕێگا بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا، بەتایبەت کە تۆ بەم بارودۆخەدا تێنەپەڕیوی، چەند جوانە مرۆڤ بە دوای وەڵامێکدا بگەڕێت کە نایزانێت.

باشترین مامەڵە لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە هیچ بایەخ و گرنگی پێدانێکت نەبێت بەم کارەو فەرامۆشی بکە، چونکە ترسی ئەوە هەیە ئەگەر هەوڵبدەیت بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵامی بدەیتەوە، زیاتر هانیدەدات بۆ سنوور بەزاندن و ناردنی نامە.

لەجاری دووەمدا ئەگەر نامەی بۆ ناردی بە خوشکەکەیدا یان بەهەر کەسێکی تردا، وەری مەگرەو ئەو کەسەی نامەکە دێنێت تێی بگەیەنە کە نامە وەرناگریت لە هیچ کەسێك، ئەگەر شتێك ڕوویدا و ئەم گەنجە هاتە سەرڕێت هیچ قسەیەکی لەگەڵدا مەکە، بە ئاشکراو ڕوونی زۆر بەکورتی و پوختی پێ بڵێ کە تۆ ئامادەی قسەکردن نیت، ئەگەر هەر دووبارەی کردەوەو وازی نەهێنا ئەوە قسە لەگەڵ کەسێکی گەورەی خۆتدا بکە بۆ ئەوەی هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکات، پاشان بە ڕێگەی خۆتدا بڕۆ و متمانەت بە خۆت هەبێت.

نامەکان فڕێ بدەو لای خۆت مەی هێڵەوە، تەنها وەکو بەڵگەیەك ئەگەر کارەکە بە ئاراستەیەکی خراپ گەشەی کرد، خوا سەرکەوتوت بکات و بتپارێزێت لە هەموو خراپەیەك.

## پرسیاری (نەوەدو دوو)

من کچێکم تەمەنم (١٦) ساڵە، کچێکی هاوڕێم هەیە زۆرم خۆشدەوێ چەند ساڵێکە دەیناسم، لەم ڕۆژانەدا هات بۆ لام و گۆڤارێکی ڕووتی پیشانمدا کە وێنەی پیاو وژنی ڕووتی تێدا بوو، پێم ووت حەزم بە تەماشکردنی ئەم جۆرە گۆڤارانە نیە، ئایا ئەم هەڵس و کەوتەم تەندروستە؟ یان پێویستدەکات بە ڕێگایەکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکەم؟

## وەڵام

ئافەرین بۆتۆ زۆر باش وەڵامی ئەم هەڵوێستەت داوەتەوە، سەرەنجی خۆت خستۆتە ڕوو سەبارەت بە گۆڤارە ڕووتەکان، ئەمە ئاماژەیە بۆ باشی پەیوەستی تۆ بەڕەوشتی بەرزو ئایینەوە، هەروەها نیشانەی بە هێزی کەسایەتی تۆو متمانە بەخۆ بوونتە، چونکە هەست بەوە دەکەیت چیت دەوێت و چیت ناوێت، بەتایبەت ئەو پێشنیارە لە هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆتەوە کە چەند ساڵێکە دەیناسیت.

زۆر جار کوڕان و کچانی گەنج تووشی ئەم هەڵوێستە دەبن، لەو کاتەدا چیەتی کەسەکەو هەڵوێستە ئەخلاقی و ئاکارییەکانی دەناسرێن.

پێویستە هەر هەمووومان گەورەو بچووک ئەوە بزانین، مرۆڤ کاتێک هەڵوێستێکی ڕوون و ڕەوان دەگرێتە بەر وەکو ئەم حاڵەتە، وەڵامەکەت بە ڕەتکردنەوە دەبێت، ئەمە واتای خراپەکاری نیە لە بەرامبەر ئەو کەسەی کە شتێکی لەو جۆرە دەخاتە ڕوومان، چەندەها کەس هەیە دوودڵە لە ووتنی ووشەی نەخێر لە ترسی ئەوەی بە خراپەی دەزانێت بەرامبەر کەسەکە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو مرۆڤێک مافی وەرگرتن و ڕەت

کردنەوەی هەیە، ئەمەش نەخراپەیەو نەبریندارکردنی کەسی بەرامبەرە، بەڵکو مافێکی ئاسایی و سەرەتایی خۆتە.

خوا بتپارێزێ لە هەموو خراپەیەك و هیدایەتت بدات بۆ کاری چاك.

**پرسیاری (نەوەدوسێ)**

**کوڕەکەم تەمەنی ١٥ ساڵە، حەز دەکات سەردانی هاوڕێیەکی بکات لە پشووی کۆتایی هەفتە، بۆ ئەوەی شەو لای ئەو بخەوێت، من نیگەرانم لەم سەردانیە، بە تایبەتی بابەتی خەوتن و مانەوە لای هاوڕێکەی، چۆن هەڵس وکەوت بکەم؟ ئایا پێی بڵێم کە من ئاسوودە نابم بەم کارە؟**

## وەڵام

ئەمە لەو پرسیارانەیە کە دووبارە دەبنەوەو کەسوکار پرسیاری لە بارەوە دەکەن، ئەمە پرسیارێکی ئاساییە لەم قۆناغەدا لە کاتی گەشەی منداڵ، هەرزەکار پەیوەست دەبێت بە هاورێکانیەوە، حەزدەکات کاتێکی زۆریان لەگەڵدا بەسەر بەرێت، تەنانەت حەز دەکات سەردانیان بکات و لایان بمێنێتەوە، ئەمەش لەو کارانەیە کە دەبێت کەس و کار پێش بینی ڕوودانی بکەن و بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەمە یەکێکە لەو کۆمەڵە کارەی کە پێویستە قسەو باسی لە بارەوە بکەن لەگەڵ منداڵەکانیاندا، گفتوگۆی لە بارەوە بکەن بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێك، نمونەی ئەمەش کاتی دەرچوون لەماڵ و گەڕانەوەیە، چەندێتی خەرجی گیرفان، دەتوانن بۆ کوێ بچن و بۆکوێ نەچن، هتد....

ئەوە مافی گەنجەکەیە پرسیار بکات و داوای مۆڵەتی خەوتن بکات لای هاوڕێکەی لە کەس و کاری، بێگومان مافی کەسوکارە بە ڕوون و ڕاشکاوی

دوودڵی و ترسی خۆیان دەربڕن سەبارەت بە ڕۆڵەکەیان - کچ بێت یان کوڕ - ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی گونجاو بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵدا دەربارەی هەندێ چەمکی گرنگی ژیان، هۆکارەکانی خۆپاراستن و پارێزگاری لە خۆکردن لە هەر ئازار و خراپەیەك.

مافی کەس و کارە - بەڵکو ئەرك و بەرپرسیارێتی سەرشانیانە - کە بزانن منداڵەکانیان بۆ کوێ دەچێت، لەگەڵ کێدا کات بەسەر دەبەن، بزانن کێ هاوڕێیانەو کێ کەسوکاری ئەو هاوڕێیانەیانە و خێزانەکانیان چ جۆرێکن، بێگومان زۆر شت شاراوەیە لە کچ و کوڕ چونکە شارەزاییان کەمە لە ژیاندا، لێرەدا بەرپرسیارێتی کەس و کار دێتە پێشەوە کە بریتیە لە بایەخ پێدان و بەدوادا چوون و چاودێری کردن.

ئامۆژگاریم ئەوەیە کەسوکار ئاگادار بن منداڵەکانیان بۆ کوێ دەچن جا کچ بێت یان کوڕ، هەر دووکیان لەوانەیە تووشی ئازار و ناخۆشی ببن، دەبێت بەیەکەوە پارێزگارییان لێ بکرێت، دەتوانم ئەوە بڵێم کە کوڕی وا هەیە کە زیاتر جێی مەترسیە لە کچێك لە هەمان تەمەندا، لەوانەیە کچێك زیاتر پێگەیشتوو ژیرتر و کەسایەتی بەهێزتربێت لە کوڕێك لە هەمان تەمەندا، لە کۆتاییدا پێش وەڵامدانەوەی هاوڕێکەی دەبێت بزانرێت ئەو کەسە خۆی چ جۆرە کەسێکە، سروشتی خێزانی هاوڕێکەی، شتی تریش کە کەسوکار حەز بکەن بیزانن پێش ئەوەی وەڵامی ئەم داواکارییە بدەنەوە، ئەم وەڵامدانەوەیەش مافی کەس وکارە لەبەر ئەوەی ئەوان بەرپرسیارن لە منداڵەکانیان و سەلامەتیان.

## پرسیاری (نەوەدو چوار)

کوڕەکەم تەمەنی (١٥) ساڵە، حەز دەکات تەلەفزیونێکی تایبەتی هەبێت لە ژووری نووستندا، بیروبۆچوونی ئێوە چییە؟ ئایا ئەم کارە زیانی هەیە؟

## وەڵام

تەلەفزیۆن لەو ئامێرانەیە چەند جۆر بەکارهێنانی هەیە، سودو زیانی هەیەو شاراوەنیە، پێم باش نیە تەلەفزیۆنی تایبەت هەبێت بۆ منداڵ لە ژووری خەوتندا ئەگەر داواشیان کرد.

بوونی تەلەفزیۆن وای لێدەکات گۆشەگیر بێت و دوورکەوێتەوە لەهەموو ئەندامانی خێزانەکە کاتێ دادەنیشن بەیەکەوە بەرنامە باشەکان تەماشادەکەن، لەوانەیە ئەم کوڕە یان ئەم گەنجە وەکو لە پرسیارەکەدا هاتووە چەندەها کاتژمێر بەسەر بەرێت لە سەیرکردنی شاشەی تەلەفزیۆن و دیمەنی وورووژێنەر، بە تایبەت بەهۆی بوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی زۆرو جۆراو جۆرەوە بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر، جا ئەم گەنجە کەی دەخوێنێت وکۆشش دەکات؟ کەی هەڵدەستێت بە کارەکانی تری؟ ئەمە لەگەڵ بوونی ئەگەری تەماشاکردنی دیمەنی جنسی و ڕووت، یان سەیرکردنی هەندێ بەرنامە کە بیروبۆچوونی لادەرانە بڵاو دەکاتەوە سەبارەت بە ژیان ومرۆڤ.

لە بنەڕەتدا پێویستە یەك تەلەفزیۆنێك هەبێت لەماڵدا هەموو ئەندامانی خێزانەکە سەیری بکەن، یان ئەوەتا تەلەفزیۆنەکە لە شوێنێکی گشتیدا بێت بۆ هەمووان والا بێت، دەبێت ئەندامانی یەك خێزان بزانن چۆن ڕێك دەکەون لەسەر تەماشاکردنی بەرنامە بەسوودەکان بەبێ گرفت و

دووبەرەکی، هەروەها لە حاڵەتی تایبەتیدا دەتوانرێت دوو تەلەفزیۆن هەبێت بەلآم لە ژووری نووستندا نەبێت، بەڵکو لە شوێنی تردا لە ماڵەکەدا، پێم باش نییە تەلەفزیۆن لە ژووری خەوتندا دابنرێت تەنانەت بۆ گەورەکان و باوکان لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی لە پێشەوە باسمان کرد.

با ژووری خەوتن بۆ خەوتن و خوێندنەوە و نووسین بێت نەك بۆ یاری و کات بەسەر بردن، لەوانەشە کارەکە جیاوازی هەبێت و ئەگەر لە ژووری خەوتندا تەلەفزیۆن هەبێت بۆ هەندێ کاری کۆمپیوتەری و هاوشێوەکانی، بەلآم هەر دەبێت هەوڵبدرێت کۆنترۆڵ بکرێت، کاتی تایبەتی بۆ دابنرێت.

## پرسیاری (نەوەدو پێنج)

برایەکم هەیە تەمەنی (١٦) ساڵە، لە هەموومان بچوکترە، کێشەی درۆکردنەکەی خەریکی کردووین، وامان دەزانی هەر ئەو کێشەیەی هەیە، بەلآم بینیمان وێنەی سێکسی لە کۆمپیوتەرەکەیدا هەیە، بەرەو ڕوومان کردەوە لەگەڵ وێنەکانیدا ڕەتی کردەوە پەیوەندی بەو وێنانەوە هەبێت، ئامۆژگاریمان کرد بەڵکو کۆتایی پێ بێنێ، گومانمان وابوو ئیتر تەماشای ئەو وێنە نەشیاوانە ناکات.

دوای ماوەیەك وێنەی ترمان بینی بەلآم زۆر قێزەون ترو زۆرتر، هەوڵماندا بیخەینە هەندێ کۆرسی زمانی ئینگلیزییەوە کۆمپیوتەرەوە، بەلآم ڕازی نەبوو، درەنگ دێتەوە بۆ ماڵەوە کاتژمێر (١١،٣٠) شەو، ڕێزگرتنی کەم بۆتەوە دەنگی بەرز دەکاتەوە و گوێمان لێ ناگرێت و وەلآممان ناداتەوە.

داواکارم لە ئێوە ڕێنمایان بکەن بۆ یارمەتیدانی ئەو بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخەی تێیدایە.

## وەڵام

ئـەم گەنجـە بــەکات و ســاتێکدا تێدەپــەڕێت، کــە زۆرێــك لــە هاوتەمەمەنەکانی پێیدا تێدەپەڕن، جا دیمەنەکان هـەمان شێوە بن یان جیاواز بن، ئـەم گەنجـە پێویستی بە یەکێکـە لـە گەڵیدا بێـت و دژی شەیتانەکەی بێت، نەك بە پێچەوانەوە.

پـێم باشـە جیـاوازی بکرێـت لـە نێـوان ڕەوشـتەکانیدا کـە هەنـدێك ناپەسەندن وەکو وێنەی سێکسی و ڕووت، هەندێك لەو ڕەفتارانە نیشانەی بێڕێزی نیە وەکو دەنگ بەرزکردنەوە لە کاتی قسەکردندا بۆ نموونە، مرۆڤ کە زۆر شەرمەزارکراو هەستیکرد کار و ڕەفتارەکانی هەمووی ئاشکرابووە هیچی لە بەردەمدا نامێنێت تەنها یاخی بوون نـەبێت لـەو دەسـەڵاتەی لە خۆی باڵاترە.

منِ لەوە دەترسم ئەگەر مامەڵـەتان لەگەڵیـدا باش نـەبێت لـەم قۆناغـە قورسـەی هەرزەکاریـدا لەوانەیـە زیـاتر دووربکەوێتـەوە و بـە ئاسـانیش نەگەڕێتەوە..

ئەم گەنجە پێویستی بە کەسێکە لێی تێ بگـات لـە هـەمان کاتـدا زیاتر لێی نزیك بێتـەوە، جـا برایـەکی بێـت زۆر گـەورەتر نـەبێت لـە خـۆی یان خزمێکـی یـان هاوڕێیـەکی، پێویسـتە ئـەو برایـەتان یـان ئـەو هاوڕێیـەی هەوڵبدات بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی متمانـە بـەخۆبوون و باسـی لایەنـە باشەکانی ژیانی و ڕەوشتە چاکەکانی بکات، بێگومان لایەنی باشـی هەیـە ئەگەر بەووردی تێی بڕوانین، دوای ئەمـە ئینجـا کۆرسـی زمـان و ڕاهێنـان دێتە پێشەوە بۆ باشترکردن و سوود پێ گەیاندنی.

مرۆڤ هەندێ جار دەبێت چاو بپۆشێ لە هەندێ کاروکردار، بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ باسی لێوە بکات، بۆ ئەوەی دەرفەتی گەڕانەوە و و تۆبەکردن بۆ گەنجەکە بڕەخسێت، بەبێ ئەوەی خەجالەت بکرێت لەبەردەم هەمووان‌دا و ئەویش گوێ نەداتە قسەی خەڵکی و کەسوکاری.

**پرسیاری ( نەوەدو شەش )**

**کچەکەم چیرۆکی هاوڕێیەکی خۆی بۆ گێڕامەوە کە کوڕێکی خۆشدەوێت، خووی بەوەوە گرتووە شەوان قسەی لەگەڵ دەکات بە تەلەفۆن، پاش ئەمە قسەکانی زیادی کردو باسی کاری جنسی دەکرد، منیش گوێم بۆ گرت، بەڵام گومانێکم بۆ دروست بووە، لەوانەیە خۆی خاوەنی چیرۆکەکە بێت چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەم؟**

## وەڵام

بێگومان کارێکی باشت کردووە کە قسەت لەگەڵ کردووە، لەوەش باشتر گوێگرتنە بۆ کچەکەت کە کێشەکەی خستۆتە ڕوو، ئەم کچە خۆی خاوەنی چیرۆکەکە بێت یان نا، تەنها قسەکردن لەم بارەیەوە کە کچان بەشێوەیەکی ئاسایی باسی لێوە ناکەن، ئاماژەیە بە متمانەی کچەکە بە دایکی و ئاسوودە بوون بە قسەکردن لەگەڵیدا، ئەمە دەستەبەری ئەوە دەکات کچەکە هەست بەوە بکات هەرچەندە بارودۆخەکان ئاڵۆز بێت و خراپ بێت بەردەوام دەتوانێت پەنا بەرێتەوە بەر دایکی و ڕاوێژو وتوێژی لەگەڵ بکات، بێگومان ئەم کارە باشترە لە شاردنەوەو مامەڵەکردن بە نهێنی و لە پشتەوە.

ئەگەر کچەکە خاوەنی چیرۆکەکە نەبێت، دایکەکە دەتوانێت بە هەلی

بزانێت بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ کچەکەیدا بکات لەبارەی هەندێ ڕێسای ئەخلاقیەوە، چی شیاوەو چی نەشیاوە، نەریتەکانی ئیسلامی پیرۆز لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو ڕەگەزدا.

با دایکەکە بەردەوام بێت لە گوێ گرتن لەو شتانەی لە هزری کچەکەیدایە، لە بیروباوەڕو بیروبۆچوون، لەوانەیە پێویستی بە چاکسازی و ڕێنمایی بێت، باش وایە بۆ دایکەکە زیادەڕەوی نەکات لە دەرکردنی فەرمان بەسەر ئەم هاوڕێیەدا، لەبەر دوو هۆ : یەکەم: کچەکەی لەوانەیە پەنا بەرێتە بەر زیادەڕەوي لەبەرگریکردن لە هاوڕێکەی، هەروەها لەوانەیە بە ڕاشکاوی قسە لەگەڵ دایکیدا نەکات و ئیدی باس و خواسی لەگەڵدا نەکات.

دووەم: لەوانەیە خۆی خاوەنی ئەم کێشەیە بێت ئەگەر دایکەکە دڵنیا بوو کچەکەی مەبەستە لەم پەیوەندییەدا، تەنها یەك ڕێگا بوونی نیە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵیدا، دایکەکە دەتوانێت بە ڕاشکاوی و ڕونی و بە کچەکەی بڵێت بڕوای وایە خۆی خاوەنی ئەو پەیوەندیە بێت، بەڵام ئەمەم پێ باش نیە ئەگەر دایکەکە دڵنیا نەبێت لەو کارە، چونکە ئەگەر وانەبوو ئەوا دەبێتە تۆمەت دانە پاڵ کچەکەی بە شتێك کە تیایدا نیە، لەوانەیە ڕایەڵەی متمانە لە نێوانتاندا بپچڕێت، باشتر وایە دایکەکە دڵنیابێت لەوەی ئایا کچەکەی خاوەنی ئەو پەیوەندیەیە، ئەمیش لە ڕێی هەندێ چاودێرییەوە کە بۆ گەورە ئاسانە، ئەگەرچی من ئامۆژگاری دایکان باوکان دەکەم کە سیخوڕی نەکەن بەسەر منداڵەکانیانەوە.

ئەگەر دایکەکە دڵنیابوو کچەکەی خاوەنی پەیوەنییەکەیە لەم حاڵەتەدا

پێم باشە شێوازی ڕاستەوخۆو ڕاشکاوانەو بەرپرسیارانە بگرێتەبەر لەگەڵ کچەکەدا، گوێی لێ بگرێت، ئامۆژگاری و ڕێنمایی بکات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

هەروەها لێرەدا پێویستە دایك و باوك هەوڵ بدەن لە نێوان خۆیاندا باسی ئەم بابەتە بکەن، هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم کێشە بدۆزنەوە، کە لەوانەیە تەنها خستنەڕووی کێشەیەکی خێزانی بێت لە کەم تەرخەمی دایك و باوك بەرامبەر ڕۆڵەکانیان سەرچاوە دەگرێت، یان کەمی ئەو کاتەی کە بەسەری دەبەن لەگەڵ منداڵەکانیان لە قسەو ڕێنمایی بەسوود و گاڵتەو گەپ.

## پرسیاری ( نەوەدو حەوت )

کوڕەکەم تەمەنی (١٦) ساڵە، فیلمی سێکسی بینیوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا، لەو ڕۆژەوە کاریگەربووە بەو فیلمانە، تەنانەت بە خووی نهێنیش واز ناهێنێ بەڵکو لاسایی ئەوکارانە دەکاتەوە کە لە فیلمەکەدا بینیویەتی لەگەڵ شتومەکدا، کوڕەکەم یەکسەر ئەمەی پێ نەووتم، بەڵکو دوای گفتوگۆی دوور و درێژ لەگەڵیدا ئەمەی درکاند، ویستی شاردنەوەی ئەو شتانە لەسەر شانی لابەرێت، بەڵام دووپاتی کردەوە دیمەنی ئەو فیلمانە لە خەیاڵی دەرناچێت، بە چی ئامۆژگاریم دەکەن تاوەکو من جێبەجێی بکەم؟

## وەڵام

سوپاسی ئەم دایکە دەکەم لەسەر باسی پەیوەندی لەگەڵ کوڕە گەنجەکەیدا، سروشتی ڕاشکاوی و ڕوونی لە نێوانیاندا ئەم بوارە

دەڕەخسێنێت بۆ گەنجەکە باسی هەر شتێك بکات کە بیری سەرقاڵ دەکات، لەگەڵ کەسێك کە متمانەی پێیەتی، دەزانێت ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەکات، باش وابوو کە تەماشای ئەم فیلمانەی نەکردبایە بەڵام ئێستا بینوویەتی، هەروەها بە ئاسانی لە بیری ناکات، بە تایبەت ئەو ئێستا لە قۆناغی گەنجی و پێگەیشتنی ئارەزووی سێکسیدایە.

لەگەڵ ئەوەی دایکەکە باسی ئەوەی نەکردووە مومارەسەی چی دەکات لەگەڵ کەل و پەلی ماددیدا، بەڵام وادیارە جۆرێکی ترە لە خووی نهێنی.

وا نازانم کە کاری زۆر هەبێت دایکەکە بتوانێت ئەنجامی بدات لە بەرامبەر کوڕەکەیدا، تەنها دەرگای گفتوگۆی ڕاشکاوانە کرانەوەی زیاتر لەگەڵیدا بۆ ئەوەی ئەگەر گرفتێکی هەبوو پەنا بەرێتە بەر دایك و باوکی، دڵنیای بکەنەوە ئەوەی لە ڕابردوودا کردوویەتی لەوانەیە کاریگەری زۆری لە سەر ژیانی و ڕەوشتی نابێت ئەگەر ڕەفتاری باش بکات لە ژیانی خۆی خێزانەکەیدا، لەگەڵ ئەوەی ئەو دیمەنانەی لە بیر ناچێتەوە، بەڵام دەتوانین وەکو گەنجێکی بە ڕەوشت و خاوێن درێژە بە ژیانی بدات، ئەگەر توانی بایەخ بدات بە شتە باشەکان وەکو خوێندن و خوێندنەوە وەرزش و بیرکردنەوەی باش و ئارەزووی بەسوودی تر.

**پرسیاری (نەوەدو هەشت)**

**دەمەوێت بۆم ڕوون بێتەوە ئایا پێویستە لەسەرم ئەوە بزانم کە کوڕەکەم تەمەنی (١٤)ساڵەو خووی نهێنی ئەنجام ئەدا یاخود نا؟ تاوانبارم ئەگەر ئەم بابەتە پشتگوێ بخەم؟**

## وەڵام

پرسیارەکەی ئەم خوشکە بەڕێزە ئاماژەیە بۆ هۆشیاری و بەئاگایی، هەروەها لەوانەیە پەیوەندی نێوان کەسوکار و منداڵەکەیان باش بکات ئەگەر ئاگاداری ڕۆڵەکانیان بن، ئەم پرسیارە چەند بابەتێك دەخاتە ڕوو.

بەڕاستی ئەوە کارێکی ئاساییە لە گەشەی جنسی گەنجدا کە خووی نهێنی ئەنجامبدات، بەدەست ئاوو بهێنێتەوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشە و پێگەیشتنیدا، پاشان ڕۆڵ و هۆکاری تر دێتە پێشەوە وەکو خێزانی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ ڕێنمایی کردن و ئاراستەکردنی تەندروست، ئامۆژگاری دایکان و باوکان دەکەم کە فەرمانی شەرع بزانن بە تەواوەتی سەبارەت بە ئاو هێنانەوە بە دەست لای کوڕان.

سەرچاوەی ئەمەش لە کتێبی دانراوی زانای بەناوبانگ دکتۆر (یوسف قەرزاوی)کە ڕوونی دەکاتەوە ئەم کارە بوارێکە گونجاوە لەگەڵ بارودۆخی گەنجەکەداو هۆکارە جیاوازەکانی ژیانی، کارەکە تەنها حەرامکردن نیە وەکو هەندیێ وێنای دەکەن.

پێم باشە نیە زیادەڕۆیی بکرێت لە دەست خستنە ناو ژیانی ئەم گەنجەوە، هەموو مرۆڤێك کە دەگاتە تەمەنێکی دیاریکراو هەندێ شت هەیە تایبەتە بە ژیانی خۆی، باوك و دایکی وام بینیوە سیخوڕی بەسەر کوڕەکەیەوە دەکات بۆ ئەوەی بزانێت کوڕەکەی (ڕەفتارێك یان ڕەفتاری جنسی) ئەنجامبدات، چەند جار باسمان کردووە و فەرمانمان کردوە کە سیخوڕی بەسەر یەکترییەوە نەکەین وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ (ولا تجسسوا...) الحجرات ١٢، واتە: (سیخوڕی بەسەر یەکترییەوە مەکەن)

ئەمە چۆن جێبەجێ دەبێت بەسەر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە هەمان شێوەش بۆ ژیانی خێزانی پێویستە رێزی تایبەتمەندییەکانی گەنج و هەرزەکار بگیرێت.

ئامۆژگاری دایك و باوکان دەکەم کە باش پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن، چاودێریان بکەن و رێنمایان بکەن بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها پەروەردەی جنسی بەشێك بێت لە پرۆسەی پەروەردەکردنەکان، نەك شتێکی جیاو پەراوێز خراو بێت لە لایەنەکانی تری گەشەکردن.

باوەڕ ناکەم تۆ تاوانباربیت لەم کارەدا ئەگەر باش چاودێری بکەیت، هەروەها رێنمایی کوڕەکەت بکەیت ئەگەر کارێکی ئەنجامدا مایەی نیگەرانی بوو.

ئەگەر لەبری ئەم کارانە دایك و باوك دەستی خستە ناو هەموو گەورە و بچوکێکی ژیانی کوڕی گەنجەوە پەیوەندی نێوان هەردوولا ئاڵۆزاوەی تێدەکەوێت، لایەنی جنسی دایك و باوك سەرقاڵ دەکات و ئاگایان لە هیچی منداڵەکەیان نامێنێت، کارەکە خۆی بە (خووی نهێنی) ناسراوە، هەر لەبەر ئەمە کوڕەکە زۆر بە شاراوەیی و بە نهێنی بەم کارە هەڵدەستێت.

## پرسیاری (نەوەدو نۆ)

من باوکی کوڕێکی تەمەن (١٤) ساڵم، پرسیارەکەم ئەمەیە چۆن بیپارێزم لە لادانی جنسی و هاوڕەگەزی و نێربازی؟

## وەڵام

مافی خۆتە برای بەڕێزم کە ئەم پرسیارە دەکەیت، چونکە زۆر دەبینین

و دەبیستین لەم ڕۆژگارەدا بە تایبەت لە کەناڵە ڕاگەیاندنە نا ئیسلامییەکانەوە، ئەوانەی دەیانەوێ ئەم لادانانە بڵاوبکەنەوە، وای نیشان بدەن کە کارێکی ئاساییە یان یەکێکە لە هەڵبژاردنە ئاساییەکانی مرۆڤ !

بەڕاستی هەڵوێستی ئیسلام زۆر ڕوونە لە بەرامبەر ئەم کارەدا، ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە چۆن گەنجەکانمان لەم لادانە بپارێزین دەتوانین سوود لەم خاڵانە وەرگرین:

١ـ پێدانی ناسنامەی جنسی بۆ منداڵی کوڕ (بە هەمان شێوە بۆ کچیش)، ئەمەش بەوە دەبێت کە وەکو کوڕ مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، یان سیفەتی کچانەی نەدەیتە پاڵ (تۆ وەکو کچ دەگریت و قسە دەکەیت) جلی کوڕانەی لەبەر بکەیت، بەو جۆرە یاری لەگەڵدا بکەیت کە کوڕ یاری لەگەڵدا دەکرێت، دیاری کوڕانەی بۆ بکڕێت و بەزۆر دیاری کچانەی پێ نەکرێت، دەتوانیت لەگەڵ خۆتدا بیبەیت بۆ هەندێ یاری کە نێرینە ئەنجامی دەدەن وەکو تۆپێن و هتد.

٢ـ جیاکردنەوەی منداڵ لە جێگەی نووستندا وەکو لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە (ص) (**وفرقوا بينهم في المضاجع**) واتە : جیایان بکەنەوە لەجێگەی خەوتندا، هەروەها جیاکردنەوەی لەوەی لە ژێر یەک سەرچەفدا بخەون، هەروەها جیاکردنەوەیان لە خۆشۆردن و چوونە سەرئاودا.

٣ـ فێرکردنی نەریتە ئیسلامییەکان و کارە شەرعییەکان وەکو داپۆشینی عەورەت و داوێن پاکی و چی پەسەندە و چی ناپەسەندە لە

ئیسلامدا.

٤ـ هەر لە تەمەنێکی زووەوە چیرۆکە جیاوازەکانی قورئانیان بۆ بگێڕرێتەوە، لەوانەش چیرۆکی پێغەمبەرەکان، گەلەکانیان چیان دەرهەقیان ئەنجام داوە لەوانەش پێغەمبەر لوط (علیه السلام)، بەڵام پێویستە فێرکردنەکە لە ڕەوشێکی خۆشەویستی و گێڕانەوەی مێژوویدا بێت، نەك ترساندنی منداڵەکە و تۆقاندنی لەم تەمەنەدا.

٥ـ منداڵەکە وا لێ بکرێت ئاسوودە بێت لە پەیوەندیدا بە هەریەك لە دایك و باوکی، ئەوەندەی بکرێت بە کەمترین ئاستەنگی دەروونی و خۆشەویستی.

٦ـ قوتابخانەی ناوخۆیم پێ باش نییە ـ تەنها لە کاتی پێویستی زۆردا نەبێت ـ چونکە کوڕ تەنها تێکەڵ بە کوڕ دەبێت، لە کاتێکدا پێویستی بە پاڵپشت و هاندانی هەیە کە لە لایەن دایك و باوکیەوە دەبێت، بەڵام لەوێدا ئەو پاڵ پشت و هاوکارییە لە یەکێك لەو منداڵانە وەردەگرێت کە لەوانەیە پەیوەندی دەروونی و سۆزداری لە نێوانیاندا زیاد بکات، لەوانە گەشە بسەنێت لە نەبوونی پەروەردەیەکی ئەخلاقیدا، کە زیاترە لە هاوڕێیەتی نێوان دوو کوڕ.

٧ـ چاودێری گەشە و پێگەیشتنی منداڵەکە بکرێت لە نزیکەوە، بزانی چالاکی و بایەخ پێدانەکانی چین، وەکو هاوڕێیەك مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، هانی بدەیت بۆ قسەکردن لەبارەی هەرشتێکەوە کە بە لای ئەوەوە گرنگەو مایەی بایەخ پێدانە.

٨ـ هەوڵبدرێت لەم تەمەنەدا یان پێش ئەم قۆناغە ئومێدی تێدا بچێنێت،

بەوەی گەورە دەبێت و دەخوێنێت و پسپۆڕی وەردەگرێت و هاوسەرگیری دەکات لە تەمەنێکی گونجاودا لەگەڵ ئافرەتێکی چاکە کاردا، یارمەتی دەدات کە مسوڵمانێکی باش بێت، یان چاندنی بیری ڕێزو پلەوپایەی هاوسەرگیری لە نێوان مسوڵمانی نێر و مێدا.

٩- پاراستنی منداڵەکەت و پارێزگاری کردنی لە دەست بۆ بردنی جنسی جا بەهەر جۆرێك لە جۆرەکان بێت.

١٠- پەیوەندی نێوان تۆ و دایکی پەیوەندییەکی باش و توند و تۆڵ بێت، با پێشەنگ بێت بۆ ئەو لە ژیاندا، وای لێ بکات حەز بکات بەو جۆرە بێت کاتێ گەورە بوو.

١١- بایەخ دان بە لایەنی تری زۆر بۆ پەروەردەی منداڵی چاکەکار، بە شێوەیەك کە هاوسەنگی و کارامەیی هەبێت لەم پەروەردەیەدا.

**پرسیاری (سەد)**

من دایکی چەند کوڕێکم بچوکەکەیان (١٦) ساڵە، گەنجێکی ڕەوشت بەرزە و پەیوەستە بە نوێژەکانیەوە و شانازی بە ئیسلام بوونی خۆیەوە دەکات و کۆششی زۆر دەکات لە وانەکانیدا، کێشەیەکی دیاریکراوم نیە لەگەڵیدا، ئەوە نەبێت ڕۆژێکیان ژوورەکەیم ڕێکدەخست لە یەکێك لە کتێبەکانیدا کە چیرۆك بوو بە زمانی ئینگلیزی نوسرابوو، بەڵام بەرگی کتێبەکەی وێنەی ئافرەتێکی لەسەر بوو جلێکی زۆر کورتی لەبەردا بوو، لەگەڵ کتێبەکەدا فیلمێك هەبوو لەسەر (دی ڤی دی) بەهەمان شێوە وێنەی کچێکی لەسەر بوو بە جلێکی کورتەوە سەمای دەکرد، گونجاوە بۆ ئەوانەی لەتەمەنی ١٥ ساڵیدان، بە بینینی ئەم کتێب و فیلمە شڵەژام، نازانم چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم چونکە پێش

بینی ئەوەم نەدەکرد کە سەیری ئەم شتانە بکات و بیان خوێنێتەوە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە هەوڵنەدات ئەم شتانە بشارێتەوە بە جۆرێک بینینیان ئاسانە.

مەبەستم بوو قسەی لەگەڵدا بکەم بە توندی قەدەغەی بکەم لەم کارانە بەڵام باوکی ئامۆژگاری کردم کە لەم بارەیەوە قسەی لەگەڵ نەکەم، باوکی بەڵێنیدا لە کاتێکی تردا خۆی قسەی لەگەڵدا بکات، بۆچوونی ئێوە چییە سوپاستان دەکەم؟

## وەڵام

دایکی ئازیز سوپاس بۆ پرسیارەکەت، چونکە یارمەتیمان دەدات بۆ تیشک خستنە سەر چەند لایەنێك، قسەیەکی باشت باس کرد لەبارەی کوڕەکەتەوە ئەویش ئەوەیە ئەوشتانەی نەشاردۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێی وانیە شتێکی مایەی شەرمەزاری تێدا بێت، بەڵکو جۆرێکە لەو شتانەی گەنج دەتوانێت بیان خوێنێتەوە و تەماشایان بکات، ئەگەر پەرتوکەکەت نەخوێندۆتەوەو تەماشای فیلمەکەت نەکردووە زۆر قورسە بڕیار بەسەر جۆرێتیەکەیدا بدەیت، ئەگەرێك هەیە ئەویش لەوانەیە زیادەڕەویت کردبێت لە جۆر و وێناکردنی ناوەڕۆکی پەرتوکەکە و فیلمەکە.

کارێکی باشت کردووە کە کارەکەت زۆر گەورە نەکردۆتەوە و کوڕەکەت بە توندی قەدەغە نەکردووە لەم کارەدا، لەوانەیە پاڵنەربوایە بۆ دوورکەوتنەوە لێت، یان پاڵنەربوایە کە هەست بە تۆمەت بکات لەم کارەدا کە خۆی مەبەستی خراپەو دەرچوون نەبووە لە ئاکاری ئیسلامی،

یان پاڵنەر بێت بە نهێنی و شاراوەیی ئەو کارانە بکات کە تایبەتە بە ژیانی خۆی.

لەوانەیە پرسیارەکە ئاماژە بێت بۆ ڕادەی زانیاری کەسوکار یان کەمی زانیارییان بە ژیانی گەنجان، ڕادەی ئەو گوشارە زۆرانە لەسەر گەنجان هەیە، هەروەها ئەو شتانەی دەیبینن و دەیخوێننەوە، بێگومان ئەوان شتانێك دەبینن و دەخوێننەوە کە دایك و باوك نایبینن و نایخوێننەوە.

ئاساییە باوکی قسەی لەگەڵ بکات بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، باشتر وایە یەکێکتان ئەو کتێبە بخوێننەوە تا بزانن چی تێدایە، لەوانەشە کوڕەکەتان بەلایەوە ئاسایی بێت کورتەیەك دەربارەی کتێبەکەتان بۆ بخاتەڕوو، ئەگەر شتێکتان دی کە نەشیاوە لە پەرتووکەکەداو دەتوانن قسەی لەگەڵ بکەن گفتوگۆی لەگەڵ بکەن بەشێوازێکی جوان و لەسەرخۆ، نەك لە ڕێگەی تۆمەت بارکردنەوە، بەڵکو ڕێنمایی و چاودێری کردن.

وادیارە کوڕەکەتان گەنجێکی باش و بەڕەوشتە، پەلەمەکەن لە حوکمدەرکردن بەسەریدا و تۆمەتبارکردنی، ئەوەشمان لە بیر نەچێت مرۆڤ لە بنەڕەتدا بێتاوانە تا تاوانێکی بەسەردا ساغ دەبێتەوە.

لەوانەیە ئەمە دەرفەتێك بێت بۆ نزیك بوونەوەی باوك و دایك لە کوڕەکەیان و زانینی بیروڕاو تێڕوانینی بۆ ژیان بەشێوەیەکی گشتی.

باسکردنی بابەتە جنسیەکان کارێکی ئاسان نیە، چونکە زۆربەی خەڵکی هەست بەشەرم و خەجاڵەتی دەکەن، خانەوادەکان دەتوانن هەموو بابەتەکان لەگەڵ منداڵەکانیاندا باس بکەن تەنها بابەتی جنسی و ئەندامی زاوزێ نەبێت.

گەشەی جنسی وناسینی ئەندامەکانی لەش و هەستەکان بە بەشێك لەخۆناسینی منداڵ دادەنرێت جا کوڕبێت یان کچ، ئەم فێربوونە لەکارەگرنگەکانە چونکە هەندێك هەڵەی منداڵ لەم قۆناغە سەرەتایەی ژیانیدا لەوانەیە کاریگەری گەورەوخراپ بەجێ بهێڵێت لەسەرکەسایەتی و پاشەڕۆژی.

ڕێنماییەکانی ئاینەکەمان و ڕۆشنبیری ئیسلامیمان ڕەچاوی سروشتی مرۆڤایەتی کردووە، نە ئەوەیە بەتەواوەتی سەرکۆنەی بکا نە ڕێگەپێدانێکی بێ مەرجە چونکە بۆ هەریەکە لەم دوو هەڵوێستە زیان و خراپەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی کە ناوبرێت بە جنس نەخوازراو خراپ نیە، جنس لەبەرنامەی ئیسلامدا پاڵنەرو خواستێکی مرۆڤیە، خواستێکە ڕەوشت بەڕێوەی دەبات و لایەنەکۆمەڵایەتیەکان لەڕووی گەشەو خۆگونجاندنەوە ڕێکی دەخات.

شەش هەزار